KURDISTAN

# دارسمە

## دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# کۆمەڵێک وتار، لێداون و بابەت

**بەشی دووهەم**

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێرست:

**بابەتی ساڵی.................٢٧٢٣.............. ٦**

١- خەڵکی ئێران هەر وا بۆ خرچە و خانوو خوێن دەدەن.....
٢- وێکچوونێکی نێوان بووکی جاران و وەزیری ئێستا.....
٣- بە ئەمە دەڵێن حیکمەتی حیجاب!.....
٤- لە تەزەککوری لێسانەوە هەتا دیواری بێرلین و چین.....
٥- ئاوەتریش پشتی کردە دەستەڵاتی ئاخوندان
٦- هەر کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە مانای قووڵی تەحریم تێ دەگەن.....
٧- مێشکشوشتنەوە پێش بە هەڵپەڕین ناگرێت.....
٨- چەکدارێکی سەرلێشێواو کای ڕزیوی بەبادا کرد.....
٩- بە داخەوە ژنانی بێسەرپۆش تەنیا دەتوانن ژنان بشۆن.....
١٠- پلاسخارت و چەورکردنی ڕووبەری گۆمی قووڵی سیاسەت.....
١١- پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی ڕێگری و جەردەیی.....
١٢- ئینقلاب" سەلماندی ماموستایانی زانکۆ بەدرەوشتن!.....
١٣- عەقڵی ڕێژیمی پاشایەتی لە هی کۆماری ئیسلامی سووکتر بوو.....
١٤- حیجاب و دەستەڵاتی دادوەرێن.....
١٥- زایەڵەی خەڵاتی نۆبڵ و ساخارۆف.....
١٦- کۆماری ئیسلامی "ڕێژێمی سەهیۆنیست"ی بەڕەسمی دەناسێت.....
١٧- جیاوازیی نێوان نوێنەری مەجلیس و گاگێرە و دەمبێن و دەمامک.....
١٨- گاز و مازووت سەروینی شوڕشگێڕی نەوتی خاون.....



سەرچاوە
Serchawe

١٩- نەرمە کۆخەی قوو تدانی پارووی تفت و مێوخۆش لەسەر سفرەی پڕبەرەکەتی ئینقلاب.....
٢٠- گۆرانی و گۆلی ورمێ لە داخی هەوردۆشین.....
٢١- زایەڵەی لەرینەوەی دەنگی "ژ"ێ و پەتای ئازادی.....
٢٢- کۆترە سیخوڕەکەی هیندوستان و "کۆترەباریکە" و "کەڤووکێ" لە کوردستان.....
٢٣- بڕوانامەی ددان پزیشکیی خۆمانە.....
٢٤- ئاوا دەبێت ئەندازیاریی هەڵبژاردن!.....

## بابەتی ساڵی.................٢٧٢٤................. ٦٩

٢٥- لە نێوان ئێران و چیندا کامیان تەواو کەری کامیانە؟.....
٢٦- سێزدەبەدەر و درۆکردن دە دڵی خۆماندا.....
٢٧- هێرشی مووشەکیی ئێران ئامانجە سەرەکییەکەی ڕووشاند.....
٢٨- زایەڵەی دروشمی "کرێکارانی جیهان یەکگرن".....
٢٩- کاتێک ئیمام جومعە و شتی دیکە کاتین.....
٣٠- بیڵێم بیڵێمیش توانا و بڕشتی جارانی نەماوە.....
٣١- بژی تێرۆریزمی جیهانی و بمرێت تێرۆریزمی نێودەوڵەتی.....
٣٢- هەی بە هەرمێ بە هەرمێ، دەچم هەرمێت بۆ دێنم.....
٣٣- شیراز و شیرێژ و ژاژی.....
٣٤- جیاوازیی نێوان مووشەک و بۆمبی ژێر تەختی خەو.....
٣٥- ئەم پزشکیانە سەرۆککۆمارێکی زۆر ڕاستگۆیە!.....
٣٦- خەونی سەرۆککۆمار و تراویلکەی ئیمام جومعە.....
٣٧- پشەکە، نانت دەدەم، چات دەدەم، قەندت دەدەم تەق لێت دەدەم.....
٣٨- لێکدانەوەی داهات و بەخشین لە کاری "ڕەزمەندەگان"دا.....
٣٩- ئەمریکا و سەهیۆنیزم لەمەودوا تەنیا دەتوانن سوپ و شۆرباو بخۆن.....
٤٠- سیاسەتیش هەر لە تەماتە جوانە.....

٤١- ئەمە "تۆفانی ئەلئەقسا"یە یان پشیلەی ڕەجەبە شێت؟.....
٤٢- سەرپۆشی دیجیتاڵیش دەێتە بازاڕ.....
٤٣-" دوو" و "دوازدە"ی ڕێبەندان تەنیا نۆ ڕۆژیان نێوانە؟.....
٤٤- وڕێنەی دیپلۆماتکارێکی سەرلێشێواو.....
٤٥- کۆماری پشووپارێز لە ڕاگەیاندنی پشوو بەردەوامە.....
٤٦- لە کێبڕکێی قژ و ڕیشدا، وادیارە قژ دەیباتەوە.....

---

## بابەتی ساڵی.................٢٧٢٥ .................١٤٠

٤٧- ڕیزبوون لەپێناو گەیشتن بە مریشکی بێحیجابدا.....
٤٨- چۆماخ و هەڵپەڕکێ دەربڕی هەست و سۆزن.....
٤٩- کاریگەریی قەڵەمی زێڕین لەسەر چۆنیەتیی "دان و هەستان".....
٥٠- سەری کەلاَفی دانوستانان لەنێو جامی ژەهردا ون بووە.....
٥١- ئێران و ئورووپا و ئەمریکا ڕێک دەکەون بەرەو ڕێککەوتن.....
٥٢- پیتی "ژ" پیتێکی سەرەخۆرە و مەترسیدارە.....
٥٣- حوکمڕانی لە کونەتەیارەوە.....
٥٤- لە سیخوڕاوا وڵات لە دەستێکی ئەمیندایە.....
٥٥- لەم دانوستانەدا کێ دەدات و کێ دەستێنێت؟.....
٥٦- بڕێک وزەی کارەبا بۆ داگیرساندنی گڵۆپی سەوزی ئاگربەست بمێنێت.....
٥٧- زەنگەزوور یان ژەنگەسوورە؟ مێشێک لەسەر لووتی سیاسەت!.....
٥٨- مەرگ و نەمان بۆ ژیان.....
٥٩- دانانی ویلایەتی فەقیهی دیجیتاڵی.....
٦٠- لە بارەگای ئایەتوڵڵاوە بۆ دەرباری شا.....
٦١- ئێران و ئورووپا و ئەمریکا ڕێک دەکەون بەرەو ڕێککەوتن.....
٦٢- پیتی "ژ" پیتێکی سەرەخۆرە و مەترسیدارە.....



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

٦٣- ئەو بووکەی لای خەزوورانی بنێشتی نەدەجاوی.....

٦٤- شۆڕبوونەوەیەکی نەوسنانە بە نێو لیستی نرخی خواردەمەنیاندا.....

٦٥- پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران' لەسەر سنوور و برنجبارانی نیشتمان.....

٦٦- دووبژاردەی پیرۆزی چەقبەستوو بۆ ڕیفڕاندۆم.....

٦٧- خەڵکێکی "نمەک بەحەرام" و دەسەڵاتێکی "فریشتە ئاسا".....

٦٨- پرۆژە یاسایەک بۆ سەرەوبنکردنەوەی بەشێکی بەرچاوی لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت.....

٦٩- شۆڕبوونەوە بە قاناواندا بۆ پاراستنی ئێکوسیستەم بژاردەیەکی باشە.....

بابەتی ساڵی.................٢٧٢٦................. ٢١١

٧٠- ئینتەرنێت؛ ئەو مۆتەکەیەی هەم نامووس و هەم دەسەڵاتی لێ تێکداوین!.....

٧١- هەستی پاکی ساواکیانە.....

٧٢- کوردستان ئەمجارەش بە سازی خۆی هەڵپەڕی.....

٧٣- کارەساتی داخستنی تەنگەیەکی تەنگاوکەر.....

٧٤- شەڕ کەوتە قۆرتێ، لێدە لە بنەوپاڵەوە.....

٧٥- بەهار کەپرێ دەکەینۆ و هاوین تێکی دەدەینۆ و پاییز ڕێکی دەخەینۆ، بەینۆ بەینۆ بەینۆ.....



# دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## بابەتی ساڵی.................. ٢٧٢٣

### خەڵکی ئێران هەر وا بۆ خرچە و خانوو خوێن دەدەن

میرزا برایمئاغای ڕەییسی، دوای ئەوەی لە تاران قوڵی لە سەرۆکایەتیی کۆمار هەڵماڵی، هەروەک منداڵی نەخۆش بە گووکردنیەوە دیار بوو چەندە دەژێت. ڕەییسی بە ڕێژەی بەشداریکردنی کەم و پوختی دەنگدەران، خامنەیی بە نوێنەراتیی خۆی و خەڵک و خوا کردی بە سەرۆککۆمار.

دیارە لەم کابینەیەدا هەموو وەزارەتەکانی وەک "تەندروستی و مەندروستی"، "پەروەردە و مەروەردە" و "کشتوکاڵ و مشتوماڵ"، بایی تووزێکی قانگ گرینگییان پێ نەدراوە و ئەوەی بەگرینگ زانراون سێ وەزارەتی سەرەکیی "نێوخۆ" (بۆ سەرکوتکردنی خەڵک)، "دەرەوە" (بۆ خاپاناندن و خافڵاندنی بیرو ڕای گشتیی جیهان) و "ئابووری" (بۆ دابینکردنی بژێوی ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنەی لوبنان و سورییە و یەمەن)ن.

١- وزارەتی نێوخۆ: ڕەئیسی هەر بە ڕێنوێنیی ئەو خامنەییەی دەستەڵاتی بۆ خوا و خوی دەگەڕێتەوە، بۆ وەزارەتی نێوخۆ سەردار ئەحمەد وەحیدیی کۆنە فەرماندەی سوپای پاسدارانی کردە وەزیر و وایزانی ئەم برادەرە دەتوانێت بە یارمەتیی سوپای پاسداران، ئەم ئێرانە وەک ماستی مەییو لێ بکات. بەڵام لە سەرهەڵدانی دوای شەهیدبوونی ژینادا، وەحیدی نەک هەر نەیتوانی ئێران بکاتە ماستی مەییو، بەڵکوو دنیا لە خۆی و ڕێبەرەکەشی کرایە چەرمی چۆلەکە.

٢- وەزارەتی دەرەوە: بۆ وەزارەتی دەرەوەش، ڕەییسی لەمێژ بوو بیری لە میرزاحوسێن ئەمیرعەبدوڵلاهیان بۆ ئەم وەزارەتە کردبۆوە. ئەمیرعەبدوڵلاهیان لە من و لە تۆی خوێنەر باشتر دەیزانی چۆن ڕێبازی قاسم سولەیمانی چۆڵ نەکات و بە پتەوکردنی سیاسەتی پەرەپێدانی مێحوەری مقاومەت (هیلالی شیعە) و بەهێزکردنی حەسەن نەسرۆڵلا، حووسیەکان، حەشدی شەعبی و هێندێک شتی دیکە، درێژە بە دیپلۆماسی بدات. ئەمەشیان بۆ میرزا برایمی ڕەئیسی و ئەوەی پشتەوەی ئەویش سەری نەگرت و لە ئاخریدا بە ناچاری وەزارەتی دەرەوە کرێ کرا و عەلی شەمخانی بۆ ڕێککەوتن لە گەڵ سعوودیە و حیلەدیپلۆماسی هاتە مەیدان.

ئەمیرعەبدوڵلاهیان لە ئاکامی پێوەدانی دەرگای وەزارەتی دەرەوە بە سەر دیپلۆماسیدا، چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە توویتێکدا نووسی: سەفەری ئەم دواییەی شەمخانی بۆ ئیمارات و عێراق لە چوارچێوەی پێوەندییە ئەمنییەتییەکانی ئێستادایە و شتێکی نوێ نییە و لە سەردانەکاندا نوێنەری وەزارەتی دەرەوەشی لەگەڵدایە. هەموو شتێک لەژێر چاودێریی سەرۆککۆماردایە و دوژمنان بزانن نێوان ناخۆشیمان نییە".

ئەمەی ئێستا بەسەر وەزارەتی دەرەوەدا هاتووە، کێشەی سەرەکیی بۆ کارمەندانی وزارەتخانەکە ناوەتەوە و لە نێوان سێ بژاردەدا سەرگەردانی کردوون. ئەوان نازانن تێرۆریستن، دیپلۆماتن یان دیپلۆمات تێرۆریستن.

٣- وزارەتی دارایی: چارەنووسی وەزارەتی داراییش هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە ئیمام خومەینی حوکمی لێ داوە. ئیمام خومەینی پێش ئەوەی دەستەڵات بگرێتە دەست، گوتی، وا دەکات پارەی ئاو و کارەبا و گاز و ئوتووبووس لە کەس وەرنەگرن و ئەوکات پارەی هیچ و پووچ، ناچارە سەرگەردان بێت. ئیمامی شارەزا دوای ئەوەی ئەم بیردۆزە قووڵەی سەری نەگرت، هاتە سەر ئەم بڕوایە ئابووری "هی کەرە" بە زمانی شیرینی فارسی ئەو زمانەی بڕیار وایە ڕەزاشای داهاتووی ئێران و پێنج هاوڕێکەی دیکەی ناچارمان بکەن بۆ لێکتێگەیشتن قسەی پێ بکەین، گوتی "اقتصاد مال خره." خومەینی گوتی: جیاوازیی ئابووری لە نێوان کەر و مرۆڤدا ئەمەیە، کەر کا دەخوات و مرۆڤ چەلاو و کەباب.

ئیمام خومەینی ئەوکاتانەی دەیگوت "شما را می‌کنم" و بە درەنگەوە دەیگوت "لاکن نصیحت"، هیچ لەبەر نەزانی وای نەدەگوت. ئەو باش لە زمان شارەزا بوو. ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەوانەی گێراویانەتەوە، دڵێن شاعیریش بوو. تەنانەت شێعری فەلسەفی و دڵدارانەی بۆ "فاتە"ی بووکیشی گوتووە.

خومەینی زۆر باش لە مۆسیقای پیتان شارزەزبوو، بۆیە دەیگوت: کەسێک زانا بێت بۆ "خرچە" و "خانوو"، "خوێن" نادات.

بەشی دووهەم

لێردا ئەو سێ وشەیەی "خرچە"، "خانوو" و "خوێن" لە کاتێکدا هەر سێکیان بە پیتی "خ" دەست پێ دەکەن، بەیەکەوە پێشان دەدەن دامەرزرێنەری کۆماری ئیسلامی چەندە لە مۆسیقای وشە و ئاهەنگی ڕستە و مستە شارەزا بووە.

دوو لە ڕووی گوێدێران و خوێنەران ئەگەر خومەینی ئێستا مابایە بە چاوی خۆی دەیدیت، ئەم ئابووریە چەندە شتێکی پیسە و چۆن ئەم ئێرانەی وێران کردووە. گەمارۆی ئابووری ئێرانی دەئامان ناوە، شتومەک و پێداویستیی مرۆڤ ڕۆژبەڕۆژ گرانتر دەبن و وەک دەڵێن بۆ خەڵکی هەژار نان خەریکە لە پشتی شێران خۆی حەشار دەدات و دڵی ئابووریش کەوتووەتە دەست پەیڕوانی خومەینی و ئێستا "اقتصاد مال آنهاست" بەڵام خەڵک هەروا بۆ خرچە و خانوو خوێن خوێن دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## وێکچوونێکی نێوان بووکی جاران و وەزیری ئێستا

ئەم دونیا بێتامە زۆر سەیر گۆڕاوە. نازانم خەتای چییە. ڕەنگە خەتای سۆشیالمیدیا و مۆشیالمیدیا و شتی وابێت. ئەم موبایل و شتە تەنگی بە هەواڵدەری و ئاژانس و ماژانسی هەواڵ و تەلەفزیۆن و مەلەفزیۆنی دەوڵەت و مەوڵەت و حیزب و میزبانیش هەڵچنیوە. هەر شنەبایەک لە ئەشکەوتۆکەیەوە بشنێتەوە، دەبێتە هەڵلا و هەموو کەس پێیدەزانێت.

جاران پەندێکی فارسی لەسەر زاران بوو. ئەو پەندەی دەڵێت "دیوار موش دارد و موش گوش دارد." ئێستا ئەو فارسانەی دەستەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوەیەوە و حەز ناکەن ئەسیلترین ئێرانییش بە زمانی خۆیان بدوێن، وابەشە لە جیات ئەم پەندەیان بڵێن "رقیب گوشی دارد و گوشی چشم و گوش دارد." واتا ڕەقیب ئامێری مۆبایلی پێیە و ئامێرەکەش خاوەنی چاو و گوێیە". ئێستا ئەم ئامێرە مۆبایلانە هەم چاویان هەیە و هەم گوێ. هەتا ئەم دواییانە ترسی گەورە لەم ئامێرانە ئەوە بوو وێنەی خۆپێشاندان و سەرکوتکردن و کوشت و کوشتاری خەڵکیان بەدەست چەکبەدەستانی دەستەڵات بڵاو دەکردەوە و بۆ خێرایی گەیاندنی هەواڵ دەستی ڕادیو و مادیۆ و تەلەفزیۆن و مەلەفزیۆنیان لە پشتەوەڕا بەستبوو.

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا هەر ئەم سۆشیالمیدیایە شتێکی جوداتری بڵاو کردووەتەوە. بۆ گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە نوێیەی لەم سۆشیالمیدیایەدا کەوتەوە، پێویستە هەندێک زیاتر بەرچاوی تۆی خوێنەر روون بکەینەوە:

دوای ئەوەی ڕێبەری مەزنی کۆماری ئیسلامی بەهۆی گوشاری دەرەکی دەستێکی کەوتە ئەم لاو و نەیتوانی دەستەکەی دیکەی بخاتە هیچ لایەک، بە ناچاری هەر بەو دەستەی دەتوانێت ئەملاوئەولای بکات، مستێکی بە هەرامەی لە دەمی وەزیری دەرەوە دا و گوێی عەلیی عەرەبی شەمخانیی گرت و گوتی تۆ بە ڕەچەڵەک عەرەبی و لە زمانیان باشتر دەزانی و عەرەبییەکەت لە هی هەمووان ڕەوانترە، بۆیە واباشە لە وڵاتانی عەرەبی ناوچە نزیک ببیەوە و بە گۆڕی باوکی موسوڵمانانی ئویغوور، بەسەر ئەوانیشدا باز بدە و خۆ بگەیەنە دەستەڵاتدارانی چین و لەسەر دەستی ئەوان دەگەڵ سعوودیان قسە بکە و چوونکە چینیەکان هەر لەو عەرەبی و مەرەبیە تێ ناگەن، ئەوەندەی بۆت دەکرێت بە کەوچکی عەرەبی ماستاوەکەیان بۆ بشڵەقێنە. بەڵام لەوێ بە وردی چاوت بە سەر ئەو سۆشیالمیدیا و شتەوە بێت، دەستی خستووەتەوە بینەقاقەی هەمووانەوە.

بەشی دووهەم

جا وەک حیکایەتخوان دەڵێن کاکە عەلیی شەمخانیی بە من و بە تۆ، دوای ئەوەی ماستاوە خەست و خۆڵەکەی بۆ گەورەماڵەی سعوودیە جێ هێشت، خۆی گەیاندە دوو سێ وڵاتی دیکەی عەرەبی ناوچە و پاشان گەڕایەوە تاران. وزیری دەرەوەش لە داخی ئەم گەڕانەی شەمخانی لە پاڵەوە تەلەفۆنی دەست دایە و ئەوەندە تەلەفۆنی بۆ ئەملاوئەولا کرد، بەخێرایی لە سۆشیالمیدیا دەستەواژەی "دیپلماسیی تەلەفۆنی"ی لێ کەوتەوە. دوای ئەوەی شەمخانی لە گەشتەکەی گەڕایەوە تاران، لەگەڵ ڕێبەر هەستیان کرد نەک دڵی وەزارتی دەرەوە، تەنانەت سەردڵی سەرۆککۆماریش بەو دەمڵەپێشییەی شەمخانی ئێشاوە. لەبەر ئەمە خێرا بەرنامەی سەفەری وەزیری دەرەوەیان ڕێکخست. حوسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیانیان ئاخنییە نێو فڕۆکەیەک و بە فڕۆکەوانیان گوت بگرە هاتم مۆسکۆ.

لەسەر ئیزنی خانمانی فێمینیست و پیاوانی مێمینیست، گێڕانەوەی بەشێک لە ڕووداوی سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بە باسکردنی نەریتێکی کۆنی کوردەواری دەنەخشێنم. لە کوردەواریی کۆندا وەک ئێستا نەبوو، کوڕ و کچ ماوەیەک بەیەکەوە بژین و بە کەیفی خۆیان ڕایبوێرن و ئەگەر دواتر پێیان خۆش بێت زەماوەندێک ساز بکەن و بەئاشکرا ببن بە هاوژین. جاری جاران کچ مێردی دەکرد و کوڕ ژنی دەهێنا و کچیان دەکردە بووک و ئەم شار بۆ ئەو شار و ئەم گوند بۆ ئەو گوند بە سواری ئەسپ و یان ماشێنی جێب بۆ زاوایان دەگواستەوە. یەکێک لە نەریتەکانی ئەمجۆرە بووکگواستنەوەیە مانگرتنی بووک بوو. دوای ئەوەی سوارەی هاوڕێی بووک، بووکیان دەگەیاندە ماڵی زاوا، بووک مانی دەگرت و لە ئەسپ یان ماشێن دانەدەبەزی. بەگوێری نەریتی ئەوکات کەسێکی گەورەی ماڵی زاوا دیارییەکی بەرچاوی وەک بزن و مەڕ و چێل و هەندێک جار خانووبەرە و شتی دیکەی پێشکەشی بووک دەکرد و دەیانگوت ئەو شتەی دەقەباڵی بووک نا. ئەوکات بووک شانی بۆ زاوا یان کەسەکەی تەنیشتی شل دەکرد و بەگوێرەی ئەو شتەی دەقەباڵیان دەنا بە ناز و فیزەوە بەرەو ژووری زاوا هەنگاوی دەنا.

لەم سەردانەی ئاخری وەزیر دەرەوەی ئێرانیش سۆشیالمیدیا بە بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدۆیەک ئاشکرای کرد، ئەوکاتەی وەزیری دەرەوەی ئێران دەگوازنەوە بۆ مەسکۆ، دوای ئەوەی لە فڕۆکە دادەبەزێت و بە ئۆتۆمبێل دەگاتە بەر وەزارەتی دەرەوەی "عروسان"، لە ماشێن دانابەزێت و چاوەڕوانی سێرگێی لاڤرۆفی وەزیری دەرەوەی وڵاتی خانەخوێ دەبێت، بەرەوپیریەوە بێت. بەڵام ئەو وا ناکات و لە ژووری خۆی دادەنیشت و چاوەڕوان دەبێت. وەزیری دەرەوەی ئێران چۆن بە نابەدڵی ناردبوویان بۆ ڕووسیە، هەر بەم جۆرەش بە نابەدڵی خۆی بە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە دادەکات. وەزیری دەرەوەی ڕووسیە بە دەنگێکی نێرانە پێی دەڵێت ئەوە بۆ دانابەزی؟ ئەویش بە نازەوە دەڵێت: چاوەڕوانی تۆ بووم!...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## بە ئەمە دەڵێن حیكمەتی حیجاب!

هەر چەند لەم ڕۆژانەی دواییدا "مەولەوی عەبدولحەمید" وتارخوێن و پێشنوێژی بەلووچان لە خۆرهەڵاتی ئێران لە وتارێکی هەینی ئەم دواییانەدا گوتی "هیچ حاكمێک دەسەڵاتی ڕەهای نییە و دەسەڵاتی ڕەها هی خودایە"، بەڵام ئەو قسەی خۆی دەكات و ئاخوندی شارانی دیکەی ئێرانیش هەركامیان دەدمێنێتە زوڕنای بەردەمی خۆیەوە.

ئەو ئاخوندانەی وەک نوێنەری ڕێبەری كۆماری ئیسلامی بۆ خوێندنەوەی وتاری هەینی لە شاران دەستنیشان كراون، پێچەوانەی مەولەوی عەبدولحەمید پێیانوایە دەسەڵاتداری تەواون و تەنانەت دەسەڵاتیان دەچێتە نێو ژیانی خێزانان و مافی خۆیانە دەست بخەنە دار و دیواری باڵەخانە و ژووری هەموو ماڵێکەوە.

هەر ئاخوندێکی نێو دەسەڵاتی ئێران، تەنانەت ئەگەر سەر بە ئتیلاعات و هێزی ئینتزامی و سوپای پاسدارانیش نەبێت، بۆ خۆی بە ڕوای دەزانێت هەركاتێک دڵی بخوازێت تەواوی ئەو بزمارانەی تۆی خوێنەر لە دەر و دیواری ژووری خۆتت داون و بەتەمای لە داهاتوویەكی نزیک یان زۆر دووردا كەلوپەلی دڵخوازی خۆت و شتی سەیروسەمەرەیان پێوە هەڵبواسی، ئەو بۆی هەیە بە چاونووقاندنێک هەموویان هەڵكەنێت و فڕێیان بداتە دەرەوە.

ئاخوند زۆر شتی دیكەشی لەدەست دێت. هەرچەند تۆ بتهەوێت لەچک لە سەرت فڕێ بدەی و پرچت پەخشان بكەی و بە سەر شانانتدا بەبایدا بدەی، یان سینگت دەرپەڕێنی و بە چەشنێک هەڵبەزودابەزی پێ بكەی و جەنابی ئاخوند ئێشتیای ببزوێت و وابزانێت تۆ یەكێک لە ٧٢ حۆرییەكەی ئەوی و خەریكی لە ئێستاوە هەستی دەبزوێنێ، بەڵام ئەو هەر پێداگرە و ئەگەر خۆت دانەپۆشی، فەرمان دەردەكات بتخەنە نێو پاسێكی كورتی ئەو هێزانەی كچانی قژ بەدەرەوە بە شێوەی ئەستوونی دەبەنە بنكەی پۆلیسی دژی ئەخلاق و بە شێوەی ئاسۆیی و لە زەویی نیزیكەوە دەیاننێرنەوە دەرەوە و هێندێک جاریش بە هۆی ئەوەی نەخۆشیی زۆر كۆنیان لێ دەدەكەوێتەوە، ناچاران بیانگەیننە نەخۆشانەیەک و ئەوانەی دەگەنە نەخۆشانەش ئەوندە پێناچێت بەڕێ دەكرێنە ساردخانە.

هەر لە سەروبەندی لێدوانەكەی مەولەوی عەبدولحەمید و باسكردن لە دەسەڵاتی سنوورداری مرۆڤ، وتارخوێنی نوێژی هەینیی "ئارانی بیدگۆڵ" لە پارێزگای ئیسفەهان، ڕەخنەی توندی لە بوونی "چێشتگەی كراوە" لەنێو ماڵ و باڵەخانان گرت

و گوتی: "چێشتگەی کراوە لەنێو باڵەخانە و ماڵاندا شتێکی گونجاو نییە و ژن نابێت لەکاتی چێشتلێناندا بکەوێتە بەرچاوی میوانانەوە".

جەنابی "ئەبولفەزل سلێمانی" وتارخوێنی "ئارانی بیدگۆل" دڵێت: "ژن کاتیک لە ماڵەوە میوانی هەیە، پێویستە بتوانێت بۆئەوەی بکەوێتە بەرچاوی میوانەوە کاری خۆی بکات و لە چاوی خەڵکی دیکە بپارێزرێت".

دەکرێت ئەم لێدوانەی جەنابی ئاخوند بە دوو شیمانەوە لێکبدرێتەوە. شیمانەی یەکەم ئەوەیە کابرا خەڵەفابیت و حەمام و چێشتگەی نێو باڵەخانەی ماڵانی لێ تێکچووبێت. لەم شیمانەیەدا هەموومان دەگەڵ جەنابی ئاخوند هاوڕاین و بەباشی نازانین ژنی خانەخوێ بە بەرچاوی میوانانەوە خۆی بشوات. تەنانەت حەزمان لێ نییە و ژن بە قژی خاو و وشکنەکراوە لە حەمام دەربچێت. لەم دۆخەدا ئەگەر قژی خاو و بۆنداری ژنی خانەخوێ لە چاوی میوانیشەوە نەدیو بێت، لە وەرزی سەرمادا لە سۆزی سەرما نەدیو نابێت و سەرما لە چاوی حیزیش ئەنگێوەترە.

بەڵام شیمانەی دووهەم لە لێدوانی ئاخوندی گۆرینەوە ئەمەیە ڕەنگە جەنابی ئاخوند ڕێک مەبەستی ئەو کابانە بەڕێزە بێت لەنێو چێشتگە دێت و دەچێت و خەریکی کوڵاندن و پوختاندنی خواردەمەنییە. ئەمەیان ڕێک بۆ ڕوانینی چاوحیزانەی ئاخوندەکە دەگەڕێتەوە.

ئاخوند بەردەوام دژایەتیی هەموو دیاردەیەکی تازەداکوتووی نێو ژیانی مرۆڤ دەکەن و ئەمەش شتێکی نوێ نییە و لە کۆنەوە باوە. لە سەردەمی دەستەڵاتی قاجاراندا ئاوی لوولەکێشی بە حەرام و ناشەرعی دەزانرا و ئاوڕشێنی حەمامیشیان بە حەرام دەزانی و دەیانگوت بەم ئاوڕشێنکردنە غوسڵیان دەرناچێت. تەنانەت دژی داگیرساندنی گڵۆپی بەرقیش بوون و دەیانگوت ڕووناکیی گڵۆپی بەرق ڕووناکیی شەیتانە و ئەگەر ئەم پۆرگە شووشەیی بۆنەوت و سووتەمەنییە ڕووناکی بدات و بە فووپێداکردن نەکووژێتەوە، کاری شەیتان نەبێت کاری کەسێکی دیکە نییە. هەر لەبەر ئەمە بوو دووکانداران و خاوەنی ماڵان هان دەدران ئیزن نەدەن شەیتان بە هۆی داگیرسانی ئەم پۆرگە شووشەییانەوە پێ بنێتە ماڵانیانەوە.

سەرەڕای هەموو ئەم گۆڕانکارییانە، ئێستا بەدووری مەزانن کاتێک بڕۆنە ماڵی خوتبەخوێنی گۆرینی ئارانی بیدگۆل، لە ماڵی خۆی چێشگەی کراوە (ئاشپەزخانەی ئۆپێن)ی هەبێت و بەدووریشی مەزانن ئاخوندەکە خۆی لەکاتی بەسەرکردنەوەی لاپەرەی تەوزیوحولمەسایل و شتی وادا جاروبار سەری بەرز کردبێتەوە و چاوی بە کابانی ماڵی خۆی کەوتبێت و چێژی لەو سامانە وەرگرتبێت خوا پێی داوە و عەقڵی خۆی دەگەڵ خوێندنەوەی تەوزویحولمەسایل لێکدابێت و ئەمجار بە مێشکێکی تێر

بەشی دووهەم

و تەسەلەوە بەم ئاکامە گەیشتبێت لە ترسی چاوی میوانان لە ژوورەوە دیواری کورتی چێشتگەکەی ماڵی خۆی بەرز بکاتەوە و هەتا بەری میچ هەڵیبچێت و لە دەرەوەش لە دەرەوەش کابانی ماڵ لەنێو قوماشێکی ڕەش و تاریک و گنجاوی وەرپێچێت و ڕوخسار و بەرز و نزمیی پاش و پێشی کاڵا خواپێداوەکەی لە چاوی بەدکار بپارێزێت و بە هەموو نێرەوەزی سەردەمی بسەلمێنیت: "ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بە دز مەگرە."

بە ئەمە دەڵێن حیکمەتی حیجاب!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## لە تەزەککوری لێسانەوە هەتا دیواری بێرلین و چین

ئەم زمانە شتێکی سەیرە. زمان دەگەڵ زەمانە دەگۆڕێت و سەیروسەمەرەبوونی زمان لەمەیان دایە، زۆر شتی جۆراوجۆری پێ دەکرێت. هەر لەبەر ئەم فرە بەکارییەشە دەگەڵ زۆر شت ئاوێتە بووە و بە یارمەتیی وشەی دیکە مانای جۆراوجۆر و جیاواز بەدەستەوە دەدات. زمانداران زۆر جار بە یەکێک لەم وشانەی پاڵ وە وشەی زمان دەدەن، ناودێر دەکرێن. "زمانزان"، زمانشڕ"، "زمانپیس"، "زماندرێژ"و "زمانلووس" بەشێک لەو زاراوە زمانییانەن بە یارمەتیی زمان ساز کراون.

لە زمانی کوردی و فارسیدا زمانزانان، نووسەران و ئاخێوەران دەتوانن دەستەواژی پڕمانا و سەیر و سەمەرە بە زمان و پاشگر یان پێشگران ساز بکەن و لەبەر ئەوەی درێژدادڕی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە وەک جووینی ئاو بە مەبەستی وردکردن و هاڕینەوەیە، واباشە زۆر زماندرێژ نەبین و ئەگەر زمان لێمان بگەڕێت، ڕێک خۆمان بە نێرکی بابەتەکەدا بکەین.
لەبەر ئەوەی دوو زمانی کوردی و فارسی سەر بە یەک بنەماڵەی دەوڵەمەندی زمانین، ئەوەندەی ئەم دوو زمانە وەک یەک دەچن ئەوەندە لەیەکتر دوور نین. داڕشتن و وشە و ئیدیۆمی وەک یەکیان ئەوەندە زۆرە، پیاو سەری سوڕ دەمێنیت و ژنیش کەیفی خۆیەتی.

لە سەرەتای ئەم چەند ڕستەیەی سەروودا بۆیە باسی زمانمان کرد، چونکە زمان لە ژیانی ئێمەدا کارگەریی قورسی هەیە. تەنیا زمانی ئەو ئاژەڵە ڕووەکخۆرانە سوودیان بۆ مرۆڤ هەیە و ئەویش لەبەر ئەوەی ئایین و کولتووری ئێمە ئیزنی دەرهێنان و خواردنیانی داوە. زمان ئەوەندەی سوودی هەیە چەند ئەوەندەش بە زیانە. هەر لەبەر ئەمەشە پیر و پێشینیان دەڵێن: "سەری گوتیە زمانی/ هەتا ئەتۆم میوانی/خۆشیم نایەتە گیانی."

بۆ ئەوەی باسەکەمان تەکووزتر و یەکدەستتر بێت، دەگەڕێینەوە سەر بابەتی خزمایەتیی کۆنی دوو زمانی کوردی و فارسی. ئەم دوو زمانە بە تایبەت وشەی "زمان"یان تەنیا جیاوازیی لە پیتی "م"دایە و زۆربەی زۆری کوردان دەڵێن "زمان" و فارسانیش بە "زبان" ناوی دەبەن.
فارسان دوای ئەوەی عەرەبان دەرگایان بەسەردا کردنەوە، زمانیان بەتوندی کەوتە بن ڕێسمەی ئەم دەرگایە. زمانی عەرەبی زمانی ئەوانی وشەباران کرد و ئێستا دوای سەدان ساڵ بە هیچ "پارزن" و "پاڵوێنە"یەک فارسییەکەیان بۆ ناپاڵێورێتەوە. وشەی "لێسان"یش وەک سەدان وشەی دیکەی عەرەبی لەنێو زمانی فارسیدا خۆی مەڵاس داوە و لە کاتی خۆیدا

دەردەکەوێتەوە و جێگەی وشەی ڕەسەنی "زمان" لە فارسیدا داگیر دەکات. چیرۆکی چوونی وشەی "تەززەکور"یش لە عەرەبییەوە بۆ فارسی هەر وایە. بەکورتی بڵێین دەستەواژەی "تەززەکورێ لیسانی" هەمان "ئامۆژگاری کردنە."

لە بابەتی سەرپۆشی زۆرەملێدا، بەرپرسانی کۆ-ماری ئیسلامی بەگوێرەی ئەو ڕەحم و بەزەییەی نیزکەی نیو سەدەیە لە بەرانبەر خەڵکی ئێراندا دەینوێنن، سەبارەت بە ژنانی بێ سەرپۆشیش، هەر بە ڕەحەم و بەزەییەوە دەڵێن سەرەتا بە "تەززکوری لیسانی" ئامۆژگارییان دەکەین و ئەگەر هەر لە دانەپۆشینی سەروقژیان بەردەوام بن، ناچارین بە کێشانی دیوار لە نێوان ژنان و پیاواندا کۆتایی بەم بابەتە بێنین. بۆ کێشانی دیواریش، ئەو دیوارەی بەرپرسانی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی کۆ-ماری ئیسلامی باسی دەکەن، دەگەڵ دیواری بێرلین زۆر جیاواز دەبێت و لە دیواری چینیش درێژتر دەبێت.
دیواری بێرلین ساڵی ١٩٤٧ی کۆچی و لە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی ساردی نێوان وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا لە شاری بێرلینی ئەڵمان بەرز کرایەوە و شارەکەی کردە دوو کەرت و دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ڕووخاندیان. بەڵام ئەو دیوارەی بەرپرسانی ئێران باسی دەکەن وەک لوولەی خوێنبەری نێو لەشی زیندەوەران بە هەموو ئاقار و شار و گوند و کۆڵانانـدا دەکێشرێت.

بەوجۆرەی بەشێک لە دەمڕاستانی کۆ-ماری ئیسلامی باسی دەکەن، لەجیات ئەوەی ئەوەندە خۆیان بە لەچکە و سەرپۆشی ژنانەوە ماندوو بکەن و کۆبوونەوە و خۆپێشاندانان بترسێنن، واباشە لە پیادەڕۆ و شەقامان دیوارێکی بەرز ڕابکێشن و ژنان و پیاوان هەر کامەیان بە لایەکی ئەم دیوارەدا لە هاتووچۆدا بن. لێرەدا ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە، ئاخۆ چ ئەندازیارێک دەتوانێت ئەم بیرۆکەیە لە نەخشەی ئاوەدانیاندا بکێشێتەوە. نەخشەکە دەبێت بە چەشنێک بێت، دوو شار یان دوو گوند دەباڵ یەکتردا دروست بکرێن و تێکەڵیش نەبن. تۆی خوێنەر بیهێنە بەرچاوی خۆت لە ماڵەوە دەرۆیە دەرەوە و دەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانت لە یەک جوودا دەبیەوە. تۆ بە ئەم دیوی دیواردا و ئەوانیش بە ئەو دیوی دیواردا دەڕۆن. ئەودەم کارمەندانی ئیدارەی دەوڵەتیش ژنان و پیاوانیان جودا کردووەتەوە و هەموو ئیدارەی بەڕێوەبەری، جودا لە دیواری ژوور و حەوش و حەساریان دیوارێکیش بە دەروازەدا بەرە و شوێنی کارمەندان خوشیوە. هەموو ئیدارەیەک هاوبەڕێوەبەری هەیە و بەڕێوەبەری ژن دەڕوانێتە دیوی دیواری ژنان و ئەوەی پیاویش دەڕوانێتە دیوی دیواری پیاوان. ئەگەر جووت بەڕێوەبەرەکەش خوشک و برا یان ژن و مێرد نەبن، پێویستە سووکە دیوارێک لە نێوانیادا هەبێت و بە جوودا لە زمان لووسیی خۆیان بەردەوام بن.

لێشتان تێکنەچێت لیسان بە مانای زمانە و هیچ پێوەندییەکی بە لێستنەوەوە نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## ئاوەترێش پشتی کردە دەستەڵاتی ئاخوندان

ئای لەم ترێ هیچوپوچە، ئای لە ترێ ڕەشەی سەردەشتێ، وای لە ترێی زێڕینی شێرازێ، بەهـ بەهـ لە ڕەزی هەزاربەهەزاری دەشتی قەزبێن و تاکستانێ.

فارسان بە دارمێو دەڵێن "تاک" و بەم زمانە "ڕەزی"ش دەبێتە "تاکستان". فارس دوای ئەوەی لە ئێران بوونە دەستەڵاتداری سەرەکی، سەریان لە دارمێویش شێواند.

ئەوانەی دوو سێ جار خشتەی یەکتربڕ یان "جدول کلمات متقاطع"یان لە ڕۆژنامە و گۆڤاری فارسیدا پڕ کردبێتەوە، باشتر دەزانن ئەمانە چ پەندێکیان بەسەر دارمێو هێناوە. لە جێیەک پێی دەڵێن "مۆو" لە شوێنێک پێی دەڵێن "تاک" و هێندیک جاریش دەڵێن "درخت انگور". هەر بۆیە ترێ لە ئێران لەوکاتەوە دەبێتە "بەرسیلە" و "بۆڵ" و "زەنگەتە" و "هێشوو" و لقی دارمێو بەرەو زەوی ڕادەکێشت، تووشی هەزاران پەند و و گوڵمەزە دەبێت. هێشتا نەبووەتە بەرسیلە و قۆرە، بە مەبەستی سازکردنی دۆڵمە دەگەڵ توولە مێوان دەیڕننەوە. لە کاتی بەقۆرەبوونیشدا بۆ گرتنی ئاوەقۆرە و دامرکاندنی حەزی ژنانی بیزوودار کاڵڕن دەکرێت.

ترێ، دوای کامڵبوون و تێپەڕاندنی سەردەمی مێرمنداڵی، دەبێتە گوڵی مەجلیسان و زۆر جار خۆی دە کاروباری سیاسییش وەردەدات.

هەموو خوێنەرانی ئەم دێڕانە ناوی دوو برێندی لێکەوتە و بەرهەمی ترێیان بیستووە. ناوی ئەم برێندانەش "ساندیس" و "شەڕابی شیراز"ە. ئێستا لە سەردەمی دەستەڵاتی ئاخونداندا لە کاتێکدا کارگەی دروستکردنی شەڕاب لە شیراز داخراون، وڵاتێکی وەک فەڕانسە ئێستاشی دەگەڵ دابێت شەڕاب بەم ناوە دروست دەکات و دانیشتووانی شیرازیش هەتا دەستیان دەکەوێت، دوور لە گوێدێران ئەستۆ و ڕانی خۆیانی بۆ دەشکێنن .

بە پێی هەنەندێک ڕیوایەتی نیوەپشتڕاست کراوە، ئەم شەڕابە شیرازەی لە فەڕانسە بەرهەم دێت و ئێستا دانیشتووانی بەڕێزی شیراز بە فارسیی ڕەسەن و لوڕ و قەشقاییەوە مەگێرانیی لێ دەکەن، ئەویش بەرهەمی ترێی خۆیانە.

دەڵێن دەنکە کشمیشێک بەسەرهاتی خۆی بۆ کرێکارێکی پەنابەری شیرازی لە کارگەیەکی شەڕابسازیی فەڕانسە گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی دوای ئەوەی لە باغێکی شیراز لەژێر تینی هەتاو چرچیان هەڵێناوە، بردوویانەتە کارگەیەکی پوختەکردنی کشمیش و دەگەڵ کۆمەڵە کشمیشێکی دەروجیرانی دە پاکەتێکیان کردووە و هەتا گەیشتووەتە ئەم کارگەیە لە تاریکی زیاتر هیچی دیکەی نەدیتووە. کرێکارە شیرازییەکەش وای لێک داوەتەوە، ئەم بۆڵەترێ چرچهەڵاتووە لەجیات ئەوەی وەک جاری جاران لە شیراز بکرێتە شەڕاب، لە سەر پشتی لۆریی گەورە بارکراوە و بە ژێر چەندین گومرگ و لێپرسینەوەدا تێپەڕیوە. کرێکارەکە هەزار ڕەحمەتی بۆ ئەو فەڕانسەییە کافر و دیانانە ناردووە و لەبەر ئەوەی ئەم ترێیانەیان هەر بەناوی شیرازەوە کردۆتە شەڕاب گەلێک سوپاسی کردوون .

ترێ ڕەشەی سەردەشتیش هیچی لە ترێی زێڕینی شیراز کەمتر نییە، بەڵام چونکە ڕەشتاڵەیە و لەنێو کوردانیشدا وەک ترێ زەردەڵەکەی شیراز ڕێزی ناگیرێت؛ بە هەزار بەزم و ئۆینیشەوە ڕەوانەی هەنداران ناکرێت.

ئەم ترێ ڕشتاڵەیە، پێش ئەوەی ئێران ئەوا بەتوندی ئاخوندەاوی بکرێت، لە سەردەمی دەستەڵاتی پاشایەتیدا بە لۆری و قەڵلابان دەگەیندرایە کارخانەی شەڕابسازیی ورمێ و لەوێ دەکرایە شەڕابی ناب .

لەو کاتەوەی کارخانەی شەڕابسازیی ورمێ کرا بە کارگەی بەرهەمهێنانی "ساندیس" و نێوەندی بەرهەمهێنانی ئاوەترێ، دۆخی ئێران گۆڕانێکی قووڵی بەسەردا هات. کاتێک ساندیس دەستی بە خەیانت کرد و دوای دابەشکرانی دە نێو خۆپێشاندرانی لایەنگری دەستەڵاتی کۆماری ئیسلایدا، دەروونی لایەنگرانی حکومەتی فێنک کردەوە، دەستەواژەی "ساندیسخۆر" لەدایک بوو.

"ساندیسخۆر" بەو کەسانە دەگوترێت بۆ پێشتیوانیکردنی دەستەڵات خۆیان پێشان دەدەن و لە کاتی خۆپێشاندانەدا لەجیات ئەوەی بە باتووم، دار، شەق و ساچمەزەن بیانکوژن یان پەلکێشی گرتووخانەیان بکەن، ساندیسی فێنکیان دەپێش دەکەن. ئەوەندی لەسەر بەزمی ترێ لە ئێراندا بڕۆین کەمە و بۆ ئەوەی درێژدادڕی نەبێت، بەم بەسەرهاتەی دوایی کۆتایی پێ دەهێنین:

ڕۆژی ٢٧ی ئەم مانگە، هەواڵدەریی فارس بڵاوی کردەوە لەم دواییانەدا هەست بەمە کراوە دانیشتووانی تاران لە مەیدانی میوەی ئەم شارە لە پێش ئامێری پاڵاوتنی ئاوی میوە ڕیز دەبەستن و بە دەبەی ١٥ لیتری ئاوی ترێ بۆ ماڵان دەبەنەوە.

هەواڵدەریی فارس وای مەزەندە کردووە، کڕیارانی هەراوی ئـاوەترێ، ئەم ئـاوە دەبەنەوە مـاڵ و بەدزییەوە و دوور لەچـاوی ساندیس‌خۆران دەیکەنە شەڕاب.

دیـارە شـەڕاب‌خواردنەوە ئەگەر هەر سەرخۆشـبوون و گێـژ و وڕ و کـاس‌بوونی بەدواوە بێـت، نەک هەر زەرەر نیـیە، بەڵکـو باشیشە. بەمجۆرە خەڵکەکە لە ماڵی خۆی دادەمرکێت و واز لەم هەموو درووشمە "هنجارشکنانە"و "حرکات موزون"ـە دەهێنیت. بەڵام وەک بیستراوە، ئەوانەی بە شەڕاب سـەرخۆش دەبـن، دروشم دەدەن و ئەوانەی لە مەجلیسـی کۆبوونەوانـدا دەیخـۆنەوە، هەر قومی لێ دەدەن و باس لە دۆخی ئێستا و داهاتوو دەکەن. هەر بۆیەشـە داواکـاری گشـتیی تـاران داوای کـۆکردنەوەی ئەو ئامێرانەی پاڵاوتنی ئاوی میوەی کردووە.

بەڵام ئەگەر بەقسەی نووسەری "بەزەمیری، فەقیری حەقیر" بێت، بە فەتوای شیخی خۆی دەکات:

"شەڕابی لەعلی ڕۆممانی لە "نالی"
حەرامە بێ مەززەی ماچێکی لێوان."

بە نووسەر و بە دەستەڵاتی میری چی، ئەم شێعرە هەنجارشکەنانەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## هەر کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە مانای قووڵی تەحریم تێ دەگەن

هیچ گومانی تێدا نییە پاراستنی زمانی دایک یان زمانی ڕەسەنی نەتەوەی خۆت لە هەبوونی نانی شەو پێویستترە، بەڵام وەک تورک دەڵێن "ئێنیم، چارەم یۆک یان چارەم یۆخ."

بەم "یۆک" و "یۆخ"ەی تورکی بیرم کەوتەوە جیفرێک لە خۆم بدەم و تەقڵەیەکی بەدوادا لێ بدەم و بڵێم ئۆخەی تورکانیش وەک ئێمە خاوەنی چەند زمانی لە یەکتر جودان! ئەی ئەوە نییە ئەوانەی ئازەربایجانی ئێران و وڵاتی ئازەربایجان بە "نان" دەڵێن "چوێرەگ" و ئەوانەی ئەستەنبوول و ئانکاراش پێی دەڵێن "ئەکمەک"؟ وا دیارە تەنانەت لە سەر ناوی بژێوی سەرەکیی ژیانیش نایەکگرتوون.

پێم خۆش نییە پێم بڵێن لە خۆی دەفشێت و دەڵێت من زمانی تورکی و ئازەری دەزانم. هیچ مەبەستەم ئەمە نەبوو. وەک هەموو خوێنەرانی ئەم دێڕانە چەندین زمانم وەک چێشتی مجێور تێکەڵ کردوون و ڕۆژانە خەریکی جووتن و کاوێژ کردنەوەیانم. هەمووماں بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە واین. هەمووماں تێکەڵەیەک لە کۆی زمانان کاوێژ دەکەینەوە.
هەر ئێمەی کوردیش وا نین. هەرچی ئاخێوەرانی زمانانی زیندووی دونیان هەموویان وان. هەر زمانێک وا نەبێت، بێ سێ و دوو لێکردن مردار دەبێتەوە. زمانی وا دەناسم وشە و دەستەواژانی زمانانی دیکەی لێ بستێنیەوە، دەست لە هەرامە درێژتر دەمێنێتەوە و هەر لەجێوە بێئەوەی مەلا و قەشە و مەلای بگەنە سەر و یاسینی بۆ بخوێنن و داوای لێبووردنی بۆ لە ڕوحولقودووس بکەن، مردار دەبێتەوە.

هەر دوور نەچین، ئێمەی کوردی دۆدیتووی خۆ بە خاوەنی زمانی ڕەسەن زان ڕۆژانە دەیان وشەی زمانانی دیکە لەنێو زمانی خۆماندا هەڵدەشێلینەوە و تەنانەت پێشیانەوە فاخیر و سەربەرزین. وادەزانین وشەی "کازیوە" لە بنەڕەتەوە هی خۆمانە و نازانین لە "صبحکاذب"مان وەرگرتووە. لێکدا لێکدا لە جیات وشەی "هەموو" دەڵێین "سەرجەم" و بیر لەوە ناکەینەوە وشەی "جمع"ی زمانێکی دیکەمان وەرگرتووە و "سەر"ێکی خۆمانەمان لێ کردووەتە براگەورە و وەپێشیمان داوە و "ع"ی "جمع"ـەکشمان قوت داوە و کردوومانە بە "سەرجەم". وشەی وامان زۆرن هەر دوور نەڕۆین ئاورێکی کورت لە "مەشیان" یان "مەشین"ی کرمانجی بدەینەوە. ئەو گۆرانیبێژەی دەڵێت "کیژ مەشیانە دیلانێ" و ئەو سیاسەتمەدارەی دەڵێت " ئەم ئیرۆ مەشەک ل دار خست"، ڕەنگە هیچکامیان نەزانن "مەشیان"، یان "مەش" لە "مەشاء"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

ئەمەی لە سەرەوە باسم کرد هیچی بۆ ئەوە نەبوو بڵێم زمانی کوردی زۆر چاولەدەستی زمانانی دیکەیە. بەڵکوو پێچەوانە، ئەوانی دیکە ئەوەندەیان لە کوردان وەرگرتووە، بە درێژایی سالانی ساڵ قەرزی ئێمەیان پێ نادرێتەوە. هەر لە بنەوپاڵی خۆمان تاوڵی زمانی فارسان چەڵەکە و ئەستووندەگی لە زمانی کوردییە و ئەگەر ئەوانی لێ بستێنییەوە بەسەر یەکدا دادەپێت. بەڵام بەندەی موخلیستان ئەم هەموو شێروڕێوییەی بۆیە هینایەوە، بەکورتی باس لە وشەی "تەحریم" بکات. ئەگەر خوێنەری بەڕێز گەورەیی بنوێنێت و ئەم چەند دێڕەی سەرەوەم وەک پێشەکی لێ قبووڵ بکات، لەمەودوا باس لە وشەی "تحریم" دەکەم.

ئەم وشەیە لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام لەسەر کتێب و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕگەلی کۆمەڵایەتیدا ئەوەندە زۆر دەبینرێت و دەبیسرێت، هەر مەپرسە. لەم دوایانەدا بەتایبەت لەنێوان ئێران و ئەمریکادا ڕۆژانە لانی کەم دەیان جار وشەی تەحریم دەبیستین یان چاومان پێی دەکەوێت. بەتایبەت ئەمریکا ڕۆژ نییە چەندین دامەزراوە و کەسایەتیی ئێرانی و نزیک لە ئێران و کەسوکاری کەسانی نزیک لە ئێرانیش تەحریم نەکات. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەمریکا ئەوەندەی لە ئێران تەحریم کردووە ئێستا هیچ دامەزراوە و کەسایەتییەک نەماوە تەحریم نەکرابێت. جا لەبەر ئەمە پێویستە کۆماری ئیسلامیی ئێران دامەزراوە و کەسایەتیی دیکە بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی کەشێکی وا نەخوڵقێت ئەمریکا لە تەحریمکردن بوەستێت و کەس یان دامەزراوەیەک شک نەبات تەحریمی بکات.

دوور لە ڕووی تۆی خوێنەر و پەرژینێکی بەگوڵ بێت، ئەمریکا و خەڵکی دیکەش ئەوەندەی حیساب بۆ سەرچاوەگەلی فتوا (مەراجع تەقلید) دەکەن نیو ئەوەندەش هەرزن و مەرزن بە کڵاوی منی نووسەر و تۆی خوێنەر ناپێون. جا لەبەر ئەمە وا باشە بگەڕێینەوە سەر بۆچوونی سەرچاوەیلی فتوا و بزانین ئەوان چ دەفەرموون. زۆربەی ئەم سەرچاوانە لەسەر ئەمە کۆکن: حەرام بریتییە لەو شتەی مەنعی لێ کراوە و نەهیی لێ کراوە کەڵکی لێ وەربگیرێت، بەڵام دەکرێت کەڵکی خۆتی لێ وەربگری و کەفارەی بۆ بدەی. بۆ وێنە دەتوانی کەفارەی نوێژ و ڕۆژووی نەکراو و خوراو بدەی. لە هێندێک ئاییندا هەرچی کردووتە لای قەشە دانی پێدا بنێ و بە جیفرکالەخۆدان لە پردی سیرات بپەڕەوە. لەبەرانبەر وشەی حەرامدا وشەی "حەڵاڵ"مان هەیە. حەڵاڵیش بریتییە لەو شتەی دەکرێت کەڵکی لێ وەربگرین. بەخۆشییەوە هەموو خوێنەرانی زۆرزانی ئێستا لەوە تێ دەگەن تحریم بە مانای حەرامکراوە، هەر ئەو حەرامانەی بە دانی کەفارە و شتی تر پووچەڵ دەبنەوە.

جا وەرن بە هەمومان کلک و گوێی ئەم کەرە بگرین و لەم قوڕە دەریبهێنینەوە: ئەمریکا لەلایەک باس لە حەرام و تەحریمی ئێران دەکات و لەلایەکی دیکەوە سوڵتانی عومان دەنێرێتە خوازبێنیی ڕەحم و بەزەیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی.

شاعیری گەورەی کوردیش چەندین ساڵ لەمەوبەر حەرامی بە حەرامێکی دیکە حەڵاڵ کردووە:

"شەرابی لەعلی ڕوممانی لە نالی
حەرامە بێ مەززەی ماچێکی لێوان"

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# مێشکشوشتنەوە پێش بە هەڵپەڕین ناگرێت

دیالیز" یان شوشتنەوەی گورچیلە کارێکە پزیشکان و کاربەدەستانی نەخۆشخانان بە مەبەستی پاککردنەوەی "لینجە پەردە"ی نێو گورچیلان دەیکەن. کردەی دیالیز لە زمانی کوردیدا "شوشتنەوەی گورچیلە"ی پێ دەگوترێت. ڕۆژانە ڕەنگە هەزاران نەخۆش لە جیهاندا بە هۆی نەخۆشیی گورچیلەوە دیالیز بکرێن، یان گورچیلەیان بشۆردرێتەوە.

لەم ئێرانەی ئێمەی کورد دەڵێین وڵاتی ئێمەشە، ڕۆژانە سەدان کەس بێ ئەوەی پێشتریێ نەخۆشیی گورچیلەیان هەبووبێت، بەپەلە دەگەیەنرێنە نەخۆشخانان و دیالیزیان دەکەن. بۆ شوشتنەوەی گورچیلە، تراوی نێو گورچیلان بە هۆی ئامێرێکی تایبەتەوە لە دەرەوەی لەشی مرۆڤ دەپاڵێونەوە.

لەم ئێرانەی ئێمەی کورد پێمانوایە وڵاتی ئێمەشە، بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی بۆ شوشتنەوەی گورچیلە دەگەیەندرێنە نەخۆشخانان، چەند خولەک یان چەند کاتژمێرێک پێشتر ئەوەندەی بۆیان کراوە سەمایان کردووە و هەڵپەڕیون. ئەمە لە کاتێکدایە هەڵبەزدابەز و هەڵپەڕینی سێپێیی و سوێچکەیی و گەڕیان و تەنانەت سەما و بیلامانێ قوونبادانیش بۆ نەخۆشیی گورچیلان باشن و تراوی نێو گورچیلە و میزەڕۆیاندا دادەنە خوارەوە. بەڵام زۆر سەیرە بەشێک لەوانەی بە مەبەستی شوشتنەوەی گورچیلان دەگەیەندرێنە نەخۆشخانان دوای ئەوەی تێر هەڵبەزدابەزیان کردووە و هەڵپەڕیون، پاشان بەناچاری تووشی نەخۆشخانە بوون و خێرا براونەتە بن ئامێری گورچیلەشوشتنەوە.

هەڵپەڕین لە ئێران زۆر خۆشە و بیانووی هەڵپەڕین زۆرن. جەژنی لەدایکبوونی کوڕی میمکە فەتانە و ئامۆزاکەی و کچە عازەبەکانی، چ ئەوانەی لە دوبەی و ئۆسلۆ و ئیرلەندی باکوور و فرانکفۆرتی ئاڵمان و تەناتەت ئەوەی لە ویلایەتی کەبەکی کاناداشە و هەروەها ئەوانەی نێوخۆش بە بیانووی لەدایکبوونی هەموویانەوە دەکرێت هەڵپەڕین و شایی و خۆبادان بەڕێوە بچێت، هەموو خەتای شووە ڕەحمەتییەکەی پلە فەتانە و ئاخوندی گەڕەکە بوو ئەم هەموو کچەیان بوو. شووەکەی میمکە فەتانە بە قسەی ئاخوندەکەی گەڕەک ئەم هەموو وەچەیەی نایەوە و هەر بەتەمای کوڕ بوو و میمکە فەتانە دووانە دووانە کچی جوانی هێنا و بە ئاسیا و ئورووپا و ئەمریکادا بڵاوی کردنەوە. خۆ ئەگەر کوڕ بوونایە ڕەنگ بوو ئێستا نیوەیان لە سووریە و عێراق و لوبنان و یەمەن شەهید بووبان!

کاتێک ماڵی دائی "ئەڵڵاوێردی"ش شایی بۆ کوڕیان دەکەن، هەڵپەڕین بە پێی فیلانە. میمکە فەتانە لە شایی کوڕەکەی دایی ئەڵڵاوێردی لە کچە ١٤ ساڵەکەی دایی ئەڵاوێردی باشتر دەکەوێتە چەقڵەسەما. کەسێک لە دواوە خۆبادانی ببینێ و پێی بڵێی ئەوە میمکە فەتانەیە، ڕەنگە هەتا میمکە فەتانە وەردەسووڕێتەوە و گنج و لۆچی لامل و نێوچەوانی دەردەکەون، هەموو گیانی بە مست و پێڵەقان تێک بشکێنن. جا ئەگەر میمکە فەتانە زوو وەرسووڕێتەوە، ئەوەی گرەوی لەسەر کردووە، بە ساغی قوتار دەبێت.

ئەم هەڵپەڕین و هەڵبەزدابەز و شایی و سەمایەش لەم دواییانەدا هێز و وزەی تایبەتی دەوێت. لەم دونیا سەیر و سەمەرەیەدا هەڵدەپەڕی هەر نابێت، هەڵناپەڕی هەر نابێت. هەڵدەپەڕی لۆمەت دەکەن و دەڵێن هەڵدەپەڕێت. هەڵیشناپەڕی هەر لۆمەت دەکەن. ئەو خەڵکەش بۆ ئەوەی لە لۆمەکردنی هەڵپەڕین و هەڵنەپەڕین خۆیان قوتار بکەن، دەبێت خۆ لە داری گێژی بدەن. گێژبوونیش لە وڵاتێکدا هێڵی هەژاری لە سەرووی سی میلیۆن تمەن بێت، زۆر ئاستەمە. یانی ئەگەر خێزانێک مانگانە لە سی میلیۆن تمەن زیاتر داهاتی نەبێت، ئەوە بە هەژار حیسابە و هەژاریش بە هیچ شێوەیەک خۆگێژکردنی لێ نایەتەوە. کوا دەکرێت لەنێو ئەم هەموو گرانی و برسیەتی و بێکاری و نەدارییەدا خۆت لە کووچەی عەلی چەپ بدەی و لەم هەموو گێرە و کێشەیە دوور بکەویەوە؟

هەر لەبەر ئەمەیە گەلی گوندییان و جیرانان لە جەژنی لەدایکبوونان و شایی و زەماوەندی خزم و دەروجیرانانەدا ڕوو دەکەنە ئەو خواردنەوە و تراوانەی بۆ ماوەیەک سەرخۆشیان دەکات و خەمی هێڵە حیزەکەی هەژارییان لەبیر دەباتەوە.

**مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی دەیفەرموو:**

**هەتا کۆمتر دەبێ پشتم، پتر هەڵدەکشی مینیژۆپ**<br>**تازە دەستم بە دامێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا**

جا هێڵی هەژاربوونیش وەک مینیژۆپەکەیە و خەڵکیش بوونە بە مام هێمن. هەر ئەو هەڵدەکشێت و هەژارانایش کۆمتر دەبنەوە. باشترین ڕێگەی خۆگێژکردنیش سەرخۆشبوونە. سەرخۆشبوونیش بۆ گەلی ژێر هێڵی هەژاری تەنیا بەم تراوە دەستسازانەی لای خۆمان دەکردرێت، هەرزان و بە لێشاو.

جا دۆستان پێیدا دەکەن و هەڵدەپەڕن و دوای چەند خولەکێک دەردەکەوێ تراوێکی مەترسیداریان خواردووەتەوە و بە پەلە

لە نەخۆشانان دەست بە گورچیلە شووشتنەوەیان دەکرێت و پاشان هەندێکیان ڕزگار دەبن و بەشێکیان بۆ هەمیشە سەر دەنێنەوە. ئەوانەی زوو دەگەنە نەخۆشخانە بە شەرتی چاکبوونەوەیان گورچیلەیان بۆ دەشۆرێتەوە و ئەوانەی ئەلکۆڵی میتالیک بە قووڵی کاری لێکردوون، بە شەرتی مردن بۆی ڕاکشاون. لەبیرتان نەچێت ئەوانەی لەم تراوانە دەخۆنەوە بەشێک لەوانەن ئامێری مێشکشۆردنەوە کاری تێیان نەکردووە.

ئامێری مێشکشوردنەوەش ئامێرێکە ئەوەندەی بڵێی سەیر و سەمەرە. دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی زۆر بەر لە سەردەمی چل و چەند ساڵەی دەستپێکردنی دەستەڵاتی دەستی بە شوشتنەوەی میشکی "امت همیشە درصحنە" کردووە. هەزاران ئاخوندی سەردەمی دەستەڵاتی پاشایەتی و میلیۆنانی سەردەمی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەردەوام خەریکی شوشتنەوەی مێشکی "امت همیشە در صحنە"ن. بەڵام بەداخەوە ئەم ئامێری مێشک شوشتنەوەیە کێشەیەکی گەورەی هەیە و ئەویش ئەمەیە هەموو ئەوانەی مێشکیان شوراوەتەوە، بۆ هەڵپەڕین بە پلیکەوە بەندن و لە شایی و شیندا هەڵدەپەڕن. تەنیا جیاوازیی هەڵپەڕینەکە لە پۆشینی جلکیان دایە. ئەوانەی شایی دەکەن بە جلی ئاڵوواڵا و ئەوانەی شین دەگێڕن بە جلی ڕەشەوە هەڵدەپەڕن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

## چەکدارێکی سەرلێشێواو کای ڕزیوی بەبادا کرد

ئێمە لە چواچێوەی جوغرافیایەکی سیاسیدا دەژین ناوی ئێرانی عەزیزە. ئێرانی عەزیز بۆ منیش زۆر خۆشەویستە. خوا تووشی نەهامەتیم بکات ئەگەر پێم ناخۆش بێت سەر بخەمە سەر سنگی ئێرانی پان و بەرین و بەردەوام لە باوەشی گەرمیدا ئارام ببمەوە. بەڵام قسەی خۆمان بێت، چاوم باش بەرایی نادات هەموو کەس و ناکەسێک لە سەر ئێرانی من گەوزگەوزێن بکات. ئەوەی من گوتم ئێرانی بەدڵی خۆمە و ئەوانیش ئێرانی بە دڵی خۆیان هەیە.

ئەو ئێرانەی ئەوان، ئەوندی من لە دەستم بێت لێی بێزارم. هەرچەند ئێرانێکی بە بەژنوباڵا بە داروبارە، بەڵام ئەوکاتەی لە باوەشی دام وەک ئەمە وایە بەپێی پەتی لە نێو دڕکەجاڕ و لەسەر وردەپۆلووان هەڵپەڕم یان دڕکانم پێ گێرە بکەن.
لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەندامێکی مەجلیسی دەستەڵاتی ئەم ئێرانەی ئەوان، لە گوتوبێژێکدا بە مەبەستی کۆکردنەوەی دەنگی خەڵکی بێدەرەتان بۆ خولی داهاتوو هەندێک فەرماییشی سەیر و سەمەرەی فڕێ دان. "میرزا جەلیل ڕەحیمیی جەهانئابادی"، ئەندامی ئێستای مەجلیسی دەستەڵاتی ئێران، وەک دەڵێن خەریکە لە ئاوی لێڵ ماسی دەگرێت و دەڵێت لەوکاتەوە برایمۆکی ڕئیسی کراوە بە سەرۆککۆماری ئێران، ئێرانی کردووە بە سەربازخانە. دیارە کاکە جەلیل وەک هەموو ئەو "کۆنەپارێز" و "میللی مەزهەبی" و "شاپەرست" و "ڕیفۆرمخواز"انەی لە سەر سنگی ئێرانە دڕکاویەکە تەڕاتێنیانە، بە خراپی لە مانای سەربازخانە گەیشتووە، یان خوای نەخواستە نەبێتە بوختان دەیهەوێت ئەویش وەک ئەو داردەستەیەی لە سەرەوە ناومان هێنان خەریکە کڵاوێکی نوێ بۆ خەڵکی ناحاڵی هەڵدەدروێت و بە تەمایە لە ڕێکخستنەوەی سەیر و سەمەرەی داهاتووی مەجلیسی ئەم دەستەڵاتەدا دەنگان کۆ بکاتەوە. میرزا جەلیل دەڵێت لەو کاتەوە ڕەئیسیان کردووەتە سەرۆککۆمار، ئێران بووەتە "چەگدارگە."

من لەسەر ئیزنی خوێنەرانی ئەم چەند دێڕۆکانە، وشەی "پادگان"م بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و کردوومە بە "چەکدارگە". ئەوەندەی لە مێشکۆڵەی خۆمدا هێنام و بردم، دەخۆمم ڕانەدیت "پادگان" بکەم بە "سەربازخانە" و تەنانەت پێمەوایە ئەو "پادگانە"ی کاکە جەلیلی چەکداری "چەکدارگە" باسی دەکات، بۆ پاسدارخانەش نابێت. هەرچەندە "سەرباز" و "پاسدار" بە تێگەیشتنی ئێمەمانان و هەموو یەکسانیخوازان دوو ناوی بێزراون و کەیفمان پێیان نایەت، بەڵام ئەم ئێرانە نە "سەربازخانە"یە و نە "پاسدارخانە."

ئاشکرایە سەرباز و پاسدار لە ئێران دوژمنی قەسدەسەری مرۆڤی ئازادن، بەڵام سەرباز بەو کەسە دەگوترێت سەری لە ڕێگەی نیشتمان یان ئامانجێکی بەرزدا دادەنێت و "پاسدار"یش بە مانای پارێزەر و بەرگریکارە. جا لەبەر ئەمە ئەکەسانەی لە ئێران بە فیتی دەستەڵات چەکیان پێیە، نە سەربازن و نە پاسدار. ڕاشکاوانە دەبێت بڵێین سەرباز نین، بەڵام ئەگەر پاسداریش بن پاسداری پارێزەری دەستەڵاتی سەرەڕۆن.

پاشگری "گە" یان "گا" بە مانای شوێنە و دەگەڵ وشەی وەک" شین"، پارێز"، "جێ"، "نشین"و "دان" وشەی وەک "شینگا"، "پارێزگا"، "جێگە"، "نشینگە" و"دانگە"ی پێ دروست دەکرێت. منیش بەپێی ئەم یاسا زمانییە پاشگری "گە"م بە "چەکدار"ەوە لکاندووە و کردوومە بە "چەکدارگە". دیارە من نە تەلەڤزیۆنی کوردی و نە ڕۆژنامەنووسی خۆبەزل زانم و نامهەوێت ئەم وشەیە بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنم و تەنیا لەبەر بێدەردەتانیی خۆم بۆ دوزینەوەی هاومانای "پادگان" لە خۆمەوە "چەکدارگە"م ڕێکخست. لەبەر ئەوەی هەم وشەی "چەکدار" و هەم پاشگری "گە" لە زمانی کوردیدا هەن، من وشە تێکەڵاوکەم ڕێکخستووە و لە خۆمەوە دامنەتاشیوە.

جەلیل ڕەحیمی خۆی چەکدارێکی بێدەرەتانی چەکدارگەیەکی گەورەیە. ئەم جەلیلۆکەیە وەک خۆی دەڵێت هەتا ئێستا دووجار بە درزی پاڵوێنەی شورای نیگەهبانی یاسای چەکدارگەدا شۆڕ بووەتەوە وەک ئەندامی مەجلیس دەرکەوتووە و ئەمجارەش بەتەمایە وەک هەردوو جاری پێشوو کۆمەڵێک چەکدارۆکەی چەکدارگە بخاپێنێت و دەنگیان لێوەربگرێت وەک ئەندامی هەمان مەجلیس دەر بکەوێتەوە. خۆ ڕەنگە بیری لە دوارۆژی نزیکیش کردبێتەوە و بەم قسانە بیهەوێت دوای وێرانبوونی چەکدارگە داهاتوویەک بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

ئەوەی ئەم جەلیلۆکەیە گوتی، زۆر لەمێژە دەستەڵاتداران بە جۆرێکی دیکە دەیڵێنەوە. وەک نموونە زۆر جار دەستەواژەی ئەرتەشی ٢٠ میلیونی و چل مێلیۆنیمان بیستووە. ئەگەر نیوەی دانشیتووانی ئێرانەکەی ئەوان ٤٠ میلیۆن کەس بن، نیوەیان دەستیان چەک دەگرێت و ئەگەر دانیشووانیش وەک ئێستا هەشتا میلیۆن کەس بن، دیسان ٤٠ میلیون کەس واتە نیوەیان چەکیان پێ هەڵدەگیرێت. دیارە نیوەکەی دیکەیان ژنن و بە لێکدانەوەی ئەوان، ژن نەک بۆ چەکداربوون نابێت، بەڵکوو هەر بە مرۆڤیش ناناسرێت. لە سەردەمی خۆمەینیدا ئێرانی چل میلیۆنی خاوەنی سوپای ٢٠ میلیۆنی و لە سەردەمی ئێستاشدا ئێرانی ٨٠ میلیۆنی خاوەنی سوپا و بەسیجی ٤٠ میلیۆنییە و ئەمانە بە ژنان و دایکان و کچانیانەوە واتە نزیکەی ٤٠ ملیون کەسی دیکەوە لەنێو یەک "چەکدارگە" بە ناوی ئێراندا دەژین. ئەمە جگە لەو چەکدارانەیە لە دەرەوەی چەکدارگە واتە لە عێراق و یەمەن و فەلەستین و سووریە و لوبنان چەکیان پێیە.



سەرچاوە
Serchawe

لە ئەنجامدا دەبێت بڵێین کاکە جەلیل بۆ کۆکردنەوەی دەنگی چەکدارانی بازنەی هەڵبژاردنی خۆی یان مسۆگەرکردنی ژیانی داهاتووی دەرەوەی چەکدارگە، نەک هەر کای کۆن بەڵکوو کای ڕزیوی بە بادا کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

## بە داخەوە ژنانی بێسەرپۆش تەنیا دەتوانن ژنان بشۆن

إنـا للـه وإنـا إليـه راجعـون. وەک خوتبەخـوێنی هەمـوو دەیـر و کلیسـا و کەنشـت و مزگەوتـان دەفەرمـوون، مـردن حەقە و هەموومان دەمرین. ئەگەر مردن نەبوایە، زیندەوەری سەر ڕووی ئەم زەویە خڕ و سنووردارە ئەوەندە زۆر دەبوون، لە نێویـاندا سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسییەوە. هەر خوا خۆی لە هەمووم‌ان باشتر دەزانێت چۆن لەدایک بـوونی دانـاوە، ئەواش کێشەی زۆربوونی زیندەوەرانی بە مردن چارەسەر کردووە. "كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ"یش بەم مانـایەیە هەرچی هەناسە دەردەدات و پشووی دەبەردایە، سروشتی مردنیشی دەبەردایە.

مەرگی هەر زیندەوەرێک لە تۆپینی کەر و شێر و ڕێوی و ئەسپ و مرداربوونەوەی مەڕ و مانگا و بـزنەوە بگـرە هەتـا دەگـاتە مردنی مرۆڤ، هەمووی جیا لەوەی دەبێتە هۆی شادی و خەمی زیندەوەری دەوروبەری، کێشەی زۆریش دەخوڵقێنێت.

بـۆ وێنە هەمووم‌ان دیتوومـانە ئەو کـاتەی ئاژەڵێـک بێچـوو یـان هـاوژینی دەمرێت، چـۆن تووشی کێشـەی دەروونـی دەبێت و هەروەها دیتووشمانە لاشەی تۆپیو یان مردارەوەبووی ئاژەڵێک چۆن ماوەیەکی کورتی دوای مردنی بـۆگەن دەبێت و بە بـۆنی ناخۆشـی هەمـوو ئەوانەی دەوروبەری ئـازار دەدات. ئەوانەی کـوژراوانی مەیـدانی جەنـگ و مردووانـی دوای بـوومەلەرزە و کارەساتی سروشتشیان دیتووە، دەڵێن بۆنی لاشەی بێگیانی مرۆڤ لە بۆنی ئاژەڵی بێگیانیش ناخۆشترە. هەر لەبەر ئەمەیە مرۆڤ لە کۆنەوە سەرەڕای ئەوەی لاشەی ئاژەڵی تۆپیو و مردارەوەبووی کێوی و کەویی بن خۆڵ کـردووە، مرۆڤـی مردووشی بە پاکی و خاوێنی لە گۆڕستانان باشتووە.

لەنێو هەموو زیندەوەراندا جگە لەوانەی بەڕەحمن، بەشێکیشیان دڕندەن و زیاتریش دڕنـدەکانیان دەبـنە هـۆی مردنـی ئەوانـی دیکە.
دەستەڵاتدارانی ئێسـتای ئێـران لەبەر ئەوەی خەڵکێکـی زۆر دەکـووژن لە ڕێـزی مرۆڤـی دڕنـدە دەژمێـردرێن. بەڵام هەتـا ئەو کاتەی تەمەنیان بەبەریەوە ماوە پێیـان باشە تووشی نەخۆشی نەبن. لەبەر ئەوەی تەمەنـی پیـری خۆیـان و دەسـتەڵاتیان وەک کورد دەڵێت بە ترێکەوە بەندە، لە هەموو نەخۆشییەک دەترسن. بۆیە دەڵێین هەتا تەمەنیان بەبەریەوە مـاوە، ئەوان دەزانـن دوای ئەوەی جیلـی خۆیـان کۆتـایی پـێ بێت کەسـانی وا دەست نـاکەون ئەم دەسـتەڵاتە بەڕێـوە ببەن و ئەم شێوەی دەستەڵاتەشیان کۆتایی دێت. هەر لەبەر ئەمە پاراستنی ژینگەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەوان زۆر گرینگە و بەردەوام بۆ

پاراستنی هەوڵ دەدەن.
ئەم دەستەڵاتدارانەی ئێرانیان بەدەستەوەیە هەتا ئێستا تەنیا لە کارێکدا سەرکەوتوون و ئەویش ئەمەیە زۆر ژیرانە ئاستەنگان دەکەنە دەرفەت و کەڵکی لێوەردەگرن. بۆ ئەم بابەتەش لە بنەوپاڵ دەکرێت باسی ئاستەنگی بێحیجابی بکەین. وەک دەزانن نزیکەی نیو سەدەیەک دەبێت ژنانی ئێران گەرەکیانە بە دەستەڵاتداران بڵێن لێگەڕێن با لە کاتی گەرمادا سووکە شنەیەک لە سەر و بناگوێمان بدات و بەم گەرمایە تووشی نەخۆشی و ئازار نەبین. هاوکات لەگەڵ زیاتر بوونی ژمارەی دانیشتووانی ئێران و وشیاربوونی ژنان و کەمبوونەوەی ئاو و گەرمبوونی گۆی زەوی، ژمارەی خوازیارانی سەر و مل ڕووت کردن بەرەو زیادبوو دەچێت. لە هەمان کاتدا ژنانی دەرفەتخواز بە سەر و ملی ڕووتەوە دەچنە پێش پیاوان و هەندێک جاریش بە مەبەستی بزواندنی پیاوانی خۆڕاگر و دانبەخۆداگر و ئیماندار شوینی دیکەی لەشیشیان ڕووت دەکەن. دەستەڵاتداران دەزانن ئەگەر جڵەوی بێ حیجابی شل بکەن، ژنان تەنانەت بەشێکی بەرچاوی پیاوانیش داوای شتی مەترسیدارتری وەک گۆڕینی شێوازی دەستەڵاتیش دەکەن. بەمجۆرە هەموو بەشەکانی دەستەڵات وەک دەستەڵاتگەلی یاسادانەر و جێبەجێکار و دادوەری دەست بە هەرەوەزی بەرەوڕووبەربوونەوەی ژنان دەکەن.

ئەوان لەبەر ئەمە بە ئازادیی ژنان تووڕەن و ئەوەندەی بۆیان کرا بە کوشتن و ئەشکەنجە و بەندکردن هەوڵیان دا نەهێڵن ئەوان ئازاد بن. ئاخر ئازادیی ژنان بۆ پیاوان مەترسیدارترین ئازادییە. یەکێک لەو ئاخوندانەی سەر بە دەستەڵات لەم ڕۆژانەی دواییدا گوتوویەتی ژنانی بێسەرپۆش، بێخاوەنن و ئەوانەی سەرپۆشیان هەیە خاوندارن. ئەو دەڵێت پیاو خاوەنی ژنە و بەم پێناسەیە ئەوە باوکان و براگەورانن دەزان کچ و خوشکانیان وەک پیاوەتی کردن بدەن بە پیاوی شیاو و ئەوانیش خاوەندارییان بکەن. بەڵام وەک ئاخوندەکە دەڵێت ئەوانەی بێسەرپۆشن بێخاوەنن و لە وڵاتی ئێمەش هەموو شتێک دەبێ خاوەنی خۆی هەبێت. چازانان و لێزانانی دەستەڵاتیش لە هاوتەریبی تێگەیشتن ئاخوندی گۆڕیندا حوکمیان بۆ ژنانی بێ سەرپۆش دەرکردووە، بەگوێرەی ڕێژەی خۆ ڕووتکردنەوەیان جەنازەی کەسانی مردوو بشۆن یان وەک خاوێنکەرەوە شەقام و کۆڵانان لە پیسی پاک بکەنەوە. دیارە ئەو مردووانەی بەدەستی ئەم ژنانە دەشۆرێن و دوایی بن خاک دەکرێن و هەروەها ئەو شەقامانەی بەدەستی ئەم ژنانە پاک دەکرێنەوە، دەکرێت وەک ئەرکی ژینگە پارێزیش پێناسە بکرێن.

لە کاتێکدا دەستەڵاتداران پێیان وایە بە دەرکردنی ئەم سزایە خاوەنداریەتیی خۆیان بەسەر ژناندا دەسەپێنن، بەڵام ئەم جۆرە ژنانە زیاتر وەک ژینگە پارێز پێناسە دەکرێن.
تەنیا گرفتێکی ئەم سزادەرانە تووشی بوونەوە ئەوەیە بەگوێرەی یاسای ئیسلام بە داخەوە ژنان ناتوانن پیاوی مردوو بشۆن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# پلاسخارت و چەورکردنی ڕووبەری گۆمی قووڵی سیاسەت

زۆر ڕاستە دەڵێن سیاسەت قووڵە. ئەم سیاسەتە سەیر و سەمەرەیە ئەوەندە قووڵە، کەسێک بکەوێتە نێوی بەزەحمەت ڕێگەی ڕاست و چەوت دەدۆزێتەوە. لەنێو ئەم هەموو ڕووداوانەی ڕۆژانە لە دەوروبەرمان ڕوو دەدەن، ئەگەر تەنیا بە قووڵی سەیری ڕووداوێکیان بکەین، دەکرێت زۆر لەبەر یەکی بکێشینەوە. هەر کام لەم ڕووداوانە لە ڕوانینی یەکەمدا سادە و ساکارن. قووڵبوون تەنیا کێشە و ئاستەنگی سیاسەت نییە و ئەم شتە سەیر و سەمەرەیە سەرەڕای قووڵبوونی، خز و لووسیشە. ئەوەندە لووس و خزە، بکەویە نێوی، چەندی خۆت ببزێوی زیاتر بە قووڵاییدا بەرەو خوار دەخزی. سەرەڕای ئەم هەموو قووڵی و لووسی و خزۆکیەی سیاسەت هەیەتی، کەسانێک لەوپەڕی گەمژەییدا سەمای لەسەر دەکەن و تێی ناکەون. ئەوان سیاسەتمەداری هەرامەن. هەرامە هەمان "هەللامە"، "وانێک"،" تشت" یان "هین"ە و لەم سەردەمەدا زۆرجار بۆ ئاماژە بە ئاکار و خوو و خدەی دزێو و ناشرین بەکار دەبرێت. لەبەر ئەوەی لە ڕوومان هەڵنایەت ڕێک و ڕاست ناوی ئاکاری ئەم جۆرە سیاسەتمەدارانە بهێنین، یارمەتیمان لە جێناوی شاش و گوماناویی "هەرامە" وەرگرتووە.

وەک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ئامیر و کەرەستەی ڕاگەیاندنانەوە بڵاو کرایەوە، خاتوون "جنین هنیس پلاسخارت"، نوێنەری تایبەتیی ئەمینداری گشتی یان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە ڕێکەوتی ٨ی گەلاوێژی ١٤٠٢ی هەتاوی هاتە تاران و لەگەڵ "میرزا وسێن" ئەمیرعەبدوڵڵاهیان کۆ بۆوە.

بۆ دەرکەوتنی نێورۆکی کۆبوونەوەی ئەم دوو کەسە پێش ئەوەی باس لەو هەواڵانە بکەین لە ئامێری ڕاگەیاندنی وڵاتی خۆمان لێرە لە ئێرانەوە بڵاو دەبنەوە، واباشە زۆر بەکورتییش بێت ئاوڕێک لە ڕابردووی ئەم دوو دانووستانکارە بدەینەوە. سەرەتا لە وڵاتی خۆمانەوە باس لە وسێن ئەمیرعەبدووڵاهیان دەکەین. دیارە لە بەشێک لەم کوردستانەی خۆمان ناوی "حوسێن" دەکوردێندرێت و دەبێتە "وسێن". ناوەکە بەمجۆرە باشتر دەگەڵ ڕستە و فرێز و هەڤۆکی کوردیدا دەگونجێت. وەک "وسێنە پرتە"، "وسێنەگێل"، "وسێنە شێت"، "وسێنە شەل"،"وسێن پاسدار"، "وسێن دووژنە" و "وسێن بەگ" و... بەم جۆرە "وسێن" لە زمانی کوردیدا هەموو جۆرە ئاکارێکی باش و خراپ وەخۆ دەکات. وسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان، دوای ئەوەی حەمەجەواد زەریفی وزیری پێشووی دەرەوەی ئێران لە جێگری وەزیرەوە کردی بە باڵیۆزی ئێران لە عەمان و ئەویش قبووڵی نەکرد لەو پایەوە بیخەنە ئەم سایە، لە کابینەی بلەی ڕەئیسیدا دوو شەشی بۆ دەرکەوت و کردیان بە وەزیری دەرەوە و ئێستا کەڵەشێرە بڵقاسمەکەی ئێمەیە.

ئەمجارە با بچینە سەر جنین هنیس پلاسخارت. پلاسخارت شۆڕەژنێکی چاوگەشی دەم بە بزەی دەنێوەچووی ڕووگەشە و زۆر لە وسێنی خۆمان نەرم و نۆڵتر دیارە. خەڵکی وڵاتی هولەندە و بە نوێنەرایەتیی لیبراڵ و دیموکراتان ئەندامی پەرلەمانی ئورووپا و ماوەیەکیش وەزیری بەرگریی وڵاتی خۆی بووە و ئێستاش نزیکەی چوار ساڵە لە عێراق نوێنەری تایبەتیی سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەو جۆرەی بەردەوام پێشانی داوە، لە عێراق داشی سوارە. بە شان و شەوکەت و هەڵسوکەوتی نیوەپیاوانەیەوە دیارە پێشتریٚ لە سەردەمی وەزارەتی بەرگریدا سەربازانە ژیاوە.

پلاسخارت پێچەوانەی وسێنی خۆمان ماندووە و دایمە لە هاتووچۆ و ڕاوێچکەدایە. قاچێکی لە هەولێر و پێیەکی لە بەغدایە. هەر دوێنێ یان پێریٚ و ڕەنگە ڕۆژی پێش پێریٚ بێت، لە هەولێر لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە کوردانی ئێزدیدا وتارێکی دوورودرێژی پێشکەش کرد. هێندێک جاریش گوێی سەرۆکی لایەنە ناکۆکە کوردەکان دەگرێت و شان بە شانی یەکتر ڕیزیان دەکات و واش هەڵدەکەوێت بە لەچکە شینەکەیەوە لە بەردەم ئایەتوڵڵا سیستانییش چۆک دابدات.

پلاسخارتمان وک ژنێکی باش ناساند و هیچ پێیەوە دیار نییە وەک وسێنی خۆمان لەو باشانە بێت. پلاسخارت لەم سەردانەی دواییدا بۆ ئێران هیچ دیار نەبوو بە چ مەبەستێک لەگەڵ وسێنی خۆماندا کۆ بووەتەوە. لە هەواڵانیشدا تەنیا ئەوەندە بڵاو کرایەوە، نوێنەری تایبەتی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بارودۆخی عێراق پێشکەش کرد و وسێنیش جەختی لە ئاسایشی سنووریی نێوان ئێران و عێراق کردەوە.

ئەوەی ئامێری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی بێزانیاری دەستیان کەوت، تەنیا قژی بەدەرەوەی نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. ئەو پلاسخارتەی لە عێراق بە سەروقژی کورتکراوەی جوانیەوە بەدەم سیاستەمەدارانەوە پێدەکەنێت و هێندێک جار لەچکێکی شینی بۆ ڕۆژی مەبادا بەشانییەوەیە نەوەک بەناچاری بەرەوڕووی مەرجەعێکی ئەهلی تەشەییووع ببێتەوە، لە تاران نیوەی قژی بەدەرەوە بوو. هەی خوا بەقوربانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بکات، دەنا ساڵی ڕابردوو لەم سەروبەندەدا ژینا ئەمینی نیوەی نیوەی نیوەی ئەوەندەی ئەو قژی بەدەرەوە نەبوو، دایانە بەر مست و پێلەقان و ڕوحیان لێ سەند.

پلاسخارتیش لەم هاوینە گەرمەی مانگی گەلاوێژ نیوەی قژی بە لەچکە شینەکەی ڕەنگی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داپۆشیبوو، بەڵام بە نیوە ڕووتەکەی سەری خزمەتێکی گەورەی بە ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەنکاران کرد و لەجیات بڵاوکردنەوەی هەواڵی نێوەرۆکی سەردانەکەی ئاڵبوومی وێنەی قژیان بڵاو کردەوە.

بەشی دووهەم

پلاسخارت بەم کارەی بیانووی دایە دەست ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەژێر مەترسیی گرتن و کوشتندان و لە بڵاوکردنەوەی ئەو شیمانانە ڕزگاری کردن نەکا ئەم سەردانە پێوەندیی بە هەڕشەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردانی شۆڕشگێڕی ئێران لە عێراقەوە هەبێت و هینەکە ئەوەندەی دیکە هین بێت.

لەم گەمەیەدا هەموو لایەک بۆیان کرا خۆیان لە قووڵایی سیاسەت بپارێزن، ڕووبەرەکەی چەور و لووس بکەن و بیکەن بە مەیدانی خلیسکانێ و خۆشخوشانێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی ڕێگری و جەردەیی

پیاو ئەو پیاوەیە نەهێڵێت سکی کەسوکار و قەوەت و پشتی برسی بیت. کورد ئێژێت برسیەتی ڕەگێکی هاریی پێوەیە. مرۆڤ برسی بێت، لەبرسان هار دەبێت و هاریش بێت، قەپ بە خەڵکی دەوروبەری دادەکات و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی هاری. پیر و کاڵانی ئێمە لە کۆنەوە گوتوویانە "سەگی هار چل شەوی عەمرە"، یانی ئەگەر مانگەکە زیادی وکەمیی نەبێت و سی ڕۆژی پڕ بێت، دەگەڵ دە ڕۆژی دیکە دەبێتە هەموو مەودای ژیانی دوایی هاربوون.

وەی لەم نەهامەتیە، تۆ سوور سوور بزانی لایەنی زۆرەکەی ماوەی تەمەنت ٤٠ ڕۆژی دیکەیە. عەقڵ و تێگەیشتن و هاوسەنگی لە بیرکردنەوەتدا تووشی کارەسات دەبێت.

مرۆڤ ئەگەر برسی بێت، تەنانەت ڕێگرییش دەکات. دیارە خوا هەموو دەرگایەک بەسەر مرۆڤدا داناخات و لە کۆنەوە گوتوویانە دەرگایەک دادەخات و سەتی دیکە دەکاتەوە. ڕێگریکردنیش خۆی دەرگایەکە بۆ تێرکردنی سکی برسی خوا بەسەر هەندێک کەساندا دەیکاتەوە. ئێستا لە خوا بەزیاد بێت، ڕێگریکردن وەک جاران نەماوە و بە هۆی پەیدابوونی ئامێری پێشکەوتوو و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی، ئەویش زۆر لە جاران پێشکەوتووترە. تەنانات مرۆڤ دەتوانێت لەم سەرەی جیهان پاڵ بداتەوە و هەر لەسەر تەنیشتێ ڕاکشێت و لە قاڕە و کیشورێکی دیکەی ئەوسەری جیهان ڕێگری و جەردەیی بکات. ئەی ئەوە نییە ڕێگرانی چازان و شارەزا لە ڕووسیە و چین و ئێرانەوە لە ژوور یان نووسینگەی خۆیانەوە بە کەلێن و کەلەبەر و دالانی تۆڕی ئینتەرنێتدا دەچنە ئامریکا و ئیسرائیل و لەوێ ڕێگری دەکەن؟

جاری جاران بۆ ڕێگریکردن دەبوایە برنەو و کەلاشینکۆفت پێبوایە و ڕەخت و فیشەکدانت لە خۆت دابایە و لە شوێنی تەنگەبەر و دوور لە ئاوەدانیان پێشت بە ڕێبواران و کاروانی بازرگانان گرتبایە.

دەگێڕنەوە جاری جاران ئەم تارانە ئەوەندە گەورە و ئاوەدان نەبوو. ئەم شاری "ڕەی"یەی ئێستا کەوتووەتەوە سەر تاران، ئەوکات ناو و ناوبانگی خۆی هەبوو. دیارە لەو کاتەدا ئیسفەهانیش پایتەخت بووە. دەڵێن ئەو ڕێبوار و بازرگانانەی لە شاری "ڕەی" و "قەزبێن" و "تەورێز"ەوە بەرەو ئیسفەهان و شیراز و یەزد و خووزستان دەچوون، زۆربەیان بە کاروانی وشتر و عارەبانە و و یەکسمان لە نزیک شارانی قوم و ساوە زۆر زوو لە سەرەتای ڕێگەدا دەکەوتنە بەر پەلاماری ڕێگران؛ ڕووت دەکران و ماڵیان بە تالان دەچوو. دەگێڕنەوە بەتالانبردن لەوساوە لەم شاری قومەی ئێستادا چڕ بووەتەوە.

بەشی دووهەم

ئێستاش لەکاتێکدا کاروانەڕێ بە گڵۆپی کارەبا ڕووناک بوونەتەوە و خەڵک لەجیات هەڵگرتنی پارە بە پشتی ئەسپ و ئێستر و وشتر و گوێدرێژان بە کرتەیەکی ئەلیکترۆنی سەرووەت و سامانیان بۆ ئەملا و ئەولای دنیا دەگوازنەوە.

جا لەم وڵاتەی خۆمان ڕێگرانی کۆنی دەوروبەری شاری قومیش تێگەیشتنیان قەڵەو بووە و باڵای کردووە. لەلایەکی دیکەوە خەڵکەکەش برسی و چاوکراوەترن و بە کاری ئەوە نایەن ڕاستەوخۆ ڕێگەیان پێبگری.
کاری ڕێگری کارێک نییە مرۆڤ بە ڕۆژێک و دووان فێری بێت و پێویستە وەک کاری "بگێڕی"، "ئاسنگری"، "زیڕنگری"، 'ناڵبەندی" و "جۆلایی" و... لە باپیرانەوە بۆت جێ مابێ و ئێستا بتوانی درێژەی پێ بدەی و پێشی بخەی. ئەی ئەوە نییە "بگێڕ"ان بۆ کوتانەوەی لباد و فەرەنجی فشار بۆ ئەژنۆیان ناهێنن و بە ئامێری کارەبایی لباد و فەرەنجی هەتا ئاستی تێکبەزین و تەوابوون دەگێڕن و دەیکوتنەباڵ یەک؟ ئاسنگەر و زێڕنگەر و جۆلاش هەر ئەم کارە دەکەن، بەڵام پێشەی ناڵبەندی لە بناری کێوان وەک خۆی ماوەتەوە وەستای ناڵبەند هەر "چەکوچ" و "ناڵ" و "بزمار" و "سمتراشی" جارانی پێیە. ئێستاش ئەوانەی وەک ئێمەمانان ئەزموونی ڕێگری کردنیان نییە و هەروا خەریکی ناڵبەندین،

**ئەم گۆرانیە دەڵێنەوە:**

**هەی ناڵبەندە لە منت کەوی**
**ئەسپان ناڵ کە توند و قەوی**
**دەچمە شەڕێ ناڵ نەکەوی**

پێشەی ڕێگری وەک ئەم پیشانەش نەماوە زۆر پێشکەوتووە. ئێستا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە شوێنی وەک تاران و تەورێز و شیراز و ئیسفەهانەوە تەنانەت لە شاری قومیش برسیان دەبێت، بەرە وەهەندران دەڕۆن و شوکر بۆ خوا بەشێکی بەرچاویان دەگەنە دەوڵەمەندترین وڵاتانی دونیا و لەبەر ئوقیانووسانەوە تەنانەت پێ دەنێنە ئەمریکاش. ئەمانە دوای چەند ساڵێک دەبن بە هاووڵاتیی ئەوێ. لەوێ کار و داهات و ئازادی بەپێی فیلانە. لەوکاتەدا ئەمریکا ڕەگەزنامەی هاووڵاتیبوونیان پێ دەدات و بە ڕەگەزنامەی ئێرانییەوە دەبن بە ئەمریکاییش. ئەمانە دوای چەن ساڵێک بە مەبەستی سەردانی کۆنەوار و چاوپێکەوتنی خزم و دۆستان و هێندێکیشیان بۆ خۆڕانان دێنەوە ئێران. ڕێگرانیش لەجیات ئەوەی وک جاران سەر کەلی کێو و نێو خرودۆڵان لە نێچیران بگرن، نێچیر لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی تاران دەێتە بەردەستیان هەر لەوێ پاسپۆرتی لێ دەستێنن و دەیخەنە بەند و دوای ماوەیەک لە بەرانبەر وەرگرتنی برەپاریەکی بەرچاو لێدەگەڕێن بچێتەوە وڵاتی دووهەمی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی خەرمانانی ٢٧٢٣

## "ئینقلاب" سەلماندی ماموستایانی زانکۆ بەدڕەوشتن!

لەوکاتەوە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی و پاش بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمێکی گەورە و بەدەنگی زۆربەی نەزانان دەستەڵاتی گرتە دەست، هەتا ئێستاش لە شاکارە گرینگەکانی بەردەوامە.

هەر دوای هاتنەسەرکاری ئەم دەستەڵاتە، ئیمام خومەینی فەرمووی "ئێمە گاز و کارەبا و کەرستەی هاتوچۆکردن بەلاش بە خەڵکی ئێران دەدەین، مانگانە داهاتی نەوتی وڵاتیان بەسەردا دابەش دەکەین، شوێنی نیشتەجێبوونیش بۆ هەموو هاووڵاتییان دابین دەکەین و ناهێڵین کەس بێخانوو بێت."

ئەم بەڵێنیانەی بناغەدانەری کۆماری ئیسلامی چلوچوار ساڵ لەمەوبەر هەتا ئێستاشی دەگەڵدابێت نزیکەی نیو سەدەیە هەروا بەردەوامن. هەر بەردەوامبوونی ئەم بەڵێنیانەش مانای قووڵی بەم ئینقلابە ئیسلامییە بەخشیوە و لە هەموو "ئینقلاب"ێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەی جودا کردووەتەوە. ئەو ئینقلابانەی هەتا ئێستا لە مێژووی کەون و نوێی جیهاندا ڕوویان داوە، هیچکامیان وەک "ئەم ئینقلاب"ەی ئێران بەردەوام نەبوونە. هەموو ئەو "ئینقلاب"انەی هەتا ئێستا لە مێژوودا ڕوویان داوە، دوای چەند مانێگ کۆتاییان پێ هاتووە و حکومەت و دەستەڵاتێکی نوێ جێگەیانی گرتوونەتەوە. حیکمەت و فەلسەفەی بەردەامیی ئەم دروشمانەی ئیمام خومەینش هەر لەمەدایە و بۆ ئەوەی ئینقلاب یان وەک کورد دەڵێت شۆڕش وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەم دروشمانە نزیکەی نیو سەدەیە بەرداومن و بوونەتە هۆی ئەوەی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ئەم ماوە دوورودرێژە بەردەوام بێت.

ڕاستە دوای خومەینی خامنەیی خۆی باسی ئەم دروشمانە ناکات، بەڵام دوای ئەوەی ئەبولحەسەنی بەنیسەدر بە فەرمانی خومەینی لەسەر پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لادرا، گوتنەوەی دروشمەکانی خومەینی بۆ سەرۆککۆمارانی یەک لە دوای یەکی بەمیرات مایەوە.

هەموو ئەم سەرۆککۆمارانەی بۆ دابەشینی خانووبەرەی هەرزان بە سەر هەژار و کرێچییاندا بەڵێنیان داوە و جێبەجێیان نەکردووە، جێبەجێ نەکردنەکە بۆ ملکەچکردنیان بۆ بەردەوامیی شۆڕش دەگەڕێتەوە. هەر دوور نەڕۆین دوێنێ و پێرێ بوو، ئیبراهیم ڕەئیسی ئاخرین سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران (بەم هیوایە ئاخرین بێت) لە ساڵڕۆژی تەقاندنەوەی

نووسینەگەی هەیئەتی دەوڵەت و كوژرانی "حەمەعەلی ڕەجایی" و "حەمەجەواد باهونەر"دا دوای چلودوو ساڵ تێپەڕین بە سەر جوانەمەرگ بوونیاندا دروشمەكەی ئیمام خومەینیی دووبارە كردەوە و دیسان دوای نیوسەدە بەڵێنی دا لە ماوەی لەسەركاربوونی كابینەكەی ئەودا ئاو و كارەبا و گازی ماڵان بكرێتە بەلاش و بێبەرانبەر و هەژاران چی دیكە كارەبا و گاز و ئاو بە پارە ناكڕن.

ئەم شۆڕشە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت بەردەوامە، زۆر لەو كارانەی ٥٠ ساڵ لەمەوبەر كردوونی لەسەریان بەردەوامە. ئەوانەی ئەوەی سەردەمی پێش هاتنەسەر دەستەڵاتی مەلاكانن باش لەبیریانە نزیكەی نیو سەدە لەمەوبەر شۆڕشی فەرهەنگی چۆن كرا.

لە شۆڕشی فەرهەنگیدا هەموو ماموستایان و خوێندكارانی زانكۆیان دەر كران و هەوڵ درا مامۆستای دەروەستی دەستەڵاتی نوێ پەروردە بكرێن و دواتر خوێندكارانیش بەگوێرەی وەفادارییان بە ئینقلابی دوورودرێژ و بەردەوام یەک یەک و دوو دوو لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە "كتێبی تۆوزیحولمەسائیلی ئیمام خومەینی" لە زانكۆ وەر بگیرین و لە دوو سێ ساڵی دواتردا ببن بە مامۆستا و كۆڵەكەی فێركردن. دیارە ئەم كارە كرا، بەڵام ئەو جۆرەی لایەنگرانی "ئینقلاب"ی بەردەوام دەیانهەویست جێبەجێ نەكرا و بەرەوپێش نەچوو. وردەوردە ئەم كەناڵە تەلەفزیۆنە ئاسمانیانە و سۆشیالمیدیا و شتی لەم بابەتە سنووریان بەزاند و هێندێک كێشەیان بۆ ئینقلابە هینەكە خوڵقاند. لە ئاكامدا ماموستایانیش بەلاڕێدا چوون.

بە داخەوە ماموستایانی ئێستا لەبەر ئەوەی ناگەڕێنەوە سەر تەوزیوحولمەسائیل و ڕیسالەی مەڕاجیع و لە ڕێگەی كتێب و متێبی دیكە و پەیوەندیگرتن دەگەڵ زانكۆ و نێوەندی گومانلێكراوی سەر بە سەهیۆنیزم و ئەجانب "بێ ئەخلاق" بوونە. هەر ئەمەش وای كردووە ناز و نیم نازی غیلمانی جوانیان لەگەڵ هاوڕەگەزبازی لێ تێک بچێت و تێكلاویی ئیمانداران لەگەڵ غیلمانی جوان بە هاوڕەگەزبازی تێ بگەن و لە لایەكی دیكەوە خۆیان بەرەو بێئەخلاقی برۆن!

ئێستا بۆ سەلماندنی بەردوام بوونی ئیقلابی ئیسلامی لە ماوەی نیوسەدەدا بەرپرسانی درێژەپێدەری ئینقلاب هاتنە سەر ئەم ڕایە جارێكی دیكە شۆڕشی فەرهەنگی بكرێتەوە و ئەو ماموستایانەی تەوزیوحولمەسائیل و ڕیسالاتی دیكەی مەڕاجیع ناكەنە بنەمای فێركردن، لە كۆڕی زانستیی زانكۆیان دەربكرێن و دەستەڵاتی وانە گوتنەوەیان نەمێنێت.

بۆ دەرچوانی زانكۆش هەر بەم جۆرەیە، ئەو پزیشكانەی لە جیات گەڕانەوە بۆ درمانی كۆنی ئیسلامی و سوننەتی و خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە گیادەرمانیانەی زانایانی فیقهـ نووسیویانن بۆ لای بێدینی دەچن و دەڵێن ژنان بەبێ لەچک با

لە لاملیان دەدات و سوودی بۆ تەندروستیان هەیە، پیویستە لەسەر کار دەربکرێن.

**ئەنجامی شۆڕشگێڕانە:**

١- گوتەبێژی ڕێکخراوی پزیشکانی ئێران ڕایگەیاند: ژمارەی ئەو پزیشکانەی بۆ دەروەی ئێران کۆچ دەکەن دو ئەوەندەی ئەو ژمارەیە پێش سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کرۆنا کۆچیان دەکرد.

٢- حەمەی موقیمی، سەرۆکی زانکۆی تاران دەڵێت: ئەو مامۆستایانەی دەر دەکرێن بەدڕەوشتن و کەسی تایبەت سکاڵای لە سەریان تۆمار کردووە، بۆیە لە زانکۆ دەردەکرێن.

**ئەنجامی بێلایەنانە:**

ئینقلاب وەک ئەوەیە ماشێنەکەی "مەش مەمدەلی" بێت و لە قوڕ چەقیبێت.
فارسان دەیانگوت "ماشین مشدی ممدلی، نە بوق دارە نە صندلی."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٣

## عەقڵی ڕێژیمی پاشایەتی لە هی کۆماری ئیسلامی سووک‌تر بوو

مانەوە و درێژبوونەوەی ژیان هەرچۆنێک بێت لە مردن باشترە. هەموو کەس ژیانی پێخۆشە. تەنانەت ئەوانەی زۆر بڕوایان بە ڕۆژی پەسڵان و جەهەندەم بۆ کافرانی لەعین و سووک و چرووک و بەهەشتی بەرین بۆ بڕوادارانی بەئیمانیشیە، ژنیان لە مردن پێ خۆشترە.

ئەوانەی ژیانیشیان پێخۆش بێت دەکرێت بە سەر دوو تاقم و گرووپ و دەستە و مەستەی عەقڵسووک و عەقلقورسدا دابەش بکرێن. عەقلیش وەک خەو وایە و سووک و قورسی هەیە. ئەوانەی خەویان قورسە بەزەحمەت لە خەو هەڵدەستن و ئەوانی خەویان سووکە، بە سووکە دەنگێک یان بە پشووی شنەیەکی نەرم خەو لە چاوانیان دەتۆرێت.
پێشینیانی ئێمە بەهەڵە کەسانی شێتیان بە عەقڵسووک ناو بردووە. پێچەوانەی ئەمە دروستە و ئەوانەی عەقڵیان قورسە شێتترن. هەبوونی عەقلیش لەم دەوروزەمانەیەدا سووکەکەی باشترە. ئاسانتر هەڵدەگیرێت و مرۆڤ قورس ناکات و دایناتە پێنیت.

پێوەندیی کورتی و درێـــــــــژیی ژیان و قورسی و ســـــــــــووکیی عەقڵیش خۆی شتێکی سەرنجڕاکێشە و تێکەڵی و کاردانەوەی ئەم دووانە لەسەر یەکتری پێویستیی بە ئەزموونێکی دوورودرێژە. کەسانی کەم‌ئەزموون بە خوێندنەوەی کتێب و متێبان نەبێت بەزەحمەت لە پێوەندیی خەوی قورس و عەقڵی قورس تێدەگەن. لە سایەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینترنێت و بازبازدێن و غارغارێن و هەڵاتهەڵات بەسەر زانیارییاندا، کەم کەس ڕوو دەکەنە خوێندنەوەی کتێبان. لە سەردەمی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژی و لافاوی زانیاریاندا کتێبخوێندنەوە بایەخی هەر نەماوە. بڕوام پێ بکەن ئێوەی خوێنەریش بۆ منی نووسەر ئەگەر وەک خوشک براش نەبن لە خوشک و برا فەرزترن و هەر حیسابی خوشک و براتان بۆ دەکەم، بۆیە دەخۆم ڕادەبینم لای ئێوە بڵێم عەیب نەبێت و لای ئێوەم پەرژینی بەگوڵ بێت، جاروبار دەستێک بۆ کتێبان دەبەم.

بۆ ئەوەی لە سەردێڕی باسەکەمان فرە دورەو نەکەفین، دەگەڕێمەوە سەر کاکڵی ئەم بابەتە و بە نموونە و میناکی زیندووتر مەبەستەکەم دەقەڵێشم و وەک کورد دەڵێت "شەن و کەو"ی دەکەم. لەم سەردێڕەدا ڕوو بە هەموو ئەو کەسانەی بە سەر زانیاریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینترنێتدا بازبازێن دەکەن و یان دوور لە ڕووتان و لای ئێوەم پەرژینێکی بەگوڵ بێت کتێبان دەخوێننەوە، دەچمەوە سەر باسی عەقل سووکیی حکوومەتی پاشایەتی و عەقڵ قورسیی کۆماری ئیسلامی.

دەسەڵاتی پاشایەتیی خانەدانی پەهلەوی یانی ڕەزا و حەمەی کوڕی، ئەو دوو پاشایەی بەدوای یەکتردا سەرتۆپی بنەماڵەی پەهلەوی بوون، سووکەعەقڵیان دەکار کرد و ڕوو بە میللەتی عەقڵقورس گوتیان ئێمە میراتگری دەسەڵاتی دووهەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتین. بەڵام دوای ئەوەی حەمەڕەزاشا لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا دوای پەنجاوسێ ساڵ دەسەڵاتی بنەماڵەکەی زانیی هەرچییەک بکات، ناچاری دەکەن دەسەڵات جێ بهێڵێت و لە عەقڵ ڕاپەڕێ و پاش هەندێک گوشار و بەرەنگاربوونەوەی سەربازی لە بەرانبەر گۆڕانخوازاندا وەخۆ هاتەوە و پێش ئەوەی هەموو جیهان بکاتە دوژمنی خۆی، بە سواری فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی مێهرابادیی تارانەوە بەرەو هەندەران فڕی و هەر ئاوڕیشی لە ئێران نەدایەوە.

لە دوای دەسەڵاتی پاشایەتی، دەسەڵاتی ئێران کەوتە دەست ئاخوندان. ئەو ئاخوندانەی هەتا ئەوکاتە لەسەر قەبران بە پارە قورئانیان بۆ مردووان دەخوێند و پارەیان لە زیندووان وەردەگرت و لە کۆڕی پرسەی مردوواندا ئەوەندەی هێزیان دەبەردابوو دەیانگوت "اجمعین الفاتیحە"، ئەوە ٤٤ ساڵە دەسەڵاتی پاشایەتییان بۆ خۆیان قۆستووەتەوە. ئەمانە پێچەوانەی بنەماڵەی پاشایەتی، عەقڵیان زۆر قورسە. ئەوانەی پاشایەتی بەردەوام خەریک بوون ڕووخساری خۆیان بۆ جیهانی دەرەوە جوان پیشان دەدا. لە نێوخۆش لە بواری ئابووریدا خەڵکیان تێر دەکرد و نەیاندەهێشت بایی دۆلارێکی ئەمریکا لە حەوت تومەن زیاتر بێت. لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە کاریان بە سەرپۆش و بنپۆشی ژنانەوە نەبوو و ئەگەر باسی سیاسەتت نەکردبایە، هیچ شتێک بڤە نەبوو. بەڵام ئەوانەی کۆماری ئیسلامی خۆیان خستە نێو گەمارۆی وڵاتان و هەموو جیهانیان لە خۆیان کردە دوژمن. لە بواری ئابوورییەوە خەڵکیان ئەوەندە برسی کرد خەون بە نان و پێخۆرەوە ببینن. لە بواری کۆمەڵایەتییەوە لەلایەک خەڵک بە پەڕۆ و پاڵ دادەپۆشن و لەلایەکی دیکەوەش دوور لە ڕووی ئێوە دەهیچ ناقکرن و لەگەڵ نێر و مێدا خەریکی زۆرانبازیی "تحریک‌پذیر"ن. تەنیا لە ڕوانیان بۆ سیاسەت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پاشایەتیدا هاوشێوەن.

پاشا ئەوندە عەقڵی سووک بوو، دوای ناردنی هێزی سەربازی بۆ سەر شەقامان و هەندێک کوشت و کوشتار و دیتنی ڕاپەڕینی خەڵک لە ئاخری تەمەنی دەسەڵاتیدا گوتی: "لەو کەشی کراوەی سیاسییەی لە دووساڵ لەمەوبەرەوە وردە وردە دروست دەبوو، ئێوە میللەتی ئێران دژی ستەم و زۆرداری هەستانەوە. ناکرێت من وەک پادشای ئێران هەست بە شۆڕشی میللەتی ئیران نەکەم."

بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێستا لە یەکەم ساڵوەگەڕی کوشتنی ژینا و تێپەڕینی یەک ساڵی تەواو بەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا عەقڵیان ئەوەندە قورسە، لەجیات بیستنی دەنگی شۆڕش، تەنیا لەم ڕۆژەدا هەر لە شاری تاران

ئەوەندەی هەموو لەشکری جارانی پاشایەتی چەکداریان بەگژ خەڵکی ڕاپەڕیودا کردووە.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی عەقڵقورسێک بووە، وەک گوێدرێژەکە هەر چوارپەلی دەقوڕ چەقیبێت و دەستی کەسی پێ ڕانەگات کلکی بکێشێت و دەریبهێنێتەوە؛ هەتا ملان بە قوڕدا ڕۆ چووە و تانیا کلک و گوێی دیارن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

# حیجاب و دەسەڵاتی دادوەرێن

دەسەڵاتی دادوەرێنی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە ماندووبوونی نەناسیوەوە و لە تێکۆشان بۆ ناساندنی زیاتری خۆی بەردەوام بووە. ئەم دەسەڵاتەی ئێران لە سەرەتای گڕوگاڵی دامەزرانیەوە هەوڵی داوە هاووڵاتیان و بێگانانیش تێبگەیەنێت خەریکی وەراندنی دادە و بەردەوام داد دەوەرێنێت.

دەسەڵاتی دادوەرێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرلە پێرۆکە بوون، نزیکەی چلوپێنج ساڵ لەمەوبەر، ئەوکاتەی لە زیندانی قەسری تارانەوە لە ژێرچاودێریی ئاغای خومەینیدا گڕوگاڵی دەکرد و بە قنکەخشکێ دەڕۆیشت، قۆڵی لە دادوەراندن هەڵماڵی و بەبێ دادگاییکردن، دەستوپێوەندیی بەرز و نزم و گەورە و بچووکی سەردەمی پاشایەتیی لە زیندانی قەسرەوە وەک دوژمنی خوا و بۆگەنی سەر زەوی ناساند و هەر یەکەو بە قوربانی چەند فیشەکێکی کردن.

دەسەڵاتی دادوەرێنی کۆماری ئیسلامی ئەوکاتەی کەوتە سەرپێ، وەک ئەوەی بچێتە گوێز داوەراندن، بەرەو گۆشە و کەناری ئێرانی پان و بەرین کەوتە ڕێگاوە و هەر جارە ڕووی کردە باغ و دارستانێکی ئەم وڵاتە. لە تورکەمەنسەحرا دادگای سەحرایی دانا، لە فرۆکەخانەی سنە ڕیزی گوللەبارانکراوانی درێژ کردەوە و لە ڕۆژێکدا ٥٩ لاوی مەهابادی داوەراند و چەند ساڵ دواتر خاکی دەشتی خاوەرانی تارانی بۆ شاردەنەوەی تەرمی بەکۆمەڵی دادخوازان شێو و وەرد کرد.

نەخۆشیی ئەم دادوەرێنە دەگەڵ چوونە نێو تەمەنەوە زیادتر تەشەنە دەکات و لە سەردەمی پیربوونیدا، بیستنی هێندێک وشەی وەک ژن و ژیان و ئازادیی زۆر تووڕەی دەکات و لەلایەکی دیکەوە بە بیستنی وشەی حیجاب دڵی دەکرێتەوە.

ئێستا، دوژمنانی خوا و بۆگەنانی سەر ڕووی زەوی، سێ وشەی ژن و ژیان و ئازادییان کردووە بە دروشم. فارسان لە بنەوپاڵەوە کردوویانە بە" زن، زندگی، آزادی" و لە دەرەوەش بە زمانانی زیندووی جیهان دەگوترێتەوە. ئەم دروشمە وەک دروشمێکی مافخوانە و هاچەری جۆکەری لێ هاتووە و لە هەموو وڵاتێک و بۆ هەموو نەتەوەیەک کلیلی کردنەوەی ڕێگەی نزیکبوونەوە لە دادە. هەر لەبەر ئەمەشە دادوەرێن لە هەموو دارستان و لێڕەوارێکەوە بەدوای وەراندنیەوەیە.

دەسەڵاتی دادوەرێن ئەوەندەی بە وشەی "داد" تووڕە دەبێت و هەڵدەچێت، ئەوەندەش بە دست وشەی حیجابەوە سەرگەردانە

و نازانێت چی لێ بکات. لەگەڵ وشەی "داد"دا ساخ بووتەوە و لە هەر شوێنێک هەست بکات هەیە، دایدەوەرێنێت. بەڵام ئەم حیجابە کێشەیە و سەپاندنی زەحمەتە و شتێکیشە بۆ مانەوەی دەستەڵاتی دادوەرێن لە نان و ئاو پێویستترە. دوای دارشتن و پەسندکردنی ئەم هەموو قانوون و مانوونە بۆ سەپاندنی حیجاب، بێحیجابی بووەتە دیاردەی سەرەکیی لایەنگرانی ژن و ژیان و ئازادی.

ئەم دادەورێنە لەم دواییانەدا فێری کاری سەیر و سەمەرەش بووە. لەوکاتەوە هەستی کردووە دادخوازانی وڵاتانی دیکە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بە زمانانی خۆیان دەڵێنەوە، دەیهەوێت بەم شەقڵە کورتەی بە دەستیەوەیە، دادی وڵاتانی دیکەش دابوەرێنێت. بۆ ئەم مەبەستە لەم دواییانەدا جێگری بەڕێزی دەستەڵاتی دادوەرێنی ئێران بە ناوی محەمەد موسەدیق، ڕایگەیاندووە دۆناڵد ترامپی سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا و نەوەد و شەش کەس لە دەرەوەی ئێران دەستیان لە کوشتنی قاسم سولەیمانیدا هەبووە و لەمانە فەرمانی داوەراندنانەمان بۆ ٧٣ کەس دەرکردووە.

بە پێی ئەم لێدوانە، نۆ وڵاتی دوور و نزیکیش دەستیان لە کوشتنی قاسمدا هەبووە، بەڵام داوەراندنی وڵاتان بەم شەقڵە دارەی دەستی دادوەرێنان لە عەقڵی هیچ بوونەوەرێکی دووپێدا ناگونجێت. جا لەبەر هەندێ بەهەر شێوەیەک خەڵکی ئەم وڵاتانە بێنە نێو ئێران پێویستە لایەنی کەمەکەی چاویان بە پەیکەری قاسم بکەوێت و کاتێک گەڕانەوە وڵاتانی خۆیان، خەونی ناخۆشی پێوە ببینن و لێیان ببێت بە مۆتەکە و دەست بخاتە قورگیانەوە. باشترین ڕێگەش ئەمەیە وێنەی قاسم لە کامێرای خۆیانەوە پێشان بدرێت. باشترین ڕێگەش بۆ ئەم کارە ئەوەیە میوانانی دەرەوە لەنێو ئێراندا دەگەڵ قاسم بەیەکەوە بکەونە نێو کادری فیلم و وێنەوە. لە پێناو ئەم کارەشدا گۆڕەپانی تۆپانێی "نەقشی جەهان"ی ئیسفەهانیان بە سەلکی قاسم ڕازاندەوە. ئەو میوانانەی لە سعوودییەوە بۆ کێبڕکێی تۆپانێ هاتبوونە ئیسفەهان لە ترسی ئەوەی دواتر خەونی ناخۆش بە سەلکەقاسمەوە ببینن و تووشی مۆتەکە بن، نەیانوێرا وێنەیان لە پاڵ دیمەنی گۆڕەپانەکەدا تۆمار بکەن و ناچار بارگە و بنەیان تێکەوە پێچا و بەرەو وڵاتی خویان گەڕانەوە. میوانانی گۆڕەپانی نەقشی جەهانی ئیسفەهان داوایان کردبوو سەلکەقاسمی گۆڕین لە گۆڕەپانەکە لاببرێت. بەڵام دوای ئەوەی خانەخوێ ئەم داوایەی جێبەجێ نەکرد، ئەوانیش بە ناچاری پەنایان بردە بەر حیجابی زۆرەملێ و گوتیان ئەگەر حیجابێکیش بەسەر سەلکەقاسم دابدەن و لە کامێراکانمانەوە دەرنەکەوێت، ئامادەین لەم مەیدانەدا لەگەڵ تیمی خانەخوێدا بۆماوەی زیاتر لە نەوەد خولەک بەدوای تۆپێکدا ڕا بکەین.

ئەمانیش لەسەر ئەو بنەمایەی حیجاب و ژن تەواوکەری یەکترن، نەک حیجاب و پیاو، دژایەتیی داوای میوانانی تۆپانێیان کرد و لە ئاکامدا تۆپانێکە سەری نەگرت.

ئەمەیە ئەرکی حیجاب! حیجاب بۆ ئەوە دانەندراوە پیاو بیدا بەسەر خۆیدا. بۆ ئەمەش نییە ژن لە بەرچاوی پیاودا دیار نەبێت. هەموو پیاوێک چ لە ڕێزی دادوەرێن و چ لە ڕیزی داوەرێندراواندا بێت، حەزی لە دیتنی ژنی بێحیجابە. بە تێگەیشنی دەستەڵاتی دادورێن حیجاب تەنیا بۆ داپۆشینی ژن دە بەرانبەر ژیان و ئازادیدا لە هەموو شتێک پێویستترە و سەرەقاسم پێویستیی بە حیجاب و میجاب نییە. لێرەدایە دەستەڵاتی دادوەرێن هەمان حکوومەتی دادوەرێنە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# زایەڵەی خەڵاتی نۆبڵ و ساخارۆف

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر دروشمی "ئیقتێداری میللی"دا هەموو هەوڵی خۆی بۆ ئەوە کۆ کردووەتەوە بەردەوام بێت و گوێ بە هاتوهوتی دوژمنانی ئەم ئینقلابە عەزیمە نەدات.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا درێژە بە ژیانی سەربەرزیوانەی خۆی دەدات، بەتوندی لەژێر گەمارۆی دوژمنانیدایە. دوژمنانی تەقە و ڕەقە و لێدە و ڕاکە و لایەنگرانی هەژارۆکان، هەرچی لەدەستیان بێت دژی ئەم ئینقلابە دەیکەن.

ئەم ئینقلابە بە هەونتە لەسەر پێی خۆی ڕانەوەستاوە. ئینقلاب خاوەنی دوژمنانی دوور و نزیک و کۆن و نوێیە. دوژمنی هەرەکۆنیشی گورگێک بوو و خۆی خستبووە پێستی مەڕەوە. پێتان سەیر نەبێت، ئیمام خومەینی دوژمنی سەرەکیی پێشکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی بوو. ڕەنگە هەر پیاوی سەهیۆنیسم و ئەمریکای جینایەتکاریش بووبێت. بەئاشکرا پێیەوە دیاربوو لە سەروە دەگەڵ ئینقلاب و لە بنەوە دەگەڵ ئەوانە.

ئەو لەکاتێکدا وەک کارێکی باش فەرمانی جیهادی دژی "ضد انقلاب"ی کوردستان دەرکرد، قسەی خراپیشی دەکرد و ئەم کابرایە بە ئەم قسانەوە گومانی لێوە دەکرا یان خلەفابێت و یان لە ژێرەوە پیاوی "مووساد"ی ئیسڕائیل و "سیئایئەی"ی ئەمریکا و "ئێم ئای ٦"ی بریتانیا بووبێت. ئەگەر پیاوی هەرسێکیشیان نەبووبێت، سەر بە یەکێکیان بووە. بەڵام بە ئاکاری ڕەهبەری موعەززەمی ئێستای ئینقلابەوە دیارە خومەینی وەک ئەمەیان زۆر کەیفی بە "کا.گێ.بێ"ی ڕووسیە نەهاتووە. خومەینی ئەگەر پیاوی زایۆنیسم و ئەمریکا نەبوایە، چۆن باسی هەڵبژاردنی دەکرد؟ چۆن دەیگوت "وەک ئێمە دەستەڵاتی پاشایەتیمان نەویست، ڕەنگە لە داهاتوودا خەڵک دژی ئێمە بن و دەنگمان پێ نەدەن." ئەم قسەیە ئەگەر قسەی زیددی ئینقلاب نەبێت، قسەی کێیە؟ بۆ کەسێکی وەک ئیمام خومەینی ئەگەر سەر بە پیلانگێڕانی دەرەوە نەبووبێت، هەر شەرم و شوورەیی بوو باسی هەڵبژاردن بکات.

ئەگەر ئەم هەڵبژاردن و مەڵبژاردن و دەنگدان و مەنگدانە لە دونیادا باو نەبوایە، کوا لێرە لەژێر دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا عافرەت دەنگی لێوە دەهات؟ کوا عافرەت دەیتوانی تەشک و دامێنان کۆ کاتەوە و لەچکە فڕێ بدات و قژی بە بادا بکات. بەوەندەش نەوەستێت و دژی ئیقلابی ئیسلامی دروشم بدات؟ وشەی عافرەت پڕ بە پێستی ئەوانەیە و ئەگەر

بکرێت وشەی "ژن" لە کتێب و متێبانیشدا ڕەش بکرێتەوە باشە. ئەم ناوی "ژن"ـە شتێکی زۆر قێزەونە و لک و پۆپی خراپیشی لێ دەبێتەوە. بۆ ئەوەی عافرەتی ولاتی ئێمە وەک عافرەتانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بە بەرهەڵلایی بژیێت، حەزی لە ناوی ژنە و هەر بەو ناوەش ناوستێت و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"ی بۆ ساز دەکات. بەلام تۆ بڵێ "ئافرەت، تەوەززەلی، بەرهەڵلایی."

پارێزەرانی ئینقلاب لەم سالانەی دواییدا جگە لە سەدان ماڵپەڕی ئینترنێتی و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی کاغەزی، هەفتا و یەک کەناڵی تەلەفزیۆنی ماهوارەییان داناوە. ئەم ژنەتیوانەش لەنێو ئەم هەموو دەزگاجوانەی ڕاگەیاندن، خەریکن بە دووزەلەی بی.بی.سی و ئیران ئینترناشناڵ و کوردکاناڵ هەڵدەپەڕن. بۆیە گوتم "ژنەتیو" چەندی کردم و کراندم "عافرەتەتیوم" بە سەر زمانیدا نەهات.

لە نێو ئەم حەفتا و یەک کاناڵە تەلەفزیۆنییە و ئەم سەدان ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەی خۆماندا بەهیچ شێوەیەک باسی خەلاتی نۆبڵ و مۆبڵ و ساخارۆف و ماخارۆفی ئەم ساڵ نەکراوە. دیسان ئەم خەڵکە دواکەوتووە لە میدیای بێگانە و ئەجانبەوە گوێ دەدەنە ئەم جۆرە هەوالانە.

لەولاوە، ئەوەی دوژمنانی ئێمە دەیکەن، بەتوندی ئینقلابی خستووەتەوە مەترسییەوە. خەریکن لە نێو خەڵکیش گومان دروست دەکەن. ئەوانە ئەمساڵ خەلاتی بەناو ئاشتیی نۆبێلیان دایە ئەو "ئافرەتەتیوە"، ئەو نێرگسەی لە زیندانە، وایانزانی بە پێدانی ئەم خەلاتە لە زیندان ئازاد دەکرێت و دەچێتە دەرەوە و وەک ئەو کچەتیۆکە و مچەتیۆکانەی لێرەو چوونەتە دەرەوەن، دەبێتە مەیداندداری پالەوانەتی. دیتیان نەخشەکەیان پووچەڵ کرایەوە، گەڕانەوە سەر ئەو کچە سەقزییەی ساڵی ڕابردوو بەدەست پارێزەرانی ئینقلابی ئیسلامی بە شێوازێکی هەڵە کوژرا. هەڵەکە لە شێوازی کوشتنەکەدا بوو نەک لە خودی کوشتنەکە. هەتا ئێستا هەزاران کەس بە شێوازی جۆراوجۆر بەدەست پارێزەرانی ئینقلابەوە لە نێو براون و خەڵکیش دەنگی لێوە نەهاتووە. ئەم شێوازی کوشتنە بۆیە هەڵە بوو، خەڵکی ئێران لە نزیکەی نەود لەسەدیان زیددی ئینقلابن، دەلینگیان بۆ شێلانی ئینقلاب هەڵکرد.

ئەوەتا، لەنێو ئەم هەفتا و یەک تەلەفزیۆنە ماهوارەییە و ئەم هەموو ڕۆژنامە و مۆژنامە و ڕادیۆ مادیۆیەی خۆماندا هەر باسی ئەم دووانە ناکرێت. تەنانەت ئەوەندی بۆیان بکرێت، باسی خەلاتی نۆبێلی پزیشکی و کیمیا و ئەدەبیاتیش ناکەن. بەلام چی بە خەڵکی نەزان دەڵێی؟ ئەوندە نەزانن لەسەر ئەم هەموو ئامێرە ڕاگەیاندنەی خۆمانەوە دەچن ماڵپەڕێکی وەک کوردستان میدیا دەکەنەوە و سەیری تەلەفزیۆنێکی وەک کورد کاناڵ دەکەن. شوکر ئەوانە ڕۆژانە بەرنامەی هەراوی چەندین سەعاتە بە زمانی فارسی بلاو ناکەنەوە، دەنا وەک جاری گۆڕین خەڵکیان دژی کوشتنی کچە سەقزییەکە هان دا، ئێستاش دونیایان لەم ئینقلابە لەمە زیاتریش دەکردە چەرمی چۆلەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

## جیاوازیی نێوان نوێنەری مەجلیس و گاگێرە و دەمبێن و دەمامک

هەمــوو بوونەوەرێــک ســوود و زیــانی خــۆی هەیە. مــرۆڤ و ئــاژەڵیش بــوونەوەری ســەر ئەم زەویەن و ســوود و زیانیــان لێدەکەوێتەوە. لەنێو ئاژەڵانیشدا مانگا یەکێک لە بەسوودەکانیانانە. مانگا بەزینـدوویی سەری پیسترین لێکەوتەی واتە شیاکە و ڕیخەکەی ساڵانی زوو بـۆ سـووتاندن کەڵکی لێوەردەگیـرا. کەمرە و تەپاڵەیـان لـێ دروست دەکـرد و سۆبە و ئاگردانیـان پـێ دادەگیرسـاند. چێشـتیان لەسـەر ئـاگردان لێدەنـا و نانیـان پـێ دەکـرد و بە سۆبەکەشی ژوور و دیوەخـانی ئاغـاوەت و سەرۆکعەشیرە و مەجلیسی ڕیشسپییانیان گەرم دادەهێنـا. ئەم مەجلیسـانەش دەبـوونە مەکۆی کەسانی شارەزا و تێگەیشتوو و شوێنی تێگەیشتن و پێگەیشتن و تەکبیر و ڕا.

مەجلیس دەگەڵ ئەوەی هێنـدیک جـار بەهەڵە پارلەمـانی پـێدەڵێن، شـتێکی جـودایە. وشـەی مەجلیس بە مانـای شـوێنی دانیشـتنە. لە شـوێنی دانیشـتیش زۆر جـار ئەوانەی دادەنیشـن تەنیـا دانیشـتوون و ڕەنگە دەسـتەڵاتی تـوورێکی ڤانگیشـیان نەبێت. بەڵام پارلەمان شوێنی دانیشتن و کۆبوونەوەی چەنـد یـان چەنـدین وردە دەستەڵاتـانە و بە ڕێککەوتـن و دەنگدان و کـۆی قســە و باســانیان تەمــا گــرتن و بڕیــار دەدەن. جــا بەم هــۆیەوە کــۆتلە و هەواڵبەنــدییەکانی نێــو پەرلمــان دەستەڵاتبەدەستن، بەڵام ئەوانـی مەجلیس زیـاتر جلوس دەفەرموون و بە بێدەستەڵاتی دادەنیشن و هەنـدێکجار گلەیـی و گازنـدەیان لە گەرمـی و سـاردیی ژووری مەجلیس دەدەبـڕن و بە شـەهامەت و بـوێرییەوە داوای کـردنەوە یـان داخسـتنەوەی پەنجەرەی باڵەخانەی مەجلیسەکە دەکەن.

لە سەردەمی پێشوودا مانگا کاتێک دەزا، گوێرەکەی دەبوو و گوێرەکەش جوانەگـا و مانگـای داهـاتوو بـوون. هەروەهـا شیر و پەنیر و دۆ و ماست و ماستاویش لە گوانی مانگاوە دەکەونەوە. مانگا دوای مردنیش سوودی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە. گوشتەکەی بە "کەبـاب" و "شۆرباوکفتە" و بە "بـرژاوی" و "قـاورمە سەوزە" و "گـوێزێنە" (فسـەنجان) نەوسی نەوسـنان کـوێر دەکـاتەوە و سکیان تێر دەکـات. تەنانـەت پێستی مانگـا دوای ئەوەی لە دەباغخانـان خـۆش دەکرێت، دەکرێتە پـاڵتۆ و کیف و پێڵاو و قایش و بەرگی زۆر شتی گرانبەها.

بەداخەوە ئەو خانمەی کیفێکی چەرمیی کەمیاب لە شـانی دەکـات و بە پێیش مرۆڤـی ڕەگەزی بەرانبەریـدا خـۆی بـادەدات و نـازی بەسـەردا دەکـات، هەر بەخەیـاڵیشـی دانـایەت هەڵگری بەشێکی جەسـتەی مانگـایە. زۆر پیـاویش کاتێـک دەست بـۆ

گیرفانیـان دەبەن و کیسـە و جزدانـی پـارەی لە چەرم دروسـتکراو دەردێـنن و بـە هـۆی هەبـوونی ئەم کیسـە یـان جـزدانە گرانبەهـایە بەرچێڵەیـان پـڕ دەکەن لە بـا، نـازانن بەشێکی زۆر بچووکی لەشی مانگایـان بە دەسـتەوەیە یـان ئەو قـایشـە چەرمەی پانتۆڵیان پێیەوە لە نێوقەدیان بەستووەتەو چەرمی مانگایە.

مانگا ساڵی ساڵان لەسەردمی خەرمان گێرەکردندا ژیـانی کۆمەڵایەتیشی بەرچـاو بـوو. ئەوکـات دەگەڵ کۆمەڵە گـا و مانگـای دیـکە کلۆشـی گەنـم و بەڵمـی چەڵتووکیـان گێـرە دەکـرد و بە زەبـری سـمیان دانیـان لە یـو تویکـل و بەڵـم و کلۆشـەوە دردەفرتـاند.
مرۆڤی دەستەڵاتدار لەو کاتیشدا نەیدەهێشت مانگـا تەنـانەت پـارووێەک لەم کلۆش و بەڵم و دانەی بەردەمی بخوات و بـۆ ئەم مەبەستە بە داوێکی قاییم دەمیان دەبەست و بەم جۆرە نەیدەتوانی دەم بکاتەوە. لەو دۆخەدا مانگا نـاوی گـاگێرە بـوو و ئەو داوەی دەمی گاگێرەیـان پێ دەبست، "دەمبین"ی پێ دەگوترا.

ئێستا بەم لێکدانەوەیەی سەرەوە، بەراوردێک لە نێوان بەربژێـری نـوێنەرایەتیی مەجلیسـی ئێـران بـۆ خـۆلی دوازدەی ئەم مەجلیسە و مانگادا دەکەین.

دیارە ئەم بەربژێرانەی بۆ ئەم خولە شیاوبوونیان ڕەت کراوەتەوە، ڕیزیان زۆرە و ئەو ژن و پیاوانە نین ئەم بەراوردکـارییە بیانگرێتەوە. خۆ ئەوانەیدیکەش بێڕێز نین، بەڵام دەگەڵ مانگای گاکێرە خاڵێکی هاوبەشیان هەیە.

**لە بەرا باس لە خاڵە جیاوازەکانی مانگا و بەربژێری خولی دوازدەی مەجلیسی ئێران دەکەین و پاشان دەچینە سەر خاڵی هاوبەشیان. خاڵە جوداکان ئەمانەن:**

١- مانگا شیاکەی بۆ ئاوردوو و سووتەمەنی دەبێت و هی بەربژێر بە کەڵکی هیچ نایەت.

٢- دوای تێرخواردنی گوێرەکە ماست و پەنیر و لۆر و دۆ و کەرە و شیریژی مانگـا بەسـوودە، بەڵام شیری بەربژێـر نـادرێتە گوێرکەش و گوێرەکەی ماڵوێرانی بەربژێر بەردەوام چاوەڕوانی شیری وشک دەبێت.

٣- مانگا گۆشتی دەخورێت و کۆشتەکەی کەبـاب و کفتە و قورمەسەوزە و گوێزینەمـان بیـر دێنێتەوە و هـی جەنـابی بەربژێـر تەنیا بۆ ئەوە دەبێت بە قووڵیی دوو ئەژنۆ بخرێتە ژێر خاکەوە.



سەرچاوە
Serchawe

تەنیا خاڵی هاوبەشی گاگێرە و نوێنەری خولی دوازدەی مەجلیسی ئێران "دەمبێن"ـە. دەمبێنیش لە هەردوو جۆری واتە دەمبێنی مانگا و دەمبێنی نوێنەری مەجلیس بۆ ئەوە لە دەمی ئەم دوو ئاژەڵە دەبەسترێن، زیان بە خاوەن دەستەڵاتان نەگەیەنن. لە دۆخی یەکەمدا خاوەن خەرمان دەستەڵاتداران و دەمبێن لە خزمەت خاوەن خەرمان دایە. لە دۆخی دووهەمیشدا دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دیارن و دەمبێنی نوێنەرانی مەجلیسی دوازدەش هەر لە خزمەت دەستەڵاتداران دایە. دەمبێنی مانگا بۆ نەخواردنی کلۆش و بەلم و دانی زیادەیە و دەمبێنی نوێنەری مەجلیسی دوازدەش بۆ ئەوەیە بەرپرسان قسەی زیادە نەفەرموون. دەمبێن لە هەموو خولەکانی پێشووی مەجلیسی ئێراندا بە بەربڵاوی و لەملاو لەولا کەڵکی لێوەردەگیرا، بەڵام ئێستا بەرپرسێک پێشتریش دەمبێنی نەبەستبێت، ئەمجارە ناتوانێت هەر لە دەرەوەش سەیری باڵەخانەی مەجلیس بکات.

لە کۆتاییدا پێویستە خوێنەرانی بەڕێز جیاوازیی دەمبێن و دەمامک بزانن. دەمامک خۆت دەیبەستی و دەمبێن بە زەبری شەپ و گۆپاڵ دەبەسترێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## گاز و مازووت سەروبنی شوڕشگێڕی نەوتی خاون

سەر لەبەیانیی ڕۆژی ٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٢٨٧ی هەتاوی بۆ یەکەم جار لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە گەڕەکی "خرسان"ی شاری "مەسجد سولیمان"ی پارێزگای خووزستان نەوت دۆزرایەوە. دوای ئەم ڕووداوە شلەمەنیەک دەرکەوت بە تەڕی وەک پووشوو ئاگر بگرێت.

هەرچەندە کۆنینەناسانی زۆربلێ و درێژدادڕ دەڵێن نەوتی ڕەش لە زۆر لەمێژەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام ئەم یەکەم بیرە نەوتەی گەڕەکی خرسان یان گەڕەکی "ورچان"ی مەسجد سولەیمان چارەنووسی ئەم ناوچەیەی گۆڕی. ئینگلیسی سووری چاوشین ئیمتیازی نەوتی ئێرانیان گرتەوە و بە دوای ئەودا ڕوویان کردە بابە گوڕگوڕی کەرکووک و لەوێش سنگی مانەوەیان داکوتا و لەم نێوەدا دەردێکیان بەکوردان کرد با بە دەواری شڕی نەکات.

لە باشووری ئێرانیش ئەوەندە پیاوی سووری چاوشینی ئینگلیسان ڕوویان کردە مەسجد سولەیمان و لەوێ مانەوە، شارەکە وەسەر مرۆڤی سووری چاوشین گەڕا. خوا بە بوختان بۆ ئێمەی نەنووسێت، دانیشتووانی مەسجد سولەیمان خۆیان دەڵێن ئێمە تەنیا وەک خاڵوانی ئەم بەرانەی دوای هاتنی ئینگلیسانین و ئەم ژن و پیاوانەی ئێستای مەسجد سولەیمان بیلامانێ هەموویان خوارزای خەڵکی ناوچەکەن و بە قژی زەرد و چاوی شینیانەوە دەچنەوە سەر باوەگەورەیان.

هەتا سەردەمی دەستەڵاتی کورتخایەنی حەمەی موسەدیق و وەرگرتنەوەی ئیمتیازی نەوتی ئێران لە دەست ئینگلیسان، ئێمە زۆر باشتر بووین و هەتا ئەوکات دەستەڵاتدارانی ئێران تەنیا سکی خۆیان پێ تێر دەکرا. دوای ئەوەی نەوت لە دەست ئینگلیسان هاتەدەر، ئیدی شای دەستەڵاتدار بەلێشاو فرۆشتی و بەشێکی زۆری بە چەکوچۆڵ دا و هێزی سەرباز و ساواکی پێ پتەو کرد و بەم جۆرە ئێرانیش بوو بە خاوەنی خەڵکێکی تێر و سەرکوتکراو.

هاوکات ئەم نەوتە زۆرە تەماعی زیاتری دەبەرناین و لەو ئانوساتەدا ئاخوندێکمان لێ پەیدا بوو، دەلینگی لە درۆکردن هەڵکرد و گوتی ئەگەر من دەستەڵاتم هەبێت، پارەی فرۆشتنی ئەم نەوتە زۆر و زەبەندە بەسەر تاکتاکی ئەم وڵاتەدا دابەش دەکەم و سەرەڕای ئەمە ئاو و کارەباشتان بە خۆڕایی بێ بەرانبەر پێدەدەم. لەم جیهانەدا هیچ لە جیهانی ئاخرەتیش هەمووتان بە دوای خۆمدا بەرە بەهەشت نێریکێش دەکەم و پردی سیڕاتیش بە لۆدێر و بۆلدوزیری جیهادی

سازەندەگی بەرین و فراوان دەکەم و هەرچی قیر و نەوتە سووتاوی ئەم نەوتە زۆر و زەبەندەیە دەیکەم بە قیرتاوی ئەمبەر و ئەوبەری پردی سیرات و هەرچی گەراجی بەر کۆشکە پڕ لە حۆریەکانی بەهەشتیشە هەر بە بەرهەمی ئەم بیرە نەوتانە قیرتاوی دەکەم.

جا وەک هەمووتان ئاگادارن بە چەپڵەڕێزان شامان دەرکرد و ئاخوندمان بە سواری فرۆکەیەکی گەورە لە شارۆچکەی "نۆفڵلۆشاتۆ"ی فەرەنساوە گەڕاندەوە و لەسەر تەخت و بەختی پاشایەتی دامانناـ
"

شامەلا" چەند ساڵێک ژیا، بەڵام نە پارەی نەوتی دابەش کرد و نە کارەبا و ئاوی بەلاش پێداین، بەڵکو شەڕێکی درێژخایەنی بە خەڵکی نێوخۆ و وڵاتانی دەر و دراوسێ فرۆشت. ئاخوند مرد و یەک لەشکر ئاخوندی دیکە بوون بە دەستەڵاتداری ئێران. ئەم ئاخوندانەش دوای ئەم هەموو درۆ و دەلەسەیەی ئاخوندی گۆڕین و خۆیان دەگەڵ خەڵکی ئێران کردوویانە لە ترسی ئەوەی لە دەستەڵات لایان بدەن، بە زەحمەت تفیان بۆ قووت دەدرێتەوە.

لەماوەی ئەم چەند ساڵەشدا زانست پێش کەوت و ئەزموونی هەڵوەشاندنەوە و دابەشکردنی پێکهاتەی نەوتیش پەرەی سەند و بێنزینی عادی، سوپێر، نەوتی سپی و مازووت و گازو ڕۆنی مەکینە و دەیان لێکەوتەی دیکە لە نەوتە ڕەشە وەردەگیرێت. لە نێوان ئەم هەموو لێکەوتەیەی لە نەوتی خاو وەردگیرێت، بێنزینی سوپێر و گاز زۆر بە قەدر و قیمەتن و وڵاتانی دیکەش پارەیان پێدەدەن. مازووتیش بنکڕی ئەم لێکەوتانەیە لە نەوتی خاو دەکەونەوە. بێنزین و گاز سووکن و سووتانیشیان لە سووتانی مازووت زیانی بۆ ژینگە کەمترە.

ئێستا ئەو دەستەڵاتدارانەی لە ترسی هێرشی خەڵک بە زەحمەت تفیان بۆ قووت دەدرێتەوە، بۆ پەرەپێدانی دۆخی لایەنگرانیان لە دەرەوەی ئێران و پەرپێدان بە ڕوحی شۆڕشگێڕی لە وڵاتانی دورو بەر، بێنزین و گازەکە دەفرۆشن و مازوتە قوونگرانەکەش دەکەنە سووتەمەنیی یەکەی بەرهەمینانی کارەبای خۆماڵی.

سووتاندنی مازووت جگە لە بەرهەمهێنانی کارەبا، دووکەڵی چاکیش دەکات. دووکەڵەکەشی لەم سەروبەندی ئەم خۆپێشاندان و شتەی ئەم ساڵانەی دواییدا زۆر بەسوودە. ئەم دووکەڵە دەبێتە هۆی نەخۆشیی ئەو هاووڵاتیانەی ڕەنگە بە لەشی ساغەوە کێشە بۆ دەستەڵات دروست بکەن و داوای گۆڕان و دیموکراسی و شتی وا بکەن. بە تایبەت نەخۆشیی درێژخایەن وادەکات لە جیات بیرکردنەوە سەبارەت بە گۆڕینی دەستەڵات بە ڕاکە ڕاکە بە دوای دکتۆر و دەوا و دەرمانەوە بن.

سووتانی مازووت لە یەکەی بەرهەمهێنانی کارەباوە دووکەڵێکی لێدەکەوێتەوە دەبێتە هۆی بوغ و تەم و لە ئاکامدا هەوا پیس دەکات. ئەم پیسبوونی هەواش بیانوویەکی چاکە بۆ ئەوەی قوتابخانە و زانکۆیان دابخرێن و بێئەوەی پۆلیسی باتووم بەدەست لە شەقامان پێش بە خۆپێشاندان بگرێت، بە بیانووی دووکەڵ و مەترسیی پشوو سواربوون، بەر بە خۆپێشاندان دەگیرێت. بەم جۆرە گاز و مازووت سەر و بنی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی نەوتی خاون.

**دروشمی شۆڕشگێرانە واتە "شعار انقلابی: بۆپێشەوە بەرەو پارەدارکردنی بەرەی خۆڕاگریی لە وڵاتانی دراوسێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## نەرمە کۆخەی قووتدانی پارووی تفت و مێوخۆش لەسەر سفرەی پڕبەرەکەتی ئینقلاب

وشە و دەستەواژەی "تفت" و "مێوخۆش" و "مێخۆش" لە زۆر شوێنی قسەکردن و نووسیندا دەکار دەکرێن. تفت و مێوخۆش دوو تامی لێک جودا و هێندێک جاریش تێکەڵن.

لەنێو جۆرەکانی مەیدا تەنیا شەراب تامی تفتە و ئەویش ئەم تفتییەی لە توێکڵی ئەستووری ترێ ڕەشە و هەندێک جار لە هەناریش وەرگرتوە. مێوخۆشیش جۆرە تامێکە لە تفتەکەی خۆمان نزیکە، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەویان ترش و شیرینە. هەنار ئەگەر بە توێکڵەوە نەخورێت، زۆر جار دەنکەکەی نێوی ترش و شیرین واتە "مێوخۆشە". بەڵام بە توێکڵەوە تفتە. مێخۆشیش تامێکە تەنیا نێرینان هەستی پێدەکەن.

فارسان وەک دراوسێی کۆنی ئێمەی کورد بە مەبەستی لێک نزیککردنەوەی مانای تفت و مێوخۆش و مێخۆش وشەی "دێبش"یان داناوە. وشەدانی فارسیی "موعین" بۆ لێکدانەوەی وشەی "دێبش" دەڵێت ئەم وشەیە بە مانای "نایاب، زۆرباش، تفت و ترشوشیرینیە."

ئەگەر ئەم ناو و ئاوەڵناوانەی وشەدانی موعین تێکەڵ بکەین و کەمێکیش بیرکردنەوەمان نێرانە بێت، ڕەنگە هەیکەلی مرۆڤێکی پڕ بەدڵی سەر بە نیوەی کۆمەڵی لێدروست بێت. لێرەدا مەبەست لە نیوەی کۆمەڵ، نیوە زاڵ و دەستەڵاتدارەکەیەتی. نیوەکەی دیکەش یانی ئەو نیوەی هەیکەلەکەی لێ دروست دەبێت، نیوەیەکە بەدرێژایی زەمەن وەک فارسان دەڵێن پەرەستوو و بە گوتەی خۆمان پەڕەسێلکەیان لێ هەڵدەکەوێت.

ڕاستە قسە قسە دێنێت و ئەمەش زۆر جار وادەکات لە چەقی قسەکردنەوە بەرەو پەراوێز بپەڕیەوە. لە پەراوێزی ئەم باسەشدا، قسەی خۆمان بێت و دوور لە ڕووی ئێوە پەرژینێکی بە گوڵ بێت، بەشێکی بچووکی ژنانیش هێندێک جار لە ڕووهەڵماڵاویدا بێتامی دەکەن. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەزمێکی خۆشیان ساز کردوە و وەک لە کووچە و کۆڵانی ماڵپەڕ و تەلەفزیۆن و سۆشیال مێدیادا باس دەکرێت، چەند ژنێک بە ڕووهەڵماڵاوی دوور لە ڕووی ئێوە بە نیوەڕووتی لە پشت کامێرای سۆشیال مێدیاوە خۆیان پێشانی سەربازانی جوولەکە داوە و لە پێناو فراوانکردنی هیلالی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان با داوە و سنگیان هەڵتەکاندوە و گفتی مێخۆشانەیان پێداون ویستوویانە قسە لە دەمی ئەم سەربازە

جوولەکانەوە دەربکێشن. هێندێکیش دەڵێن ئەوانەش سەربازانی گومنامی ئیمامی زەمانن. وەک لە کووچە و کۆڵانی مێدیا و سۆشیاڵ مێدیادا باس دەکرێت، ئەم مێخۆشانە ئەوەندەی نەماوە سەربازانی جوولەکە هەڵفریوێنن و هەرچی لە ڕاز و نهێنیی شەڕی ئەم دواییانە لایەنە، پێیان هەڵبڕێژن.

ئەم جۆرە ڕووداوانە هەموویان پێوەندییان بە ڕازاندنەوەی سفرەی ئینقلابەوە هەیە. هەتا سەربازانی گومناو زیاتر بۆ وڵاتانی دەوروبەر پەل باوێن، سفرەی ڕەنگینی پڕبەرەکەتی ئینقلابیش باشتر دەپارێزرێت.

خواردەمەنیی تفت و مێوخۆشیش لەسەر سفرەی ئینقلاب ئەو نێعمەتە خواپێداوەیە تەنیا بە نەسیبی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە ڕیفۆمخواز و کۆنەپارێزەوە دەبێت. هەتا ئێستا سەدان جار لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەستەڵاتی پاش ئینقلاب لە دەوری ئەم سفرە پڕبەرەکەتە بوونە و لە خوا بەزیاد بێت، چاکیشیان لێ خواردوە.

لە ململانێی شەڕەپارووی سەر سفرەی ئینقلاب، یەکەم جار غولامحوسێن کەرباسچی ساڵی ١٣٧٧ پاروویەکی زلی دە قورگیدا ما و پاشان خێرخوازانی ئینقلاب دووسێ نەرمەمستیان لە پشتی دا و پارووکەی قووت دا. دواتر لە ساڵی ١٣٩٠ کابرایەکی دیکە بە ناوی مەحموودڕەزا خاوەری، وەک بەڕێوەبەری پێشووی بانکی میللی لەسەر سفرەی ئینقلاب پاروویەکی زلی بایی سێ هەزار میلیارد تومەنێکی لە قورگیدا ما و دواتر بە بیانووی سەرئێشە ڕۆیشتە کانادا و ئێستاشی دەگەڵ دابێت نەگەڕایەوە. بەدرێژایی چل و چەند ساڵی ڕابردوو، شەڕە پاروو لەسەر سفرەی ئینقلاب بەردەوام بووە و جاروبارێش ئەم وردە کێشانەی لێ کەوتووەتەوە. تازەترین کیشەی لەم جۆرە لەسەر سفرەی ئینقلاب پاروویەکی "دەیبش" بە کوردیەکەی خۆمان پاروویەکی "تفت" بوو، بەڵام تفتییەک وەک تفتیی تویکڵە هەنار و شەراب نەبوو. ئەمجارەیان بەشێک لەوانەی لە دەوری سفرەی ئینقلاب کۆ ببوونەوە، چەند کەسێکیان دەگژ پاروویەکی قورس ڕۆهاتن و خۆیان ناویان نا پارووی دێبش. بەسەرهاتەکە بەم جۆرە بوو:

کۆمەڵێک لە بەرپرسانی چاژان و لێزانی دەوروبەری سفرەی ئینقلاب، بە مەبەستی سازکردنی پاروویەکی تفت سەودایەکیان بە ناوی کڕینی چای تفتی دەرجە یەک لە هندوستانەوە ڕێکخست و پاشان جۆرێکی دیکەی چای دەرجە دوویان لە وڵاتی کنیا کڕێ. جیاوازیی چای هندی و چای کنیا، بۆ هەر کیلۆیەک ١٢ دۆلار بوو. دیارە ١٢ دۆلاریش بۆ ئەمڕۆ پارەیەکی بەرچاو نیە و بە نرخی ئەم ساتەوەختە دەکاتە ٦٠٠ و ٣ هەزار تومەن. لە سەرەتای ئەم ئینقلابە و پێش ڕاخستنی ئەم سفرەیە، بە ٦٠٠ و ٣ هەزار تومەن دەکرا ١٧ ئۆتۆمبێلی پیکابی ساپپای شینی سفر کیلومتر بکڕی و شتێکیش لە پارەکە دەمایەوە.

ئەم جیاوازیی ژمارەیەی کرینی چایی دێبشیش دەگەڵ کۆی چەند سەودا و مامەڵەیەکی دیکە لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا لەسەر یەک کردیە پارووەیەکی ٣ میلیارد و ٣٧٠ میلیون دۆلاریی سەر سفرەی ڕێبەرەکەتی ئینقلاب و ئەگەر لەسەر نرخی ساپیای شینی سەردەمی سەرەتای ڕاخستنی سفرەی ئینقلاب لێکی بدەینەوە، دەکرا بەم پارەیە خاکی وڵاتێک بکڕی. قووتدانی بەشێک لەم پارووەش کابرایەک بە ناوی "ئەکبەر ڕەحیمی"، بەڕێوەبەری کۆمپانیای " دەێبش" یان "تفت" ی تووشی نەرمە کۆخە کرد.

بەڵام ئەم ڕووداوانە هەرگیز بۆ دۆستانی سەر سفرەی ئینقلاب کێشە نین و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی زۆر دڵئاوەڵان و هەموو جار کاتێک دانیشتووانی دەوروبەری سفرەی ڕێبەرەکەتی ئینقلاب بەم پارووە بچووکانەوە تووشی کێشەی قوتدان دەبن، بە مست لە پشتیان دەدەن و لە ئاکامدا پارووەکە گرێ ناکات و بە سورێنچکدا تێدەپەڕێت و بەگوێرەی سووکی و قورسیی خۆی شڵپە لە قووڵایی گەدەی کەسەکە دێنێت و پاشان بەئارامی هەرس دەبێت. ئەمەیە حیکمەتی سفرەی ڕێبەرکەتی ئینقلاب!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی بەفرانباری ٢٧٢٣

# گۆرانی و گۆلی ورمێ لە داخی هەوردۆشین

**هەورۆ، هەورۆ، هەورۆ؛ هەورۆ بارانییە**
**یارم لێرە نییە**
**بۆیە کەیفم نییە.**
**هەورێکی هێنا بارانەی پێوە؟ یاخوا نەبارێ یارم بەرێوە.**

ئەمانەی سەرەوە دوو بەندی دوو گۆرانیی جیاوازی کوردین. لە هەردوو بەندەکەدا باس لە هەوری باراناوی دەکرێت. بەڵام لە گۆرانیی یەکەمدا بارانە کەیفی گۆرانیبێژ ساز دەکات و لە هی دووهەمدا گۆرانیبێژ بە بارین حاڵی تێکدەچێت و داوا لە خوا دەکات باران نەبارێت.

گۆرانیی یەکەم بە هەوری باراناوی هەڵدەڵێت و خۆزگە دەخوازێت لە کاتی بارینـدا "یار"ی لەلا بوایە و بەیەکەوە بە خوشییەوە کەشوهەوای باراناوی بچێژن. گۆرانیبێژی دووهەمیش لە تەڕبوونی "یار"ی دەترسێت و دەڵێت یارم بەرێوەیە و یاخوا بارانی بەسەردا نەبارێت.

**گۆرانییەکیش هەیە دەڵێت" :**

**باران دەبارێ ڕێزە بە ڕێزە.**
**گۆزەم پێیدانا لە ڕێی کارێزە".**

**گۆرانییەکی دیکەش دەڵێت:**

**خودا داکەی بارانێ کزەی شەماڵ بێ بە شەو.**
**بیدا لە گۆنەی یارم بەڵکوو ڕاپەڕێ لەخەو".**

لەم دوو گۆرانییەشدا، لە یەکەمیان "یار" بە گۆزەوە بە بەر "باران"دا دەڕوات و لە دووهەمیاندا گۆرانیبێژ داوا دەکات بارانە

گۆنەی یاری تەڕ بکات و لە خەوی ڕاپەڕێنێت. دیارە ئەم هەتیوە خۆی دڵی بەرایی نادات یاری لە خەو ڕاپەڕێنێت، یان ترسنۆکە و ناوێرێت خۆی لە خەو هەڵبستێنێت، بۆیە پەنا بۆ باران دەبات!

ئازەرییانیش لە دراوسێیەتی کورداندا حەزیان لە بارانە و ئەوانیش بارانە لە گەلێک لە گۆرانیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم کۆپلەیەی خوارەوەش وێنەیەکی بەرچاوی فلۆلکۆریی ئازەرییانە و ئەویش وەک شایەتێک بۆ هاوبیریی کوردان و ئازەرییان لەبەرانبەر بارانەدا دەهێنمەوە.

گۆرانیە ئازەریەکە دەڵێت:

"یاغیش یاغیر دەنە دەنە/ اورک سوێزوون دێیر مەنە/ بیر ئینتیزار گوێزوم یۆڵدا/ ها بەلکێ سوێگلیم گەلە"

واتا: "باران دەبارێ نم نمە/ قسەی دڵت بە من بڵێ/ چاوەڕوانم لە ڕێگا/ بەڵکوو دڵدارم دەرکەوێت"

ئەم تورکەش وەک کوردەکانی خۆمان حەزی لەمەیە دڵدارکەی لەژێر نمنمەی باراندا دەرکەوێت. بە وێکچوونی ئەم گۆرانییانە گومانمان نامێنێت کورد و تورک وەک یەک حەزیان لە بارانە. لە خوا و شێخ و مەشایەخ و چاک و پیران دەپاڕێمەوە هاوبیریی ئەم دوو نەتەوەیە پەرە بستێنێت و بۆ زۆر شتی دیکە پەل بهاوێژێت و ئەو مرچ و مۆنییە نێوانیان ببێتە بزە و پێکەنین.

لە سەردێری ئەم بابەتەدا ناوی گۆلی ورمێ هاتوە و ڕەنگە خوێنەری بەڕێز بۆی بووبێتە پرسیار گۆرانی و گۆلی ورمێ کوجا مەرحەبا؟ بۆیە لێرەدا پێوەندیی گۆرانی و گۆلی ورمێتان بەروونی بۆ دەردەخەم:

هەموومان دەزانین لە خورئاوای گۆلی ورمێ لە سنووری نێوان کورد و ئازەرییانەوە هەتا گۆلی "وان" لە باکووری کوردستان، بە کوردستان دەژمێردرێت و نیشتمانی تورکی ئازەرییش لە خۆرهەلات و باکووری ئەم گۆلەوە دەست پێ دەکات و خاکیان پاڵ وە گۆلی "قەزوێن" یان "دەریای مازەندەران" دەدات. وڵاتی برایانی ئازەری لە "مەلیکەندی"، "بناو"، "عەجەبشێر"، "ئازەرشار" و ئیلخچی" لەو دیو گۆلی ورمێ دەست پێ دەکات و هەرلەوی بۆ لای "شەبستەر" و "تێک" و " تێل" و تەسووج دەسووڕێتەوە. لەوێڕا بەرەو خۆرهەلات و باکوور کۆمەڵێک هەرمەنی و کوردی دانیشتووی قەرباغ و دانیشتوانی شارەدێی "یەکان"ی لێ دەرچێت، هەتا چاو هەتەردەکات تورکی ئازەرییە.

ئەم گۆرانیی "بارانە" یان وەک ئازەری دەڵێن "یاغش"ـە لەسەردەمی دەستەڵاداریەتیی مەحموود ئەحمەدینژاد یانی هەمان سەرۆککۆمارە کوێرمووشەکەی چەند ساڵ لەمەوبەری ئێرانەوە ماناکەی قووڵتربووەتەوە. ئەحمەدی نژاد ١٢ ساڵ لەمەوبەر دەیگوت: وڵاتانی خۆرئاوا بەئەنقەست هەوڵ دەدەن ئێران تووشی وشکەساڵی بکەن. ئەو سەرۆککۆمارە کوێرەمووشەیەی ئەوکات، ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ بانەمەڕی ١٣٩٠ی هەتاوی لە کاتی ڕێوڕەسمی پڕئاوکردنی بەنداوی "کەمال سالح" لە نزیک شاری ئەراک گوتی: "وڵاتانی ئورووپا بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی تایبەت ئەو هەورانەی ڕوویان لە ئێرانە، پێش ئەوەی بگەنە سەر ئاسمانی ئێمە دەیاندۆشن." لەکاتێکدا ئەم بێریانەی ئێمە دوو سەر مەڕ و مانگایان پێ نادۆشرێت، تۆ بڵێی بێری ئورووپایی چۆن بتوانن ئەم هەورە بەرزانە بدۆشن؟

ئێستا ١٢ ساڵێک بەسەر فەرمایشی سەرۆککۆماری کوێرەمووشەدا تێدەپەڕێت و لە کاتێکدا گۆلی ورمێ خەریکە ئاخرین چۆڕی بەرەو وشکبوون لێدەبڕێت، دیسان بەزمی لادانی هەوران لە ئاسمانی ئێرانەوە بۆ ئاسمانی دراوسێیان باسی لێوە دەکرێت. چەند ڕۆژ لەمەوبەر سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەی ئێران لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەکی کابینەی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە وڵامی پەیامنێرێکدا گوتی: ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوە لە دیاردەی هەڵوەشانەوەی هەوران لەسەر گۆلی ورمێین و بەوردی و زانستیانە لەم دیاردەیە دەکۆڵینەوە.

فەرمایشتی بەرپرسانی کەون و نوێی کۆماری ئیسلامی بە جێگەی خۆی، ئەمەیان گرینگە، ئەم گۆرانیی بارانە و یاغیشەیە دوو دراوسێی کورد و تورکی ئازەری لەگەڵ دوایین هەناسەی گۆلی ورمێ دەڵێنەوە.

ئەوانەی دەشڵێن هەورێکی هێنا بارانەی پێوە/ یاخوا نەبارێ باران بەڕێوە، ڕەنگە پیاوی سەهیۆنیزم و دوور لە ڕووی خوشک برا چەپەکانمان پیاوی ئەمپریالیزمیش بن و لەجیات بێرییەکانی خۆمان مرخیان لە هەوردۆشە خۆرئاواییەکان خۆش کردبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣

## زایەڵەی لەرینەوەی دەنگی "ژ"ێ و پەتای ئازادی

سەیر دەبوو زمانی کوردی بە فارسییەکەشیەوە ئەم پیتی "ژ"ێیەی نەبوایە. ئەوکات زمانەکەمان قیچۆکەک لە زمانی عەرەبی نزیکتر دەبۆوە و ئێمەش وەک ئەوان بە "ژاپۆن"مان دەگوت "یابان"، بەڵام لەویان سەیروسەمەرتر ئەمە بوو بە "ژاڵە" بڵێین "جالە". ئەودەمیش لەجیات ئەوەی بۆن بە ژاڵەوە بکەین یان دەباوەشی بگرین، هەر کاتێک دیتبامان وامان دەزانی ژێر خۆیمان دەخات لەترسان ڕامانده‌کرد.

پیتی "ژ"ێ لە دوو زمانی کوردی و فارسیدا ئەگەر لە سەرەتاوە هەر نەبوایە، کارمان زۆر ئاسانتر دەبوو. ئەودەم ئەو وشانەی ئەم پیتە مەترسیدارەیان تێدایە، هەر لە بنەڕەتڕا نەدەبوون و ئەوکات لەبەر بێ"ژ"ێیی، وشەی دیکە، بە مانای دیکەوە دروست دەکران و ئێمەش لە دەنگی ئەم پیتە سەیروسەمەرەیە بێبەش دەبووین. بەڵام ئێستا بمانهەوێت و نەمانهەوێت ئەم پیتە هەیە و پێویستە چارەسەری بکەین و ئیزن نەدەین وەک "خۆرە" بیر و مێشکمان بخورێنێت.

ئەم پیتە هەر بیر و هزر و مێشک ناخورێنێت و بنکۆڵی ناکات، بەڵکوو تەشەنە دەکاتە دەرەوەی زمان و یان هەرچی پێوەندیی بە زمانەوە هەیە تووشی پەتایەکی مەترسیداری دەکات. خۆتان دەزانن پەتاش دەردێکی هەمەگیرە و پەل داوێت و بڵاو دەبێتەوە. ڕەنگە زۆر پیتی زمان بە شێوەیەکی هێزەکی لە دەروونی خۆیاندا و لە هەندێک قۆناغی جودای ژیانی مرۆڤدا مەترسیدار بن، بەڵام لە هەموو کات و زەمەنێکدا خۆیان ئاشکرا ناکەن. هیچ دوور نیە ئەم پیتی"ژ"ێیە یەکێک لەوان بێت و ئێستا بە هۆی کات و شوێن زیاتر کەوتبێتە سەر زار و زمانان.

هەرچۆنێک بێت، ئێستا وەک دەڵێن "ژ"ێ بۆ هێندەکان بووەتە مۆتەکە. دیارە لە زمانی فارسیدا هەر لە کۆنەوە هەست بەمە کراوە و لەو کاتەوەی ئەم زمانە وەک کۆرپەیەک لە داوێنی زمانی کوردی بەربووەتەوە و پاشان بە شیری عەرەبان فرچکی گرتوە، وەفای بۆ دایەن هەبووە و ئێستاش ئەم وەفایەی هەر ماوە و زمانی عەرەبیش وەک کوردی بە دایکی خۆی دەزانێت. زمانی عەرەبیش وەک زمانی دایەن یان زمانی دایکیی دووهەم کاری کردووەتە سەر فارسییەکە و یەکێک لەم کاریگەرییانە ئەمەیە فارسەکەش لە زۆر شوێنان پیتی "ژ" ی گۆڕیوە. بە یەکجاری وازی لێنەهێناوە، بەڵام پیتێکی وای لە شوێن داناوە لە عەرەبییەکەشدا هەبێت. یانی هەوڵی داوە پیتە جێگرەوەکە لە زمانی هەردوو دایکەکەدا هەبێت و بەم جۆرە نە دایکی یەکەم دڵی بهێشێت و نە دایکی دووهەم؛ واتە ئەو دایەنەی پەروەردەی کردووەتەوە لێی زویر نەبێت. لەبەر ئەمەیە لە هێندێک شوێنان وشەی "ژ"ێی کردووە بە "ز"ێ و بەم کارە لە کاتێکدا سێ خاڵەکەی سەری "ژ"ێی کردووە بە یەک، واشی



سەرچاوە
Serchawe

کردوە ئاخێوەرانی زمانی عەرەبییش بۆیان گۆ بکرێت. ئەم گۆڕینی وشەیە کاری کردووەتە سەر هەندێک وشەی ڕەسەنی دایکە کوردەکە، بەڵام مانا هەر وەک خۆی ماوەتەوە. لە هێندێک وشەی زمانی فارسیدا دوای ئەوەی "ز"ێ جێگەی "ژ"ێی گرتووەتەوە، پیکهاتەی وشەکەش بەتەواوی گۆڕاوە. بۆ وێنە "ژیان" بووەتە "زیستن" و "زندگی"، بەڵام لە وشەی "ژن"دا تەنیا پیتی یەکەم گۆڕاوە و تەواو. لە هەردوو وشەکەدا مانا هەمان ئەو مانایەیە. زمانی فارسی لە دایکی یەکەم واتە لە کوردی وەریگرتووە و فارس لە جیاتی "ژن، ژیان، ئازادی" دەڵێت: "زن، زندگی، آزادی".

لێرەدا هەرچەندە ئەو "ژیان"ەی بە پیتی "ژ"ی دەست پێ دەکات لە فارسییەکەدا بووەتە "زندگی" بەڵام "ژن"ـەکە هەر وەک خۆی ماوەتەوە و تەنیا دووخاڵ لە سێخاڵی سەر پیتی یەکەمی نەماون.

ڕەنگە زۆر کەسان ئەمە بزانن کاتێک پیتێکی ناسک و لە زمانان خۆش لە چەند وشاندا دووبارە بێتەوە، لە نێو دەستەواژە یان ڕستەدا مۆسیقا دروست دەکات. دەستەواژە یان دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" یەکێک لەم دروشمانە بوو، و دووبارەبوونەوەی دوو پیتی "ژ" و"ن" لە دوو وشاندا ئاهەنگ و مۆسیقایەکی تایبەتی لەم دەستەواژەیەدا خوڵقاند. ئەم دروشمە لەبەر ئەوەی جێگۆڕکێی "ژ"ی بۆ "ز"ێ کێشەی نەناوەتەوە لە زمانی فارسیدا خاوەنداریەتیی هەمان دۆخ و مانا دەکات.

لە ئێرانێکدا دوو نەتەوەی کورد و فارس لە زمانی یەکتر تێ دەگەن لەسەر مسۆگەرکردنی ژیان و ئازادیدا بەسەر دوو دەستەی زۆرینە و کەمینەدا دابەش بوونە. دوای ئەوەی دەستەی کەمینەی کەم عەقڵ و خاوەن چەک و تەقەمەنی "ژینا"یەکیان بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئازادی کوشت، ئەم دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە لە ناوی "ژینا" وەرگیرا و هەموو ئێران و جیهانی تەنییەوە و ژانەسەرێکی گەورەی خوڵقاند. لە ئێران بۆ دژایەتیکردنی دروشمەکە خوێنێکی زۆریان ڕشت، بەڵام ئەمە بووەتە ئاگری بن کا و ترس لە کڵپەسەندنەوەی بەردەوامە. سەرچاوەی سەرەکی و دەستپێکی خوڵقانی دروشمەکەش "ژینا"یە. لەبەر ئەمە ژینا لە هەرشوێنێک بێت لەنێوبردنی بە زیانی کڵپەسەندنەوەی دروشمەکەیە.

دوای ئەوەی "ژینا" کوردەکە لە تاران بە هۆی ئەشکەنجە و لێدانی پۆلیسی داسەپاو ژیانی لێ سەندرا، سەدان کچی دیکە لە سەرانسەری کوردستان هەر لە خۆرئاسانەوە بگرە هەتا دەگاتە خۆرئاوا بە ناوی ژینا کران. دەستەڵاتی کەمینەی ئێران بە جوانی دەرکی کردووە ئەم ژینایە چەندە مەترسیدارە، بۆیە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بەدوایدا دەگەڕێن. لە هەر پارچەیەکی دیکە کوردستان بیت ئەگەر بە تێرۆرکردن و دەرمانداوکردن و ئەشکەنجە نەگونجا، لە سەرەتای تەمەنیدا بە مووشەکی دوورهاوێژی "نوقتەزەن" لێی دەدن و بە دەری "ژینا دزیی" دەبەن. ئەوەی مایە کیشەکەیە هەر کوردە، چونکە بە ژیناکان دەڵێت "ناودێر" بن، خۆیشی خولیای پەتای ئازادییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

## کۆترە سیخوڕەکەی هیندوستان و "کۆترەباریکە" و "کەڤووکێ" لە کوردستان

هیندوستان کۆترێکی بە گومانی سیخوڕیکردن بۆ لایەنی نەناسراو بۆ ماوەی ٨ مانگ لە قەفەسی تاکەکەسیی دەستبەسەر کرد و دوای ئەوەی ئەم کۆترە گومانلێکراوە، دانی بە تاوانی سیخوڕیکردن بۆ هیچ لایەنێکی بێگانەدا نەنا، لەلایەن دەستەڵاتی هیندوستانەوە ئازاد کرا.

پۆلیسی هیندوستان ٨ مانگ لەمەوبەر دوای ئەوەی چاوی بە دو ئاڵقەی بەستراو بە دوو پێی ئەم باڵندەیەوە کەوت، لە نزیک ڕۆخی شاری "مۆمبای" دایبەزاندە خوارەوە و گرتی. ئەو ڕاپۆرتانەی سەرچاوەی هەواڵی خۆجێی بڵاویان کردوونەوە دەڵێن: چەند هێڵێکی نووسراوی وەک ئەوەی پیتی چینی بن، بەسەر باڵی ئەم کۆترە تۆمەتبارەوە دۆزراونەتەوە و کۆتری گومانلێکراو، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە بەخێرایی بۆ قەفەسێکی تاکەکەسی گوازراوەتەوە.

هاوکات لەگەڵ کۆتربازیی سیاسیی هندوستان، دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەواڵێکی "سیخوڕاوی"ی گرینگی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند تۆڕێکی سیخووڕیی سەر بە مووسادیان لە ٢٨ وڵاتی جیهاندا دۆزیوەتەوە. هیچ بە دوور نیە ئەم تۆڕە پێوەندیی بە "کۆتر"ەوە هەبێت.

لێرەدا نێوبڕێک دەخەینە نێو ئەم نووسینە کورتە و دوای ئەوەی پێتان دەڵێین مەبەست لە "سیخوڕاوی" ئەو دەستەواژەیەیە ماموستایانی ئەکادیمسیەنی کوردیزانی خۆمان پێی دەڵێن "سیخوڕئامێز". دەگەڕێینەوە سەر باسی سەرەکیمان. دیارە بۆ ئەم مەبەستە ڕەخنەیەکی توند لە ماموستا گۆرانی شاعیر دەگرین.

**ماموستا گۆران لە شێعرە بە ناوبانگەکەیدا لە جیات وشەی "خەیاڵاوی"یی دەستەواژەی "خەیاڵئامێز"ی دانەناوە و گوتوویەتی:**

"جادە چۆڵ و سێبەر بوو کاتی بەیانی
ئەڕۆیشتم "خەیاڵاوی" ئەمڕوانی

دوای "قـوڕاویکردن" و "تـۆزاویکردن" و "خـۆڵاویکردن"ی لایەنگرانـی شـێوە ئاخـاڤتنی کەسـانی وەک ماموسـتا گـۆران و "قوڕئـامێزکردن" و "تۆزئـامێزکردن" و "خۆڵئـامێزکردن"ی کەسـانێکی دیـکە، لەم نێـوبڕە دێـنە دەرەوە و بە دەم گـوتنەوەی گۆرانیی: "کۆترەباریکە من چیم پێ وتی/ داو لە شەقەی باڵ لێم دوورەو کەوتی"،

دەگەڕێینەوە سەر بابەتی سیخوڕی.

هەتا کاتی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم چەند دێڕە، هیچ هەواڵێک سەبارەت بە ئەشکەنجەکردن و خۆڕاگریی کـۆترەکەی نێو قەفەسی تاکەکەسی لە هیندوستان لە مێدیای خۆجێی و جیهانیدا سـەبارەت بەم بـابەتە بڵاو نەکـراوتەوە. بەڵام ئەوەی بەرچاوە، دەگوترێت پۆلیس و دەزگای هەواڵگریی هیندوستان هیچ تۆمەتێکی بەدرۆیان بۆ ئەم کۆترە هەڵنەبەستوە. پـۆلیس و دەزگای هەواڵگریی هیندوسـتان دەیـانتوانی دوور لە چـاوی ڕێکخراو و دامەزراوەی لایەنگری ژیـنگە و مـافی ئـاژەڵان سەری کۆترەکە ببرن و بیکوڵێنن و بیکەن بە چەلاو. دیارە چونکە کۆتر مرۆڤ نیە، دەزگـا و مەزگـای بەرگریکردن لە مـافی مرۆڤـی خوجێی و نـاخۆجێیش ڕاگەیەندراوی دووردرێژی "غیر التزامآور"یان بـڵاو نەدەکـردەوە و لەسـەر شاشـەی کـامپیوتێر و سۆشـیال میدیا بە توندییەکی زۆر توند شەرمەزاریان نەدەکرد.

جا کۆتر چیە؟ ئەم خەڵکە زۆر سەیرە باس لە گرتن و بەردانی "کۆترۆکە"یەک یان "کەڤووک"ێک دەکات.

سیخۆڕی سەرکی لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە ئەوانەن گۆرانیی "کۆترەباریکە" و "کەڤووکێ" دەڵێنەوە:

کەڤووکێ لێلێ لێللێ لێللێ لێللێ بووکا شینم وای وای
ئەز ئاشقێ لێلێ چاڤێ شینم وای وای.

ئەمە مەترسیە بۆسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. کێ دەتوانێت وردە کـۆدی نێـو ئەم گۆرانیـانە بکـاتەوە. ڕەنگە سیخوڕی سـەرەکی ئەم "کـۆترۆک" و"کەڤـووک"ـەی کـوردان بێت. هیچ بە دووری مەزانـن ئەم گـۆرانیە پـڕ لە لێـلێ و لۆلـۆیە و وشـەی بـووک و باسکردن لە ڕەنگان و گلەیی و گازندە لە فڕینی کۆترە باریکە هەموو کۆد و شەفرە و ڕەمز بن و تەنانەت بە دووری مەزانن بەرزی و نزمیـی دەنگـی ئەو کەسـانەی گـۆرانیی "کۆترەبـاریکە" و "کەڤـووکێ" دەڵێـنەوە پێوەنـدیی بە کۆمەڵێـک کـۆدی سیخوڕیکردنەوە هەبێت.

بەم ڕوونکردنەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، دەستەڵاتی هەوالگری و سیخوڕیی هیندوستان وەک دەستەڵاتی هەوالگریی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، وریا و لێهاتوو نین.

هیندووستان لە کاتێکدا لە نێوان پاکستانی جودایی‌خواز و نەیار و چینی دەستەڵاتخوازدا دەژیێت، چۆن کۆترێکی مەترسیداری سیخووڕ دوای ٨ مانگ لێکۆڵینەوە بەرهەڵا دەکات؟

هەر لەم ئێرانەی بەشێک لە ئێمە کوردان لێی دەژیێن، دەستەڵاتی هەوالگری ئەوەندە وشیارە، لە کاتێکدا لا لە کۆتران ناکاتەوە، ئەوانەی باسی کۆتر یان کەڤووک دەکەن، بە وردی دەیانخاتە ژێر چاودێرییەوە، دەستبەسەریان دەکات و دەیانباتە بەندیخانە و ئەگەر حەزی لێ بێت بە تۆمەتی گوتنی گۆرانیی "کۆترەباریکە" و "کەڤووکێ" و هەوڵدان بۆ بەرێکردنی کۆدی هەرکام لە پیت و وشە و ڕستە و تەنانەت شێوازی گوتنەوەی گۆرانییەکە، پێوەندیی دەستبەسەر کراوان دەگەڵ "سەهیونیزم" و "استکبار"ی جەهانی ئاشکرا دەکات.

لێرەدا لەبەرئەوەی زیاتر لە پەنجا میلیۆن کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەزانن هەر نەبێت یەکێک لە دوو گۆرانیی "کۆترەباریکە" و "کەڤووکێ" بڵێنەوە و تێیان بگەن، ئەرکی پیرۆزی دەستەڵاتدارانی ئەم دەڤەرە بۆ لەنێوبردنی ئەم هەموو سیخوورە ئاستەمتر دەبێتن.

**هیچ بە دووری مەزانن "تن"ی "دەبێتن"یش کۆد بێت.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**

## بڕوانامەی ددانپزیشکیی خۆمانە

ئەگەر بتوانی بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ ددان بە جەرگت دابگری و یەک ملیارد و دوسەد هەزار تمەنت هەبێت و بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی دوکتۆرای ددان بیدەی، دەبی بە دوکتۆری ددان. پەنجا ڕۆژەکەش ناچیە زانکۆی پزشکی و هەر لە ماڵی خۆت چاوەڕوان دەمێنیەوە هەتا بەڵگەنامەکەت بۆ ئامادە دەکرێت. ئەوانەی ئەو بەڵگەنامەیەت بۆ ئامادە دەکەن، پەنجا ڕۆژ کاتیان بۆ ئەوەیە ئەم بڕە پارەیەی لێت وەردەگرن، بە شێوەیەکی شیاو لەنێوان کاربەدەستاندا دابەشی بکەن و هەموویان بەپێی ئەو کارەی دەیکەن، بەشەپارەی خۆیان پێ بگات.

### ئەرکی ئەو نێوەندەی لە پڕێکدا دەتکات بە پزیشکی ددان:

ئەمە قسەی ڕۆژنامەی ئیعتمادی چاپی تارانە. ئیعتماد لە ژمارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ ڕێبەندانی ئەمساڵدا بەدوای سەرچاوەی ئەم هەواڵەدا چووە و پشتڕاستی کردووەتەوە، لە ماوەی ئەم پەنجا ڕۆژەدا و لەبەرانبەر ئەم یەک میلیارد و دووسەد میلیۆن تمەنەی لێت وەردەگیرێت، بەڵگەنامەیەکی دوکتۆرای پزیشکیی ددانت بۆ دروست دەکەن هەموو فایل و دۆسیەی پێویستی لە زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵای کۆماری ئیسلامیدا بەردەست دەبێت و پێش بەو بوختانەش دەگیرێت بڵێن بەڵگەنامەکەت دەستکردە و بە ماندووبوونی خۆت پێی نەگەیشتووی.

### ئەرکی ئەو پزیشکەی دەبێتە خاوەنی بڕوانامە:

ئەمەی سەرەوە ئەرکی لایەنی سەر بە کۆماری ئیسلامی بوو بۆ ئەوەی بەڵگەنامەکەت بۆ دروست بکەن، بەڵام ئەرکی خۆت وەک دوکتۆری ددان لێرەوە دەست پێ دەکات. بەشیک لە ئەرکەکەت ئەمەیە هەتا ئەوکاتەی دەتخەنە نێو گۆڕیچەی قەبر و بەردانت بە سەردا ڕەیاڵ دەکەن و پاشان دوکتۆرێکی گەورە و گران بە فۆتنی گەوە بە بۆڵدکراوی لە پێش ناوت لەسەر ڕاگەیەندراوی مردن و سەنگی مەزارت دنووسن، مافی ئەوەت نابێت باس لە چۆنیەتیی وەرگرتنی ئەم بەڵگەنامەیە بکەی.
لەماوەی پەنجا ڕۆژی دیاریکراویشدا نابێت لە ماڵەوە دانیشی و چاوەڕوانی ئامادە کردن و هاتنەوەی دوکتۆراکەت بی.
بەڵکوو پێویستە لە ماوەی ئەم پەنجا ڕۆژەدا خەریکی خۆئامادەکردن بی و هەندێک ئەرک هەن پێویستە پێش ئەوەی نۆڕینگە (مطب)بکەیەوە، ڕایانپەڕێنی:

١- ئەگەر لە شارێکی بچووک دەژی، پێویستە لە شارەکەوە بۆ شارێکی دی لە پارێزگایەکی دیکە بار بکەی و ئەوکاتەی دەگەیە شوێنی نوێ پێویستە ناوی دوکتۆر بخەیە پێش ناوی پێشووتەوە. بەڵام ئەگەر لە شاری گەورەی وەک تاران، شیراز، ئیسفەهان، تاران و مەشهد دەژی، چەند کارێکی وەک بارکردن بۆ گەڕەکێکی دوور لە گەڕەکی خۆت و هێندێک نەشتەرگەریی جوانکاری لە سەر دەموچاوت کارت ئاسانتر دەکات.

٢- پێویستە لە ماوەی ئەم پەنجا ڕۆژەدا خۆت فێری ناوی هەموو ئەو ئامێرانە بکەی لەمەودوا وەک پزیشکی ددان پێویستت پێیان دەبێت. "سکیلێر" بە هەموو جۆرەکانیەوە، "درێل" بە هەموو ئانگڵەکانیەوە، هەمو جۆرەکانی "پەنس" و "مەقاش" و "ساکشن" و "سەرشاکشن"ی جۆراوجۆر و زۆر کەرەستەی دیکەی کاروباری ژووری نۆڕینگەی پزیشکیی ددان پێویستیان بە فێربوون و لەبەرکردن و تەنانەت لێک جیاکردنەوەش هەیە.

## سوودی وەرگرتنی ئەم جۆرە بڕوانامەیە:

١- پێویست ناکات بە مەبەستی زانینی ناوی دوازدە ئیمامان و بێبەریبوون لە خزمایەتی دەگەڵ کەسانی دژ بە دەسەڵات لەلایەن دەستەی چاودێریکردن لە زانکۆ تاقی بکرێیەوە.

٢- پێویست ناکات بۆ ماوەی چوارپێنج ساڵان هاتوچۆی زانکۆ بکەی و بەهۆی پشتیوانیکردنی هاوپۆلانت لە پێناو لادانی لەچکە تەسکە کەسەکەیان سزا بدرێی. خۆشت شەڕی قژی ڕووت و کراسی قۆڵکورتی بەرت بکەی .

٣- تەنانەت لە ماوەی ئەو پەنجا ڕۆژەی بۆشت دیاری کراوە، ناچیە "سێڵفسرڤیسی" زانکۆ و سێژمە دەتوانی لەجیاتی "خواردەمەنیی بەپەلە"(فەست فوود) و خواردنی زانکۆ، لە ماڵی خۆتان دۆکوڵیو، حەوتترینگە، شۆرباو هێلکە، بەربەسێڵ، ترخێنە، دۆغەوا، قۆڕمەسەوزی، "گوێزێنە" (فسەنجون) و سەنگەسیریش بخۆی.

٤- هاوسەرت لە درەنگ گەڕانەوەت لە زانکۆ دڵی لێت ناهێشێت و گومانی ئەوەی نابێت لە دەرەوە خەریکی دڵداری و مڵداری بی.

## چێژی خۆشی ژیانی بە دوکتۆربوون:

دوای ئەوەی بەڵگەنامەکەت وەرگرتەوە، نۆڕینگەت دانا و دەستت بە کاری ددان کرد، جگە لەوەی پارەیەکی باش کۆ

دەکەیەوە، بە هیمەتی ئەو نەخۆشانەی بە داوتەوە دەبن، زیاتر لە یەک ملیارد و دووسەد ملیۆنەکە پەیدا دەکەی و پارەداریش دەبی و فرۆفیشاڵی بەدوکتۆربوونەکەش هەر مەپرسە و لێی تێر نابی.

جا ئەوکاتەی "کارپوول" دەخەی سەر "سورەنگ" و دەرزیی "لیدۆکاین" لە پووکی نەخۆشی بەردەستت دەدەی و لالێوی دەتەزێت و بە شێوازێکی ناوازە پێت دەڵێت دوکتۆر، هەر شیرنە بیر لەو پارەیە بکەیەوە دوای ڤیتبوونەوەی نەخۆش بە دەمی پڕلە خوێن و لۆکەوە لە چەنگی دەردەهێنی.

لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە ئەوانەی بەڵگەنامەکەیان بۆ حازر کردوویە، تەلەفۆنت بۆ دەکەن و دەڵێن جەنابی دوکتۆر لەبەر ئەوەی ڕاستی و دروستیی تۆمان لە خزمەت بە ئۆممەتی هەمیشە دەرسەحەنە بۆ دەرکەوتووە، بە بەربژێری ئەندامەتیی مەجلیس دیاری کراوی و شوڕای نیگەهبانیش نەک هەر هەر شیاویەتیتی پشتڕاست کردووەوە، مسۆگەریشی کردوە بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەندامی مەجلیسی .

ڕێک لێرەدایە جەنابی دوکتۆر پێویستیی بە لەبەرکردنی ناوی ئامێرەکانی پزیشکیی ددان نامێنێت و لەمەودوا لە سەحنی عەلەنیی مەجلسی جەنابی دوکتۆر بۆی پاڵ دەداتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## ئاوا دەبێت ئەندازیاریی هەڵبژاردن!

دوازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران ڕۆژی هەینی ١١ی ڕەشەممە لەنێو پێشوازیی شلەتێنی لایەنگرانی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە چوو.

ئەم هەڵبژاردنە دەگەڵ تێکهەڵچوونی گەرمی نیوان ئیسرائیل و ئەمریکا لە لایەک و بەرەی خۆڕاگریی ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە سەرۆکایەتیی شلەتێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکات بوو. هیچ بە دووری مەزانن خوێنەری هێژا بپرسێت هەڵبژاردن لە ئێران چ پەیوەندییەکی بە ئیسرائیل و ئەمریکا و بەرەی خۆڕاگرییەوە هەیە.

**دوو لە ڕووی ئێوە، پەرژینێک بە گوڵ بێت، بەرەی خۆڕاگری زۆر سەیر خۆی ڕادەگرێت.**

پەیوەندییەکە زیاتر لێرەدا دەردەکەوێت، حیزبەکانی دژی کۆماری ئیسلامی و نزیکەی سێ چوار یەکی خەڵکی ئێران سەر بە سەهیۆنیزم و ئەمپریالیزمن و ئەم هەڵبژادنەیان بایکۆت کرد. بەڵام ئەندازیارانی (انقلابی)ی بەڕێوەبەری هەڵبژارن مستێکی توندیان لە دەمی دوژمنان و بەکرێگیراوانی نێوخۆ و دەرەوە دا.

ئەندازیارانی ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئەم جارە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەڵبژاردندا جەنابی ئاغای خامنەیی، کاکە ئەحمەدی جەننەتی، عەلیئەکبەر ویلایەتی، کاک موحسینی قەرائەتی (پیاوە قسەخۆشەکەی جارانی سەر تەلەفزیۆن) و کاکە حەدادی عادل و ئەحمەد عەلەمولهودایان وەک کەسانی یەکەمی دەنگدەر لە سەر سندووقی دەنگدان پێشانی خەڵک دا. بە دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵە لاوە، بە تایبەت دەرکەوتنی کاکە ئەحمەدی جەننەتی وەک مێرمنداڵێکی خاوەنئەزموون و "پووشەک" (موشەمما) لە پشت و گۆچان بەدەست، مستێکی توند بەر دەمی زۆربلێیانی دژی "نظام مقدس" کەوت و "ضد انقلاب"یش بۆی دەرکەوت بە نوێبوونەوە و گەنج بوونەوەی ئینقلاب و بەشداریکردنی ئەم لاوە خاوەن ئەزموونانە، خەونی لەنێوچوونی ئەم نیزامە دەگەڵ خۆیان دەبەنە نێو گۆڕی تەنگەوە.

دوای دەستپێکردنی هەڵبژاردن بە دەنگدانی ئەم کۆمەڵە لاوە، وەک لە تەلەفزیۆن و ماڵپەڕانەوە پێشان درا خەڵکیکی زۆر بە گوڕوتینێکی شلەتێنەوە بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد. بە چاوی خۆتان لە وێنەکاندا دیتتان بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە



سەرچاوە
Serchawe

لە سەردەمی هەڵبژاردنی پێشوو واتە لە ٢٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٦ـەوە لە ماڵەوە دەستیان لە ڕەش و سپی نەدابوو و هەتا ١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵ بە جلوبەرگی چوارپێنج ساڵ لەمەوبەرەوە لە سەر مۆبل و قەنەفان پاڵیان دابۆوە، بە پەلە خۆیان بەسەر سندووقەکانی ئەمساڵیش داکرد و دەنگی شۆڕشگێڕانەی خۆیان خستە سندووقی دەنگدانەوە. ئەوانە لەبەر ئەوەی بە دڵێکی گەرم بەشدارییان کرد، باکیان بە سەرما و کرێوەی ئەم زستانە نەبوو و هەر بە تونێی ئەو کراسانەی لە بەهاری خولی ڕابردووی هەڵبژاردن بۆ دەنگدان کردبوویانە بەریان، ئەمساڵیش هەڵمەتی سەر سندووقی دەنگدانیان دەست پێکرد.

ئەمە لەکاتێکدا بوو ئەندازیارانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەوانەی هەڵبژاردنیان بایکۆت کردبوو، بیریان لە چارەسەری دیکەش کردەوە. لە بەر ئەوەی بەشی زۆری خەڵک لەبەر کار و کاسبیی ڕۆژی هەینی و بەشداریکردن لە نوێژی هەینی و پاک کردنەوەی بەفری سەربان و کۆڵانان وەک کاک ئەحمەد جەننەتی وعەلی ئەکبەر ولایەتی دەخۆیان ڕانەدیت سەر لەبەیانی بەشدار بن، تەمەنی ڕۆژی هەڵبژاردنیان هەتا کاتژمێر ١٢ی شەو درێژ کردەوە و بۆ بەیانیش لە هەموو قوتابخانەی سەرانسەری وڵات کردیانە پشووی ڕەسمی.

**ڕاگەیاندنی ئەم پشوویە چەند سوودێکی باشی هەبوو. دیارە لەبەر کەمیی کات لێرەدا بە کورتی و لە چەند خاڵێکدا سووکە ئاماژەیەک بەم سوودانە دەکەین:**

١- دیارە هەزاران کەس لەو کارمەندانەی سەر سندووقی دەنگدان ئەمرۆ هەریەکەیان دوو یان سێ کەبابی چەور و تەماتەی برژاویان لەسەر حیسابی ستادی هەڵبژاردن خواردوە و ئەوانی مامۆستا و فەرمانبەری قوتابخانانەن لە سەردەمی گرانیی گۆشت و کەبابدا ددان و قورگ و سورینچک و گەدە و تەنانەت ڕیخۆڵەی بچووک و گەورەشیان تووشی سەرسووڕمان بووە. لەبەر ئەو دۆخەی ئەم کارمەندانە تووشی هاتوون، ڕاگەیاندنی ڕۆژێک پشوو کارێکی زۆر باشە.

٢- دەستنیشانکردنی ڕۆژێک پشوو دوای ئەو هەڵبژاردنەی بەرادەرانی بەسیج و "ئاتەش بە ئیختیار" زۆر پێویست بوو. ئەو برادەرانە ناچار بوون هەتا کاتژمێر ١٢ی شەو بێ ئەوەی پەنجەیان ڕەنگ بکرێت یان مۆر لە ناسنامەیان بدرێت، سەردانی چەندین بنکەی دەنگدان بکەن و ڕێژەی دەنگدەران لە سەرانسەری ئێراندا بگەیەننە چل لەسەد.

٣- ئەوانەی شەوی ڕابردوو لە وەزارەتی نێوخۆ بەدوای کۆدی خەڵکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بە کۆدی ئەوان دەنگ بەو پاڵێوراوانە بدەن لۆ پەزی زەرەریان نیە، ئەوانیش پێویستیان بە حەسانەوە بوو.

٤- یەک ڕۆژ پشوو دوای دەنگدان بۆ قوتابخانانەش زۆر بە پێویست زانرا و پێویست بوو ئەندازیارانی هەڵبژاردن هەموو زبڵ و زاڵی دوای هەڵبژاردن بە چەشنێک پاک بکەنەوە، پاککەروەی قوتابخانە و جادە و شەقامان لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە سەر دەرنەکەن.

* مانای وشەی "شلەتێن": شلەتێن بە پێی هەستی چێشتنی پێستی مرۆڤان دەناسرێتەوە.

** "پووشەک" یان "موشەمما" قوماشێکی ئاونەدەڵێنە بۆ پێشگرتن بە دزەکرانی پاشەڕۆی منداڵ و پەک کەوتان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی ........................... ٣٧٣٤

## لە نێوان ئێران و چیندا کامیان تەواو کەری کامیانە؟

کەس نازانێت کێ دەیکات و کێ دەیخوات. کردن و خواردن بیلامانێ دوو پێشاژۆی تێکەڵ و لە یەکتر نزیک و تەواوکەری یەکترین. زۆر شتی دیکەش "تەواوکەر" یان "تەواو کەر"ی یەکترین و لەسەریەک ناکرێت لەم دەرفەتە کەمەی چوارچێوە بۆمانی دیاری کردوە، باسی هەموویان بکەین. هاوکات سەبارەت بە پێشاژۆی "تەواو کەر"ی زۆر پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگرین دوو وشەی "تەواو" و "کەر" لە کوێی نووسین و دەربڕیندا وەک دوو وشەی سەربەخۆ و لە کوێشدا بە هەڤڕا وەک یەک وشە خۆیان دەنوێنن، یان نووسەر و ئاخێوەر لایان لێ دەکەنەوە.

زۆر جار خوێنەری فیچۆکەیەک هێڕ بەزەحمەت لە مەبەستی نووسەر یان ئاخێوەر تێدەگات و دوای خوێندنەوە یان بیستنی بابەتێک ئەنگوستی دۆشاومژەی دەکاتە نیو کەوانە و لەسەر لێوانی ئەمبەر و بەری دەمی داخراوی دادەنێت. ئەم کورتە پێشەکییەی سەروە بۆ ئەمە بوو زەحمەتی پێشاژۆی بە نیوکەوانەکردنی ئەنگوستی دۆشاومژە و دانانی لەسەر دەمی وەک تەڵەی تەقیوت لە کۆڵ بێتەوە و بەیەکەوە بچینە سەر بابەتی "روابط" فره حەسەنەی نێوان ئێران و چین.

لە "روابط حسنە"ێ نێوان چین و ئێراندا پێوستە خۆتان لە بەرانبەر دروشمی "نە شرقی نە غەربی"ی سەر سەردەرانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران گێل بکەن یان هەر نەبیت، دوو "نە"یەکەی نێو ئەم دروشمە لەبەرچاو نەگرن و ئەمجارە بچینە سەر سوودە بێکۆتاییەکانی پێوەندیی نێوان ئێران و چین و بەرژەوەندییە لەبڕاننەهاتووەکانی پێوەندیی نێوان "دو کشور دوست و برادر" لێکبدەینەوە.

هەمووتان ئاگاداران لەوەتەی ئەمریکای سەرۆکی ئەمپریالیزمی جیهانی، گەمارۆی خستووەتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، وڵاتی چین بە خۆی و نزیکەی یەک میلیارد و نیو دانیشتووانیەوە چۆن لە پشت کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاوە و لە ماوەی ئەم

چەندساڵەی ئێران گەمارۆ دراوە، پشتی بەرنادات.

ئەوە چەند ساڵە چین بێ ئەوەی گوێ بداتە گەمارۆی ئەمریکا، نەوتی ئێران دەکڕێت و خزمەت بە ئابووریی خۆی و ئێران دەکات. ئەمریکا هەرچند بە خۆی و وزارەتی خەزێنەکەی و هاوپەیمانانی ئورووپایی فشار بخاتە سەر ئێران دەگەڵ چینی پێ ناکرێت و چین بەم سیاستە ئابوورییە گەشاوە و لە حاڵی پێشکەوتنەیدا حیللەشەرعیی وامان بۆ دێنێتەوە ئەمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە درەنگەوە دەزانێت چۆن کڵاوی چووەتە سەر.

لەم دواییانەدا وڵاتی چین خەریکە بە سیاسەتێکی حەکیمانە بە بەردێک نەک دوو چۆلەکە بەڵکوو زۆر چێشکان دەپێکێت و بەو پشتگیرییەی لە ئێرانی دەکات، ئەمریکا لە بەرانبەریدا ئەژنۆی دەفیزێن. لە کاتێکدا چین دەزانێت کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گۆڕەپانی سیاسیدا تەواو کەریەتی، پلانێکی زۆر ڕێکوپێکی بەم شێوەی خوارەوە داڕشتوە:

دوای ئەوەی ئەمریکا بەهۆی سزادانی تۆڕی بانکی ئێرانی ناهێڵێت پارەی دەستکەوتوو لە هەناردی نەوت بگاتەوە ئەم وڵاتە، چین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم پیلانەی ئەمریکا ڕێگەیەکی باش و گونجاوی گرتووەتەبەر. لە کاتێکدا چین پارەی نەوت بە ئێران قەرزدارە و لەبەر گەمارۆی ئەمریکا ناتوانێت بیداتەوە، بەباشی زانی چەند کۆمپانیایەک بۆ دروستکردنی خانوبەرە بنێرێتە ئێران. ئەم کۆمپانیایانە بەو پارەی نەوتەی وڵاتەکەیان بە ئێران قەرزدارە لە تاران دەست دەکەن بە دروستکردنی خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێ بوون. وردبینیی ئەم سیاسەتەی چین لێرەدا زۆر جوان خۆی دەنوێنێت.

ئەم کۆمپانیایانە ئەگەر کرێکاری ئێرانی دەکار بکەن پێویستە پارەیان پێ بدەن و لە ئەنجامدا بەشێک لەو پارەیەی پێویستە لەبری قەرزی نەوت بیدەن بە ئێران لێی کەم دەبێتەوە و بەم جۆرە قەرزی نەوتەکە زۆر درەنگ پاک دەبێت. لەبەر ئەمە داڕێژەرانی سیاسەتی ئابووری چین لە جیات کرێکاری ئێرانی، زیندانی یان بەندکراوانی وڵاتی خۆیان دەبەنە تاران و کاریان پێدەکەن.

**چین بە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە خزمەت بە هەموو لایەک دەکات و دەکرێت بەشێک لە ئاکامەکانی ئەم خزمەتە هەراوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ببینین:**

١- چین دڵی ئەمریکا ناشکێنیت و ڕاستەوخۆ پارەی نەوت بە ئێران نادات.

٢- چین بە ناردنی بەندکراوانی خۆی بۆ کارکردن لە ئێران، ناچار نابێت کرێکاری ئێرانی بگرێت و پارەیەکی زیاتری بۆ دەگەڕێتەوە و بەمجۆرە زووتر قەرزی نەوتی ئێران پاک دەبێت.

٣- ئەم سوودە بە زیندانیانی چینی دەگات، لە زیندانی بچووک و نەگەبەرەکانی چینەوە دەگوازرێنەوە بۆ زیندانێکی گەورەتر.

٤- ئەو کەسانەی لە نێوخۆی ئێران ڕەنگبوو وەک کرێکاری کۆمپانیای چینی دەست بەکار بن، لە برسان لە وڵاتی سووریا دەبن بە پارێزەرانی حەرم و یان لە میترۆ و سەر شەقامان لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەیەکی کەمدا دەبن‌هەنگڵی ئەو ژنانە دەکوتن پرچیان بە سەر شانناندا بەردەدەنەوە.

٥- ئێران سینگی دەردەپەڕێنت و بە لووتبەرزیەوە باس لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەناردەی نەوت و شکستی سیاسەتی گەمارۆی ئەمریکا دەکات.

٦- بۆ هەموو سیاسەتوان و لێکۆڵەر و تەنانەت شۆفیر تاکسیی سەر شەقامەکانی باشووری شاری تارانیش دەردەکەوێت چین تەواوکەری ئێران و ئێرانیش تەواو کەری چینە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

## سێزدەبەدەر و درۆکردن دە دڵی خۆماندا

جاری وا هەڵدەکەوێت دوو شت تێک دەبەزن و بە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێکی دەرەکی و ژوورەکی و هیچ چەشنە گەلەکۆمەکیەک لە یەکتر ناکرێنەوە. لێکنەکرانەوە بەو مانایە نا بڵێین ناکرێت جیاوازییەکانیان ببینین، بەڵکوو بەم مانایەیە لە بەریەک هەڵناوەشێنەوە یان لە یەکتری دوور ناخرێنەوە.

بۆ ئەمساڵیش واتە ساڵی ٢٧٢٤ی کوردی لە ١٣ی خاکەلێوەدا دەگەڵ ٢١ی ڕەمەزانی ١٤٤٥ کۆچی مانگی کەوتنە بەریەک و بە چەشنێکی زۆر سەیر دەبەریەک بەزین. ئەوانەی شەڕەکەڵی کۆنیان دیتووە جوانتر دەتوانن ئەم تێکبەزین یان دەبەریەکبەزینە ببینن و هەستی پێ بکەن. لە سەردەمی ڕۆژهەڤبوونی شەڕەکەڵدا خاون کەڵ دوو کەڵیان بۆ شەڕەکەڵ بەخێو دەکرد و لە مەیدانێکی گەورەدا بە شەڕیان دەدان.

ئەو دوو کەڵەی بە شەڕ دەدران، تەوێڵیان دەخستە بەرانبەری یەکتر و شاخیان دەبەریەک دەبەزاندن و ئەگەر هەردوویان تین و توانایان وەک یەک بووایە، ئەوە چوار شاخیان بە چەشنیک دەبەریەک دەبەزین ئەگەر لە پشتەوەڕا دووکەڵیشیان لێ هەستابایە نەدەکشانەوە و ئەوکات کۆمەڵی هاندەرانیان دەکەوتنە ڕا و تەکبیر و سەری دوو گوریسی درێژیان دەکردە ئاڵقە و لە پشتەوەڕا بە جیا دەیانهاویشتە شاخی کەڵەکان و بە چل پەنجا کەس گوریسەکانیان بۆ دوولای دژ بەیەک ڕادەیکێشا و شاخی دەبەریەکبەزیوی کەڵەکانیان لەبەر یەک دەترازاند. دوای ئەوە دیار دەبوو کامە کەڵ ترسنۆکترە و کەڵی ترسنۆک دوای ڕەهابوونی شاخی لە شاخی کەڵەکەی دیکە، پشتی دەدا و دەستی بە هەڵاتن دەکرد و کەڵی دووهەمیش ئەگەر نەگیرابایە، وەک لایەنی سەرکەوتوو تەقڵەکوت دەکەوتە سەری.

ڕۆژانی سێزدەبەدەر و ٢١ی ڕەمەزانی ئەمساڵیش بە حوکمی چۆنیەتیی سووڕانی گۆی زەوی لە بۆشاییدا، وەک شاخی دوو کەڵی دەخاوگیراو واتە بە شێوەی تایبەت بەخێوکراو دەبەر یەکتر گیراون واتە تێکبەزیون.

ئاخوندانی چازان و لێزانی دۆخەکە لەبەر ئەوەی ژیانیان لە خۆهەڵواسین بە دین و خوڵقاندنی درۆی شاخدار هەوڵی خۆیان چڕ کردەوە و ئەوپەڕی توانایان بۆ لەبەریەکترازان خستە گەڕ.

دانیشتووانی جوغرافیای ئێران بەشی زۆریان بڕوایان بە ئیسلام و سێزدەبەدەر هەیە و ئەم دوو بۆنەیەش لەم چەند ساڵەی

دواییدا هەتا ئەمساڵ بەمجۆرە دەبەریەک نەبەزیون.

هەرچەندە دوو بۆنەی دەبەریەکبەزیوی سێزدەبەدەر و ٢١ی ڕەمەزان هەردووکیان لای دانیشتووانی ئێران خاوەنی جۆرێک لە تایبەتبوون و پیرۆزبوونن، بەڵام لەبەر ئەوەی سێزدەبەدەرەکە لە ٢١ەکە کۆنترە و لە دەستپێکردنی ژماردنیش ژمارەی ١٣ پێش ٢١ دێت، چاوەڕوان دەکرا چارەسەری ئەم دەبەریەکبەزینە هەر ١٣بەدەر خۆی بێت.

لەم بگرەوبەردەیەدا بەڕێز"لوتفوڵلا دژکام" نوێنەری ویلایەتی فەقیهـ لە پارێزگای فارس و ئیمامی هەینیی شاری شیراز گەڕایەوە سەر چارەسەری پشتبەستوو بە سێزدەبەدەر و پەنای بردە بەر درۆی ١٣ بەدەر یان درۆی یەکی نیسان. ئاغای دژکام لە کاتێکدا بەدرێژایی تەمەنی دەگەڵ هاوبیرانی خەریکی درۆکردنە، ئەمجارە ڕیکاری درۆکردنی پێشانی هاونێشتمانیان دا و شێوازی درۆی گۆڕی و لە درۆکردنی نێو جڤاکدا چەقی پێنەبست و کردییە درۆی دەروونی. کاکە لوتفوڵلا لەم نێوەدا فەرمووی لەبەر ئەوەی ٢١ی ڕەمەزانی ئەمساڵ دەگەڵ ڕۆژی سروشت و ١٣ بەدەر دەکەونە بەر یەک و ناموسوڵمانانیش ڕێز لە ئیمامی عەلی دەگرن وا باشە لە هیچ شوێنێک بێڕێزی بە ٢١ی ڕەمەزان نەکرێت و خەڵک بۆ ڕێوڕەسمی ١٣ بەدەر نەڕۆنە دەرەوە و لە ماڵەوە بمێننەوە.

نوێنەری ویلایەتی فەقیهـ لە پارێزگای فارس، بە فارسییەکی ڕەوان و بێگرێوگۆڵ گوتی: بۆ ئەوەی خەڵک دڵیان بۆ چوونە دەرەوە و بیر لە سێزدە بەدەر نەکورکێنێت، وا باشە هەموو کەس وا بە خۆیان بسەلمێنن لەم ڕۆژەدا باوکیان مردوە و شاییکردنی ڕۆژی ١٣بەدەریان لە بیر بچێتەوە.

گرینگایەتیی ئەم فەرمایشەی ئیمام جومعەی شیراز لەمە دایە، ئەگەر هەموو کەس هەرچەند بە درۆش بێت وا بزانن باوکیان مردوە، هەرکەس لەماڵی خۆی چاوەڕوان دەبێت خەڵک بۆ سەرساخی بێنە ماڵی و هیچکەس بۆ هاودەردی دەربڕین دە گەڵ کەسی دیکە لە ماڵ دەرناکەوێت و لەبەر ئەوەی بابی هەموو لە یەک ڕۆژدا مردوە، هاتووچۆ کردن بۆ سەرەخۆشیش پەکی دەکەوێت.

لەم بیرۆکەی ماموستا دژکامدا درۆی سێزدەبەدەریش لە دۆخی درۆی ئاسایی دەردەچێت و دەبێت بە درۆی دەروونی و هەرکەس لە باڵ خۆیدا بە درۆ دەڵێت بابم مردوە. دیارە ئەوانی زووتر باوکیان کۆچیی دواییان کردووە، بەم مەرجەی جارێکی دیکە باوکیان زیندوو بکەنەوە دەتوانن بیانمرێنن و ئەمەش دەبێتە دوو درۆی دەروونی.


ئەم جۆرە درۆکردنە کێشەیەکی دیکەشی هەیە و ئەوکەسانەی خاوەنی منداڵ و نەوە و نەتیجەن، ئەوانی بە تەمەنن، هاوکات کوڕ و نەوەیان بە یەکەوە دەمرن و لە بچووکەکەشەوە یانی لە لای نەتیجەوە باوک و باپیرە و باپیرەگەورە لە ئان و ساتێکی سیزدەبەدەردا سەر دەنێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## هێرشی مووشەکیی ئێران ئامانجە سەرەکییەکەی ڕووشاند



هێزی بێڕکابەری سوپای پاسدارانی ئێران لە کۆتایی شەوی شەممە و چرکەی یەکەمی ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤ی کوردان هێرشێکی گەورە و مێژوویی و نازانم کێترێنی کردە سەر ئیسرائیل. گەورەیی و مێژووییبوونی ئەم هێرشە وەک مانۆڕی چەکوچۆڵ لەنێو ئێراندا بە هیچ جۆرێک نابێت گومانی لێبکرێت. هەرکەس گومان لە گەورەیی و مێژووییبوونی ئەم هێرشە بکات، بێ سێودوو لێکردن حوکمی بێدینبوونی دەدرێت و پێویستە وەک ئەوانە سەیری بکرێت بە هۆی فڕێدانی لەچکە و خواردنەوەی شەڕاب و داکۆکیکاری مافی ئایینی و بیروباوەڕی جودا و خوازیارانی ئازادی و مازادی بەرەو سێدارە دەبرێن.

بۆ ئەوەی بیسەلمێنین هێرشی ئێران بەرەو نازانم کوێ زۆر گەورە بووە، ئەوەندە بەسە ئاماژە بە لێدوانی گوتەبێژی دوژمن واتە لێدوانی "دانیال هاگاری"، گوتەبێژی سوپای ئسیرائیل بکەین. دانیال هاگاری دوای هێرشەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوە ئیسرائیل گوتی: ئێران زیاتر لە ١٧٠ "دوورەفڕە" (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان)، ٣٠ مووشەکی کرووز و ١٢٠ مووشەکی دوورهاوێژی بالستیکی لە جێوە هەڵداوە و ئەمەش گۆرانیی "لەجێوە هەی لەجێوە"ی بیر هێنایینەوە.

باشترە لەم نێوەندەدا وەک نێوبڕیش بێت، ئاوڕێکی کورت و سنووردار لەم "دانیال هاگاری"یە بدەینەوە و بۆ خوێنەر دەریب

خەین ئەوەی جێگەی گومانە پاشناوی ئەم دانیالە واتا "هاگاری"یەکەیەتی. "دانیال" ناوێکی سەیرو سەمەرە نییە و زۆر کەسی دیکەش بە تایبەت لەنێو ئایینەکانی دیکەدا خاوەنی ئەم ناوەن. بەڵام کێشەی ئێمە دەگەڵ پاشناوی "هاگاری"یە. ئەم هاگارییە گومانی لێدەکرێت لەبنەڕەتدا "هەکاری" بوبێت و بەدووریشی مەزانن لە "هەکاری"ی باکووری کوردستانەوە چووبێتە ئێسرائیلی ئاوەدانکراو و لە وڵاتی جوولەکاندا پەروەردە کرابێتەوە. ئەگەر ئەم شیمانەیە ڕاست بێت، "ڕێژیمی سەهیۆنیستی" دوو جاران مەترسیدارە.

لێرەدا نێوبڕی سەبارەت بە "دانیال هەکاری" دادەخەین و ئەم بەشەیان لەمە زیاتر دوو لە ڕووی تۆی خوێنەر بۆ خوێنەرانی گەمژە شی ناکەینەوە.

بێگومان هێرشەکە زۆر گەورە بوو. ئەم دوورەفڕە و موشەکانەی لە نێوەند و خۆرئاوای ئێرانەوە هەڵدران و پانتاییەکی بەرینیان گرتەوە و لە دوو ئامانجی سەرەکیی ئامانجیی نێوخۆییان بەتەواوی پێکا و وەک جوولەکە دەڵێن لە کۆی ئەم سێسەد و نازانم چە فڕۆکە و مووشەکە تەنیا یەک لە سەدیان گەیشتوونەتە خاکی ئسیرائیل" ببوورن دەبوایە بڵێم "فەلەستینی داگیرکراو."

بۆ پێکانی ئامانجی نێوخۆیی دەکرێت بڵێین بەشی هەرەزۆری ئەم دوورەفڕە و مووشەکانە لە ناوچەی باڵەکایەتیی ئەودیو سنووری دەستکرد و دەشتی سەرسەوزی مەرگەوەڕی پارێزگای ورمێ و تەنانەت هێندێکیان لە شاری شیراز کەوتوونە و لەنێو مێشکی هاووڵاتیاندا ئامانجی سەرەکییان پێکاوە و زۆربەی دانیشتووانی ئێران هەستیان بە دەستەڵاتی زل و قەبەی کۆماری ئیسلامی کرد و تێیگەیاندن ئێران چەندە چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتووی هەیە و چۆن دەتوانێت ئاگربارانێک ساز بکات. ئەم شەوە بەهۆی گرموهۆڕی زۆرەوە خەوی هەموو لایەک زڕا و سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسیەوە. لەبەر ئەمەش بوو دوورەفڕە و مووشەکەکان بۆ هاویشتن لە زۆربەی شار و شارۆچکان دامەزرێندران و ئەوانەی دوای فڕاندن توانیان وەک مەلی تازە فێرەفڕین لە شەقەی باڵان بدەن و بگەنە بەرزایی، خۆیان بەگژ مووشەکی پاتریۆیت و هێزی بەرگریی فەرەنسە و ئامریکا و بریاتانیا و ئیسرائیل داکرد و بە تەقاندنەوەی خۆیان زیانێکی مادیی زۆریان بە مووشکی ئەم وڵاتانە گەیاند.

وەک نێوەندکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و تۆڕ و مۆڕی کۆمەڵایەتی لە زمان بەرپرسانی جوولەکەوە بڵاویان کردووەتەوە، لەم هێرشەی ئێران بۆ نێو خاکی ئیسرائیلدا بە مەبەستی پێشگیریکردن لە خەیانەت کچیکی ۷ ساڵانی موسوڵمان لەنێو دڵی خاکی جوولەکەدا پێکرا. ئەمەش پەیامێکی زۆر گەورەی بۆ خائینان پێبوو. پێکانی ئەم کچە بەرەچەڵەک موسوڵمانە لە لێکدانەوەیەکی سیاسیی زۆر قووڵدا پێمان دەڵێت کۆماری ئیسلامی دەست لەو موسوڵمانە منداڵانەش ناپارێزێت شیمانەی

ئەوەیان لێدکرێت دوای گەورەبوون ببن بە لایەنگری دوژمن و خەیانەت بە دین و ئایین بکەن؛ ئەمە پێی دەڵێن سزادانی خائینان.

پێشتر کۆماری ئیسلامی لە نزیک هەولێریش کچیکی دایک و باوک موسوڵمانی تەمەن ١١ مانگیی خاوەنی ناسنامەی هولەندیی پێکا و بە سزای خەیانەتی خۆی گەیاند. ئەم کچەش شیمانەی ئەوەی لێدەکرا دوای گەورە بوون ببێتە سەهیۆنیست و خەیانەت بە موسوڵمانان بکات.

بۆ تێگەیشتنی قووڵ قووڵ قووڵ یانی زۆر قووڵ لەم بابەتە پێویستە بگەڕێینەوە سەر ناوی "دانیال هاگاری" یان "دانیال هەکاری". خۆ ئەگەر دانیال، هەکاری بێت و ڕەچەڵەکی بۆ کوردان بگەڕێتەوە، هیچ گومانێک لە پێوەندیی نێوان کچە یازدە مانگییە مووشەکباران کراوەکەی هەولێر و کچە برینداراەکەی نێو خاکی ئیسرائیل و ئەو کچە سەقزییە ناکرێت دووساڵێک لەمەوبەر هەڵای گەورەی لە ئێران نایەوە و ئەوەی زۆر لە جوولەکە و ئەمریکا و هەموو دوژمنان مەترسیدارترە "ژن، ژیان، ئازادی" یە.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# زایەڵەی دروشمی "کرێکارانی جیهان یەکگرن"




ئەمساڵ کەمتر لە هەفتەیەک بەسەر ڕۆژی جیهانیی کرێکاراندا تێدەپەڕێت و جارێکی دیکەش ئەم ڕۆژەمان بە خێروخۆشی تێپەڕاند. لەم دواییانەدا بە دەرکەوتنی ئامێری میدیا و پێوەندیگرتن، بۆنە و ڕۆژانی گرینگ بە چەشنێک دەکەونە بەر باس و دەبنە بنێشتەخۆشکەی نێو دەم و ددانی میدیا هەر مەپرسن. لە نێو جۆرەکانی میدیاشدا تۆڕگەلی کۆمەڵایەتیی وەک "ماڵ بیلامانێ پەڕ" و فەیسبووک و ئینستاگرام و تیکتۆک و ئەم شتانە هەر مەپرسن. جودا لە دەوڵەت و دەستەڵات و حیزب و میزب و گرووپ و مرووپ و دەزگا و مەزگا و نێوەند و مێوەند و ڕووناکبیر و مووناکبیر و شتی ئا لەم بابەتە، خەڵکی ئاسایی و سڤیل و ناسڤیل و ڕەشۆک و مەشۆکیش، هەر کامەیان لەبەرخۆیانەوە لە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی چەند نەقیزەیەک دە مۆبایل یان کامپیوتیرەکەیان دەکوتن و بەوێدا چەند لەت و سواڵەتێک دەخەنە سەر خەرمانی پێداهەڵدان و لێدوان و مێدوانی کۆنبووی سەبارەت بە ڕۆژانی گرینگ و مێژوویی.

خوا نەکات ساڵڕۆژی لەدایکبوونی گەورە کەسایەتییەکی باش یان خراپ و جەژنێکی کۆمەڵە کەسانێک و یان ڕووداوێکی سرووشتی بێت. ئەوکاتە لە سەروخواری کۆمەڵگەوە دەست دەکرێت بە ڕەنگاندن و نەخشاندنی تۆڕی بەربەرینی کۆمەڵایەتی و هەر پێت دەکرێت وێنە و گرافیک و لێدوان و دەقی هەمەچەشن بە زمانی جۆراوجۆر لەبەر یەکتر ڕابگری و لەعنەت و ڕەحمەتان بۆ دانەرانیان بە دوای یەکدا هەر بەوێدا تەنیا بە جووڵاندنی یەک دوو پەنجەی دەستان ڕەوانە بکەی و تۆش

بەرەو دەریای هەراو و بێبەستێنی دنیای مەجازی خۆت تووڕ هەڵدەی و پشت بکەیە ڕاستەقانی و لەنێو ئەم دەریا پڕ لە ڕاستگۆیی و درۆ و دەلەسەیە دەست بە مەلەباسکە و مەلە بۆقە بکەی. دیارە پەنجەبازیی سەر ئەم تەختەکلیلەی ئێستا بەندەی موخلیستان دەیکات، ئەویش بەشێکە لە بیلامانێ ئەو پرۆژەی دەریا بێبنەی داگیری کردووین.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بۆنە و یادان، وەک هەمووتان دەزانن هێندێکیان لەوانی دیکە خۆشترن. یادی لەدەستدانی خۆشەویستان زۆر لە جەژنی نەورۆز و قوربان و ڕەمەزان و کوڵە چوارشەممە سۆر ناخۆشترە. بەڵام لەنێو ئەوانی خۆشیشدا هێندێکیان خۆشترن.

دیارە هەموویان بۆ خاوەنی مێدیا و دامودەزگای ڕاگەیاندن هەر خۆشن و لاپەڕەی پەڕگە و ڕۆژنامە و کاتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنان پڕدەکەنەوە. بەڵام قسەی خۆمان بێت و لەنێو خۆمان دەرنەچێت و هەر من و تۆی خوێنەر بزانین، بۆ ژنان و پیاوان لە جیهانی سێهەمی ئێمەدا هیچکام لەم بۆنە و یادانە ناگەنە ٨ی مارس. لەم ڕۆژەدا ژنان و پیاوان یەک دەنگن و هەر دوولایان بە ژنان هەڵدەڵێن. تەنانەت پیاوانی ژنکوژ و کچکوژ و دایککوژیش دەسڕۆکەی سەرچۆپیی گەڕی شایی ڕۆژی ٨ هەشتی مارس دانانێن.

ڕۆژی کرێکارەکەی خۆشمان ئەوەندی لە ٨ی مارس کەمتر نییە. لەم ڕۆژەدا سەرۆک و بنۆک و وەزیر و گزیری وڵاتان دەست بە پێداهەڵدان بە شان و باهۆی کرێکاران دەکەن و لە سەر ئاسانکاری و ڕێکخستنی بژێوی ژیان و تێر و تەسەلکردنی ئەندامانی خێزانی کرێکاران دەیکەن بە شەڕە ڕاگەیەندراو و لێدوانێک، لەم نێوەدا سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە.

لەم ڕۆژەدا کۆنەچەپ و ڕێکخراو و سەندیکای کرێکاران دۆخەکە بە هی خۆیان دەزانن و هەست دەکەن خانەخوێی هەموو ئەو کەسانەن ئەم یادە دەکەنەوە. ئەوانی بە تەمەنیان، بایەک داوێنە بەرچینڵەیان و مێژووی دەیان ساڵ چالاکیی کرێکاری لەنێو گۆپیاندا کۆ دەکەنەوە و بە کارگە و باڵەخانە بەرزەکانیدا دەپرژێنن و ئەگەر کرێکارانی زەحمەتکێش خۆی لەبەر لانەدەن ڕەنگە لە سەر ئەسکەلەی باڵەخانەی ناتەواو بکەونە خوارەوە یان دەستان بکەوێتە بە مەنگەنەی ئامێری گارگان و دیسان هەواڵێک ببێتە بێشتەخۆشکەی مێدیای نێوخۆ و جیهانی.

لەم ڕۆژەدا دروشمی "کرێکارانی جیهان یەک گرن" لە هەموو دروشمان بەوەجترە. ئەمە لەکاتێکدایە داواکاریی یەکەم ڕۆژی جیهانیی کرێکاران لە سەد و سی و حەوت ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئێستا بەدینەهاتووە و زۆربەی هەر زۆری کرێکارانی جیهان هەروا هەوڵ دەدەن ماوەی کارکردنیان لە ٢٤ کاتژمێردا تەنیا ٨ ڕۆژ بێت.

بەشێکی زۆری ئێمەی کوردیش پشتمان کردووەتە دروشمی رزگاریی نەتەوە و بەوپەڕی خوێنگەرمییەوە دروشمی "کرێکارانی جیهان یەک گرن" دەڵێینەوە و لە دەستمان نایەت کرێکارانی پەرش و بڵاوی وڵاتێکی وەک ئێرانیش لە دەوری ئەم دروشمە کۆ بکەینەوە. لە ماوەی ئەم چل پەنجا ساڵەی ڕابردوودا هەر ئێمە ئەم دروشمە دەڵێینەوە و کرێکارانی "فووڵادی موبارەکەی ئیسفەهان" و "کۆمپانیای مینۆی ئەبهەر" و "کۆنسێرڤی چینچنی خوراسانی ڕەزەوی" و "نەیشکەری جنووب" و ئەوانی دیکەش بەشی هەرە بەرچاویان دەبن بە بەسیج و بەگژ کرێکارانی ئەویش و هەموو میلەتی کورددا دەچنەوە. دێن لە کوردستان فیشکان دەتەقێنن و گوللە بە تاریکییەوە دەنێن و دڕۆنەوە لەوێ خۆیانی پێ خانەنشین دەکەن و هەتا کۆتایی ژیانیان لە تەڕی دەخۆن و لە وشکی دەخەون. بەڵام ئێمە وەک نیوە هوشیاران دروشمەکەمان لەسەر دەمە و دەڵێینەوە: "کرێکارانی جیهان یەکگرن."

۱۷ی بانەمەڕی ۲۷۲٤

# کاتێک ئیمام جومعە و شتی دیکە کاتین



ئیمام جومعە لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان دوو جۆرن و ئیمام جومعەی خۆرهەڵاتیش بە سەر دوو جۆری دیکەدا دابەش دەبن.

لە نیزامی موقەدەسی کۆماری ئیسلامیدا لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئیمام جومعەی شاران بە فەرمانی دونـدی دەسـتەڵاتی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکرێن و هی گوندۆکانیش لەبەرانبەر وەرگرتنی زەکات و بەرات لە خەڵکی ئیماندار و هێندێک جار بێئێمانیش، لە مزگەوتان خەڵکەکە بەرەو دینداری نێریکێش دکەن.

ئیمام جومعانی خۆرهەڵاتی کوردستان، زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی گوندان بەشی زۆری ئەوانەی شارانیش ئەوەنـدە دڵیـان بە دەستەڵات خۆش نییە و لە ئاکامدا بێ سێودوو لێکردن دەبێت بڵێین پیاوی باشن. بۆیە دەڵێم پیاوی باش، دوو لە ڕووی فیمێنیستان و پەرژینێکی بەگوڵ لەنێوان من و ژنانی یەکسانیخواز دابێت، لە هەردوو بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش تاقە یەک ژن وەک دەڵێن بۆ دەرمانیش بۆی نییە ببێتە ئیمام جومعە. لەبەر ئەوەی ژن زەعیفۆکەیە و لە هەمان کاتیشدا مێینەیە، ئەو ئیزنەی پێنادرێت خەڵک بە هەر ئامانجێک و بەرەو هەر شوێنێک نێریکێش بکات.

جیاوازیی سەرەکیی نێوان دوو کۆمەڵە ئیمام جومعەی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش لەوەدایە ئەوانی خۆرهەڵات هەمیشەیی و ئەوانەی ئێران زۆربەیان کاتین. ئەمەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ئێران کێشەی مرشتەبوون و کەوتنە سەریەک و ئاوسانی ژمارەی ئیمام جومعان هەیە، بەڵکوو دەستەواژەی ئیمام جومعە لە دوو وشەی "ئیمام" و "جومعە" پێکهاتووە. لە ئێرانیش هیچ کەسێک بۆی نیە پێ بخاتە پێڵاوی ئیمامەوە و تەنیا یەک ئیمامان هەیە و ئەوانی دیکە کاتین.

لەم بابەتەدا ئێمە لەبەر ئەوەی بەشێک لە ئیمام جومعەکانی کوردستان باشن گلەیی و گازندەمان لە ئیمامانی جومعەی هەمیشەیی کوردستان کەمترە، رووی قسەمان لەگەڵ ئەواندا نیە و لەنێوان ئەوان و ئیمام جومعەی کاتیی شارەکانی ئێران پەرژینی بە گوڵ و ڕیحان دادەنێین و ئیزن نادەین بۆن و بەرامەشیان تێکەڵی یەکتر ببێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئیمام جومعەی کاتی و لە حەقیش لا نەدەین ئەم کاتیبوونە زۆر شتێکی باشە. بۆ نموونە ئەم کاکە کازمەی خۆمان لە تاران ئیمام جومعەی کاتییە. مەبستم کازم سدیقیە، بەشێکی خەڵک ئەوەندە بوختانیان پێ کرد، هەتا بوختانەکە وەڕاست نەگەڕا لە دوای نەبوونەوە.

مامۆستا کازم ئیمام جومعەی تارانە و لە تارانیش کۆمەڵێک ئیمام جومعەی کاتیی دیکە هەن، بۆ وێنە ئەحمەد خاتەمی یەکێک لەو ئیمام جومعە کاتییانەیە ئەگەر دەست بە خوتبەی هەینی دەکات، زەوی و ئاسمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بۆ هەموو جورە پرسیارێکی زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاییني وڵامێکی کۆنکرێتی پێیە. ئیمام جومعەیی هەمیشەیی تارانیش ئێران و تووران و ڕیبەری هەموو جیهانە و پشتی خاتەمی دەگرێت و کەس ناتوانێت گومان بخاتە سەر وەڵامەکەی و پێی بڵێت پشت ئەم چاوە قووڵانەت برۆیە.  بۆ وێنە ئەگەر جارێک بێتە سەر مینبەر و بڵێت کازم سدیقی ئیمام جومعە کاتییەکەی دیکە زەویی لە گرانترین شوێنی باکووری تاران نەدزیوە و گەندەڵیی نەکردوە، هەتا ماوەیەکی باش و بە شێوەیەکی کاتی ئاو بە ئاگردا دەکرێت.

دیارە باکووری تاران شوێنی دەوڵەمەندانە و لەوێ بە شێوەی کاتی و هەمیشەیی باس لە پارەی زۆر و زەویی و زاری بەنرخ دەکرێت. بەڵام لەو شاری "وەرامین"ەی ئێستا کەوتووەتە باشووری تاران، هەفتەیەک لەمەوبەر ئیمام جومعەی کاتیی ئەوێ ئاوێکی ساردی بە هۆشی دەسکرد و دۆزینەوەی هەساران و دەکارکردنی وەزی پاک و ئەم شتانەدا کرد و ڕۆیشتە سەر مەبەستێکی کاتیی زۆر گرینگ و لە خوتبەکەیدا فەرمووی هەندێک لە ژنان و کچان پارەیەکی زۆر دەکەنە تێچووی ڕێکخستنی دەموچاو و خۆجوانکردن و چاندنەوەی نێنۆک و نەشتەرگەریی لووت و ئەم بەزم و ڕەزمانە و قورساییەکی زۆری

ئابووری دەخەنە سەر هاوسەرانیان و لە زۆر بوارانداگوناهبار دەبن و تەناتەت زیان بە جەستەی خۆشیان دەگەیەنن.

حوجەتولئیسلام "سەید موحسین مەحموودی" کە ئەویش وەک کاک ئەحمەد خاتەمی سەیدە، لە خوتەبەکەیدا هەم لە ناڵی دا و هەم لە بزمار. ئەو چەکوشەی دایوەشاندە بزمار ئەمە بوو گوتی، ئەو دایک و باوکانەی خوا کچی پێداون پێویستە ڕێز لە ئەم چاکەیەی خوا بگرن و چاکەی هەبوونی کچ زۆر بەرزە و پێچەوانەی بیرۆکەی خۆرئاواییەکان ڕوانین بۆ کچ و ژن لە ئیسلامدا ڕوانینێکی شەهوەتاوی نییە.


ئیمام جومعەی وەرامین دەڵێت نابێت کچان و ژنانی ئێمە لاسایی خەڵکی وڵاتانی خۆرئاوا بکەنەوە و چاندنەوەی نینۆک و نەشتگەری لووت و سوورکردنی لێویان لێ فێر بن. ئەگەر بە شێوەیەکی کاتییش بێت، ئەم ئیمام جومعەیە باشی بۆ چووە و لە بنەڕەتدا زۆر باش لە بابەتەکان گەیشتوە. ئەو باش دەزانێت دوو گەڕەکی زۆر جودای "وەرامین" و "لەواسان" لە تاران چەندە لە یەکتر جودان. لەنێو هەوای پاک و بێگەردی لەواسان لەسەر ئەم زەوییە جوانە ڕوخسار و ڕازاندنەوەی دەموچاوی ژنان لە بەرەبەیانەوە هەتا ئێوارە تۆزی لێ نانیشت و لەلای وەرامین و قەرچەک ڕۆژانە ژنان بە دەم و چاو شوشتن و نوێکردنەوەی ڕێکخستنی دەموچاو ڕاناگەن و ئەنجامی هاوبەشی ڕێکخستنەوەی ڕووخساریش لەوێ وەک ئەرکی ئیمام جومعایەتی کاتییە.

٢ی جۆزەردان ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بیڵێم بیڵێمیش توانا و بڕشتی جارانی نەماوە




کەوتنەخوارەی باڵەفڕەکەی هەڵگری ئیبراهیم ڕەئیسی لە پێوەندیگەلی نێوخۆیی و دەرەوەی ئێران گۆڕانێکی بەرچاوی لێ کەوتەوە و لەمەودوا نە ڕەئیسی ڕەئیسیی جارانە و نە سەرۆککۆماریش سەرۆککۆماری جاران دەبێت.

تەنیا باڵەفڕێکی کەوتوو دۆخێکی وای خوڵقاند، لافاوی پەیام و هاوسۆزی بۆ دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە ئاستێک ئەوەندەی نەمابوو حیزب و ڕێکخراوی دژ بە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی و "موعاندان" و "موفسیدان فیالارض"یش دڵیان نەرم بێت و ڕەحمیان ببزوێت و هەستی مرۆڤدوستان ئەوەندە ببێتەوە هیچ، ئەوانیش پەیامی هاوخەمی بۆ دەستەڵاتدارانی ئێران بنێرن. (دارسمە لەبەر ئەوەی بە "بالگەرد" دەڵێت "باڵەفڕ" و بە "هەواپەیما" دەڵێت "فڕۆکە"، داوای لێبوردن لە هەموو ئەو خوێنەرانە دەکات دڵیان بۆ خزمەت بە زمانی کوردی دەکورکێنێت.)

لە نێو دەر و دراوسێیاندا جگە لە ڕێکخراوی نێو وڵاتانی هیلالی شیعە (ئەوەی ڕەنگە ئێوە پێی بڵێن بەرەی خۆڕاگری)، کۆنە نەیارانی وەک سعوودیە و معوودیەش لە ناردنی پەیام خۆیان نەپاراست. لە ئاستی دەر و دراوسێیانیشدا، دۆخەکە بەمەوە نەوستا، لە نێویاندا ڕووسیا تورکیا بەرچێلەی خۆیان هەڵمساند و بە هۆی ئەم هەڵمساندنی بەرچێڵەیەوە سنگیان ڕەپێش خست و سەریان بەرز ڕاگرت و دەستیان بە پێداهەڵگوتن بە خۆیاندا کرد. تورکیە نەخشەی سەرکەوتووانەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "بەیرەکدار"ی بڵاو کردەوە و پیشانی دا چۆن فڕۆکەکەیان هاوکات لەگەڵ باکوت و کرێوەدا و لە درەنگانی

شەوی تاریک و ئەنگوستەچاودا خۆی گەیاندووەتە بەرزاییەکانی ئازەربایجان و شوێنی تەرمی سەرۆککۆماری لێکەوتوو و هاوڕێیانی دەستنیشان کردووە و سەرکەوتووانە گەڕاوەتەوە "وان". ئەم "وانە" زۆر گرینگە، ڕەنگە هەر لەبەر گرنگیی شاری وان بێت، "وان"ێ ئەوەندە لە زاراوەی سلێمانیدا دەگوترێتەوە.

سەرۆککۆماری ڕووسیەش چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە شاری مینسک لە تەنیشت سەرۆککۆماری بیلاڕووسدا بە فیز و ئیفادەوە گوتی: دوو باڵەفەڕی هەڵگری یاوەرانی ڕێیسی ڕووسی بوون و ئەوەی ڕەیسیی هەڵگرتبوو ئەمریکایی بوو. لە یەک کات و شوێندا ئەوانەی ئیمە سەرکەوتووانە تێپەڕین و ئەوەی ئەمریکا نەیتوانی دەربچێت.

دیارە ئیسرائیل هەر زۆر بەزوویی بەرلەوەی باڵەفڕی هەڵگری ڕێیسی بدۆزریتەوە، دەستی بە سوێند خواردن کرد و گوتی گومانی تێدا نییە ڕووداوەکە بە دڵمانە، بەڵام ئێمە دەستمان لەم ڕووداودا نەبووە.

لە نێوخۆی ئێرانیش بەرپرسانی باڵا لە دەربڕینی وشەیەکدا گوێیان نەدایە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییش. خامنەیی مردنی ڕەئیسیی بە مردنێکی "شەهید ئاسا" واتا وەک شەهید (شهادتگونه) ناوبرد، بەڵام ئەوانی دیکە پاشگری "ئاسا"ییان لەم "شەهید"ـە کردەوە.

دوای ناشتنی ڕێیسی، هەرچی لەمبارەیە بگوترێت وەک سەگوەڕی پاش گورگە. گورگەکە هەرچییەک یان هەر کەسێک بێت، تازە کاری خۆیی کردوە. دیارە دایکی ئاغای ڕێیسیش تووک و دوعای لە گورگە کرد و گوتی جگە لە خوا هەرکەسێک دەستی لە کوشتنی کوڕی مندا هەبووە، خوا تۆڵەی بستێنێتەوە.

ئێستا خێڵی کۆنەپارێز و بەناو ڕیفۆرمخوازان بۆ بەربژێربوون بۆ پۆستی سەرۆککۆماری بەرەو وەزارەتی نێوخۆ بەڕێ کەوتوون.
جاری جاران ئەگەر کۆلکەی ئەستووری بنی درەختێکی کۆن (درەخت نەک دار، چوونکە درەخت داری تەڕی بەر لە بڕینە) نێوەکەی مۆریانە لێی دەدا و هەڵۆڵ و کلۆر دەبوو پێیان دەگوت داری گەندەڵ. کۆماری ئیسلامییش وەک ئەو دارە لق و گەڵاکانی سەوز دیارن، بەڵام کۆنەپارێز ڕیفۆرمخوازان لە نێو کۆلکەیدا کلۆریان کردوە.

**ئەوی لێرەدا سەرنجڕاکێشە، بەشداریکردنی مەحموود ئەحمەدینەژاد لەم هەڵبژاردنەدایە.**

بەشی دووهەم

ئەم ئەحمەدینـژادە ١٥ سـاڵ لەمەوبەر لە "مشـتومڕ و دەمەقـاڵە" (منـاظرە)یەکی تەلەفزیونیـدا ڕوو بە میرحوسێن مووسـەوی دوای چەنـد جـاران " بیلێم بیلێم" دۆسییەیەکی هاوسەری مووسـەوی بەرز کـردەوە و بـاسی گەنـدەڵییەکانی کـرد. ئەم بیلێم بیلمە لەوساوە خەریکە دەبێت بە واژەیەکی سیاسی، بەڵام ئەگەر ئەحمەدینژاد یان هەرکەسێک ڕێبـازی "بیلێم بێلم" بگرێتە بەر و پاش ئەم  هەموو شوێنەواردزین و ئەم هەموو دۆسیە ئاشکرا و شاراوانەی وەک دۆسییەکانی "چـایی تفت"، " نەفتی محەممەد موخبر"، "سیسمۆنیی گەیتی لاریجـانی"، "گەنـدەڵیی ٩٢ هەزار میلیـارد تـومەنی فـوولادی موبـارەکە"، " بێسەروشوێن بـوونی ٢٠ هەزار میلیـارد تـومەن ئەو کـاتەی محەممەدبـاقر قالیبـاف شـارەدار بـوو"، " بێسەشـوێنبوونی دەکەلە نەوتییەکەی ئەحمەدینژاد" و "زەوی خواردنی ئیمام جومعە سدیقی"، بڵێی ئەحمەدینەژاد یـان ئەوانـی دیکە توانـا و تـاقەتی ئەم هەموو بیلێم بیلەمەیان هەبێت؟ دیارە هەرکەس بیلێت شیش و کەبـاب بەیەکەوە دەسووتێنێت. جـا ئەگەر شیش نەمێنیت، هیچمـان نابێت کەبابی  پێوە بوەستێت.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# بژی تێرۆریزمی جیهانی و بمرێت تێرۆریزمی نێودەوڵەتی



تۆقاندن و ترساندن لە زمانی کوردیدا نزیکترین مانای "تێرۆریزم"ـە. ئەم تۆقاندنە لە ڕواڵەتدا خۆی لە ڕەشبگیر و تەقاندنەوە و کوشتوبڕ و شتی لەم جۆرەدا دەنوێنێت. "تێرۆریزم" لە هەمان کاتدا مانایەکی قورس و قایم و وەک دەڵێن کۆنکرێت و تەکووز و پتەو لە خۆیەوە بە دەستەوە نادات، بەڵام هەتا بڵێی لووس و ساف و نەرم و شلک و ناسکۆڵەیە. ئەگەر وابێت، ئەم وشەیە لە کاتێکدا پیس و قێزەون دەنوێنیت، خۆش و نەرم و ڕەوانیشە.

تێرۆریستیش بەو ڕێکخراو و کەسانە دەگوترێت کاری تێرۆر یان پێشاژۆ و پرۆسەی تێرۆر جێبەجێ دەکەن. تێرۆریزم تەنیا بە تەقاندنەوە و کوشتوبڕ و کۆمەڵکوژیی و ئازاردانی جەستەیی ناگوترێت، بەڵکوو تێرۆری بیر و ئەندێشەش هەیە. دوو جۆری تێرۆری جەستە و تێرۆری ئەندێشە چەک و کەرەستەی ئەنجامدانیان جودان. بۆ وێنە کەس ناتوانێت بە بۆمب و نارنجۆک و مارنجۆک و دەمانچەی بێدەنگ و شتی لەم جۆرە بیر یان ئەندێشە تێرۆر بکات.

خودی ئەندێشەش وەک وشەی تێرۆریزم لووس و خزۆک و نەرم و نیانە و بەزەحمەت دەنێو چەنگی لایەنگرانی بیر و باوەڕێکی تایبەتدا ئارام دەگرێت و بەردەوام بە نێوان تبل و قامک و پەنجاندا دەچۆڕێتەوە و ئەوەی بە چەنگ گرتویەتی

و گوشیوەتی، دەست لە هەرامە درێژتر دەمێنیتەوە.

کاتێک تێرۆریزم و ئەندێشە خۆیان لە چوارچێوەی دەستەواژەیەکدا دەبیننەوە، قووناویان* شتێکی وای لەبەر دەڕوات، هەر بۆ ئەوە دەبێت پێی پێبکەنی و بینەری لە ئێمەمانان وشیارتر لە بەر پێکەنین وەک منداڵی ساوا خۆی دەبەزێنێت* و دەکەوێتە ژانەسک.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر سرنج بدەنە ئەم چەند ڕستەیەی خوارەوە:

"دوژمنانی ئیسلام و ئێران بە دوای تێرۆرکردنی دەستەبژێرانی ئێمەوەن، بەڵام مەترسیدارتر لە کوشتن و تێرۆری دەستەبژێران، تێرۆری ئەندێشە و پێوەبوونی دەستەبژێران بە داوی بەرنامەی دوژمنانەوە".

بۆ لێکدانەوەی ئەم فەرمایشتەی سەرەوە، چۆن دوو وشەی تێرۆریزم و ئەندێشەمان لێکدایەوە، پێویستە ئاوڕێکیش لە وشەی "دەستەبژێر" بدەینەوە. دەستەبژێر لێرەدا بە مانای "نوخبە" یان "سەرتۆپ" هاتووە. پێویستە بڵێین "دەستەبژێر"یش وەک تێرۆریزم و "ئەندێشە" لیچق و لووس و نەرم و خزۆکە. مرۆڤی دەستەبژێریش زۆرن و بەسەر چەند جۆری "سەربازی و چەکداری"، "سیاسی" و "ئەدەبی" و هی دیکەدا دابەش دەکرێن. لە پاراگرافی ئەولاتری ئەم پاراگرافەی سەرەوەدا، ئەوەی خراوەتە بەر باس دەستەبژێرانی باشن و زیاتر کەسانی "پێگەیشتوو" و "تێگەیشتوو "بیرمەند" دەگرێتەوە.

تێرۆری ئەندێشەش شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە و ئەم جۆرە ڕووداوە تێرۆریستییە نابێتە هۆی کوژرانی کەسی تێرۆرکراو. جا لەبەر ئەمە هیچ بەدووری مەزانن ئەوەی لە ڕووی ئەندێشەوە دەکەوێتە بەر ئەمجۆرە هێرشە تێرۆریستیانەیە، دەگەڵ تێرۆریستەکە هاودەستە بە جۆرێک کلکیان لێک هاڵاندووە.

ئەم دووەی ئەوا کلکیان لێکهاڵاندووە، دەگەڵ تێرۆریستێکی دیکەدا دەکەونە بەریەک و ئەویش تێرۆریزمی دەوڵەتییە و لەلایەن دەوڵەت و دەستەڵاتدارانەوە دەستی لە شان و پشتان دەدرێت. لێرەدا بۆ ئەوەی لێمان تێکەڵ نەبێت، هەتا کۆتایی ئەم چەند دێڕەی خوارەوە وشەی بیرمەند بۆ تێرۆریزمی یەکەم قەرز دەکەین و بەوەی دەوڵەتییەکەش دەڵێین تێرۆریزم. ئەمە بۆچوونی ئێمەیە و ئەوانەی لایەنگری تێرۆریزمی دەوڵەتیشن دەتوانن بە "بیرمەند"ـەکەی ئێمە بڵێن تێرۆریست و ناوێکی خۆشتری بە دڵی خۆیانی وەک "ڕەزمەندە"، "حاکمیشەرع"، "پەیڕەوی خەتی نازانم کێ" و تەنانەت "دیپلۆمات"یش بۆ تێرۆرستەکەی خۆیان دابنێن.

ئەوانەی لە سەرەوە دوو ناوی "بیرمەند" و "تیرۆریست"مان بۆ دانان تەنیا یەک خاڵی هاوبەشیان هەیە. هەم بیرمەند و هەم تیرۆریزم دوو دیاردە یان دوو شتی جیهانی و نێودەوڵەتین. بیرمەندی جیهانی و تیرۆریستی نێودەوڵەتیمان هەن. بیرمەندان لە بەرئەوەی بەشێکی بەرچاویان هەر برِوایان بەم دەوڵەت و مەوڵەتە بە تایبەتی ئەوەی ئێستا نییە، جیهانین و بۆ تیرۆریزمی نێودەوڵەتییش دەتوانین بۆ ساڵانی رابردوو باس لە ئوتریش و نازانم کام وڵاتی دیکە و بۆ چەند رۆژی رابردووش دەکرێت باس لە سوید و هەمان نازانم کوێ لە دوو کات و زەمنی جودادا بکەین.

بیرمەندانیش جیهانین. جیاوازیی سەرەکیشیان ئەمەیە تیرۆریستانی نێودەوڵەتی سەر بەدەستەڵاتدارانن و دەستەڵاتداران لەسەر هەڵمەتەکانیان رێک دەکەون و هەرچی بیرمەندانیشن بێئەوەی دەگەڵ دەوڵەت ومەوڵەتان رێک بکەون خەریکی کاروباری خۆیانن.

جیاوازییەکی دیکەش ئەمەیە، تیرۆریستی نێودەوڵەتی، ئەوەی تیرۆری دەکات لە نێوی دەبات و بۆ هەمیشە دەمرێت. بەڵام تیرۆریستی جیهانی هەر کەسێک تیرۆر بکات، تەمەنی درێژ دەبێتەوە و دەردە تیرۆریزم لە تیرۆریستەکە دەگرێتەوە و وەک پەتا بەنێو بیرمەندانی دیکەدا بڵاوی دەکاتەوە.

ئەگەر وابێت بژێیت تیرۆریزمی جیهانی و بمرێت تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.

کەونە وشە و دەستەواژەی تێرۆرکراو:

قووناو: ئەو ئاوەی دوای ئاوداشت لەبەر باغ و بێستان و کرداری دیکە دەچێت و دەکرێت لە زەوییەکانی خوارووتر هەندیک زەوی و زاری دیکەی پێ ئاو بدرێت.

خۆبەزاندن: میز بەخۆداکردنی منداڵ. منداڵێک لە بێئاگاییدا میز بەخۆیدا بکات، دەڵێن خۆی بەزاندوە.

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## هەی بە هەرمێ بە هەرمێ، دەچم هەرمێت بۆ دێنم



**دو چەمکی "مێدیا" و "ڕاگەیاندن" وەک دووانەیەکن لە شانان، بۆ خوارەوەیان بەیەکەوە نووساوە و سەر و دەستیان جودایە. بەڵام سەر و پۆتەڕاکی "ڕاگەیاندن" زۆر لە هی مێدیا زەبەلاحترە. ئەگەر ڕووبەڕوو سەیری هەردووکیان بکەی، هەردوویان دەبینی، بەڵام چاوێک زۆر وردبین نەبێت ناتوانێت هێندێک شت ببینێت.**

**بۆ ئەوەی ئەم دووە لە یەکتر جودا بکەینەوە، سەیری ئەم دوو "سەردێڕ" یان "مانشێت"ەی دوو هەواڵی خوارە بکەن. یەکیان بەرهەمی مێدیایە و ئەوەی دیکەیان هی ڕاگەیاندن.**

**١- کوژران و بریندار بوونی ١٠ کۆڵبەر لە ماوەی مانگی ژوئەنی ٢٠٢٤**
**٢- لە کێشەی کۆڵبەران، خانەنشیان، فەرمانبەران، پارسانان و کرێکارن دەپرسینەوە**

**لێرەدا تەنیا و تەنیا دەمانهەوێت جودایی مێدیا و ڕاگەیاندنتان بۆ لێکبدەینەوە. ئەگەر مەبەستم شتی لەمە زیاتر بێت. ڕەببی مووم لە چەقەنەی ڕدێنی بێت. نانا ڕدێن نا مووم لە پشتی لێوی سەرەوە بێت. ئەویش نە موویەک و نە دوو موو و**



سەرچاوە
Serchawe

نە سێ موو... پشتی لێوی سەرەوەم ئەگەر من هەڵە نەبم پاش ئەوەی مووی زۆری لێدێت ناوی دەنێن سمێڵ. سمێڵش هەر لە یارسان و کاکەییان جوانە. ئەو مووانە ئەوندە جوان و چینچین دەکەونە سەریەک، هەر جوانە بە شانەی ورد دایان بهێنی. کێشەی ئەم سمێڵانەش تەنیا کاتی فڕکردنی ماستاو دروست دەبێت. کاتێک ماستاو سەر بە قەزوان بێت و گوڵ و شویتی لەسەر بێت، سمێڵی یارسانان بەر بە فڕکردنی قەزوان و گوڵ و شویتەکە دەگرێت و تەنیا ماستاوەکە بە سادەیی بە هەناواندا دەچێت.

ئێستا ئەم پێشاندانەی دۆخی سمێڵە بە کاری مێدیایی دەناسرێت. ئەم چەند رستەیەی سەرەوە دۆخی سمێڵمان بێ لایەنگریکردن و دژایەتیکردن پێ نیشان دەدات و ڕاستەوخۆ پێمان ناڵێت سمێڵ باشە یان خراپە، بەڵام بە جۆرێکی ڕانەگەیەندراو دەڵێت سمێلت بێت لە بەشێک لە سەرتوێژی ماستاو بێبەش دەبی. دیارە بە درێژایی ساڵ و زەمانان ماستاوکردنیش وەک پیشەیەکی سەرکەوتوو و بە سوودی ماستاوکەران هەر بەردەوام بووە.

هەواڵی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانیش هەر ئەوایە و ناڵێت ئەم کوژران و بریندابوونە باش یان خراپە. بەڵام باشنەبوونی کوژرانی کۆڵبەران لە هەناوی هەواڵەکەدا خۆی حەشار داوە. زۆر سەیرە باشی و خراپیش دەتوانیت لە هەناوی هەواڵ و لێدوانانداا خۆی حەشار بدات، یانی باشی و خراپیش گەمەی چاوشارکێ دەزانن.

سەرنج بدنە ئەم سەربەندی گۆرانیەی دەڵێت: "هەی بە هەرمێ، بە هەرمێ، دەچم هەرمێت بۆ دێنم / لە تاران و تەورێزان کراسی کرێمت بۆ دێنم". هیچ گومانی تێدا نیە ئەمەیان هەواڵ نییە و ڕاگەیاندنە و ڕاگەیاندنێکی ناڕاستیشە. بۆیە گوتم ناڕاست، هەتا دوو لە ڕووی ئێوە و پەرژێنی بەگوڵی لە دەورە بێت، نامهەوێت وشەی "درۆ"م بە دەمدا بێت. ئەم بە هەرمێ بە هەرمێیە نەک هەر لە کاری مێدیایی بەدوورە و ڕاگەیاندنە، بەڵکوو لە نێو ڕاگەیاندنیشدا بەلای "بانگەشە"دا دەشکێتەوە. بۆ زیاتر تێگەیاندن پێویستە "بە هەرمێ، بە هەرمێیەکە" زیاتر شی بکرێتەوە.

مەبەستی دەستەواژەی "هەی بە هەرمێ، بە هەرمێ" زۆر ئاشکرایە و بێژەر خەریکە بە هەرمێ، تەماح بخاتە بەرمان و فریومان بدات. ئەی ئەوە نییە یەکسەر دوای بە هەرمێ بە هەرمێیەکە دەڵێت دەچم هەرمێت بۆ دێنم؟ خۆی خێرا لە بەڵێنییەکەی پاشگەز دەبێتەوە یان بەڵێنییەکەی لە هەرمێوە بۆ کراسی کرێم دەگۆڕێت و دەڵێت لە تاران و تەورێز بۆتان دێنم.

لە کاری هەواڵنێریدا مێدیا بێلایەنانە باسی ڕووداوان دەکات، بەڵام ڕاگەیاندن هێنی خۆی ڕادەگەیەنێت.

جیاوازییەک لە نێوان مێدیا و ڕاگەیاندندایە، ئەویش ئەمەیە کاری مێدیا کەمتر گومانی لێدەکرێت، بەڵام ئەوەی ڕاگەیاندنە گومانی بەردەوام گومانی لەسەرە. هەموو کەس دوای بیستنی هەواڵی بوونی سمێڵ لە پشت لێوی سەرەوەی مرۆڤ گومانیان نامێنێت ئەم سمێڵە چۆن پێشی سەر تویژی ماستاو دەگرێت. بەڵام کێ دەڵێت ئەوەی دەڵێت بە هەرمێ بە هەرمێ ڕاست دەڵێت؟ چۆن دەکرێت بڕوامان بە ئەو کەسە بێت بچێت، ئەگەر بچێت تۆ بڵێی هەرمێمان بۆ بهێنێت؟ ئەمانەش بە جێگەی خۆیان، ئەدەی هەرمێ و کراس ئەویش لە تاران و تەوریز کوجا مەرحەبا؟

با یەکێک لە دوایین هەواڵەکانی پێشاژۆی هەڵبژاردنی دووهەمین قۆناخی ئەم خولەی سەرۆککۆماریی ئێرانتان مێدیاکارانە بۆ بگێڕمەوە:


ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕ دوو بەربژێری کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئێران لە یەک ڕۆژدا سەردانی شاری کرماشانیان کرد و هەردوو بەربژێرەکە بە هێندێک جیاوازییەوە باسی" کۆڵبەر" و یارسان"یان کرد.

شیاوی ئاماژەیە شاری کرماشان یەکێک لە شارە هەرەگەورەکانی کوردستانە و بە نزیکەی یەک ملیۆن دانیشتووانەوە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان و خۆرئاوای ئێران و بەشی زۆری دانشیتووانی مسوڵمانی شیعە و سوننی و یارسانن و وەک یەکێک لە شارانی هەژارنشین و بێ داهات ناسراوە.

زانیاریی زیاتر: حەسەن زیرەک دەڵێت: "کرماشان جێگەی ئەژدادم جێگەی شیرین جێی فەرهادم/ قەت قەت تۆناچی لەیادم/ خۆشم دەوێی کچە جیران." هەندێک کەسی دیکەش لەجیات خۆشەویستیی "کچە جیران" گوتوویانە "خۆشم دەوێت نیشتمانم."

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# شیراز و شیرێژ و ژاژی




شیراز لەبەر زۆر شت شارێکی زۆر گرینگە. ئەو شتانەی شیرازیان زۆر زۆر گرینگ کردووە زۆرن. یەکیان ئەوەیە شیراز نێوەندی پارێزگای فارسە و واتە قەومی فارس دەبێت زۆر پێیەوە بنازن و بە پاسارگاد و ماسارگادییەوە دیارە شارێکی هین کراوە. هەر ئەم شیرازە، شاری حافزی شاعیرە. حافز بەو غەزەلیات و مەزەلیاتەی نەک هەر کۆڕی شاعیران، بەڵکوو کۆڕی گۆرانیبێژانیشی گەرم کردوە.

خۆزگە ئەم حافزە ئێستا زیندوو بوایە و ئەم دەوروزەمانەیەی دیتبایە. کورد دەڵێت مردوو لینگی درێژ دەبێت و ئەم کابرایەش ئەگەر ئێستا زیندوو بوایە لینگی ئەوەندە درێژ نەدەبوو. هەر گەرمکردنی کۆڕی گۆرانیبێژان و مەیخانان دەبوو بە بەڵای سەری و ئێستا دەبوایە چالاکانی مافی مرۆڤ لە نێو خۆ و دەرەوە دابگرژێنە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئیکس و میکس و کەمپەینی ئازادکرانی بۆ ڕێکبخەن. ئەگەر حافز مابایە، ئێستا کۆمەڵێک کێشەی بۆخۆی و بۆ زۆر کەسی دیکەش دەخوڵقاند. هەر سرنج بدنە ئەم دێڕە شێعرەی:

**واعظان کاین جلوه در محراب و منبر می‌کنند**

**چون به خلوت می‌روند آن کار دیگر می‌کنند**

واتە ئاخوندی وتارخوێن بەو جۆرەی لە نێو مێحراب و سەربەرزەکان خۆ پێشان دەدات، کاتێک دەچێتە شوێنی خەڵوەت زۆر کاری دیکە دەکات. خۆ هەرکەسێک ئێستا شتی لەم شێوەیە بڵێت ئەگەر حافز نەبێت و ئەو فیردەوسییە بێت وەک خۆی دەڵێت عەجەمی لەسەر ئایینی فارسان زیندوو کردەوە، هەر فڕێیان دەدایە ئەو دیو دیوارە بەرزەکەی "عادل‌ئاباد" و دەبوایە بۆخوی هەتا "ظهور مهدی" بناڵێنێت.

بە دوور نییە سەعدییەکەش ئەگەر لەم سەردەمەدا ژیابایە و وەک خۆی دەڵێت بەرەو شام رۆیشتبایە و لە دیمەشق چاوی بە گرانی و برسێتی کەوتبایە، یان دەبووایە لە ڕیزی چەکدارانی فاتمیوون و پارێزەرانی حەرەم چەکی کردبایە شان و یان لە سنووری عێراق و شام ڕیک لەو ئەلبووکەمالەی زۆر باسی دەکرێت، دەکەوتە بەر هێرش و گیانی دەسپارد. کێ هەیە ئەرخاینمان بکات لە شام نەدەکەوتە بەر هێرشی فرۆکەی بێفرۆکەوانی جوولەکان؟

**بە شێعرەکانیەوە دیارە زحمەتە شێخی سەعدی ڕووی کردبایە شام و ئەرخەیان بن هەر لە شیراز دەمایەوە.**

قسەی خۆمان بیت، ئەم سەعدییە شێعری وای هەن ئاو لە بەرد دەهێنن. یانی دڵی مرۆڤ هیچ، ئەم بەردە وشک و ڕەقانەش دەتوێننەوە. هەر ئەم سەعدیی شیرازییە لە دێڕێکی کۆتایی غەزەلێکیدا دەڵێت ئەگەر لەم سەردەمەدا زیندوو بوایە بە هیچ شێوەیەک لێی خۆش نەدەبوون و ئەویشیان هەڵدەدایە ئەو دیو دیوار "عادل ئاباد".

**سەعدی گوتوویەتی:**

**"سعدیا مرد نکونام نمیرد هرگز**
**مرده آن است که نامش به نکویی نبرند"**

واتە "کەسێک بەباشی ناوبانگ دەربکات، هەرگیز نامرێت و ئەو کەسەش بەباشی ناوی دەرنەکردبیت، بە مردوو دەژمێردرێت".

لەم وەرگێڕانەدا چۆن برایانی فارس دەقی زمانانی دیکە بە دڵی خۆیان دەکەنە فارسی، ئێمەش هەر وامان کردووە و "مرد"ی

نێو شێعری سەعدیمان کردووە بە "کەس". ئەم کارەی ئێمە لەم وەرگێڕانەدا کردوومانە، ترس لە ڕەگەزی مێی بە ئاشکرا پێوە دیارە و ئەگەر "مرد"مان کردبا بە "پیاو" ڕەنگبێ چینی چەوساوەی "فێمێنیست" لێمان زویر بووبان.

ئێستاش بە دووری مەزانن "هاوڕێیانی چەپ" لێمان زویر بن و تۆمەتبارمان بکەن و بڵێن لە "چین"مان نەزانیوە و "فێمێنیست"ان وەک "کرێکار" و "سەرمایەدار" و "وردەبورژوا" بە "چین" ناژمێردرێن.

درێژدادڕیمان کرد و بەم چینوماچینە ئەوەندەی نەمابوو گرینگبوونی شاری "شیراز" و قەومی فارسمان لەبیر بچێتەوە.

ئەم شیرازەی باسمان کرد، لەم سەردەمەشدا زۆر گرینگە. ئیمام جومعەیەکی هەیە، کاتێک لە نوێژی هەینی و بۆنەکانی دیکەدا خەریکی وتارە، هەر شیرینە گوێی بۆ شل بکەی. ئەودەم گوێگران و بەردەنگانی لغاویان هەتا بناگوێیان هەڵدەکشێت، سکیان دەست بە هەڵبەز دابەزێن دەکات و گنجیان لە لێوان دەبڕێت و هەردوو ڕیزی خواروو و سەرووی ددانیان دەردەکەوێت.

ئەم ئیمام جومعە بەڕێزەی دراوسێی گۆڕی کۆرشی مەزنە ناوی "لطف‌الله دژکام"ـە. ئەگەر ناوەکەی بکەین کوردی، ماناکەی دەبێتە "ڕەحمی خوای تووڕە". دیارە لەمێژە بە ئێمە گوتراوە ناکرێت ناو وەربگێڕین و ئەگەر وایان نەگوتبا "ڕەحم" و "تووڕەیی" لە پاڵ یەکتریدا دەستەواژەیەکی زۆر دژوازیان لێدەکەوتەوە .

جەنابی دژکام یەک دوو هەفتە لەمەوبەر لە وتاریکدا داوای لە خەڵک کرد منداڵی زیاتریان ببێت و گوتی: ئیمامی زەمان پێویستیی بە لەشکرێکی زۆرە و لەبەرئەمە پێویستە وەچەی زیاتر بنێینەوە و منداڵان گەورە بکەین و لە لەشکری ئیمام زەماندا بەشداریان بکەین .

لە وڵامی ئاغای دژکامی شیرازیشدا هەڤووکێک لە نێو کورداندا باوە و کاتێک دنیا ئارام و بێدەنگ و هەرا دەبێت، دەڵێن: "دنیایەکی ئەمن و ئەمان و بێدەنگە، هەر دەڵێی دەوری محەممەدی مەهدییە".

**ئەنجامەکان:**

**ئەنجامی پاسارگادانە:** زەحمەتە کووروشێک لە نێو ئەم بەردەڵانەدا نێژرابێت.

بەشی دووهەم

**ئەنجامی حافزانە:** ئەگەر پێی بڵێن زیندووت دەکەینەوە، زەحمەتە بوێرێت.

**ئەنجامی سەعدیانە:** ئەگەر ئێستا زیندوو بایە کوا دەیوێرا بچێتە دیمەشق.

**ئەنجامی دژکامانە:** حەبی بەرگریکردنی لەدایکبوونی منداڵ و هێنەکەی وەک گۆرەوەی دەچێت حەرامن.

**ئەنجامی کوردانە:** دەنگی ئەم بڵندگۆیانە نزم کەن، وەک سەردەمی محەممەدی دونیا ئارام دەبێت.

**مانای هێندێک وشەی نێو ئەم دەقە:**

**شیراز:** شیرێژ، ژاژی، ئەو شیرەمەنەییەی لە دۆی کوڵاوی دەگرن

**عادلئاباد:** زیندانی کۆنی بە ناوبانگی شیراز

**هەڤوک:** ڕستە، جوملە

**بەرزەک:** ئەو سەکۆیەی هێندێک لە زەوی بەرزترە و بۆ وتارادان دەچنە بانی

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# جیاوازیی نێوان مووشەک و بۆمبی ژێر تەختی خەو



خزمایەتیی نێوان "بۆمب" و "مووشەک" وەک هیچ جۆرە خزمایەتییەک نییە. ئەم خزمایەتییە هیچ وەک خزمایەتیی خوشک و برا و برازا، پلەکەزا، میمەکەزا، کوڕەزا، خاڵوزا، ئامۆزا و هیچ زایەکی دیکە ناچێت. مووشەک و بۆمب لەنێو دڵی یەکتردا دەژین. هەر ئەوەی لەنێو دەندەڵەی سنگی مووشەکدایە، لە هەناوی بۆمبیشدایە. جیاوازیی ئەم دووە تەنیا لەمە دایە مووشەک خۆی داوێت، بەڵام هەرچی بۆمبە تەنبەڵ و تەوەززەلە و لە شوێنێک قوون بە زەوی دەدات و هەتا خاوەنەکەی ئەجەلی بەنسیب نەکات، لێی وەردەکەویت. تایبەتمەندییەکی دیکەی سەرەکیی مووشەک و بۆمب ئەمەیە، لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی سەر شانیاندا خۆشیان لە نێو دەچن. بەم ئاکارەیان دەتوانین ناوی "خۆکوژ" یان "گیانفیدا"یان لێ بنێن. دیارە ئەویش شتێکی زۆر ناوازە نییە و ئەگەر مووشەک، بۆمب یان فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەرکی ئێمە بەڕێوە ببات، ئەوە گیانفیدا و ئەگەرنا بۆ ئەملاوئەولا خۆکوژە .

موشەک، لە کاتێکدا بۆمبی دەنێو پەراسوان گرتوە، بە زەبری بڵێسەی ئاگر وەک فیشەکە شێتە لە شوێن خۆی دەرەپەڕێت و لەژێر چاودێریی تەکنۆلۆژیای نوێدا هەر چۆنێک حەزی لێ بێت خۆ بە گژ شوێنی دیاریکراودا دەکات و بۆمبەکەی پێدا دەتەقێنێتەوە. بەڵام فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گیانفیدا یان خۆکوژ بە زەبری ئاگری ڕاستەوخۆ ناڕوات و بە کارەبا یان

سووتەمەنیی دیکە دەجووڵێت و ئەگەر ئەرکەکەی پێ جێبەجێ نەکرا، دەتوانێت بگەڕێتەوە و جارێکی دیکە بۆ ئەم ڕاسپاردەیە یان ڕاسپاردەیەکی دیکە بکەوێتەوە ڕێ.

بە کورتی بۆمب لەکاتێکدا لەوپەڕی تەنبەڵی و تەوەزەلیدا پاڵ دەکەوێت، براگەورەی مووشەک و تەنانەت فڕۆکەی شەڕکەریشە. ئەگەر مووشەک یان فڕۆکەی شەڕکەر بۆمبیان پێنەبێت. لە هیچ سنوورێک دەرباز ناکرێن. لەمە بترازێت دوو لە ڕووی ئەو مووشەکانەی مانگی دەستکرد بۆ بۆشایی ئاسمان بەرێ دەکەن، ئەوانی دیکە بێئەوەی بۆمبیان پێبێت، نە سەری سیرن و نە قوونی پیواز. پەکوو لەم پیوازە هیچ و پووچەش! هەر چەند دەڵێن خواردنی بۆ کاری خێری نێرینان وەک بۆمب وایە، بەڵام هەر کاتێک ناوی دەبرێت، چاوی هەردوو ڕەگەزەی مرۆڤ پڕ لە ئاوێکی تیژ دەکات و مرۆڤ بە زەحمەت پێی دەکرێت ئاوی لووتی هەڵمژێتەوە.

ئەم بۆمب و مووشەکە ئێستا کێشەیەک گەورەی ناوەتەوە. زۆر دوور نەچین هەر دوێنی و پێرێ بوو لەم تارانەی خۆمان بەرپرسانی بەڕێز لەو پەڕی ئارامیدا خەریکی هەڵبەز و دابەزی جێژنی سوێندخواردنی سەرۆککۆماری تازە دانراو بوون. دوای ئەوەی سەرۆککۆمار لەنێو خەڵکی بانگهێشتکراوە لە عێراق و شام و یەمەن و لوبنانەوە سوێندی خوارد لە فەرمایشتی ڕێبەری مەزن دەرناچێت، تاریکوڕوونی بەیانیی دواتر بۆمب، مووشەک یان فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان ئارامیی پایتەختی شێواند. دوای ئەوەی ئەم تەقەمەنییە بە ئیسماعیل هەنییە واتە یەکێک لە بانگهێشتکراوە هەر گرینگەکانی ئەم میوانداریەیەدا تەقیەوە، بازاڕی گەرمی لێکدانەوە چەکدارانە، سیاسیانە و کۆمەڵایەتییانەکانی دوای ئەم تەقینەوەیە بە چەشنێک شێوا، هەموو جیهان و ناوچەی بۆخۆیەوە خەریک کرد.

ئەگەر ئێمەش تووشی سەرلێشێواوی ئەم بازاڕی لێکدانەوانە نەبین، پێویستە لێکدانەوەکان بەسەر دوو بەشی خانەخوێ و دەرەوەدا دابەش بکەین.

هەرچی بازاڕی دەرەوەیە، زۆر بەگومانەوە لە تەقینەوەکە دەڕوانێت. هێندێک دەڵێن مووشەکۆکە یان فڕۆکەڵەیەک بە بۆمبیلەیەکەوە لە پەنجەرەوە خۆی بەژووری ئەم میوانە بەڕێزە داکردوە و ئەمەیان لە لێکدانەوە یان قسەی دڵی خانەخوێش نزیکە. هێندێک لێکدانەوەی دیکەش پێیانوایە بۆمبیلەک لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە لەژێر تەختی خەوی ئیسماعیل هەنییەوە بە تەوەزەلی هەتا ئەم ڕۆژە پاڵی داوەتەوە و لە کاتوساتی دیاریکراودا بە زەبری نەقیزەی لەدوورەوە ڕمبەی لەخۆی و میوان هێناوە. ئەم لێکدانەوەیەی دواتر بەگرانتر لەسەر خانەخوێ دەکەوێت. ئاخر چۆن دەبێت بە بەر چاوی خانەخوێدا کاری وا بکرێت؟ هەر لەبەر ئەمەشە مووشەکۆکە یان فڕۆکەڵەکە خانەخوێپەسندانەترە. لەمەیەیاندا دەکرێت بەم

شیمانەیەوە بەردەوام بین و بڵێین دوژمن بە دەستی خۆی کارکەی کردوە و کۆمەڵی نێو بەرەی موقاومە ڕازی بکەین هێرشی تۆڵەسەندنەوە بکەنە سەری و باری خۆفرۆشی و خەیانەتی دەستوپێوندانی نێوخۆش سووکتر بکەین و بڵێن خۆفرۆش و خائین لەوە کەمترن ئێوە بیری لێدەکەنەوە.

لە هەمان کاتدا ئەگەر بسەلمێندرێت تەقەمەنییەکە بە هۆی مووشەکیلە یان فڕۆکەڵەو چووەتە نێو ژووی تەقینەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەر لەداهاتوودا خەڵکی دەرەوە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوان بانگ بکرێن، کەمتر گیانی خۆیان لە مەترسیدا  ببینن. ئەنجامی لە هەمووان گرنتر ئەمەیە جەنابی ڕێبەر کاتێک بەتەمابوو نوێژی مردوو لەسەر تەرمی کاک ئیسماعیل بکات، بە وردی لە ئاسمانی سەر خۆی ڕوانی و ڕەنگە مەبەستی ئەمە بووبێت لە کەش و هەوای نالەباری ئەم دواییانەی ئێراندا خۆی و هاوڕێیانی لە ئەگەری بارینی تەرزە ئاگەدار بکاتەوە. تەرزەی هاوینان ئەوەندە زلزل دەبارێت نەک هەر سەری مرۆڤ دەشکێنیت بەڵکوو بانیژەی ئۆتۆمبێلی "پڕاید" و مڕاید و "پیژۆ "میژۆ و "سەمەند" و مەمەند و "تیبا" و میبایان هەر ناهێڵێت.

۱۷ی گەلاوێژی ۲۷۲٤

## ئەم پزشکیانە سەرۆککۆمارێکی زۆر ڕاستگۆیە!



دەتوانم لە جیات مەسعوود پزیشکیان سوێند "بە گیانی دایکم" بخۆم و بڵێم ڕاستگۆترین سەرۆککۆماری ئێرانە. ڕەنگە زۆربەی خۆێنەران بزانن "بە گیانی دایکم" سوێندخواردنێکی تایبەت بە خەڵکی "سابڵاغ"ـە. هەمووشتان دەزانن "سابڵاغ" هەمان مەهابادە و لە بەر دڵی ئاغای سەرۆککۆمار لێرەدا بە"سابڵاغ" ناومان هیناوە. سەرۆککۆمار پزیشکیان خۆی بە سەرۆککۆماری هەموو ئێران دەزانێت و بە دڵیش حەزی لێیە "سابڵاغ" بکاتە "سارونبڵاغ". لەبەر ئەوەی وێنەیەکی دایکی بەڕێزی جەنابی سەرۆککۆمارمان بە جلکی کوردیی ژنانە یانی بە کراس و ئاوەڵکراس و پشتبێند و کلۆجە و دەستماڵی سەرشان و تاسکڵاوی کوردییەوە دیتووە، بێڕێزیکردن بەم خانمە هێڵێکی سوورە.

ڕەنگە ڕاستگۆبوونی ئەم دوایین سەرۆککۆمارەی ئێرن لە سەرۆککۆماری یەکەمەوە بە میرات مابێتەوە. بەم هیوایە سەرۆککۆماری ئێستا بە دەردی کاک ئەبوولحەسەنی بەنیسەدر نەچێت. ڕاستگۆیانەترین لێدوانی سەرۆککۆماری یەکەم ئەمەبوو، گوتی: "داوا لە سەربازانی ئیسلام دەکەم هەتا هەموو کوردستان لە "دژە شۆڕشان" پاک دەکەنەوە، پۆتینان دەرنەهێنن." هەزار خۆزگەم بەو سەردەمە. ئەودەم سەرۆککۆمار دەستەڵاتی وەک ئێستا نەبوو. فەرماندەی هەموو هێزی چەکدار بوو، بەڵام لە سەردەمی پزیشکیاندا ئەم ئەرکەش فیتەبەدەورەی پێکراوە. وەک سەرەژنانی لای خۆمان دەڵێن، با

چی دیکە چڵکی سەرۆککۆماری پێشوو نەشۆینەوە. ئەم مەسعوود پزشکیانەی خۆمان زۆر ڕاستە کوردان دەنگیان پێ نەداوە، بەڵام تەنانەت لە سەرۆککۆماری یەکەمیش ڕاستگۆترە.

ڕاستگۆیی پزیشکیان هیچ گومانی تێدا نییە و هەر لە کاتی بانگشەی هەڵبژاردندا بەئاشکرا دەرکەوتوە. ئەو لە کاتێکدا بەربژێری ڕاستەوخۆ و بێڕکابەری ڕیفورمخوازان بوو، گوتی: بەندەی موخلیستان بەدڵ و بەگیان بڕوای بە فەرمایشتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەیە و بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم فەرمایشتانە سەری پێوە نییە و هەرچی ئەو بیفەرموێت، هەر ئەوە.

ئەم لێدوانەی سەرۆککۆماری ئاخر لەگەڵ لێداونی سەرۆککۆماری یەکەم زۆر جیاوازە. ئەو داوای لە سەربازان کرد هەتا ئەم حیزبی دیموکرات و شتە کۆ نەکەنەوە پۆتنیەکانیان دەرنەهێنن. دیارە لە چل و چەند ساڵ لەمەوبەرەوە، سەربازان بە میلیۆنان جار پۆتینیان دەرهێناوە و سەرۆککۆماریش پاش ئەوەی بەرەو هەندەران ڕایکرد و لەوێ جەستەی تێکەڵی خاک و خۆڵ بوو، ئێستاشی دەگەڵدابێت فەرماشتەکەی وەدی نەهاتوە. بەڵام ئەم فەرمایشتەی ئاغای پزیشکیان بەدەست خۆیەتی و هەر لە سەرەتاوە پێیەوە دیارە جێبەجێی دەکات. کورد دەڵێت منداڵ ئەگەر بژێیت بە "گووکردنی"یەوە دیارە. ئەمەش لە سەرەتاوە پێیەوە دیارە چەندە سەرۆککۆمارە.

هەنگاوی ڕاستگۆیانەتری پزیشکیان ئەمەیە نوێنەرانی وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەت هی ئوتریش و ئەڵمان و فەرانسەی بۆ جێژنی دەستبەکاربوونی بۆ تاران بانگ نەکرد. پزیشکیان سەد ئوتریش و ئەڵمان و فەرانسە بە قوربانی پێوە پێڵاوێکی ئیسماعیل هەنیە دەکات. ئیسماعیل هەنییە و هاوڕێیانی بۆ خۆپێداداان و تۆڵەسەندنەوە لە چاوی شێریش ناترسن. بەڵام ئەم ئۆتریش و ئەڵمان و فەرەنسەیە زۆر ترسنۆکن. پزیشکیان باش دەزانێت ئەوکاتەی جەماعەتی ئێران لە پاریس گیانیان لە شاپوور بەختیاری ئاخر سەرۆکوەزیرانی بەر لە دەستەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی ئەستاند، پاریس ئەوەی بیری لێ نەکردەوە تۆڵەسندنەوە بوو. ئوتریشیش بکوژانی عەبدولڕەحمان قاسملووی سواری فڕۆکە کرد و ناردنیەوە تاران. بەڵام ئەڵمانەکە هیندێک بوێرتر بوو، بکوژانی دکتۆر سەعید شەرەفکەندیی گرت و ڕادەستی بەشی دادوەریی کردن. ئەوەی گرینگە هەموو ئەم وڵاتانە ترسنۆک بوون و نەیانگوت ئێران لە ماڵی ئێمەدا ئەوانەی تیرۆر کردووە و پێویستە بۆ تۆڵەسەندنەوە هێرشی بکەینە سەر و هەر لەبەر ئەمەش بوو پزیشکیان ئەو ترسنۆکانەی بۆ جێژنی دەستبەکاربوونی بانگ نەکرد. دوای تیرۆری هەنیە لە تارانیش، سەرۆککۆماری نوێ هەتا ئێستا خۆی نەیگوتوە و ڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی درۆ نەکات ئەمەشی بە ڕێبەر ئەسپاردوە.

سێهەم ڕاستگۆیی پزیشکیانیش ئەمە بوو گوتی: خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرۆککۆماردا دەنگیان نەداوە و بە درۆی زیادەی پێوەنەنا و نەشیگوت دەنگیان بەمن نەداوە.

کاتێک قەسیم عوسمانی نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە بۆکانەوە، لە مەجلیسی شوڕا دژ بە دەستنیشانکردنی ئەندامانی کابینەی پزیشکیان قسەی کرد، گوتی: داوام لە پزیشکیان کرد، خەڵکی سەر بە ئایینی سوننی و نەتەوەکانی ئێران لە نێو ئەندامانی پێشنیارکراوی کابینەکەیدا بگونجێنێت، پزیشکیانیش سەبارەت بە دانەنانی بەرپرسێری کورد وڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی: کوردان لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار نەبوون. ئەلەحەق بەمە دەڵێن ڕاستگۆیی.

کا قەسیمیش زۆر تووڕە بوو و گوتی جەنابی سەرۆککۆمار من لەماوەی بانگشەدا چەند شەوان نەخەوتم و لەگەڵ تۆ دابووم. کا قەسیم وەک پزشکیان نەبوو. ئەو نەیگوت چاوەڕان بووم من بە ناوی کوردێکی سووننی بکەی بە وەزیر، بەڵام گوتی بۆچی وەزیر و گزیر و جێگر و بلامانێ مێگری کورد لە لیستی بەرپرسانی وەزارەتەکانتدا نین.

هەرچۆنێک بێت، کابینەکەی پزیشکیان پێچەوانەی تووڕەبوونی کا قەسیم، دەنگی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی وەردەگرێت و ئەگەر کۆماری ئیسلامیش وەک ئاڵمان و ئوتریش و فەڕانسە ترسنۆکانە تۆڵەی کوشتی ئیسماعیل هەنییە نەکاتەوە، ڕەبی عومر کورت بێت.

لە کۆتاییدا زۆر شەرمە باسی ڕێفۆرمخوازن نەکەین و دەکرێت بڵێین: دەستکەوتی ڕیفۆرمخوازانیش زۆر زۆر "زەریف"ـە.

**٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤**

# خەونی سەرۆککۆمار و تراویلکەی ئیمام جومعە



دوای ئەوەی ئیمام جومعەی تەورێز و سەرۆککۆماری پێشووی ئێران بە هۆی تەم و مژی داسەپاوی سەر ئاسۆی ئێران بە یەکەوە شەربەتی شەهادەتیان مەیل فەرموو، هەموومان هەستمان بە ئاستی هاوبەشیی سەرۆککۆمار و ئیمام جومعە کرد. بە خووڵقانی ئەم دۆخە بە هەموو عەقڵ و تێگەیشتنی خۆمانەوە پێمان وابوو سەرۆککۆمار و ئیمامجومعە وەک دوو کەسان بە مافی یەکسانەوە ڕوویان کردووەتە دونیای هەرمان و وەک یەک و بە جۆرێکی تەواو یەکسان لە سوودەکانی جەننەت بەشدار دەبن، شەرابەنتەهوور دەنووشن و دەگەڵ حۆریاندا چاوشارکێ دەکەن.

ئێمەی ماڵوێران بەردەوام بەم جۆرەین خەونی خۆشمان لێ پووچەڵ دەبنەوە و ڕووداوی ڕاستەقینە و بەرچاو وامان لێدەکەن هەموو خەون و ختوورەمان ببنە تراویلکە.

هەر سەبارەت بە سەرۆککۆمار و ئیمام جومعە، هێشتا کفنی سەرۆککۆماری پێشوو و ئیمام جومعەی پێشووی تەورێز و یارانیان دوای بەربوونەوەی باڵەفڕی گۆڕین زەرد نەبووە، ئێستا کێشەیەکی گەورە کەوتووەتە نێوان سەرۆککۆمارێکی دیکە و ئیمام جومعەیەکی دیکە.

چیرۆکی سەرۆککۆماری نوێ دەگەڵ یەکێک لەم ئیمام جومعانەوە لێرەوە سەری هەڵدا، ئیمام جومعەی شاری بابول لە باکووری ئێران لە وتاری هەینیی چەند ڕۆژی ڕابردوویدا ئاوێکی ساردی پێمان داکرد و پێشانی داین ئیمام جومعە زۆر لە سەرۆککۆمار و شتی وا گەورەترە.

مەلا "موجتەبا ڕوحانیڕاد" خوتبەخوێنی نوێژی هەینیی بابول لەسەر ڕووداوێکی زۆر سادە لە وتاری ئەم هەفتەیەدا سەرۆککۆماری نوێی کردە ماست و لەپێش سەگانی ڕۆکرد. پەیوەندیی نێوان ئیمام جومعەی زیندوو و سەرۆکۆماری زیندوو لە گەڵ پەیوەندیی ئیمام جومعە و سەرۆککۆماری مردوو زۆر جیاوازە.

ئەم ئیمام جومعەیە خۆی دەستنیشانکراوی ڕێبەرە و بە هیچ لەونێک ئامادە نییە سەر بۆ ئەو سەرۆککۆمارە نەوی بکات کە لە ڕواڵەتدا لە لایەن عەوامەوە هەڵبژێردراوە. پەیامی سەرەکیی ئەم ئیمام جومعەیە ئەمەیە پێمان بسەلمێنێت سەرۆککۆمار هەڵبژێردراوی عەوامە و لەچاو ئیمام جومعەی دەستنیشانکراوی ڕێبەر وەک قاچکی وشکبووی تەڕەپیاز لەبەرانبەر کۆتەرەی ئەستووری داربەڕوویە .

کێشەی نێوان ئیمام جومعەی بابول و مەسعوود پزیشکیان کاتێک سەری هەڵدا کە پزیشکیان گوتی لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی کوشتنی هاووڵاتییەک پێکهێناوە کە بەدەست هێزی ئینتزامی لەژێر ئەشکەنجەدا مردوە. لێرەدا خراپتێگەیشتنێک لە نێوان ئەم سەرۆککۆمار و ئیمام جومعەیەدا ڕووی داوە. سەرۆککۆماریش وەک ئیمامجومعە لە بنەڕەتدا دژی ئەشکەنجە نییە، بەڵام خۆی بە نوێنەری ڕێفۆمخوازان ناساندوە و وەک هەموو ڕیفۆرمخوازێک پێیوایە دەبێت کار بە کارزان بسپێردرێت و ئەمەش پێشانی دەدات سەرۆککۆمار بە توندی لایەنگری شایستەسالارییە. هێزی ئینتزامییش لە باکووری ئێران پێی لەسەر چەمکی شایستەسالاری داناوە و بێ ئەوەی ئیزن بدات ئەشکەنجەگەرانی شایستە و لێهاتوو کەسێک بە ناوی محەممەد مووسەوی ئەشکەنجە بکەن، خۆیان ئەشکەنجەیان داوە و هەر لەبەر ئەوەی لە کاری ئەشکەنجەکردندا بە ڕێژەی پێویست شارەزا نەبوونە، بە زەبری لێدان کۆچی دواییان بەم کابرایە کردوە .

سەرۆککۆماریش بە سەرێک ناحەق نییە، ئەی ئەوە نییە سەرۆکی کابینەیە و وزیری نێوخۆش ئەندامی کابینە و بەرپرسی هێزی ئینتزامیشە؟ بەم جۆرە سەری گوریسەکە دەگاتەوە سەرۆککۆمار و یاسا ئیزنی پێ دەدات قسەیەک بکات، بەڵام لە بنەڕەتڕا چونکە هێزی ئینتزامیش بە هێز دەژمێردرێت و و ڕێبەریش سەرۆکی هەموو هێزی چەکدارە، لێرەدا ڕێبەر لە دەستەڵاتدارێتیدا پشکی شێر و سەرۆککۆماریش پشکی ڕێویی بەر دەکەوێت. بەمجۆرە کاتێک ئیمام جومعە دەستنیشانکراوی شێر بێت، ڕێوی تەنیا دەتوانێت عەوامان بە پاساوان بخافڵێنێت.

بەشی دووهەم


سەرۆککۆماری قورپەسەر لە کاتێکدا ئەویش وەک ئیمام جومعە دەستنیشانکراوی ڕێبەرە، ناچارە لە بەر هێندێک هۆ وای پێشان بدات هەڵبژێردراوەی خەڵکە. ئیمام جومعەش بە جۆرێکی دیکە خەڵک پێناسە دەکات و ئەو خەڵک بە عوام دەزانێت و دیارە عەقڵی عەوامیش ئەگەر خەواسی عاقڵ ڕێبەریی نەکەن تووڕێکی تەڕ ناهێنێت.

سەرۆککۆماری ماڵوێرانیش ئەگەر ناچار نەبووایە و ڕووداوی کوژرانی کابرای گۆڕین ئەوا دەنگی نەدابایەوە، باسی لێژنە و مێژنە و شتی وای نەدەکرد. ئەی ئەوە نییە هەر باسی ئەو هاوولاتییە ناکات هێزی ئینتزامی لە باشووری تاران بە پێنج شەش کەسان بە زبری شەپ و پێلەقە دەیخەنە سندووقی پشتەوەی ماشێن؟

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر هێزی ئینتزامی نەبێت، کێ دەتوانێت ئەم هەموو کۆڵبەرە بکووژێت؟ کۆڵبەران بە دوو هۆی سەرەکییەوە کوژرانیان زەرەرێکی وای لێناکەوێتەوە و پێویستیشە. یەکەمیان کۆڵبەر سەر بە لەشکری زۆر و زبەندی عەوامانە و دووهەمیش کۆڵبەران دەبنە هۆی شێواندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. کۆڵبەرێک بتوانێت لەم سنوورانە پارە پەیدا بکات و بە پارەکەی منداڵی بخاتە بەر خوێندن و منداڵەکەش دوای تەواوکردنی خوێندن و خوێندەوار بوون و بیرکردنەوەی قووڵ دیسان کاری دەست نەکەوێت و وەک باوکی بە بەڵگەنامەی بەرزی خوێندنەوە بچێتەوە کۆڵبەری و ئەویش منداڵانی خۆی دووبارە بنێتەوە بەر خوێندن، ئەوە لە ئاکامدا عەوام دەم دەکاروباری خەواس وەردەدەن و هەڵاوهەنگەمەیەک دەخووڵقێت سەگ خاوەنی خۆی بۆ نەدۆزرێتەوە.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## پشەکە، نانت دەدەم، چات دەدەم، قەندت دەدەم تەق لێت دەدەم




ئەم جوغرافیای ئێرانە زۆر نالەبار هەڵکەوتوە. ئەو ئیمپراتۆرییەی مێژوویەکی سەدان و بگرە هەزاران ساڵان بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت و ڕووبەرەکەی لە ماوەی ئەم سەدان و هەزاران ساڵەدا بیچم و شێوەی لەسەر ئەم ڕووبەری ئاسیایەدا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە، ئێستا خاوەنی بیچم و ڕووبەرێکی سەیر و سەمەرەیە.

ئەم ئێرانەی ئێستا پاشماوەی ئیمپراتۆرانی ماد و ساسانییە و لەم چەند سەدەیەی کۆتاییدا دوو ڕووداوی چارنووسسازی بە سەردا هاتوون. یەکەمیان ئەمەیە نەخشەکەی دوای گۆڕان و بچووکبوونەوەیەکی زۆر، بیچم و شێوازی پشیلەی بە خۆیەوە گرتوە و دووهەمیش ئەمەیە ناوانی ماد و ساسانی گۆڕاون و "ئێران" وەک ناوێکی نوێ جێگەیانی گرتووەتەوە. ئێستا ئێران پشیلەیە و پشیلەش ئێرانە. ئێستا ئەوەی لە دڵی هەموو ئێرانییەکی ئەمەگداری نەخشەی پشیلەکە گرانە، ئەمەیە دەڵێن پشیلە ئاەڵێکی سپڵەیە و هەرچەند خزمەتی بکەی لە دەرفەتێکدا هەر نەبێت چڕنۆکێکت دەهاوێتێ و دەترنێت. ئەم پیشلەیەی ئێمەش سەلماندوویەتی لەوانی هەرە سپڵەیە و لە هەر هەلومەرجێکدا بە دوای ئەمەدایە چڕنۆکێک باوێت.

کوردانی دابەشکراوی سەر بەشە دەستکردەکانی جوغرافیای ناوچەکەش ئەوانی دەکەونە سەر جوغرافیای پشیلەئاسای ئێران،

زۆربەیان کەوتوونەتە لای سینگ و بەرۆک و هەردوو پێشوو و دەمولووتی ئەم پشیلە سپڵەیە وهەر لەبەر ئەمەشە بەردەوام دەمولەوس و سنگ و دەستانی بەخوێنن.

ئەم پشیلەیە کەوتووەتە شوێنێکی وا بۆ سەری خۆیشی هەر بەڵا و نەهامەتیە. یەکێک لەم نەهامەتیانەشی ئەمەیە بەم قەڵافەتە بچووککراوەیەوە کەوتووەتە باشوور و داوێنی یەکێک لە وڵاتانی بەربەرینی جیهان و ئەم وڵاتە لەبەرزاییەکانی سەرووی دەریای قەزوێنەوە وەک کەونە جیران بەسەریدا دەڕوانێت.

ڕووسیە لە سەردەمان و قۆناخە جوداکانیدا بەردەوام سپڵەبوونی خۆی سەلماندوە. ئەوکاتەی سەردەمی قەیسەر و پاشایەتی بوو و دراوسێی باشووری خۆی ئەوەندە بچووک کردەوە لە ئاکامدا کردی بە پشیلە و پیاوێکی چەکداری ڕەزاگرانیش لە سەر ڕووبەری پیشلەکە خۆی کرد بە پاشا و ناوی "ئێران"یشی بەسەر ئەم پشیلە نوێیەدا سەپاند.

ڕووسیەی قەیسەری بەشێکی بەرچاوی پشیلەکەی داگیر کرد و دوای کوشتار و خوێنڕشتنێکی زۆر گەڕایەوە خاکی خۆی و دواتریش زۆر بە سپەڵەیی دەگەڵ خەڵکی سەر ئەم جوغرافیا شێوەپشیلەیە هەڵسوکەوتی کرد.

منداڵانی کوردساڵانی ڕابردوو، ئەوکاتەی گیرۆدەی موبایل و ئایپاد و تۆڕی کۆمەڵایەتی نەببوون، بە یەکەوە گەمە و کایەی جوانیان دەکرد. لە یەکێک لە گەمەکانیاندا منداڵێکی بچووکیان بە پشیلە دەشوبهاند و بە سەبری دەستیان بەسەریدا دەهێنا و دەیانگوت: "پشەکە نانت دەدەم، قەندت دەدەم، چات دەدەم، تەق لێتدەدەم" و لەکۆتاییشدا تەق لێیان دەدا.

ڕووسیە دوای ئەوەی لەسەر پشتی پشیلەکە لە بەحری قەزوێن، تەڕاییەکی کەمی بە ئێرانەوە هێشت و بەشی ئێرانی لەم گۆلە گەورەیە ئەوەندە کەم کردەوە، لایەنگرانی ڕووبەری پیرۆزی پشیلەی سەرزەوی بە ئۆپۆزسیۆن و مۆپۆزسیۆنەوە کەوتنە هەرا و هوریا و هاواریان کرد ڕووسیە لە دەریای قەزوێنەوە دەستی ناوەتە بینەقاقامان و دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامییش بێدەنگەی لێکردوە.

دیارە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامییش شەرمی بەخۆیەتی و لەبەر ئەوەی ڕووسیە دراوسێی باکوورییەتی، هەر لە نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەرەوە لە دروشمی "نە شەرقی-نە غەربی" پاشگەز بووتەوە و هەر بەیەکجاری وازی لێی هیناوە.

ئێستا لە سەردەمێکی نوێتردا ڕووسیەی دۆست و دراوسێی باکوورمان پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ و گەرەکیەتی لە لای داوینی

بەحری قەزوێنەوە ڕێک لەو شوێنەی پێشترێ پیر و پێشینیانی باوکی ئێرانی هەنووکەی لەوێ ڕەپێناوە، هێڵێک بە باکووری ئێراندا دروست بکات و ڕێگەیەک لە بەشی خۆیەوە بە ئازەربایجان و سەر مل و گوێچکەی پشەکەدا بەرەو تورکیە دروست بکات و بۆ ئەمەش ناچارە لەناوچەی "زەنگەزۆر" ئەو شوێنەی دەکەوێتە باشووری ئەرمەنستان پێ بخاتە سەر ملی پشیلە.


دالان یان کۆلانی زەنگزۆر لە باشووری وڵاتی ئازەربایجانەوە بە دامێنی خوارووی ئەرمەنستاندا ئازەربایجان و کۆماری نیمچەسەربەخۆی "نەخجەوان" دەگرێتەوە و لە ڕاستیدا تورکیە بە دەریای قەزوێن و ڕووسیە دەبەستێتەوە.

بەمجۆرە ڕووسیە جارێکی دیکە دەڵێتەوە: پشەکە، نانت دەدەم، چات دەدەم، قەندت دەدەم، تەق لێت دەدەم.

پشەکەش ترسێکی قووڵ دایگرتوە، دەترسێت ئەو مامەیەی نانی دەدات و چای دەدات و قەندی دەدات و تەق لێی دەدات، لە زەبەرە لێدانێکی دیکەدا شان و پیل و سەر و ملی لێ بکاتەوە و ئەوەدەم کۆلانی "زەنگەزۆر" دەکەوێتە نێوان وەک ئازەرییەکان دەڵێن "ئازەربایجانی شومالی و جنووبی و پیشلەکەش بۆ هەمیشە دەتۆپێت و ئەوکات کۆلانی "زەنگەزۆر" ئەوەندە بەرین دەبێتەوە، گۆرانیی "لە کۆلانی تەنگەبەر شان مەدە لە شانم" لەم ناوچەیە تۆزقاڵێک بایەخی نامێنێت.

٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## لێکدانەوەی داهات و بەخشین لە کاری "ڕەزمەندەگان"دا




ئەم وەشاندنەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو هێرشی چەند مانگی ڕابردوودا لە ئیسرائیل وەشاندی وەک فارس دەڵێن، دەبێت بڵێین "دست مریزاد"، دوو دوژمنی سەرەکییان پێکا. ئەو سەربازانەی خاڵی دیاریکراویش باش ناهەنگێون و لە جووڵەی سەربازیدا تەوەزەلن، پێیان دەڵێن "حیف نون". دیارە لێرەدا "نون" مەبەست لە پیتی "ن"ی "ئەلف-بێ"ی نووسین نییە و ئەم "نون"ـە هەمان "نان"ی کوردییە و تارانیی لووسکە و پووسکە ئەلفەکەیان کردووە بە "نون."

کردنەوەی ئەم باسی جوداوازیی زمانە بۆ شەرمنبوونی نووسەری ئەم دێڕانە دەگەڕێتەوە و چەندی دەکات لە ڕووی هەڵنایەت وشەی "ڕەزمەندەگان"ی فارسی بە چەشنێک لێکبدادتەوە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ڕووداوگەلی ئەم سەروبەندەی خۆرهەلاتی ناوین بگونجێت و پێشانی بدات ئەو "ڕەزمەندانەی" ئێستا لە ئەفغانستان و پاکستانەوە هەتا دەگاتە یەمەن و عێراق و سووریە و لوبنان بە هەموو ئەوانەی سەر بە ئێرانیش دەناسرێن، لە چ دۆخێکدان.

لە ماوەی نزیکەی یەک ساڵی ڕابردوودا دوای هێرشە بەناوبانگەکەی حەماس بۆ سەر ژوورێکی هەڵپەڕکێ و سەماکردن لە ئیسرائیل و کوژران و بەدیلگیرانی سێسەد جوولەکەیەک، دواتر جوولەکە دەستیان بە ڕاوەدوونانی خەڵکێکی زۆر کرد و

ئەوەندەی بۆیان کرا فەلەستینیانی دانیشتووی غەززەیان بەرەو پاشەکشێ ڕەپێنا. کون و کەلەبەر و ڕەهند و بۆدڕی هەموو خاکی غەززەیان سەنگ و سوژن کرد و پاشان چوونە وێزەی لوبنان. لە لوبنانیش دوای تەقاندنەوەی پەیجەر مەیجەر و بێتەل و مێتەلان زیاتر بیریان لە ڕەزمەندەگان کردەوە.

دوای ئەم ڕووداوانە هەواڵێک بڵاوبووتەوە و تێیدا گوتراوە عەلی خامنەیی لە ئێرانەوە داوای لە حەسەن نەسروڵڵا کردوە وەک ڕەزمەندەی دیار و بەرچاو بۆ ڕزگاربوون لە دەست هێرشی ئیسرائیل پەنا وەبەر تاران ببات و خۆی بگەیەنێتە نزیک خامنەیی.

وەک هەواڵنێران دەیگێڕنەوە دەبێت داواکارییەکەی خامنەیی بە ڕەزمەندەیەکی ناودار بە ناوی نیلفرۆشاندا بۆ نەسروڵڵا نێردرابێت و دیارە پێش ئەوەی نەسروڵا وەڵامی بانگهێشتنەکە بە نیلفرۆشاندا بنێرێتەوە، ئەم دوو ڕەزمەندەیە لە تەنیشت یەکتر کۆ بوونەوە و دوژمنیش تەماح گرتی و زێدەتر کەوتە وێزەی ڕەزمەندەگان.

دوای ئەم ڕووداوەنە بوو، بۆ جاری دووهەم هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێکرد و ئەم جارەش وەک جاری پێشوو هاووڵاتییەکی فەلەستینیی ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل بە هۆی ئەم هێرشەوە کوژرا. دیارە جاری یەکەم کیژۆڵەیەکی شوان کەوتە بەر مووشەک و لە هێرشی جاری دووهەمیشدا کرێکارێکی خەڵکی غەززە بە دابڕاوی لە خێزان و ماڵ و منداڵی بە مووشەکی ئێران پێکرا.

بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە بابەتی زمان نزیک بینەوە، دەکەوینەوە بیری ئەم پەندە کوردییە و ڕوو بە مووشەکهاوێژان دەڵێین "ڕەببی چاوی جاسووسێتان کوێر بێت و دەستی پەلەپیتکێتان شکێت."

نووسەری ئەم بابەتەش وەک خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوین سەری لێشێواوە و خۆشی نازانێت باسی چی دەکات. ئەی ئەمە نییە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین سەریان لەمە شێواوە و نازانن ئاخۆ ئێران و ئیسرائیل واتە ئیسلام و جوو دۆستن یان دوژمن؟ بەڵام باش دەزانن دوای ئەوەی ئیسرائیل دەیان هەزار فەلەستینیی لە غەززە کوشت، ئێران زۆر لە هاوکێشەکە جێماوە و بەم هەموو مووشەکبارانەی ئەم دوو جارە کردی، تەنیا توانیویەتی دوو فەلەستینی بکوژێت.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە هاویشتنی لەسەر یەک ٤٠٠ موشەک توانیبێتی تەنیا دوو فەلەستینی بکوژێت و ئیسرائیلیش لە غەززە ٤٠ هەزار فەلەستینیی کوشتبێت، بە پێی لێکدانەوەی بیرکاری پێویستە ئێران بۆ ئەوەی بارتەقای جوولەکەکان

فەلەستینی بکوژێت، پێویستە ٨ میلیون مووشەک بهاوێت.

بە گوێرەی لێکدانەوان لە کۆی ئەم دوو هێرشەی دوایی ئێرانیش بۆ سەر ئیسرائیل هەر ئێرانییەک یەک میلیۆن و ٦٠٠ هزار تومەن زیانی بەرکەوتوە. لێرەشدا بۆ ئەوەی بزانین تا ئەوکاتەی ئێران لە کوشتنی فەلەستینیان لەم ماوەیەدا دەگاتە ئاستی ئیسرائیل، پێویستە یک میلیون و ٦٠٠ هزار جارانی ٢٠ هەزار بکەین و ئەو کات هەر ئێرانییەک ٣٢ میلیارد تومەنی بەردەکەوێت. بۆ ئەوەی لێکدانەوەکەمان زۆر دوور و درێژ نەبێت، ئەم برە پارە ئێرانییە دەکەین بە پارەی ئەمریکایی و قەبارەکەی بچووکتر دەکەینەوە.

لەکاتێکدا نووسەری موخلیستان خەریکی ئەم حیساباتەیە، یەک دۆلاری ئەمریکا بە ٦٢ هزارو ٨٠٠ تومەنە و بەم حیسابە هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی ناوی کەوتبێتە بەر دوایین سەرژمێریی ئەم وڵاتە، لە کۆی ئەم هێرشە باسکراوانەی سەرەوەدا ٥٠٩ هەزار و ٥٥٥ دۆلاری بەردەکەوێت.

لە کۆی ئەم لێکدانەوەیەدا ئەوکەسانەی ئەوەندە زیانە مادییەی سەرەوەیان لە جەنگی کوشتنی فەلەستینیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەردەکەوێت، دەکرێت هەموویان وەک ئەوانەی لە نێو هیلالی شیعە یان بەرەی خۆڕاگریدا خۆیان بەکوشتن دەدەن بە ڕەزمەندە بژمێردرێن و دەکرێت بڵێن دەسەڵاتی ئێرانیش بە بەردەوامی خەریکی کاروباری پێوەندیدار بە ڕەزمەندەگانە.

لە کۆتاییدا باشە بیر خوێنەری بەڕێز بهێنینەوە، بیر لە شتی خراپ مەکەنەوە. دوو زمانی کوردی و فارسی جودان و لە زمانی فارسیدا پاشگری "گان" تەنیا نیشانەی کۆیە.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٤


سەرچاوە
Serchawe

## ئەمریکا و سەهیۆنیزم لەمەودوا تەنیا دەتوانن سوپ و شۆرباو بخۆن




**هەتا ئێستا لە کەس شاراوە نەبووە، وڵاتانی خۆرئاوا لە بواری تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی زانست و پیشەوە هەرنەبێت بست و قولانجێک لە سەرووی خەڵکی وڵاتانی دیکە بە تایبەت ئێمەمانان بوونە. چین و کۆرە و مۆرە و ئەم ژاپۆن و ماپۆنەی لێدەربکەی، ئەوانی دیکەمان لەم بوارەوە هەر تۆزی ئەم کافرانەمان نەشکاندوە. دیارە ئەم وڵاتانەی ناخۆرئاواییش وەک کۆرە و ژاپۆن، چینی دەربچێت گوێ لەمەستی ئەمریکا و زایۆنیستانن. هەر بەڕاست ئەم جوولەکانە دزەیان کردووەتە نێو هەموو دامودەزگایەکی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا..**

**وڵاتانی ئورووپایی هەر مەپرسە. هەموو بە چاوی خۆتان دیتتان و بە هەردوو گوێچکەی خۆتان بیستتان لە کاتێکدا دەسەڵاتی ئەڵمان هەر ئەو ئەڵمانەی بە دادگای میکۆنۆسەوە هەڵاوبگرێکی وای بۆ کۆماری ئیسلامی ساز کرد، هەر مەپرسە؛ ئێستا سەرۆک کۆماری ئەم ئەڵمانە، بە ڕووهەڵماڵاوی پشت بە جیهانی ئیسلام و ڕوو بە جوولەکان داوای لێبووردن لە جوولەکان دەکات و دەڵێت هیتلەر بەشێکی زۆری جوولەکانی جرنیاوفرنیا داوە و هۆلۆکاست و شتی کردوون. ئەو دەڵێت ئێمە لە جیات هیتلێر داوای لێبووردن دەکەین. سەرەڕای ئەمەش لەم یەکدوو ڕۆژەی دواییدا هەواڵێک بڵاو کرایەوە و دڵێت، کەشتییەکی گەورەی پڕ لە چەک و تەقەمەنیی لە ئەڵمانەوە بە مەبەستی یارمەتیدانی جوولەکان لە ڕۆخەکانی ئیسرائیل**

نزیک بووەتەوە.

ئەمانە هەموو بە جێگەی خۆیان، بەڵام لەم دواییەدا ئەڵمان ئەمەی سەلماند بەتوندی پشت لە چاکەکاران و ڕوو لە خراپەکاران دەکات. بۆ ئەمەش تەنیا سەیری هەواڵی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی مێدیایان بکەن، دەزانن ئەڵمانی ئابڕووبەرە چ فەرتەنە و هەڵلایەکی ناوەوتەوە. دوای ئەوەی کابرایەکی "ضد انقلاب" بە ناوی جەمشید شارمەهد بە سزای ئیعدام گەیەندرا، ئەم ئەڵمانە وەک جاری گۆڕین بالیۆزی خۆی لە ئێران بانگ کردەوە و سێ کۆنسوڵخانەی ئێرانی لە شارانی گەورەی خۆی داخست و بەمانەشەوە نەوەستا و داوای لە هاووڵاتیانی کرد سەردانی ئێران نەکەن و ئەوانەی لەوێشن بەپەلە ئەم وڵاتە جێ بهێڵن. ئەو ئەڵمانەی لە سەردەمی کۆتایی حکومەتی ڕەزاخاندا دۆستی نزیکی ئێران بوو، ئێستا وەی بەسەر هاتوە خەریکە پشتی سەهیۆنیزم دەگرێت و هەموو وڵاتانی خۆرئاوا لە دژی وڵاتی رەزاخان هان دەدات.

ئەم ئەڵمانە و تەناتەت ئەو ئەمریکایەی خەریکە بە فڕۆکەی بۆمباهاوێژی بی ٥٢ هەڕەشە لە ئێران دەکات و هەموو وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا بە ژاپۆن و کۆرەی باشووریشەوە لە خۆرهەڵاتی ئاسیا، هەموویان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گەرەکەی ئێمەدا زیاتر فێر دەبن و زۆرتریش بەرهەم دەهێنن. بۆ گەیشتن بەم بەناو پێشکەوتنەش مێشکی خۆیان بە خواردنی خواردەمەنیی باش تەیار کردووە. ئەوان بە زەبری خواردنی چەندین جۆری ڤیتامین و میتامین و پڕۆتئین و مرۆتئین و شتی ئالەم جۆرە مێشکی خۆیان بە هێز کردووە و پاشان ئەم زانست و مانستەیان لەم مێشکە هیچ و پووچەیاندا خستووەتە سەر یەک.

ئێستاش تەنیا ڕێگەی بەرەنگاربوونەوە ئەمەیە، ڕەگ و ڕیشەی ئەم دوژمنانە بدرێت و تێکدانی مێشکیان لە سەرووی هەموو ئامانجانە. کاتێک مێشکیان تێکدرا، ئەمجارە لەم تەکنۆلۆژیا و مەکنۆلۆژیا دوا دەکەون و ناتوانن چەکی ناوازە دروست بکەن و بە ناردنی وردە مانگیلان بۆ بۆشایی ئاسمان ئینترنێت و مینترنێتی بێسنوور بخەنە بەر دەستی خەڵکەوە و هەژارۆکە و مەژارۆکان دژبە ڕێبەرانی پایەبەرز بوروژێنن و هەستی شۆڕش و مۆڕش و ئینقلاب و مینقلابییان بخەنە مێشکیانەوە. بۆ ئەوەی ئەم خۆرئاواییانە لە کاروانی زانست و تەکنۆلۆژیا و چەک و چۆڵ جێ بمێنن و نەتوانن فڕۆکەی تێپەڕیو لە بی ٥٢ بەرهەم بهێنن، پێویستە لە مێشکیان بدرێت. بۆ لێدانی میشکیشیان بەرلە هەموو شتێک واباشە سەرچاوەی تێرکردن و بارگاویکردنی مێشکیان تێک بچێت.

لێرەدایە ڕۆڵ و کاریگەریی ددان دەردەکەوێت. ئەگەر جەندەکی مرۆڤێک بێددان بکرێت، ئەوە لە پێشاژۆی جاوین و وردکردن و کاوێژکردندا دەمێنێتەوە و لەم بوارەدا پەکی دەکەوێت. ئەگەر جەندەکێکیش وردکردن و جاوین و کاوێژی نەمێنێت، هیچ



سەرچاوە
Serchawe

خواردەمەنیەکی بۆ ورد ناکرێت و لە ئاکامدا بە برسیەتی دەمێنێتەوە و ئەم برسیەتیەش کار لە مێشک و دەماغ دەکات و ئەگەر مێشک و دەماغیش لە کارکەوتن کاری تەکنۆلۆژیا و بەرهەم هێنان و داهێنانیش پەکی دەکەوێت.

وەک هەمووشمان بە ورد و درشت و نەوسن و کەم ئیشتیاوە دەزانین، بەشێکی بەرچاوی ئەو خواردەمەنیانەی مرۆڤ دەیانخوات و سوودیان لێوەردەگرێت، وەک گۆشت و سەوزە و میوە پێویستیان بە هاڕین و جاوین هەیە و لە پێشاژۆی هاڕین و جاویندا دەگەڵ لیکی دەم تێکەڵ دەبن و دوای ئەوە بە سورینچکدا بەرەو گەدە شۆڕ بوونەوە دەگەڵ ترشەڵۆکەکان دەستیان دە نێو دەستی یەکتری نا و چونە نێو ڕیخۆڵە، لەوێوە بەشی مێشک و دەماغیان لێ جیا دەبێتەوە و پاش ئەوە تەڤلی ئۆکسیژن دەبن بە خوێنەبەراندا بەرەو مێشک دەڕۆن و لەوێ خزمەتی بیرگە و میرگە دەکەن و مێشک بەرەو بەرهەمێنانی زانست و زانیاری هان دەدەن.

وەک ئاماژەی بۆ کرا لە پرۆسە یان پێشاژۆی هەرسکردندا ئەگەر ددانی مرۆڤ نەمێنێت، زیانێکی زۆر بە دەستەڵاتی سەرکیی لەش واتە مێشک دەگات و هەر لەبەر ئەمەشە لە ئێرانەوە دەگوترێت وڵامی "ددان شکێن" وەک خۆیان دەڵێن "پاسخ دندانشکن" بە ئەمریکا و سەهیۆنیزم دەدەنەوە. خۆ ئەگەر ئەمریکا و سەهیۆنیزمیش دەم و ددانیان بشکێت، مێشکیان برسی دەبێت و ناشتوانن خواردەمەنی وەک گۆشت و سەوزە ورد بکەن و وەک نەخۆشی خەوێندراوی نەخۆشخانە تەنیا دەتوانن سوپ و شۆرباو بخۆن.

٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤


سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەتیش هەر لە تەماتە جوانە




"تەماتەوڕۆن"، "خیاروتەماتە"، "شۆرباوتەماتە"، "تەماتەی برژاو"، "ئۆملێت" یان "هێلکەوتەماتە" و ئەمانە و چندین چێشت و خواردەمەنیی دیکە بەرهەمی بەردەوامبوون و خۆراگریی تەماتەی سوور و جوان و خۆپێشاندانی لە سەر خوانی دەوڵەمەند و هەژارانە.

ئەوەندەی من و خوێنەری بەڕێزی ئەم دێڕۆکانە لەبیرمانە، تەماتە بەردەوام خەباتی کردوە و تێکەڵێ هەمووجۆرە چێشت و خواردەمەنییەک بووە و ئیزنی نەداوە هەژاران بە برسیەتی سەر بنێنەوە و دەوڵەمەند و خواپێداوانیش لە کاتی خواردنەوەدا لە سالاد و مەززە بێبەری بن.

هەمووتان ئاگادارن تەماتە چۆن بە پارچەکراوی وەک دەروێشی بەئەمەگی زەرگوەشێن دوای ئەوەی ئەم سیخە تیژە بە سینەی دادەکرێت، وەک هاوڕێی گیانی بە گیانیی کەباب و دونگ، خۆی داوێتە سەر پۆلوو و پشکۆ و پەنگران و لە پێناو تێرکردنی مرۆڤی پاشای مەخلووقاتدا هەڵدەکرووزێت. ئەمە ڕاستە و لە کەس شاراوە نییە تەماتە ئەوکاتەی لەسەر پۆلووی ئاگر شان بە شانی گۆشت و چەوری دەبرژێت، بۆنی لەژێر هەیمەنە و دەستەڵاتی بۆنی بەز و گۆشت و دونگ و

چەوریییەکانی دیکەدا ون دەبێت و ئەم بۆنانە بەتەواوی بۆنی ئەو دادەپۆشن، بەڵام کەبابیش بێ تەماتە وەک هەتیوێکی بێکەسە و ئەگەر سماق فریای نەکەوێت، دەبێتە هۆی داتەپینی دڵ و گەدەی مرۆڤی برسیش.

هەر ئەم تەماتەیە ئەوەندە بۆ مرۆڤ بەوەفایە، لە ترسی ئەوەی لە وەرزی سەرما و لە کاتی پێویستدا دەستی مرۆڤی پێ ڕانەگات، خۆی دەخاتە سەر ئاگر و ئەوندە لەسەر ئەم ئاگرە دەمێنێەوە، وەک پارچە خوێنێکی خەستی لێ دێت و مرۆڤی ئەمەگنەناسیش ناوی "ڕوب" و "ئاوە تەماتە"ی بەسەر دادەبڕێت و جارێکی دیکە دەیکاتەوە ئاوێتەی هەموو ئەو جۆرە خۆراکانەی خۆی حەزی لێیانە.

ئەم خەڵکە وادەزانن تەماتە تەنیا خواردنێکە و هیچ عەقڵ و تێگەیشتنی نییە. ئاخر بەمجۆرەی لەسەروە باسمان کرد، کەم خواردن هەیە تەماتە لە خۆشکردنی تام و چێژیدا کاریگەر نەبێت. هەر ئەم تەماتەیە لە جیهانی سیاسەت و دونیای پڕلە کێبرکێی ئەم سەردەمەشدا وەک سیاسەتوان و پەرژینی لێقەوماوانی سیاسی دەور و کاریگەریی خۆی هەیە. منی نەزانۆکە و ئێوەی خوێنەریش بە زانا و کەمزان و نەزانەوە، لەم دواییانەدا ئاگاداری بارودۆخی سیاسیی جیهان و ناوچە هەن. ئاگادارن چۆن زایۆنی مەیدانیان بە فەلەستین و لوبنان و سووریە و ئەم ئێرانەش تەسک کردووەتەوە. ئاگادارن لەنێو سەرسوڕمانی ئەم هەموو چاودێر و ماودێر و سیاسی و میاسیانەدا چۆن دۆناڵد ترامپ زۆر بە چاوەڕواننەکراوی دەنگی هەرەزۆری خەڵکی ئەمریکای بۆخۆی برد و جارێکی دیکە بۆوە بە سەرۆککۆمار. ئاگاداریشن کۆماری ئیسلامیی خۆمان چۆن حوکمی کوشتنی ترامپی دەرکردبوو و ئێستاش چۆن دەڵێت ئێمە ئەم ناماقوڵییەمان نەکردوە.! لە نێو وڵاتیشدا ئاگادارن چۆن خوێندکارێکی زانکۆیەکی تاران بە ستیان و تنۆکەیەکەوە بە ڕۆژی ڕوون هەرامەی پێشانی بەرپرسان دا و تەقەی سەریشی نەهات. دەبێت ئاگاداریش بن چۆن "مەلانیا ترامپ" خانمی یەکەمی ئەمریکا بە تووڕەییەوە دەگەڵ شووە لە هەڵبژاردن سەرکەوتووەکەیدا نەڕۆیشتە کۆشکی سپی و ئەو گلەییەی کرد کاتی خۆی پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکا لە کاتی گەڕانی ماڵیان چەنگیان ناوەتە نێو جلەکانی و دەستیان لە تنۆکە و شتی لەم جۆرەی داوە.

خۆ هەر نەبێت ئاگاداری ئەم هەواڵانەن دوای ئاخرین هێرشی دەوڵەتی جوولەکان بۆ سەر ئێران سەبارەت بە لێدانی بنکەی ئەتۆمی و مەتۆمی بڵاو دەبنەوە و ئاگاداری ئەمەشن چۆن ئێران هەڕەشەی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم و هێرشی سێهەم بۆ سەر ئیسرائیل دەکات و ئەم گڕوسی و مرووسی و شتەش وەک دێن و بە ئێراندا دەخولێنەوە و بیانووی پێتاندنی زیادەی یۆرانیۆم و هێندێک شتی دیکەی پێ دەگرن. خۆ ئەگەر ئاگاداری ڕووداوی وەک خۆدزینەوەی ئێران لە تۆڵەسەندنەوەی ئاخرین هێرشی ئیسرائیل بن، بێگومان ئاگاتان لە خەبات و بەرخۆدانی تەماتەشە.


تەماتە، ئەو تەماتەیەی لە سەرەوە باسمان کرد، چۆن لەنێو "تەماتەورۆن" و "ئۆملێت" و "شۆرباو تەماتە" و بە برژاوی دەگەڵ کەباب لە پێناو مرۆڤدا خۆی بەخت دەکات، ئێستا لەنێو ئەم هەموو ڕووداوە سیاسییانەدا شانی داوەتە بەر سیاسەتیش. ئێستا تەماتە خۆی کردوە بە کەسایەتیی سیاسی و ئابووری و وەباڵ بە ملم لێشی دەوەشێتەوە و ئەم سیاسەتە هەر لەخۆی جوانە.

لە کاتێکدا نرخی دۆلارێکی ئەمریکایی بۆ نزیکەی حەفتا هەزار تمەن فڕیوە و بەهۆی تەنگژەی ئابووری و بردنەوەی ترامپ لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و هێرش و هەڕەشەی ئیسرائیلەوە ئێران تووشی کێشەی زۆر گەورە هاتوە و بەناچاری جاروبار خۆی لە وڵامدانەوەی ئیسرائیل دەزێتەوە، ئەمە تەماتەیە پشتی کردووەتە "تاوە" و "مەنجەڵ" و "قابڵەمە" و "مەنقەڵی کەباببرژاندن" و یکسەر خۆی فڕێداوەتە نێو دونیای سیاسەت و لەنێو سەرسوڕمانی پسپۆڕانی بواری سیاسەت وئابووری و تەنانەت ئایینیشدا خۆی کردووەتە سەر هێڵی هەواڵان و ملی داوەتە بەر لەبیربردنەوەی هەموو ئەم شتانە.

بە هەموو لێهاتوویی و چازانیی تەماتەوە، دەبێت بڵێین سیاسەتیش هەر لە خۆی جوانە. ئەی ئەوە نییە سەروبنی پرسیاران ئەمەیە ئەرێ نرخی تەماتە دانەبەزی؟ دیارە کەسایەتییەکی سیاسیی وەک تەماتە ئەگەر نرخی لە بەرانبەر پارەی هیچ و پووچیشدا داشبەزێت، لە نرخە سیاسییەکەی کەم نابێتەوە .

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

## فرێدانی تۆپەکە ئەوەندەش ئاسان نییە



ئەوەندەی خۆڵ لەسەر گۆڕی برایمۆکەیە، سەد ئەوەندە تەمەنی تۆی خوێنەر درێـــژ بێت. بەر لە دەستپێکردنی ئەم چەند دێڕەی خوارەوە، پێمخۆشە باسی هۆی داخوازیی تەمەندرێژیی جەنابت بکەم.

دەگەڵ تۆمە، تۆی ئەم دێڕانە دەخوێنیەوە. دیارە لەم دواییانەدا لەو کاتەوە ڕووبەری موبایلان پانتر بووەتەوە و ئەم ڕووبەرەش بەهۆی تورِی ئینترنێتەوە سەری مار و مێرووی تێدا دیارە، ژمارەی خوێنەر هەروا دێت و بچووکتر دەبێتەوە. لەبەر ئەمەیە پێمخۆشە تەمەنی تۆ، ئەو تۆیەی خۆت داوەتە بەر خوێندنەوەی وتار و کتێبانەوە، درێژ بێتەوە. ئاواتەخوازم تەمەنت وەک تەمەنی پێغەمبەر نووحی بەسەر بێت.

ئەرێ لەمەیان ئاگاداری، ئەوانەی بەرانبەر بە ڕووبەری ئەم موبایلۆکە پانەوە پەل دەبنەوە و پێدەکەن، بەشی هەرە زۆری ژیانیان دەگەڵ ژیانی بووکەڵە و مووکەڵان تێکەڵ دەبێت؟

دیسان دەگەڵ تۆمە، ئەو تۆیەی کاتی پرِبایەخی خۆت بۆ خوێندنەوەی ئەم چەند دێرِانە تەرخان دەکەی، بروا بکە

نامهەوێت لە خۆم بفشم و بڵێم خوێندنەوەی ئەم دێڕانە لە چاولێکردنی ڕووبەری ئەم موبایلە پانکەڵانە چاترە. بەڵام لێرەوە هەوڵ دەدەم شتی خۆش خۆش بگێڕمەوە. خۆ خوای نەخواستە ناڵێم من لەم موبایل و شتە زاناترم، بەڵام هەندێک شت دەبینم ڕەنگە لەوێدا نەیبینی یان هەمووی لەوێدا نەبێت.

ئەم یەک دوو ڕۆژە لە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی هەر لەم موبایلۆکانەوە دیتم کوڕێژگەیەک تۆپێکی بە دەستەوەیە و دەمی دەگەڵ دەبزێوێت. کاتێک دەنگی موبایلەکەم زیاد کرد و گوێم دایە کوڕەی تەمەن هەشتنۆدەساڵی، چ ببینم؟ شتێکم دیت دوژمنی بابەکوشتەتان نەیبینێت. تەماشا دەکەم ئەوە نەوەی ئیبراهیم ڕەئیسیی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێرانە و دەیهەوێت ئەو تۆپەی بەدەستییەوەیە بیفرۆشێت، ئەوکاتە هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و لەبەرخۆمەوە گوتم بە مردنی ئەم برایمۆکە نەوەکەشی هەتیو بووەتەوە و خەریکە بۆ دابینکردنی پێداویستیی خۆی ئەم تۆپە دەفرۆشێت. بەڵام کاتێک لێی ورد بوومەوە، تەماشە دەکەم کوڕە بە فارسی قسە دەکات و دەڵێت ئەم تۆپە "جییانی ئینفاتینیۆ"ی سەرۆکی "فیفا" لە کاتی چاوپێکەوتن دەگەڵ بابەگەورەم لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە باوە گەورەمی داوە و ئێستا من دەمهەوێت بیفرۆشم و پارەکەی بە منداڵانی غەززە و لوبنان بگات. کوڕێژگەکە هەر لەم گرتە ڤیدیۆیەدا داوا لە هاووڵاتیانی ئێران دەکات لەم کارە خێرەدا بەشدار بن.

پیاو چی بڵێت؟ لێرە مەبەستم لە مرۆڤی نێرینە نیە و خوا بەو ڕۆژە نەکات خۆ لە سەردەمی بەرنگاربوونەوەی توندی وتیژی دژ بە ژناندا خوا غەزەبی لێم نەگرتووە، حیسابێک بۆ ژنان نەکەم. لێرەدا لە ئێدیۆمی "پیاو چی بڵێت"دا مەبەست مرۆڤە نەک پیاو. خۆ ژنان خۆشیان هەر ئەوا دەڵێن.

ئەم کەوانەیەی سەبارەت بە پێشێلکردنی جیاوازیی نێوان ژن و پیاو دادەخەم و دەچمەوە سەر بابەتی تۆپەکە.

لە کاتێکدا نەوەی برایم ڕەئیسی باس لە فرۆشتنی ئەم تۆپە دەکات، پیاو نازانێت چی بڵێت.

لەلایەک مەسعوود پزیشکیان ئەو پیاوەی سەرۆککۆمارە و جێگەی باپیرەی ئەم کوڕە تۆپفرۆشەی گرتووەتەوە، دەڵێت بارودۆخمان خراپە و کاک "ناسر هیممەتیی" وەزیری ئابووریش خەریکە نان و سووتەمەنی و کارەبا گران دەکات دەڵێت ڕەنگە چیدیکە پارەی یارانەمان پێ نەدرێت و دۆلاری ئەمریکاش نرخی لە ٧ تومەنەکەی سەردەمی شای گۆڕبەگۆڕەوە هەتا ئێستا بووەتە" حەفتاو یەک هەزار و چەند سەد تومەن" و نەوەی برایم ڕەئیسیش داوای هاوکاری دەکات، پیاو نازانێت چی بڵێت. کاتێک بیر لە تۆپەکەش دەکەیەوە، دەکەوییە بیری قووڵی پێوەندیی نێوان تۆپێن و سیاسەت و ئەم کابرایەی

"یەکیەتیی تۆپی پێی نێونەتەوەیی" و دەڵێی تۆ بڵێی ئەم

جیبیانی ئینفاتینییە سەرۆکی "فیفا" واتە "یەکیەتیی تۆپی پێی نێونەتەوەیی"یە و ڕەنگە ئەم گومانە دروست بێت بۆچی ئەم کابرایەی نێو سیاسەت و وەرزشی تۆپی پێ ویستوویەتی بە هۆی برایم ڕەئیسییەوە تۆپەکە باوێتە نێو ئێران. ئەوکاتەش پیاو نازانێت چی بڵێت.

ئەم کوڕیژگە منداڵەی خەریکە تۆپەکە دەفرۆشێت، بۆ ئەمە دەبێت هەڵوێستەیەکی بۆ بکرێت. تۆ بڵێی ئەم کوڕە ئەوەندە هەژار بێت، نەتوانێت برە پارەیەکی بەرچاو بخاتە سندووقی یارمەتی بۆ منداڵانی غەززە و لوبنانەوە؟ تۆ بڵێی وەک کاکە ناسر هیمەتیی وەزیری ئابووری دەڵێت، سەرچاوەی داهاتی خەڵک ئەوەندە بێهێز بووبێت نەتوانن لە پێشاژۆی تۆپەکەدا بەشدار بین؟ ئەدی بڵێی تۆپە هینەکە لە لوبنان و سووریە و عێراق دابمێنێتەوە یان ئەویش بە تەواوی بخەنەوە نێو خاکی ئێران؟

بۆیە ناچارین لە بەزمی پێدانی ئەم تۆپە لە لایەن سەرۆکی فیفاوە بۆ ئیبراهیم ڕەئیسی دڕدۆنگ بین. ئێمەی دوور لە سیاسەت و میاسەت، هیچ سەر لەم بەزم و ڕەزمە دەرناکەین و نازانین ئەم تۆپە بۆ کەوتووەتە ئێران و لەوێش لە جیات ئەوەی لە نووسینگەی سەرۆککۆماری یان لەمووزەخانە ئێران ڕابگیرێت، کەوتووەتە دەست ئەو منداڵە و ئەویش گەمەی پێدەکات؟

دیارە ئەم منداڵەش ئاغازادەیە و ئاغازادان لە ئێران کەمتر بە سیاستەوە ماندوون و خەریکی هینی دیکە دەبن.

دیسانیش لە نێو سەرسوڕماندا تەنیا دەتوانین بڵێین "پیاو نازانێت چی بڵێت"

۱۷ی سەرماوەزی ۲۷۲٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەمە "تۆفانی ئەلئەقسا"یە یان پشیلەی ڕەجەبە شێت؟



هەرکەسێک دوو دێڕە هەواڵی خوێندبێتەوە یان ڕۆژێک لە ڕۆژان سەیری تەلەفزیۆن و ئەم مۆبایلە پانکۆلانەی بەردەستمانی کردبێت، یان لەنێو ماشێنەوە دەستی بە دوگمەی ڕادیۆ کەوتبێت، بێگومان ناوی "تۆفانی ئەلئەقسا"ی بەر چاو یان بەر گوێ کەوتوە.

تۆفان لە مێژوودا گەلێکن، بەڵام ئەم تۆفانەی باسی دەکەین، وەک هیچکامیان نیە. بۆ وێنە، لە ئەمریکا "تۆفانی کاترینا" نێوبانگێکی زۆری دەرکرد و بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەم تۆفانە بڵاو بوونەتەوە، ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی هەڵی کرد و بەخێرایی ٢٨٠ کیلۆمیتر لە کاتژمێرێکدا، لە بەشێک لە "کەنداوی مەکسیک"ـەوە هەتا ویلایەتی "لووئیزیانا" و "ئالاباما"ی گرتەوە و هەزار و ٨٣٦ کەسی لەکۆڵ ژیان کردەوە. لە خۆرهەڵاتی ئەم گۆی زەوییەش گەورەترین تۆفان، "تۆفانی بێبینکا"یە و لەم ساڵانەی دواییدا چین و چەند وڵاتێکی ئەم ناوچەیەی گرتەوە و ئەم تۆفانەش نزیکەی هەزار کەسی دیکەی لە ژیان داماڵی.

ئەمانەی سەرەوە ئەو تۆفانە بەناوبانگە سرووشتیانە بوون لە مێژووی ئەم ساڵانەی دواییدا لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای

جیهــان ڕوویــانداوە. بە هەر دوو ئەم تۆفــانە گەورانە، لەســەریەک دووهەزار و پێنســەد کەســێکیان پــێ لە ژیــان دوور نەخراوەتەوە و هەرکامیان (پەرژینی بەگوڵ بێت لە ڕووی ئێوە)، چەند کاتژمێرێک دوای هەستان نیشتوونەتەوە.

بەڵام لە خۆرهەڵاتی ناوین کۆماری ئیسلامی تۆفانێکی هەستاندوە، هەتـا ڕێکەوتـی بڵاوبـوونەوەی ئەم ڕۆژنـامەیە سـاڵێک و دوومانگ و ١٥ ڕۆژە بەردەوامە و بە گەلەکۆمەی زۆربەی وڵاتانی جیهان نانیشێتەوە.

ئەم تۆفانە هەتا ئێستا توانیویەتی دەیان هەزار کەس بێژیان بکات و ژمارەی بریندارانی بەرەو بێژیانکردنیش لە بـان ١٠٠ هەزار کەسن و بە میلیۆنـان کەسیش لە ئاوارەییدا ژیانتـاڵن.

ئەمەی خـۆرهەڵاتی نـاوین "تۆفـانی ئەلئەقسـایە" و مـاوەیەکی زۆر بەڕێـوەبەرانی خـاوەن "فـوو"ی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران "فوو"یان پێدا کرد و سەرئەنجام لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ لە سنووری نێوان ئیسرائیل و فەلەستینەوە هەڵیانئەستاند و ئێسـتا هەر ئەوانەی هەڵیانئەسـتاندوە، لەترسـانی خۆیـان دە بـۆدڕ و تـۆنل و ژێرزەمینـان داوێـن و بە لارەملی چـاوەڕوانن بنیشێتەوە.

ئەم تۆفـانەی بە نـاوی ئەلئەقسـا هەسـتاوە، تۆفـانێکی سـەیرە. ئەوانەی هەڵیانسـتاند، زیـاتر لە ١٤ مـانگە خۆیـان بە دەستیەوە دەناڵێنن. تۆفانی ئەلەقسا وەک هیچ تۆفانێکی دیکە نیە، گەردەلوولی جوداجودای لـێ سـاز دەبـن و هەر جـارە لە شوێنێک لەم خۆرهەڵاتی ناوینە تەپوتوز بەبا دەکات.

ئەم تۆفانەی باسی دەکەیـن، دوای ئەوەی لە سەرەتادا لە ئیسرائیل خـۆی بە شوێنێکی هەڵپەرکـێ و گۆرانیگـوتن و سەما و هەڵپەڕینـدا کـرد و کۆمەڵێک ژنوپیـاوی عاشقەوماشقەی سەرخۆشـی بێگونـاحی دایەبەر، ئەمجـارە لە غەززە، گەردەلـوولێکی لـێکەوتەوە و زیـاتر لە چلهەزار کەسـی بەگونـاح و بێگونـاحی لە کـاروانێکی دوور و درێـژدا کـردە ڕێبـوارانی بەتاسـەی بەهەشت و دۆزەخ.

هێشـتا گێژەڵـووکەی غەززە نەنیشـتووەتەوە، گێژەڵـۆکەیەکی دیکە لە لوبنـان سـەری هەڵـدا و وەک "ئەسپەک" و "نەخۆشیی لەناکاو" خۆی بە وردە ئامێری پێوەندیکردندا کرد و هەموویـانی لە ئانوسـاتێکدا تەقـاندەوە و خەڵکێکی زۆری کوێروکوتر کرد و ئەمجارە کەوتە گیانی مامە "حەسەن نەسرووڵلا" و چەندین گەورە پیاوی حیـــزبوڵڵای سەرنگون کرد.

پێش ئەوەی ئەم گەردەلوولە بچووکە بکەوێتە گیانی حیـــزبوڵلا، گێژەڵووکەیەکی بچووکی دیکەی جیابووەوە هەمان تۆفانی هەستاو، وەک ئازەری دەڵێن لە چیاکانی ئازەربایجاندا لەنێوان دوو "باڵەفڕان"دا باوەشی بە باڵەفڕی هەڵگری برایم ڕئیسی و وەزیر دەرەوەی ئێران و پێشنوێژی شاری تەبریز داکرد، ئەوەندەی پێ نەچوو لە بناری چیای دەماوەندیش لە تاریکەشەوێکی ئەنگوستەچاودا دەستی نایە بینەقاقای "ئیسماعیل هەنیە"ی سەرۆکی ڕێکخراوی حەماس و لە جێدا لەژیان دایبڕی.

ئەم تۆفانی ئەلئەقسایە، تۆفانێکی سەیرە. ئەوانەی هەڵیانئەستاند و ماوەیەکی زۆر هەوڵیان دەدا نەنیشێتەوە، دەیانداتە بەر خۆی و بەشێکی زۆریان یەکیەک و دوودوو و سێسێ و چەندچەند کەوتن و لەبەرانبەریدا خۆیان نەگرت.


هەر سەیری ئەم "بەشار ئەسەد"ە ملدرێژەی سووریە بکەن، نزیکەی چاردە مانگ بوو بە هەنبانەیەکی وەک هەنبانەی ئاگردەماندنی ئاسنگەران بای بە تۆفانەکە دادەکرد و هەوڵی دەدا نەنیشێتەوە. ئاخری کار گەیشتە شوێنێک تۆفان ملی خۆی و ژنە قەدباریکە باڵەبەرزەکەی بادا و بەچەشنێک ڕەهەوای خستن، لە دامێنی سەحرای کاکیبەکاکیی سیبری کەوتنەوە زەوی. هەر ئەم تۆفانە پێش ڕەپێچەکدانی بەشار و "ئەسما گیان"ی هاوسەری، گەشتێکی بەسەر ئێراندا لێدا و لەترسان هەموو ئەو مووشەکانە نیشتنەوە، بە هیوای گورزوەشاندن خەریکی هەستان بوون. لەمەو دوا کەس ناتوانێت بەم جۆرە مووشەکانە بڵێت نوقتەزن، بەڵام تۆفانی ئەلئەقسا هەر خوا خۆی دەزانێت چ نوقتەزەنێکە!

ئەلئەقسا، ئێستا کونبەکون بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت، یەکەم جار فوویان پێداکردوە و هەڵیانئەستاندوە. ئەم تۆفانە بە هیچ شێوە و شێوازێک ناکرێت دەگەڵ تۆفانە سرووشتیەکانی مێژوودا هەڵیبسەنگێنی. تۆفانێکی ماندوونەناسە و ئەوانەی بۆ هەستانی هەرەوەزیان دەکرد، هەموویانی گرتەبەر و هەتا هاندەری سەرەکیی سەرهەڵدانیشی نەگرێتەوە، ناسەکنێت و هەدا نادات.

قسەی خۆمان بێت، ئەم تۆفانە سەرشێتە وەک پشیلەی ڕەجەبەشێتە و خەریکە گەڕەکە ماڵی خۆرهەڵاتی ناوین بە خۆیەوە دەسووتێنێت.

٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## سەرپۆشی دیجیتاڵیش دێتە بازاڕ



ساڵی ٢٠٢٥ە و سەرەنجام گەشتی ئیرشاد بڕیاری داوە تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوو بەکار بهێنێت. ئێستا لە جیاتی ئۆتۆمبێلی "وەن"ی سپی و پۆلیسی مرچومۆنی گەشتی ئیرشاد، فرۆکەی بێفرۆکەوانی بچووک بە کامێرا و هۆشی دەستکردەوە بەسەر شەقاماندا دەسووڕێنەوە و وەک "پاسەوانانی دیجیتاڵی عەفاف" ناسراون، هەموو ڕۆژێک بە زانیاریی نوێ بارگاوی دەکرێنەوە دەگەڵ نوێترین مۆدێلی پۆشین و فێڵی دەرچوون لە یاسا ئاشنا دەکرێن.

"یاسەمین گیان" هەرئێستا لە ئارایشتگا هاتووەتە دەرەوە، قژی بە جۆرێک ڕێکخستوە کەمێک لەژێر لەچکەکەیەوە دیارە. فرۆکەیەکی بێفرۆکەوان نزیک دەبێتەوە و بە دەنگێکی ڕۆبۆتیەوە دەڵێت: "خوشکی بەڕێز، ٣,٧ سانتیمەتر لە قژی ئێوە دیارە. تکایە لە ماوەی ١٠ چرکەدا دایپۆشەوە. هەروەها ڕەنگی قژیشت چەندین پلە لە ئاستی ڕێگەپێدراو چاوانی نێرینەی کچپەسەند دەئەنگێوێت. یاسەمین گیان بە زەردەخنەیەک دڵبزوێن و دڵڕفێنێشەوە دەڵێت: "هەر بەڕاست وردبینینیی ئێوە لە پێواندا هەتا یەک لەدەی سانتیمیترە؟"

فرۆکەی بێفرۆکەوان وڵام دەداتەوە: "بەڵێ خاهەر. ئێمە پێشکەوتووترین سیستەمی پێوانمان هەیە. هەروەها لە ساڵی

نوێی کافران یان ساڵی نوێی زایینیدا دیاریکردنی ڕێژەی نەرمی و بۆنداریی قژ و عەیب نەبێت هێندێک شتی دیکەشمان بۆ زیاد کراوە".

لەم کاتەدا "ویدا خانم"ی هاوڕێی یاسەمین گیان بە مانتۆیەکی فشەوە دەگاتێ و بە شێوازی "نەستەعلیق" لەسەر مانتۆکەی نووسراوە: "ئەم مانتۆیە لەگەڵ هەموو پێوەرەکانی پۆشینی ئیسلامی دەگونجێت." ویدا خانم وای دانابوو، بەم داهێنانە نوێتەوە دەتوانێت کڵاو بخاتە سەر فرۆکەی بێفرۆکەوان.

فرۆکە بێفرۆکەوانەکە، بە تیشک وێنە لە ویدا خانم دەگرێت و دەڵێت: "خوشکی بەڕێز، فۆنتی نەستەعلیقی ئێوە ٢ پلە لە ئاستی ڕێگەپێدراو لارترە. هەروەها پیتەکانی 'ئەلف' و 'لام'ـی ئێوە ٠,٥ میلیمیتر لە ستانداردی ڕێگەپێدراو درێژترن. ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی وروژاندنی هەستی دیتن و تێکدانی نەزمی گشتی".

ویدا خانم، بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: "یانی ئێستا دەبێت لە نێوەڕاستی شەقام فۆنت بگۆڕم؟ بۆچی مەگەر پیتەکانی ئەلفوبێش سەرپۆشیان هەیە؟"

فرۆکەی بێفرۆکەوان دەڵێت: "نەخێر، دەتوانن سەردانی نزیکترین نێوەندی گۆڕینی فۆنتی سەرپۆش بکەن. هەروەها بە پێی گشتاندن (بخشنامە)ی نوێ، هەموو پیتەکانی ئەلفوبێ دەبێت سەرپۆشی گونجاویان هەبێت و بە هیچ شێوەیەک نابێت ئاستی پێکەوەلکانی دو پیتی ئەلف و لام وەک دیاردەیەکی ناشەرعی بەدیارەوە بێت و ئەمە وەک ئەوەیە میوفرۆشی زیددی ئینقلاب دوومیوەی ناشرینی خەیار و تەماتە یان پرتەقاڵ بەمەبەستی فرۆشتن یان بە هەر مەبەستێکی دیکە لە تەنیشت یەکتر دابنێت".

لەم کاتەدا، پیرەژنێک بە لایاندا تێدەپەڕێت. چارشێوەکەی کەمێک لادەچێت و فرۆکە بێفرۆکەوانەکە دەستبەجێ هەستی پێدەکات. سیستەمی ناسینەوەی دەموچاو لە فرۆکە بێفرۆکەوانەکەدا، تەمەنی ئەم پیرەژنە  بە ٧٥ ساڵ دەخەمڵێنێت، بەڵام بە پێی پرۆتۆکۆل، هیچ جیاکارییەک بۆ تەمەن دیاری نەکراوە.

پیرەژن توورە دەبێت و بە گۆچانەکەی هێرش دەکاتە سەر فرۆکەکە و دەڵێت: من چل و شەش ساڵە چارشێو دەپۆشم، ئێستا پارچە ئاسنێکی هیچوپووچ دەیەوێت فێرم بکات چۆن چارشێو بکەمە سەرم؟ بە مەرقەدی ئەم شێخ عەبدولعەزیمە، ئەو کاتەی ئەم فرۆکە و مرۆکە دیجیتاڵ و میجیتاڵانە نەبوون، سەرپۆشمان باشتر دەپۆشی"!

فرۆکە بێفرۆکەوانەکە خێرا بەرز دەبێتەوە و دەڵێت: "خوشکی بەڕێز، هەڕەشە لە فرۆکەی بێفرۆکەوانی گەشتی ئیرشاد بە

تاوان دادەنرێت و دەبێت بە پێدانی پارە و بەشداریکردن لە خولی رێزگرتن لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گەشتی ئیرشاددا سزا بدرێی. تکایە ئارامیی خۆشت بپارێزە".

یاسەمەن گیان و ویدا خانم، بۆ ڕاکردن لەم دۆخە بڕیار دەدەن بچنە کافەیەک. لە کافەکە، لەسەر مێزی تەنیشتیان کچێک دانیشتوە و قژێکی دەستکرد بەسەریەوەیە. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە لە پشت شووشەوە وێنەی دەگرێت و ئاگەداری دەکاتەوە و دەڵێت:"خوشکی بەڕێز، قژی دەستکردت سێ لەسەدی پلە بەرەو چەپ لاربووەوە. ئەم لاربوونەوەیە دەتوانێت نیشانەی مەیلێکی نەشیاو لە بیرگەی خاوەنەکەی دابێت.

کچەکە بە تووڕەییەوە دەڵێت: "ئاخر مەگەر قژی دەستکردیش ئاراستەی جوگرافیایی هەیە؟ نەکا سبەی ناچار بین بۆ ڕەنگی چاویشمان مۆڵەت وەربگرین؟"

فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، وڵام دەداتەوە: بەڵێ خوشکی بەڕڕێــــززز. بەپێی ڕێنماییەکانی ژمارە ٧/٢٠٢٥، پێویستە قژی دەستکرد ڕێک دەگەڵ کەمەری زەوی (خەتی ئیستیوا)هاوتەریب بێت. سەبارەت بە ڕەنگی چاویش بەم زووانە گشتاندن(بخشنامە)ی نوێمان پێدەگات.

خاوەنی کافە لەم دۆخەماندوو دەبێت و پەردەی ئەستوور دەکێشێت. بەڵام فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هاوار دەکات: ئاگاداری! ئاگاداری! بەکارهێنانی پەردەی دژە سکان قەدەغەیە. پلەی گەرمی نێو کافەکەش ٢ پلە لە ئاستی ڕێگەپێدراو بەرزترە و دەتوانێت ببێتە هۆی گەرمای زۆر و لاچوونی نائاگایانەی لەچک".

کاتێک شەو دادێت، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەگەڕێتەوە بنکەی خۆی و لە ڕاپۆرتی ڕۆژانەیدا دەنووسێت: ئەمڕۆ ١٢٤٧ حاڵەتی قژی نادیار، ٨٩٢ حاڵەتی فۆنتی نەگونجاو، یەک حاڵەتی هێرش بە گۆچان بۆ سەر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، و ٥٢٣ حاڵەتی لاری قژی دەستکرد تۆمار کرا. هەروەها ١٤٧ کەس بەهۆی زەردەخەنەی زیاتر لە ئاستی ڕێگەپێدراو ئاگادار کرانەوە.

بەم شێوەیە سەرپۆش دەچێتە چاخی دیجیتاڵەوە، بەڵام ڕاپۆرتی پێوەندیی نێوان قژی خاو و دەروونی کچان و کوڕان و هەستی خەڵکی بێکار و پیرەژنی بێزار و وەزاڵە هاتوو، لە ئەوپەڕی نهێنی (فوقمحرمانە)دا تۆمار دەکرێن و دەگەنە دەستەڵاتداران. ترس لە گەرمبوونی بازاڕی سەرپۆشی دیجیتاڵی دەستەڵاتداران دادەگرێت. سەرپۆشی دیجیتاڵ ئەو سەرپۆشانەن هەست بە بوونی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەن و لە خۆیانەوە هەتا تێپەڕینی فڕۆکە قژە خاوەکان بە شێوەی کاتی دادەپۆشن.

١٧ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## ""دوو" و "دوازدە"ی ڕێبەندان تەنیا نۆ ڕۆژیان نێوانە؟



دوو" و "دوازدە"ی ڕێبەندان لە سەدەی ڕابردووی مێژووی ئوممەت و میللەت و خەڵک و نەتەوە و گەلانی ئێران و وڵاتانی دراوسێ و هەموو موسوڵمانان و کوردانی دراوسێی ئێراندا بوونەتە دوو ڕۆژی مێژوویی و بە کوێریی چاوی کوێری دوژمنانی ئوممەت و میللەت و خەڵک و نەتەوە و گەلانی ئێران بەردەوام ناویان دەمێنێتەوە.

مێژوونووسانی نێوخۆیی و دەرەکی و چاودێرانی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیش زۆریان لەسەر ئەم دوو بۆنەیە نووسیوە. ئەو ئوممەتە "هەمیشە دەر سەحنەیە"ی لەم دواییانەدا لە فەلەستین و لوبنان و سووریە و ئەم عێراقەی دراوسێمانەوە بە بەشێک لە هەمان ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنە بوون، ئێستا لە دوورەوە بەرەو نێوخۆی ئێران خەریکن لە هەندێک شوێن بە خێرایی و لە هەندێکیش بە نەرمی و وردەوردە خەریکی چۆڵکردنی ئەم سەحنە بەرینەن. لەبیرتان نەچێت ئەوەی چۆڵ دەکرێت "پانتایی" ئەو شوێنانەیە ئوممەت بە تەمابوو بۆ هەمیشە لێی بمێنێتەوە و بە هیچ شێوەیەک مەبەستی نووسەر شاری "سەحنە"ی پارێزگای کرماشانی خۆرهەڵاتی کوردستان نییە و ئەم شارە هەر وەک سەحنەی کوردانی یارسان لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە.

دیارە چۆڵکردنی سەحنەی "مەیدان"یش لە لایەن ئوممەتی ڕاکردوو لە سەحنە، وەک لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا دیتمان بە شلی و توندی و بە خێرایی و نەرمی بەڕێوە دەچوو. بە تایبەت دوای ڕووخانی حکومەتی سیکۆلاری ئیسلامپەسەندی ئەسەدەکان لە سووریە ڕەوتی ڕاکردنی ئوممەت لە سەحنە خێراتر بوو. بەڵام کاتێک گەیشتە نێوخۆی ئێران و پاش سەپاندنی ئاگربەست لە لایەن حەماسەوە بەسەر ئیسرائیل و ئەمریکادا، هاوکێشەکە گۆڕانی بەسەر داهات. ڕۆژی هەینیی ٢٩ی بەفرانبار واتە دوو ڕۆژ پێش "دووی ڕێبەندان"، ئەوەندە ئوممەتەی لە شارە گەورەکانی ئێران بە هەناسەبڕکێوە لە سەحنەدا ماون، دوای کوژرانی ڕەئیسی و هەنیە و سینوار و حەسەن نەسروڵڵا و زیاتر لە نزیکەی ٥٠ هەزار فەلەستینی و لوبنانی، سەپاندنی ئاگربەست لە لایەن فەلەستینیانەوەیان کردە جێژن.

لەم دێڕانەی سەرووتردا، بە ناچاری چەند جارێک باسی وشەی نەرممان کرد و گوتمان بەشێک لە ئوممەت بە نەرمی پاشەکشەیان کرد. ئەم وشەی "نەرمە" پێویستیی بە لێوردبوونەوەی زیاتر هەیە و سەرەڕای ئەوەی وشەی "نەرم" بۆ زۆر شتی نەرمی خۆش و ناخۆش کەڵکی لێوەردەگیرێت، بەڵام وشەی تێکەڵاوی دیکەی وەک "نەرمش"یشی لێ دروست دەبێت. بۆ وێنە دەکرێت ئاماژە بە "نەرمشی" بەیانیان و "نەرمشی قارەمانانە" بکەین. دیارە ئەوانەی کەمێک بایەخ بە تەندروستیی خۆیان دەدەن، بەیانیان نەرمش دەکەن و هەمووومان دەزانین نەرمشی بەیانیان چییە، بەڵام "نەرمشی قارەمانانە" دەستەواژەیەکە لە لایەن میرزا عەلی خامنەیی و ڕێبەری ئوممەتی سەحنە چۆڵکەرەوە دانراوە و جۆرە نەرمییەکە بۆ کشانەوە لەو سەحنەیەی هەندێک کەس بە خێرایی و بە نەرمی لێی دەکشێنەوە. ئەم نەرمشە قارەمانانەیە بۆ خەڵکی نێو کۆزیلەکەی بەجێماو لە ئوممەتی لە سەحنە ڕاکردوو پاساوێکی بەجێیە. ئەگەر وایە با بەردەوام بێت نەرمشی قارەمانانە.

بەڵام قسەی خۆمان بێت، کێشە لە نێوان دوو سبەی و ١٢ ڕۆژی دیکەدایە. دوو سبەی و ١٢ ڕۆژی دیکە یانی "دوو" و "دوازدەی ڕێبەندان" وەک لە سەرەوە باسمان کرد بۆ هەمیشە لە مێژووی ئێران و ناوچە و تەنانەت جیهانیشدا دەناسرێتەوە. دووی ڕێبەندان ئەو ڕۆژەیە لەم مەهابادەی دوای هەمان ڕۆژەوە بووەتە وێردی سەر زمانی هەموو کوردانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین و ئەولاتریش. ڕۆژێکە تێیدا ئاڵای کوردستان بۆ یەکەم جار بە ئازادی هەڵدرا. ئەم ئاڵایە پارچە پەڕۆ چوارڕەنگەکەی نا، بەڵکوو دارەکەی زۆر ڕەق و بە گرێیە و نەیارانی کوردان بە تایبەت لە ئێران، عێراق، تورکیا و سووریە تووشی ژان و برین دەکات، بەڵام دوای سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیای نوێ و لە سەردەمی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وردە وردە ئاڵاکە بێ داریش دەشەکێتەوە و ئەمەش هەم بۆ گەلی کورد و هەم بۆ نەیاران هەواڵێکی خۆشە، چونکە لەلایەک ئەم دارە ئازاردەرە نامێنێت و لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانی ئاڵا بە داکوتانی دارەکەیەوە زۆر ماندوو نابن و وەک دەشبینین ئەم ئاڵایە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بەردەوام و زۆر زۆر زیاتر لەو کاتە دەشەکێتەوە و نەیارانیش جگە لەوانەی

ئێران، لە بەرانبەر ئاڵای بێ داردا خەریکی نواندنی "نەرمشی قارەمانانە"ن. بەم جۆرە ئێران لە جیات شۆڕشی ئیسلامی نەرمشی قارمانانەی هەناردەی دەرەوە کردوە.


دیارە هەموومان جیاوازیی نێوان "دوو" و "دوازدەی" ڕێبەندان دەزانین و ئەگەر هەر هیچی لێ تێنەگەین، ئەوەندە دەزانین لە ئەژماردندا ٢ زۆر لە پێش ١٢دایە و لە ٢ڕا هەتا دەگەینە ١٢ پێویستە ٩ دەنکی دیکە بژمێرین. سەبارەت بە ٢ی ڕێبەندان گوتمان ئەم ئاڵایە لەوکاتەوە بە شێوەی ڕەسمی بە بەشداریی جەماوەری خەڵک لە مەهاباد هەڵدرا و ئێستاش لە نێو جەماوەرێکی هەزاران ئەوەندەی جەماوەری ئەوکاتدا دەشەکێتەوە و گوتیشمان هەوڵدان بۆ "تاس‌ولووس" کردنی داری ئاڵا و لە شێوازی گونجاودا شەکانەوەی ئاڵای بێ دار بەشێکی بەرچاوی کێشەی شەکانەوەی ئاڵای کوردستانی چارەسەر کردوە. بەڵام بۆ ١٢ی ڕێبەندان دەبێت بڵێین ١٢ هەتا ٢٢ی ڕێبەندان بۆ دانشتوانی ئێران بە کوردستانیان و ئەوانی دیکەوە بە "دەیەی فەجر" بە مانای "دەیەی سەرلە بەیانی" دەستی پێ کردووە.

ئەم سەرهەڵدانی "ئوممەتی دەر سەحنە"یەش لەوێوە دەستی پێکرد و ئێستا خەریکە دەیەی بەیانی ئێوارەی بەسەر داهاتووە و بەرەو تاریکان دەڕوات و گومانی تێدا نییە تاریکانیش بەیانییەکی دیکە و دەستپێکردنی ڕۆژێکی نوێی بە دواوەیە.

دیارە ئاڵا دەتوانێت لە ڕۆژان و ساڵانی بەردەوامدا بە ڕۆژ و بە شەو بشەکێتەوە، بەڵام بەیانیی هەر ڕۆژێک سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە. ئێستا لەگەڵ ئوممەتی ڕاکردوو لە سەحنە یەک دەنگ هاوار دەکەین خۆزگە ئەم ناوەمان بۆ ڕۆژی ١٢ی نیوەی یەکەمی مانگی ڕێبەندان هەڵنەبژاردبا و کوردانیش بە خۆ هەڵفشاندێکی تایبەتەوە نەیانگوتبا "ڕێبەندان گەرچی ڕێگەبەندانی/ گلێنەی چاوی گەلی کوردانی".

ای ڕێبەندانی ٢٧٢٤

## وڕێنەی دیپلۆماتکارێکی سەرلێشێواو



عەباس عەراقچی بەیانییەکی زوو لە خەو هەڵدەستێت، چایەکی تاڵ دەخواتەوە و لەبەر ئاوێنە گنجی کراسە یەخە ئاخوندییەکەی ڕێکدەخاتەوە.

دەموچاوی ماندوو دیارە و ئەمڕۆ دەچێتە کۆبوونەوەیەکی گرنگ لەگەڵ ئەو دیپلۆماتە ئوروپاییانەی دیار نییە دڵیان بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی خۆشە یان لە کۆتایی تەمەنی ئەم دەسەڵاتەدا تەنیا خەریکی کۆکردنەوەی "گەزی ئیسفەهان" و "سۆوهانی قوم" و "نان کاکی سنە" و "نانەبرنجیی کرماشان" و "نوقڵی بیدمشکی ورمێ" و "شیرینی مەسقەڵی شیراز" و "باقلاوی یەزد"ن. دیارە دواتر هەتا ئێران ئەهوەن نەبێتەوە، دەستیان بەم دیاری و سەوغاتانە ناگات. ئەمەیە دەڵێن وشتر لە خەیاڵێک و وشتروانیش لە خەیاڵێک.

لە لایەکی دیکەوە عەباسۆکە لە کاتێکدا بیر لە ڕۆژانی زێرینی کاک حەمە جەواد زەریف دەکاتەوە، چۆن بە زەردەخەنەیەک و چەند وشەیەکی شیرین دەیتوانی "جۆن کێری"، هەمان وەزیرە باڵابەرزە ئەمریکاییەکەی سەردەمی گفتوگۆی ئەتۆمی و بەرجام و مەرجام بە چۆک دابێنێت و هەموو شتێک چارەسەر بکات.

- ""کاک عەباس، تەلەفۆنێک لە بەغداوە!" ئەمەش بەڕێوەبەری نووسینگەکەیەتی و عەباس لای خۆی بە دڵەڕاوکێوە تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت:

- "بەڵێ؟"

- جەنابی وەزیر، ئەم گرووپە چەکدارانە نوێنەریان ناردووەتە بەشی مەیدانی باڵیۆزخانە و دەڵێن: ئێمە چی بکەین؟ نە سولەیمانی ماوە ڕێنماییمان بکات و نە کەس گوێمان پێ دەدات! ئەمریکاییەکان هەڕەشەمان لێ دەکەن و عێراقیش دەیەوێت چەکمان کات"!

**عەراقچی دەستێک بە تەوێڵی دادێنێت:**

- "ئێستا من لە بەردەم کۆبوونەوەیەکی گرنگ دام. دواتر قسە دەکەین".

هێشتا تەلەفۆنەکەی دانەناوە، پەیامێک لە دیمەشقەوە:

- "جەنابی وەزیر، تۆ خوا پێمان بڵێ دوای ئەسەد، ئێمە چی بکەین؟ تورک لە باکوورەوە دێن و کوردان لە ڕۆژهەڵاتەوە. ڕووسیە لە ئێمە خراپتر بە دەردی خۆیەوە دەناڵێنێت و ئەمریکاش وەک مێشەکەرە بە دەورمانەوە ویزەویزیەتی"!

عەراقچی هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت: "ئاخ حاج قاسم، لە کوێی؟ ئێستا من چۆن ئەم کەلافە ئاڵۆزە هەڵبوێژنم؟"

لە کۆبوونەوەکەدا، دیپلۆماتێکی فەڕانسەوی دەپرسێت: "جەنابی عەراقچی، سیاسەتی ئێستای ئێوە چییە؟ مەیدان یان دیپلۆماسی؟ ئێوە لە سووریە چی دەکەن؟ لە یەمەن بەتەمای چین و لە عێراق چۆنن؟"

عەراقچی بە زەردەخەنەیەکی ساختەوە وەڵامی دەداتەوە:

- "ئێمە... ئێمە... هەردووکیان و هیچیان! واتە... مەیدانی دیپلۆماسی... یان دیپلۆماسیی مەیدانی... ڕاستییەکەی خۆشم

نازانم"!

دیپلۆماتێکی بەریتانیا بە تەوسەوە:

- "بەڵام جەنابی وەزیر، ئێوە دەبێت سیاسەتێکتان هەبێت. ناکرێت هەم باسی ئاشتی بکەن و هەم چەک دابەش بکەن"!

عەراقچی خۆی لە کورسییەکەیدا دەقووچێنێت و بیر لەو ڕۆژە خۆشانە دەکاتەوە سولەیمانی لە مەیدان و زەریف لە دیپلۆماسیدا ململانێیان دەکرد. ئەوکات هیچ کەس نەیدەوێرا وا بە ئاشکرا گاڵتەی پێ بکات.

لە پشووی کۆبوونەوەکەدا، نوێنەری ڕووسیە لێی نزیک دەبێتەوە و بە گوێیدا دەچرپێنێت:

- "ڕەفیق عەراقچی، ئێمە تێدەگەین لە هەڵوێستی ئێوە. بەڵام ناتوانین هەتا هەتایە پشتتان بگرین. دەبێت بڕیار بدەن: یان لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێک بکەون، یان"...

عەراقچی ناهێڵێت ڕووسە سوورە چاوشینەکە قسەی تەواو بکات و بە پەلە دەچێتە دەرەوە. لە داڵانە تەسکەکەدا، سەرۆکی شاندی چینی چاوەڕێیەتی و دەڵێت:

- "جەنابی وەزیر، ئێمە ئامادەین یارمەتیتان بدەین، بەڵام دەمانەوێت بزانین پلانی داهاتووتان چییە؟" عەراقچی بە شەرمەوە ڕووی لێ وەردەگێڕێت و خێراتر بەرەو دەرگا هەنگاو دەنێت.

شەو، کاتێک عەراقچی دەگەڕێتەوەماڵەوە، چەندین نامەی لە یەمەنەوە بۆ هاتووە و ناوێرێت لە پەیجەر و مۆبایلەکەوە بیانکاتەوە و لەسەر لاپتۆپ سەیریان دەکات:

- "جەنابی وەزیر، تکایە ڕێنماییمان بکەن. ئایا دەبێت هێرش بکەین یان دانوستان؟ سعودییەکان پێشنیاری ئاشتییان کردوە، بەڵام ئێمە نازانین چی بکەین. هەندێک دەڵێن سولەیمانی دەیگوت هەرگیز متمانە بە سعودییەکان نەکەین، هەندێکیش دەڵێن زەریف گوتویەتی دەبێت لەگەڵیان ڕێک بکەوین"...

عەراقچی بە ماندوویی لە مۆبڵەکەدا خۆی ڕێک دێنێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: "خۆزگە دەمتوانی وەک زەریف قسە بکەم، یان وەک سولەیمانی بجووڵێمەوە. ئێستا تەنیا دەتوانم وەک عەراقچی سەرم لێ بشێوێت"!

تەلەفۆنەکەی زەنگ لێ دەدات. ژمارەیەکی نەناسراوە.

- "بەڵێ؟"

- "جەنابی وەزیر، ئێمە گرووپێکی نوێی چەکدارین لە لوبنان. حیزبوڵڵا دەڵێت ئێوە یارمەتیمان دەدەن"...

عەراقچی تەلەفۆنەکەی دادەخات و دەچێتە بەر پەنجەرە. مانگەشەوە. بیر لەوە دەکاتەوە چۆن ڕۆژگارێک ئێران دەیویست هەم لە مەیدان و هەم لە دیپلۆماسیدا سەرکەوتوو بێت، کەچی ئێستا لە هیچ کامیان سەری دەرناچێت.

بەیانی ڕۆژی دواتر، کاتێک دەچێتە نووسینگەکەی، بڕیار دەدات سیاسەتێکی نوێ دابهێنێت: "دیپلۆماسیی بێدەنگ و مەیدانی خەواڵوو!" بەڵام دڵنیا نییە ئەمەش چ بڕ بە کەڵک بێت. لە پەنجەرەی نووسینگەکەیەوە سەیری دەرەوە دەکات. چەند کەسێک خەریکی خۆپیشاندانن و هاوار دەکەن: "نە شەرقی، نە غەربی، جمهوریێ ئیسلامی"!

پێکەنینێکی تاڵی دێتێ. ئەم دروشمەش وەک سیاسەتی ئەم سەردەمەمان بێ سەروبێبنە.

بەرپرسی نووسینگەکەی دێتە ژوورەوە: "جەنابی وەزیر، سەرۆک کۆمار داوای تۆی کردوە. گوایە پلانێکی نوێیان هەیە".

عەراقچی دەستێک بە ڕیشی دادێنێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "خودایە، یان وەک سولەیمانی بمانکوژە، یان وەک زەریف بمانکە بە ڕاوێژکارێکی بێ دەسەڵات"!

۲۰ی ڕێبەندانی ۲۷۲٤



سەرچاوە
Serchawe

## كۆماری پشووپارێز لە ڕاگەیاندنی پشوو بەردەوامە




دیسان پشوو ڕاگەیەندرا و دەڵێن ئەمجارە بە هۆی سەرماوەیە. ڕاگەیەنەرانی پشوو دەڵێن سەرماكە زۆر لەوە سەختترە تۆی خوێنەر بیری لێبكەیەوە. سەرمایەكی سەخت و دژوار، سەرمایەک دڵی مرۆڤی دەستەڵاتداری سەر ئەم ئاو و خاكە دەگوشێت و خوێناوی لێوە دەچۆڕێنێتەوە. ئەم سەرمایە ئێما و ئاماژەی پڕ لە هەڕەشەن. سەرمایەک پێش ئەوەی وڵات تووشی نەخۆشی بكات، وەک مێوژۆكە هەڵیدەلەرزێنێت و پسپۆڕانی دەستەڵاتپارێز دەڵێن بەدوور نیە وەک بوومەلەرزەی بەهێز لەبەریەک هەڵیبوەشێنێتەوە. جا لەبەر ئەمە یەكەم چارەسەری ئەم پەتایە ڕاگەیاندن و جێبەجێكردنی پشووە.

كاتێک ئازارێک یان نەخۆشییەک بەربینگمان پێدەگرێت و ئەم هەموو دەواودرمانە دەكار دەكەین و ئەم هەموو پارێزە لە خواردن دەكەین، دواجار پزیشكان هانمان دەدەن نەجووڵێین و پشوو بدەین. لە دۆخێكی وەهادا تەنیا درێژكردنەوەی پشوو چارەسەری بنەڕەتییە.

لەم ئێرانەی ئێمەدا كەس وەک كۆماری ئیسلامی قەدر و بایەخی پشوو نازانێت. جاری جاران ڕۆژانی هەینی پشوو دەدرا و زۆربەی خەڵک لەم ڕۆژەدا لە مزگەوتی شاروگوندان كۆ دەبوونەوە و گوێیان بۆ گوتاری پێشنوێژی نوێژی هەینی شل دەكرد.



سەرچاوە
Serchawe

ماموستایانی سەرانسەری وڵات بارودۆخی وڵات و جیهانیان بۆ بەشدارانی نوێژی هەینی شی دەکردەوە و ئەوانیش کۆڵە مشتی دەستی ڕاستیان بەرز دەکرد و هاواری بمرێت ئامریکا و بمرێت ئیسرائیلیان ئەوەندەی حەز بکەی بەرز دەکردەوە.

لەم دواییانەدا پشوودان لە ئێران بووەتە دەرمانی هەموو دەردان و پشوو تەنیا بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش و بڵاوکردنەوەی وتاری نوێژی هەینی لە بڵندگۆکانەوە نییە و وەک دیارە ئێستا کێشە نەماوە بە ڕاگەیاندنی پشوو چارە نەکرێت. ئەگەر کێشەی ئابووریت هەیە، پشوو ڕابگەیەنە. کێشەی سیاسیت هەیە، پشوو ڕابگەیەنە. خۆپیشاندان هەیە، دیسان پشوو ڕابگەیەنە و تەنانەت ڕەنگە ڕۆژێک بەهۆی پشووی زۆرەوە، پشووی زیاتر ڕابگەیەنن. بەدوور نییە ڕۆژێک دابێت بڵێن ڕێبەری ئێران و دەستەڵاتدارانی وڵات خۆیان لە پشوویەکی هەمیشەییدان. دەکرێت بڵێین ئێران تاکە وڵاتێکە سیستەمی حوکمڕانییەکەی خەریکە لەسەر بنەمای "پشووی بەردەوام" بیچمی خۆی دەپارێزت.

لە هەمووی خۆشتر ئەمەیە، کەشناسانی ئێران ئێستا لەجیات پێشبینیی کەشوهەوا، پێشبینیی درێژ بوونەوە و بەردوامیی پشووی داهاتوو دەکەن! لە مێدیاکاندا دەڵێن: "بەپێی زانیارییان، شەپۆلێکی بەهێزی پشوو بەرەو ناوچەی ڕۆژئاوا و باکوور و نێوەڕاستی ئێران دێت." یان "پێشبینی دەکرێت هەفتەی داهاتوو لە پایتەخت و کەلانشاران تووشی بارینی پشووی قورس و بەردوام بین!" لەم نێوەندەدا، بە دووری مەزانن لێزانانی دەستەڵات بیریان لە "پشووی هەتاهەتایی" کردبێتەوە. ڕەنگە ڕۆژێک ڕابگەیەنن: "بەڕێزان، بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و دڵنیابوون لە سەلامەتیی هەمووان، بڕیاردرا هەموو دامودەزگاکانی حکومەت بۆ هەتاهەتایە بچنە پشوو! تکایە نیگەران مەبن، ئێمە لە پشووشدا کاروباری خۆمان ڕێکدەخەین".
هەندێک لە هاووڵاتیان پێیان باشترە ناوی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بگۆڕدرێت بۆ "کۆماری پشووی ئیسلامی" چونکە لە ڕاستیدا تاکە شتێک بە باشی کاری تێدا دەکات، سیستەمی پشوودانە! ئەمە تاکە بوارێکە حکومەت هەر نەبێت لەم سەروبەندەدا بە شێوەی کاتیش بێت تێیدا سەرکەوتووە.

مێژوونووسان لە داهاتوودا دەنووسن چۆن حکومەتێک توانی وڵاتێکی گەورە تەنها بە ڕاگەیاندنی پشوو بەڕێوە ببات. ڕەنگە ئەمە ببێتە مۆدێلێکی نوێی حوکمڕانی لە جیهاندا: "حوکمڕانی بە شێوازی پشوو." لەوانەیە لە زانکۆکان وانەی تایبەت بۆ ئەم شێوازە حوکمڕانییە دابنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زانکۆ و قوتابخانانیش بەردەوام پشوو ڕادەگەیەندرێت، فێرخوازانیش لە پشوودا وانەی پشوو دەخوێنن.

بە کورتی، ئێران دەبێتە یەکەم وڵات لە مێژوودا سیستەمی حوکمڕانییەکەی لەسەر بنەمای "پشووی بەردەوام" دامەزراوە و ڕەنگە ببێتە نموونەیەک بۆ ئەوەی چۆن دەکرێت وڵاتێک بەڕێوە ببرێت، بێ ئەوەی هیچ کارێک بکرێت. ئەمەش دەبێتە


سەرچاوە
Serchawe

"پەڕجۆی سەدەی بیست و یەک" و تێیدا حکومەتێک بە "هیچ نەکردن" دەتوانێت هەموو شتێک بکات!


لە ئێران هەتا ئێستا تەنیا هێزی چەکدار و سەربازانی گوماناوی ویلایەتی فەقیهـ لەبەر ئەوە خۆیان لە پشوو دەپارێزن، بەردەوام خەریکی پارێزگاری لە پشووی هەموو لایەکن و لە پێناو بەردامیی پشووهەڵکێشاندا پشوودان دەپارێزن.

وەک پێشبینی دەکرێت و هەتا ئێستا زۆرجار شەقامی شاروبازاڕان بەخۆیانەوە دیوە، هێزی ئەمنی و سەربازی لە ئێران بە شەقامان وەردەبن و هەوڵدەدەن هاووڵاتیان ڕێز لە پشووی ڕاگەیەندراو بگرن و لەجیات ئەوەی لە نێو ئیدارە و قوتابخانە و زانکۆ و لەسەر شەقامان خۆیان ماندوو بکەن و زیان بە پشووی ڕاگەیەندارو بگەیەنن، بڕۆنەوە ماڵی خۆیان و لەسەرپشت ڕابکشێن و پشوو بدەن. لەم وڵاتەدا بە چەشنێک بیر لە پشووی هاووڵاتیان کراوەتەوە، تەنانەت ئەوانی لە ماڵەوە چاوان زەق دەکەن و پەنجەی دەستانیان بە هۆی تەختەکلیلی کامپیۆتێر و موبایلانەوە ماندوو دەکەن و لەسەر تۆری کۆمەڵایەتی زیان بە پشوودانی خۆیان و هاووڵاتییان دیکە دەگەیەنن، بە دەست هێزی ئەمنی و پاسدارانی پشووپارێزەوە سزا دەدرێن.

دەستەڵاتی ئێران پێچەوانەی دەستەڵاتدارانی وڵاتانی دیکە لایەنگری پشوودانی هاووڵاتیانی ئۆپۆزسیۆن و تەنانەت دژبەرانی دەستەڵاتیشە. بۆیە لە چل ساڵی ڕابردوودا سەدان کسی ئێرانی لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی وڵات پشوویان نەداوە و خۆیان ماندوو کردووە، لە ئاسیاوە هەتا ئورووپا دراونەتە بەر دەستڕێژی پشووپارێزانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشووبڕ کراون.

٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## لە کێبڕکێی قژ و ڕیشدا، وا دیارە قژ دەیباتەوە



کارگەیەکی دروستکردنی "کڵاوقژ" یان قژی دەستکرد لەم ڕۆژانەی دواییدا لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە؛ وەک گەورەترین کۆمپانیا و کارگەی هەناردەکردنی قژی سروشتی لە باشووری ئێران، پێویستیمان بە قژی سروشتیی درێژتر لە ٥٠ سانتی میترە. ئەم کارگەیە دەڵێت: هەموو جۆرە قژێکی لوول و لووس و ڕەنگکراو و ڕەنگنەکراو بە بەرزترین نرخی باوی سەردەم دەکڕین و پارەکەشی لە ڕێگەی سەرهێڵەوە دەدەین بە قژفرۆشەکە و هەروەها خاتوونێکی شارەزا و لێهاتوو، لە ماڵی قژفرۆش بەئارامی قژی فرۆشراو دەبڕێت.

سووکە گەڕانێک بە نێو دنیای ئینتەرنێتدا دەریدەخات بەرەوی بازاڕی کڕین و فرۆشتنی قژی دەستکرد چۆنە. ئەو ماڵپەڕانەی ڕاستەوخۆ وەک بازاڕی سەرهێڵن، هەموو شتێک بۆ کڕین و بۆ فرۆشتن پێشانی کڕیاران و فرۆشیاران دەدەن. یەکێک لەم ماڵپەڕانە لە بەشی کڕینوفرۆشتنی ئەم کەرەستەخاوەدا بانگەوازی فرۆشتنی چەندین جۆر قژی فرۆشیاران و داواکاریی چەندین کڕیاریشی بڵاو کردووەتەوە و دیارە قژی سروشتی تەنیا کەرەستەی خاوە، بەردەوام بە خاوی جوانە.
هەتا ئێرە هەموو شتێک ئاساییە و لە جێگەی خۆیدایە. لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە و ئەویش ئەمەیە لە هەموو

ولاتـان کـڕین و فرۆشـتنی قـژ هەیە و لەبەرچـی ئێمەش لەم بـازاڕە ئـابوورییە بێـبەش بـین؟ هەروەهـا هەبـوونی بـازاڕی سەرهێڵیش خۆی یەکێک لەو نیشانانەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابوورییە.

بازاڕی فرۆشتنی قژ خۆی نیشانەی پشتکردن لە کولتووری کۆنی ڕابردوو و ڕووکردنە سەردەمێکی نوێیە و ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی خۆهەڵفشاندنی بەرەی ئەم سەردەمە بە سەر بەرەی کۆن و بەرەکانی ڕابردوودا.

سالانی پێشوو کاتێک ژنێکیان سەرکۆنە دەکرد، قژیـان دەتاشی و ئەمەش وەک بێڕێزییەکی گەورە سەیری دەکرا. لەلایەکی دیکەوە ژنـان لە ترسی لـۆمەی ئەملا وئەولا نەیانـدەوێرا قژیـان کـورت بـکەنەوە، بەلام ئێسـتا ژنـی قژکـورت بە تـایبەت ئەوانەی لە نەکاو قژیان کورت دەبێتەوە، وەک ژنانی ماڵدار و ئابووریناس دەناسرێن. لە کاتێکی وەهادا گومانی تێدا نیە پێستی سەر و پێوازۆکەی بنی مووش ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر دۆخی ئابووریی ئەو خانمەی قژی کورتە.

لەمەودوا هەرگیز خەسووی داخلەدڵ ئاواتەخواز نابن ئەم بووکانەیان قژیان بە بـڕین بچێت، بەڵکوو پێچەوانە حەز دەکەن قـژی بووکەکانیـان ئەوەنـدە درێـژ بێت، زەوی بماڵێت و بـازاڕی قـژ فرۆشـتنیش زۆر سـارد و سڕ بێت و قـژ بەسـەر دەسـتی بووکاندا بمێنێتەوە.

بـازاڕی قژفرۆشـی لە هەمـوو بـوارێکەوە خـزمەت بە مـرۆڤ دەکـات و هـیچ بە دووری مەزانـن ببێـتە هـۆیەک بـۆ پتەوکردنـی یەکسانیی نێوان ژن و پیاوان. لە وەها کاتێکدا دەکرێت پیاوانیش وەک ژنان بکەونە بیری ئەم سەرچاوە ئـابوورییە بەنـرخە و وەک ژنان خەریکی قژ فرۆشتن بن. لێرەدا ئیدی قژی درێژی پیاوان بۆیان بە عەیبە لێکنـادرێتەوە و قژکورتیی ژنـانیش نـابێتە عەیبە. بەم جۆرە کـۆمەڵی نێرومێ لە ڕواڵەتیانـدا هەنگـاوێکی گەورەی وەک قەڵەمبـازی کەروێشکی دەشتێ بەرەو یەکسانی داوێن.

لە کاتێکدا درێژبوونی قژی مرۆڤ بە جۆرێکی مامناوەندی لە ماوەی سێ مانگاندا نزیکەی چوار سانتیمیتر درێـژ دەبێت و لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی دە بۆ دوازدە سانتیمیتر، هەر ژن و پیاوێک دەتوانێت لەمـاوەی چوار سـاڵدا جارێک دەستە قژێکـی نـزیکەی نیـو میتـر درێـژ بفرۆشێت. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە داخێکی گرانەوە ئـاوڕێکیش لە ژنـان و پیـاوانی کلۆڵ و سەرلووس بدەینەوە و لە بێبەشبوونیان لە بازاڕی قژفرۆشتن هاوبەشی خەمیان بین.

ئەم دۆخە ڕەنگە بۆ ئابووریی وڵاتیش باش بێت. لەلایەک هەناردەی "کلاوقژ"ی سروشتی بۆ دەرەوە دەبێتە هۆی هاتنی دراوی بیانی بۆ نێو وڵات و هیچ بە دووری مەزانن هەناردەی ساڵانەی قژی دەیان ملیۆن کەس بۆ دەرەوە، ببێتە هۆی دابەزینی نرخی دۆلار و بەرزبوونەوەی تەمەنەکەی خۆمان.

ڕەنگە لەمەودوا ئەم گەشتی ئیرشاد و شتەش نەمێنن و بەرپرسانی چازان بیر لەوە بکەنەوە چی دیکە مووچە نەدەن بە ئەوانەی قژی ژنان و کچان بە شەقاماندا ڕادەکێشن و سەرەڕای گەڕانەوەی ئەم مووچانە بۆ نێو خەزێنەی دەوڵەت، لەمەودوا قژڕاکێشانیش زیان بە ئابووریی دەوڵەمەندی هەناردەکردنی کلاوقژ ناگەیەنێت.

بە دووریشی مەزانن ئەو قژانەی با دەیانشەکێنێت، باشتر خۆ ڕابکێشن و درێژ بن. ئەمەش یارمەتییەکی باشە بۆ بەهێزبوونی ئابووری. ئەگەر باش خزمەتی پێشاژۆی قژپەروەری و قژفرۆشی بکرێت؛ هەناردەی قژ جێگەی هەناردەی نەوت دەگرێتەوە و ئەم سزا ئابوورییانەی لەسەر هەناردەی نەوتی ئێرانن، لەمەودوا خەو لە چاوی مەسئولینی موحتەرەم نازڕێنن. وەک ئاگادارن لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا بەردەوام بایەخی وزەی پاک و نوێبووەوە بە سەر وزەی نەوت و گازدا زاڵ دەبێت. لەم دۆخەدا لە سایەی ئەو قژانەی بۆ فرۆشتن خزمەتیان دەکرێت و با دەیانشەکێنێتەوە، بە بۆنی ئەم قژانەوە هەوا ئەوەندە پاک دەبێت، کەس بە خەمی مەترسی لەسەر بەرگەهەوای دەوری گۆی زەوی ناتلێتەوە و مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتر دەبێت و هەر چوار وەرزی ساڵ دەچنەوە شوێنی خۆیان. کرێوە و شێڵوە و پەلەپووشە و باسریشک و نوابەفر و ڕێژەنباران و بۆنی گوڵان و کەروێشگەی گەنم و جۆش دەبنە هۆی پەرەسەندنی گەشت و سەیران و داوەت و هەڵپەڕین. لە هەمووی گرنگتر، دەستەڵاتی ئابووریی قژ لە دەستەڵاتی ڕیش کاریگەرتر دەبێت و بە سەریدا زاڵ دەبێت.

١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی.............................. ٢٧٢٥

## ڕیزبوون لەپێناو گەیشتن بە مریشکی بێحیجابدا




ئەمە تارانە. تاران "کەڵانشار"ە و شاری شارانە. تاران شارە و فشەی پێناکرێت. تەنیا ڕیزبوونی کڕیارانی مریشکی ئاوەکوڵکراوی فرێشی ڕووت لە فرۆشگەیەکی گەورەی سەر بە زنجیرە فرۆشگەکانی سوپای پاسداران پێیەوە دیارە؛ ئەم شارە نێوەندی شارستانیەت و هزری هەرامەیە.

کاتێک لە فرۆشگەیەکی لەم جۆرە وەژوور دەکەوی و تەماشا دەکەی خەڵکێکی زۆر وەک پوورەی هەنگ تێکەوەداوێن و لە پێناو شتێکی نادیاردا وەک کەڵەشێری جەنگی خۆداوێنە سەر یەکتر، سەرەتا بیرێکی خوار و بەلاڕێداچوو بۆ ماوەیەکی کورت بەمێشکت دادێت و وا دەزانی هەندێک دەیانهەوێت لاسایی کەڵەشێری نێو مریشکان بکەنەوە. بەڵام دوای ڕێکخرانەوەی ئاپۆرەکە لە ڕیزێکی ڕێکوپێکدا، تێدەگەی لە فرۆشگەیەکی شارێکی خاوەن شوناسی شارستانیی وەک ئەم تارانەی خۆمانی و

لە پێشکەوتنی دانیشتووانی ئەم شارە سەرت سورِ دەمێنێت.

چەند پۆلیسێک لە نێو ئاپۆرەکەدا بەرچاوتر دەردەکەون. سەرەتا وادیارە دەیانهەوێت خەڵکەکە لە ڕیزێکی ڕێکوپێکدا ڕێکبخەنەوە، بەڵام زوو دەردەکەوێت ئەم پۆلیسە ژن و پیاوانە خەریکن بە پەنجەی شایەتمانی هەڕەشە لە ژنانی نێو ئاپۆرەکە دەکەن و یادیان دەخەنەوە قژی خاوی سەرشانان کۆ بکەنەوە و داپۆشن. پۆلیسەکان لە ترسی وەزاڵەهاتنی خەڵکەکە و نەدانی بروبیانوو بە زیددی ئینقلاب و تێکدەرانی ئەمن و ئاسایش و تەناهیی ئەم دەوروبەرە، وردەوردە ئەنگوستی شایتمانی دەنووشتێننەوە و خەڵکەکەش دەکەوێتەوە یادیان ئەوان بۆ کرینی مریشکی "فرێشی زێڕین" ڕوویان کردووەتە ئێرە و لە ئاکامدا ڕیزی خۆیان ڕێکدەخەنەوە و لە پێناو گەیشتن بەو مریشکانە بێدەنگ و ڕێکوپێک ڕیز دەبنەوە.

ئەو کاتەی ئاپۆرەی نێو فرۆشگە لە ڕیزێکی ڕێکوپێکدا دەنگیان نزم کردووەتەوە و بە ئاسانی گوێیان لە قسەی یەکتر و دەنگی ئەملاوئەولا دەبێت، لە بەرانبەریاندا دوو تەلەڤزیۆن لە تەنیشت یەک لەبن میچەوە هەڵواسراون و دوو دیمەنی جیاواز پیشان دەدەن. تەلەڤزیۆنی یەکەم هەموو کامێراکانی نێو فرۆشگە پیشان دەدات و ڕووبەرکەی بەگوێرەی ژمارەی کامێراکان بەسەر چەندین چاوەدا دابەش کراوە و هەر چاوەیەکیان وێنەی یەکێک لە کامێراکانی ئەم فرۆشگەیە پیشان دەداتەوە. بەڵام ئەو چاوەیەی "مریشکی فرێش"ی پێدا دیارە، لە هەموو چاوان ڕوونترە و ئەو دەرفەتە بۆ بەشداربووانی نێو ڕیزەکە دەرەخسێنێت؛ بێئەوەی بەسەرشانی یەکتردا بیکەن بە شەڕ و هەراو هۆسە، لەو هەموو مریشکە سەربڕاوە خاوێنکراوانە بڕوانن.

لێرەدا کەمبوونەوەی ژمارەی مریشکەکانی نێو بەفرگرە شووشەبەندەکە ئەم نیگەرانییە دەخاتە ڕیزی "ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنەی" نێو فرۆشگاکە نەکا پێش ئەوەی هەرکامیان بگەنە شوێنی وەرگرتی مریشکان، بەشیان نەمێنێت و بە ناچاری بیر لە بەشداربوون لە ڕیزی مریشکخوازانی ڕۆژانی داهاتووی نێو فرۆشگەکان بکەنەوە.

تەلەڤزیۆنەکەی دیکە دەنگی بەرزکراوەتەوە و جارناجارێک بەرپرسێکی بە ڕواڵەت قووڵ و مەند، قورس و قایم دەردەکەوێت و وەک ئەوانە دەچێت لە دوورەوە ناڕاستەوخۆ بەسەر بەڕێوەبەرانی ئەم جۆرە فرۆشگەیانە ڕادەگەن و دڵنیایی دەدەنە خەڵکەکە بۆ ئاسایشی خۆراک و ژیانی ڕۆژان و تەنانەت ساڵانی داهاتووش هیچ هەڕەشەیەک نایانخاتە مەترسییەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، خەڵکەکە غەڵبەغەڵب و دەنگە دەنگێکیان لێوە دێت و هێندێکیان بێئەوەی زیان بە ئاسایشی ڕیزە یەکگرتووەکە بگەیەنن، هێندێک شت دەڵێن. یەک دەڵێت سزاکانی شەیتانی بزورگ وەک بارانێکی بێئەمان بەسەر ئابووریی ئێراندا دەبارێت. یەکی دیکە دەڵێت نرخەکان جێگەی مووشەکیان گرتووەتەوە و زۆر بەپەلەن. یەکێکی دیکەتر دەڵێت مووشەکی کێ؟ هی خۆمان یان هی حووسییان؟ خاتوونێکی دەنێوەچوو دیارە کەمێکیش بە قژی دانەپۆشراوی پەخشانی سەرشانییەوە دەنازێت، چاوێکی مانادار لە پۆلیسە بێدەنگەکانی "ئەمری بە مەعرووف" دەکات و دەڵێت وا دیارە هەموومان تەنیا پارەی کڕینی ئەم مریشکانەی نێو پاکەتی بریقەدارمان لایە، بۆیە سەیری هیچ کاڵایەکی نێو ئەم فرۆشگایە ناکەین. بە تەمەنێک چەند کەس ئەولاتر وڵامی دەداتەوە، فرۆشگەش هەر فرۆشگەی هێزە چەکدارەکان پڕە لە کاڵای دوژمنان. کابرای بەویقاری نێو تەلەڤزیۆنی پاڵ تەلەڤزیۆنی پیشاندەری کامێراکان بۆ ماوەی چەند چرکە دەنگی لە دەنگی ئاپۆرەی نێو فرۆشگەکە بەرزتر دەبێتەوە دەڵێت، "ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنە ئەرخەیان دەکەین هەموو شتێک لەجێگەی خۆیدایە و ئێمە بەردەوامین" بۆ بینەران و بیسەران پشتڕاستیشی دەکاتەوە دابەزینی نرخی ئەم تومەنەی خۆمان تەنیا لەبەر نەزانیی وەزیری لەکار لادراوی ئابووریی پێشوو بوو.

بەشدارانی ڕیزی دوور و درێژی کڕینی مریشکی فرێشی بریقەداری نێو ویترینە خوێنشرینەکەی فرۆشگەی زنجیرەیی هێندێکیان خەریکی مۆبایلەکانیانن و دەنگی تەپڵ و دووزەلە و گۆرانی و هۆتاڤ کێشانی ژن و پیاوانی نێو هەڵپەڕینی بەرەو نەورۆزی شارەکانی کوردستان لە ترسی پۆلیسەکانی دەوروبەریان نزم دەکەنەوە. یەکێکیان لەوانە لە "جمعیت کُردهای مقیم مرکز" یان کارمەندی دوورخراوەی زێدی خۆی بێت، هەر بە هەوەس بەشێک لە دەنگی مۆبایلەکە بەرز دەکاتەوە و هەموو گوێیان لەم دروشمە دەبێت و بە بیستنی دەنگی ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە لە مۆبایلەکەوە دەکەونەوە یادی نەورۆز و سەیری ئەو ماسیە سوور و جوانانە دەکەن لە لایەکی فرۆشگەکدا لە نێو ئەو ئاوەدا هەڵدەپەڕن بە شووشەیەکی ڕوون گەمارۆ دراوە.

ماسییە بەستەزمانەکان وەک ئەوە وان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڕواننە جیهان و هەموو شوێنێک دەبینن و دەستیشیان بە هیچ شوێنێک ناگات.

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# چۆماخ و هەڵپەڕکێ دەربڕی هەست و سۆزن



هەست و سۆز نەک هەر لە مرۆڤدا بەڵکوو لە ئاژەڵانی کێوی و کەویشدا بەرچاوە. دەکرێت لە بواری هەست و سۆزەوە زیندەوەرانی بەڕێز و بێڕێز بە سەر دوو بەشی جودادا دابەش بکرێن. بەشێکیان ئەوانەن سۆزی خۆشەویستییان بەهێزە و بەشەکەی دیکەش ئەوانە دەگرێتەوە هەستی توڕەییان بەسەر هەست و سۆزی خۆشەویستیدا زاڵە.

ئەگەر بە وردی و بە قووڵی بە ناخی دوو هەستی خۆشەویستی لەلایەک و توووڕەیی و قینلەدڵی لە لایەکی دیکەدا بچینەوە، بۆ دەربڕینی هەردوویان دەکرێت بە جوودا بیر لە جووڵە و هەڵسوکەوتی جودا بکەینەوە. لە نێو ئاژەڵاندا بۆ دەربڕینی هەر دوو هەستەکە بە وردی کەڵک لە ئەندامانی جەندەک و لەش وەک شاخ، سم، ددان، بۆنپێوەکردن و خۆ ڕەیەکترخشاندن و ئەم شتانە وەردەگیرێت. لە نێو ئاژەڵاندا ئەوانەی یەکتریان زۆر خۆشدەوێت، بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی خۆ ڕەیەکتر دەخشێنن، شان بە شانی یەکتر دەوەستن و جاروبار بۆن بە یەکترەوە دەکەن و تەنانەت یەکتریش دەلێسنەوە.

ئەو کەسانەی لە گوندان ژیاون یان هەر نەبێت لە شارەوە سەردانی گوندانیان کردوە و بە گۆلک ناڵێن بەچکە مانگا و بە

بەرخ ناڵێن فەرخەی مەڕ و بە جاشک ناڵێن بەچکەی کەر، دیتوویانە چۆن مانگا گۆلکی خۆی دەلێسێتەوە یان هێندێک ئاژەڵ (بیلامانێ و عەیبنەبێت) بۆن بە هێندێک شوێنی یەکترەوە دەکەن. هەر ئەم ئاژەڵانە بۆ دەربڕینی بێزاری و هەستی دوژمنایەتیش کەلک لە ئەندامانی لەشیان وەردەگردن و بە ددان و درێژووکە و قۆچ و مۆچ و قەپگرتن و جووتە هاویشتن و ئەمجۆرە شتانە هەستی تۆڕەیی‌یان دەردەبڕن.

مرۆڤ پێچەوانەی ئاژەڵان، تەنیا گیانلەبەرێکە بەردەوام خەریکی داهێنانە و شتی نوێ بەرهەم دێنێت و دەستی بە کەرەستەی پێشکەوتووی داهێنراوی خۆی ڕادەگات. مرۆڤ زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەرەستانەی دروستیان دەکات، لە پێناو دەربڕینی هەستی دوژمنداری و ڕق و قیندا کەلکیان لێ وەردەگرێت. تانک، فرۆکەی جەنگی، تۆپی دوورهاوێژ و هەموو جۆرە چەکێکی وەک بۆمبا و تەنانەت پشتێنی خۆتەقاندنەوەش لەو کەرەستە پێشکەوتووانەن بۆ دەربڕینی هەستی قین و تووڕەیی کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

ئێمە وەک مرۆڤ، دوای ئەم هەموو پێشکەوتنانە بۆ دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی تەنیا چەند جووڵەیەکی وەک چاوداگرتن، باوەش پێداکردن و ماچکردنمان بەدەستەوەیە. هەموو مرۆڤێکی سەر زەوی خاوەنی ئەم کەرەستانەن و زۆریش کەلکیان لێوەردەگرن.

لەم کوردستانەی خۆشمان کەرەستەیەکی تایبەت بۆ خۆشەویستی و چەندین کاری سۆزدارانەی باش و مرۆڤویستانە بەردەستە و ئەویش هەڵپەڕکێیە. هەڵپەڕکێ بە بەردەوامی جۆرێک یان چەند جۆر یانیش هەموو ئەم ئاکامانەی خوارەوە و زۆرجار زیاتریشی لێ دەکەوێتەوە:

١- کۆڕی شایی و زەماوەندی بووک و زاوا دەڕازێنێتەوە.

٢- بەشداران فێری هاوئاهەنگی و هاوهەڵوێستی دەکات.

٣- بەهۆی بیستنی دەنگی مۆسیقا و پێوەندیی نێوان ئەندامانی لەی مرۆڤ وەک مێشک و شان و ئەژنۆ و دەست پێ، شێوازی جووڵەی هەموو بەشداربووان ڕێکدەخات.

٤- دەبێتە هۆی شادی و دڵخۆشبوونی بەکۆمەڵ و پێشاندانی خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاو و تەنانەت ئەوانەی سەیری

هەڵپەڕکێش دەکەن.

٥- ئەوانەی لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش سەیری هەڵپەڕکێ دەکەن، هەستی خۆشەویستییان لا دەوروژێت و هەر نەبێت سەروملی دەگەڵدا دەلەقێن.

٦- لە گەڕی هەڵپەڕێکدا ژنان مافیان لە پیاوان زیاترە و سەرەتا پیاوان بەکۆمەڵ هەڵدەپەڕن و دواتر ژنان خۆیان هەڵدەبژێرن لەگەڵ کام پیاوان هەڵپەڕن.

تێبینی بۆ خاڵی ژمارە شەش: لەم دواییانەدا پاش ئەوەی ژنان لەسەر جادە و مادە و خیابان و میابانان لە پێش پاسە کورتەکانی چاودێرانی ڕووپۆشی ئیسلامی زیاتر دەردەکەون، لەکاتی دەسپێکردنی هەڵپەڕکێ ئەوەندە گوێ بە پیاوان نادەن و وێڕای پیاوان هەر لە سەرەتاوە خۆ داوینە نێو هەڵپەڕکێ و سەرچۆپی و گاوانیش دەگرن.

سەرچۆپی و گاوانی بە کەسانی یەکەم و ئاخری هەڵپەڕکێ دەگوترێت و ئەم دوو شوێنەش لەم دواییانەدا بەدەست ژنانەوەن. ژنان وەک ڕێبەری سەرچۆپی لە سەرتای گەڕی هەڵپەڕکێدا هەڵدەسووڕێن و لە گاوانیش شانی وەبەر دەدەن و یارمەتیی ڕێکخستنی دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ لە سەردەمی زۆر کۆندا هەر زۆر زوو بەرلەوەی ئەم هەموو تانک و تۆپ و تفەنگ و فڕۆکە و مووشەکە دروست بکات و پشتێنی تەقینەوە لە نێوقەدی خۆی ببەستێت، چۆماخی دۆزیوەتەوە. مرۆڤی سەرەتایی هەر بە ڕێکەوت بەسەر چۆماخدا کەوتووە. ڕەنگە چیرۆکی دۆزینەوەی چۆماخ بەم شێوەیە بێت، یەکێک لە ترسی ئاژەڵێکی دڕندە یان کەسێکی دیکە، وەک مەیموون خۆی بە لقی دارێکەوە هەڵواسیبێت و لە ناکاو لقەکە داشکابێت و ئەویش لقە شکاوەکەی وەک چۆماخێکی سەرەتایی بە دەستەوە گرتبێت. ئەم مرۆڤە بەهۆی ئەم چۆماخە سەرەتاییەوە بەرانبەرەکەی خۆی تێکشکاندبێت. هیچ بە دووری مەزانن ئەم چۆماخ بەدەستە سەرەتاییە، دوای ئەوەی گەڕابێتەوە نێو خێزان و کەسوکاری، ئەگەر زمانیشی نەزانیبێت، بە ئێما و ئاماژە و هەسووڕاندنی دەست و پەنجە و گڕبوونەوە و خۆ مۆڕکردنەوە، چێرۆکی دۆزینەوەی چۆماخ و سەرکەوتنی بەرانبەر بە نەیارەکەی گێڕابێتەوە و لە نێو هۆزەکەیدا وەک دۆزەرەوەی چۆماخ ڕێز لە خۆی و نەوکانیشی گیرابێت.

هەر ئەم چۆماخەشە لەم دواییانەدا لە کارگەی پێشکەوتوو ڕێکوپێک دەکرێت و ئەو بەشەی دەکەوێتە دەست بەکاربەرەوە

لێک و لووس دەکرێت و بۆ ئێشاندنی ئێسقانی شان و پیل و کاسەسەر و ئەژنۆ و بەلەکی نەیاران دەکار دەکرێت و دەبێتە هۆی دەربڕینی هەستی تووڕەیی و مرچ و مۆنی. هەر ئەم ژان و ئێشانەشە وای کردووە لە سەدمی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیدا چۆماخ ببێتە کەرستەیەکی باش بۆ بەرنگاربوونەوەی هەڵپەڕکێ و بەریەککەوتنی توندی دوو هەستی خۆشەویستی و سۆزداری و بێزاری لەگەڵ ڕق و قین و داخلەدڵی ئاشکراتر پێشان بدات.

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# کاریگەریی قەڵەمی زێڕین لەسەر چۆنیەتیی "دان و هەستان"



شانۆی دانوستانی ئەتۆمیی نێوان زلهێزی ڕۆژاوا و کۆماری ئیسلامی، پەردە بە پەردە پڕە لە داهێنانی هونەرمەندانەی دیپلۆماسی. ئێران لە کۆنەوە لانکەی هونەر و وردەکاری بووە و ناکرێت ئێستاش دانووستانێکی ئەوا گرنگ، وردەکاریی زۆری تێدا نەبێت و ئەم "دان" و "هەستانە" بۆ نواندنی ئاکاری هونەرمەندانە بەردەام بێت.

دان و هەستانی حاکمانی ئێران لەگەڵ لایەنی بەرانبەریاندا بەردەوام بەگوێرەی بەهێزی و بێهێزیی بەرانبەری دانووستانکار و کەرەستەی بەردەستی خۆیان لە بواری هونەرییەوە لە گۆڕاندا بووە.

چاوخشاندنێک بە مێژووی دەیان ساڵەی ڕابردووی ئەم دانوستانانەی حاکمانی ئێران کردوویانە، هونەری پێشکەوتووی ئێرانی (ئەو هونەرەی ڕەگ و ڕیشەی لە نەستی دەستەڵاتی بەردەوامی حاکماندا داکوتاوە)، هونەرێکی جێگیری بەردەوامی لە گۆڕان نەهاتوە. ئەم هونەرەش لەمە دایە دەستەڵاتی ئێران لە دان و هەستان دەگەڵ مافخوازانی نێو چوارچێوەی نەخشە پیشیلەئاساکەیدا بەرداوم لە سەر هونەری پێکەنین و دەمپەلکردنەوە و جووتە هاویشتندا بەردەوام بووە. بۆ ئەمەش دوو دانووستانی "شنۆ" و "ڤیەن"، هەردووکیان لەنێوان دەستەڵاتدارانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی کوردان

ڕێکخراون و لە هەردوویاندا هونەری پێکەنین و پەلبوونەوە و جووتە هاویشتن ئاکامی خۆی لێکەوتووەتەوە و لەجیات ڕێککەوتن، لایەنی بەرانبەر لەنێو براوە و جارێکی دیکە نەگەڕاوەتە سەر مێزی دانوستان.

لە دانوستان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەشدا پێچەوانەی ئەم دانوستانانە "صبر انقلابی" و "نرمش قهرمانانە" دوو دەستەواژەی هاومانان و بە کوردی بەمانای "سەرشۆڕکردنی حیزانە"ن. یەکێک لە نموونە هەراوەکانی ئەم ڕێککەوتنەش "ڕێککەوتنی ئەلجەزایری نیوان شای ئێران و سەدام حوسێن بوو. لەوێشدا شاهەنشا جووتەوەشێنێکی هونەرمەند بوو و بێ ئەوەی ئازار بە لایەنی بەرانبەر بگەینێت، جووتەکەی لە کوردان وەشاند.

ئێستاش دان و هەستانی ئێران لەگەڵ ئەمریکادا لە پێناو ڕێککەوتن لەسەر چۆنەیەتیی کەوتنی دەستەڵاتی ئێران ماوەیەکە دەستی پێ کردوە و دەکرێت پەردەی شانۆی دانووستانی ئێران و ئەمریکا بەم شێوەیە لابدەین: لە نێوخۆی ئێراندا هەموو ئەو ئاڵایانەی ئەمریکا کە بەمەبەستی پێشێلکردن لە شەقامان کیشراونەتەوە هەتا کاتی نادیار داپۆشراون. ژوورێکی قورس و قایم و مێزێکی لێک و لووس و جوان بۆ دان و هەستانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا لە مەسقەت ڕێک خراوە. لە نێوەندی مێزەکەدا، قەڵەمێکی زێڕین، نەک هەر قەڵەم تۆ بڵێ مرواری دیاریی بێلایەنانی ڕێکخەری مێزکە دانراوە. گوایە ئەم قەڵەمە بۆ ئەمە بوو هەردوو لا بە خەتی زێڕین مۆری ئاشتی و پەیمانی سەقامگیریی لێ بدەن.

پاڵەوانی سەرەکیی ئەم پەردەیەی شانوی دانووستان، ئەو دیپلۆماتکارە ئێرانییە بوو لە نێوەندی گەردەلوولی گفتگۆدا وەستابوو و بە چاوێکی ساویلکانەوە دەیڕوانیە دەوروبەری و بەدەم بزەیەکی بێگەردەوە، گوتی: "قەڵەم؟ کام قەڵەم؟ سوێند بە شەرەفی دیپلۆماسیم من هیچ قەڵەمێکم نەدیوە! ئەگەر بڕوام پێ ناکەن، با هەموومان وەک تیمێک بگەڕێین... بەڵکوو لە تاریکایی ژێر ئەم مێزە قورسەدا خۆی حەشار داوە!" کاتێک دەستی هەڵبڕی بۆ ئەوەی سوێندێکی دیکە بخوات، لەنێو گیرفانی چاکەتە ڕەشەکەیدا، بریسکەیەکی زێڕین شەوقی دایەوە! ئای لەو ساتە، چ بێدەنگییەکی قووڵی لێ کەوتەوە... تەنیا چرکە چرکی وێنەگرتنی کامێراکان و هەناسەهەڵکێشانی قورسی دیپلۆماتکارە تێکشکاوەکە دەبیسترا.

دوای ئەم ڕووداوە، کێشمەکێشی "شوێنی دیداری داهاتوو" بووە چیرۆکێکی دیکە. سەرەتا ڕۆمای ئیتالیا، شاری هەزار شارستانی و جێگەی هەنگاوی سەرکردە مەزنەکان، وەک شوێنی دیداری داهاتوو دیاری کرا. شاندی ئەمریکایی لە دڵی خۆیاندا جانتای سەفەریان ئامادە کرد و نەخشەی گەشتی کەلەپووری ڕۆمیان کێشایەوە. لە کام گۆشەی کۆلۆسیۆم باشترین کاتژمێر بۆ وێنەگرتن هەیە، کام چێشتخانە باشترین پاستا پێشکەش دەکات و ... کەچی لەپڕ لایەنی بەرانبەر هاواری کرد: "ڕۆم؟ نا نا... هەوای ڕۆم بۆ دانوستان گونجاو نیە! مەسقەت باشترە... لەوێ هەناسەی دەریا دیپلۆماسی پتەوتر

دەکات!" بۆیە وەک ئەوە دوو گەنجە نادڵنیایە لەسەر دیاریکردنی ژوانگە ناکۆکن، هەودای دانوستان بەرەو مەسقەتی پایتەختی عومان ڕایەڵ کرایەوە. میدیای جیهانیش ئەم شانۆگەرییەیان بە دڵ بوو و بە تەنزێکی بەسوێوە نووسیان: "دوێنێ لەسەر سفرەی ئیتالیا و ئەمڕۆ لەسەر دەفری پلاوی عەرەبی... نێوەندی دیپلۆماسی یان گەشتوگوزاری خواردنی نێودەوڵەتی؟" با بگەڕێینەوە بۆ لای پاڵەوانەکەمان و قەڵەمە زێڕینەکە. لەنێو هۆڵی کۆبوونەوەدا، ئەم قەڵەمە تەپوتۆزلێنیشتووە بوو بە ئەستێرەی شانۆکە. دیپلۆماتکارە نیمچە دڵفراوانەکان بە هێمنی خەندەیەکی تاڵیان دەهاتێ و دەیانگوت: "ڕەنگە بە هەڵە کەوتبێتە ئەو شوێنە..." بەڵام ئەوانەی سەردەمی گەلەگورگێیان دیتبوو، بە زمانی چاو نەرمەبزەیان داویشتە یەکتر و دەیانگوت: "قەڵەم ون دەبێت، ئاگاتان لە کامپیوتێرەکانتان بێت و بڕواتان بە بزەی دیپلۆماتان نەبێت!" ئیتر لەبری ئەوەی سەرنجیان لەسەر تەوەرەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم و چاودێریی دامەزراوەکان بێت، چاویان لەسەر گیرفانی یەکتر و شتومەکی سەر مێزان بوو. ئەمەش ئاکامی نەخشەی هۆشمەندانەی داڕێژەرانی ئەم دانیشتنە لە لایەنی کۆماری ئیسلامییەوە بوو و ئیستکباری جیهانییان وا لێ کرد لە جیات داکۆکیکردن لە نێوەڕۆکی دانووستان ئاگاداری کەلوپەلی خۆیان و خانەخوێ بن.

پێش سازبوونی بەزمی قەڵەمەکە، باسی پرسی چارەنووسسازی وزەی ئەتۆم، پیتاندنی یۆرانیۆم، گەمارۆ و سزا قورسەکان بوو. ئەمریکا دەیویست ئێران دەرگاکانی بەڕووی چاودێرانی نێودەوڵەتیدا بخاتە سەرپشت و ئێرانیش دەیگوت: "هیچمان نەشاردووەتەوە". یەکێکیش نووسیی: "پێشنیار دەکەم لە خولی دواتردا، پێش چوونە ژوورەوە، تەواوی گیرفان و جانتاکان بپشکنن!" کەسێکیتریش گوتبووی: "ئەگەر پێویستە ملیۆنەها دۆلار بۆ دانوستانی بێئەنجام خەرج بکرێت، لانیکەم با قەڵەمێک لەم نێوەدا وەک یادگار ناوی بمێنێتەوە"!

بە کوردی نێوەرۆکی ئەم دانوستانە چیرۆکێکە لە نێو هەموو بەند و خاڵەکانیدا قەڵەمێکی زێڕین زیاتر سەرنجی چاودێرانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و ئەم قەڵەم بێگیانە بووەتە کەسایەتیی سەرەکیی دان و هەستان.

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# سەری کەڵەفی دانوستانان لەنێو جامی ژەهردا ون بووە




هەواڵی گەرموگوڕی ناوچە و جیهان کەس نازانێت چ پەند و گوڵمەزیەکی سەیر و سەمەرەی بەسەر هاتوە. ئەمە هەواڵێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە. هەواڵی خولی چوارەمی دانوستانی نێوان ئێران و ئەمریکا بڕیار بوو چارەنووسی زۆر شت ڕوون بکاتەوە، بەڵام خۆی چووەتە ڕیزی شتە ناڕوون و بزربووەکان.

دۆخەکە بە چەشنێک گۆڕاوە، نە چا و خورمای عومانی و نە پاستا و ئیسپرێسۆی ڕۆمی لەگۆڕیدا نین. کەس نازانێت ئەم دانوستانە زمانبەستراوە لەکوێی گۆی ئەم زەوییەوە کەوتووەتە گۆڕ و گۆڕەشاری دەدەن. لەوانەیە واش نەبێت و چۆن ترامپ حەوتووی جارێک دەچێتە گۆیێن (گۆڵف)، ئەویش چووبێتە پشوودان یان ڕەنگە بۆ هەمیشە تۆرابێت.

لەنێو باس‌وخواسی بوون و نەبوونی بەردەوامبوون و وەستانی دانوستانان، قەڵەمە زێڕەکەی سەر مێزی یەکەم کۆبوونەوەی دانوستانیش هەر بە یەکجاری بووەتە نیشانەی نەخۆشیی لەبیرچوونەوەی مێدیا و ڕاگەیاندنکاران و لە بنی کوولەکەی سەراوییشدا ناوی ناهێنن. هۆی ئەمەش تەنیا بۆ ونبوونی شتێکی گەورەتر دەگەڕێتەوە و ئەویش ونبوونی مێزی دانوستانانە.

کەس نازانێت لە باشووری کەنداوی هەمیشە فارسە و دەکەوێتە خوارووی بەندەری "ڕەجایی" یان لە ئورووپا، ئەمریکا و ئەفریقادا بێسەروشوێنە.

لە گەرمەی بێسەروشوێن بوونی مێزی دانوستانان، ڕۆژنامەیەکی ئێرانی کە لەلای خۆرهەسانەوە دەردەچێت ئەمڕۆ یانی ڕۆژی ١٣ی بانەمەڕ، ئەم ونبوونە گەورەیەی بە ڕووی خۆیدا نەهێناوە و بە متمانەبەخۆبوونەوە نووسیویەتی: ئەمە دواکەوتنی دانوستان نیە و "تاکتیکێکی ئالۆز و ژیرانە"ی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. وا دیارە ئێران بە سنووردارکردنی باسەکە بۆ بابەتی ناوکی و لەوانەیە ویستی دڵخوازی تیمی وتووێژکار، وەها گۆڵێکی لە ئەمریکا داوە، لایەنی ئەمریکایی هەروا بە دوای تۆپەکەدا دەگەڕێن. ئەوەی ڕۆژنامەکە دەڵێت، ئەمەیە ئێران بەم کارە ڕێگای هەر جۆرە "زیادەخوازییەک"ی داخستوە. وەک ئەوەی تەنیا دوێنێ کێشەکە زیادەخوازی بووبێت و هەتا ئەوکات وتووێژەکە وەک ئاوی ڕەوان بەڕێوە چووبێت!

لەلای دیکەوە لەو بەر دەریاکانەوە، لە واشنگتۆن دی.سی، تیمی دۆناڵد ترامپ، تومەز تازە لە خەوی زستانە هەستابن، بە سەرکردایەتیی مارکۆ ڕووبیۆ، ئەو ڕۆبیۆیەی هەڵوێستی هەندێک جار لە هی ترامپیش توندترن، لیستێکی درێژی مەرجانی بۆ ئێران داناوە. ئەم لیستەش دەڵێی لیستی کڕینی پێداویستیی ژەمی میوانداریی کەیبانوو خانمە بۆ هاوسەری ماڵوێرانی ڕێکی خستوە. مێردی ماڵوێران بە دەم لێکدانەوەی داهاتی مانگانەیەوە، لە ڕێگەدا بەرەو بازاڕ داواکارییەکانی کەیبانووی ماڵ جارێک بە دۆلار جارێکیش بە تومەن هەڵدەسەنگێنێت، هیواخوازە لەم تێکەولێکەیەدا میوانداریییەکەی وەک دانوستانی ئێران و ئەمریکا بە قووندا بکەوێت.

هاوکات، ئەمریکا و هاوڕێ ئورووپاییەکانیشی ئاڵقەی سزاکانیان تەنگتر کردوە. پشتێنەی گەمارۆیان ئەوەندە توند کراوە، هەموو جۆرە پشوویەکی سوار کردوە. لەنێو ئەم هەمووە پشووسوارییەدا، پشووی ئابووریی وڵات بە چەشنێک سوار بووە لە پاش و لە پێش دەکۆخێت. بەڵام تاران هەروا قەوەتان دەکات و بە نەرمەبزەی زۆرەملێوە دەڵێت: "ئێمە بەم شتانەوە ڕاهاتووین و ساڵانێکە لەگەڵ ئەم دۆخەدا دەژین و هێشتا لەسەر پێین."

ئێمەی کوردیش لە هەمووان سەیر و سەمەرەترین و وەک ئەوەی بلیتی بەلاشی سینەمامان دەست کەوتبێت، لە ڕیزی دواوەی سینەما دەستمان بە سکمان گرتوە و ئەوەندە بە فیلمی دیپلۆماسی پێکەنیوین وەک چەوندەر سوور هەڵگەڕاوین و چاوی سەیرکردنمان ئەوەندی دیکە زەق بووە. ئێمە نە لە وتووێژاندا بنی پیوازین و نە دەستمان لە گەمارۆ و مەمارۆیاندایە. ئەوەی نەختێک ئازارمان دەدات، دووکەڵێکی تیژە دەچێتە چاومان و جاروباریش تووشی نەرمەکۆخەیەکی سووکمان دەکات. ئێمە لە سینەماکەدا هەر بەو بلیتەی بەلاش دەستمان کەوتوە، دانیشتووین و سەیری دەدانی گڕی لایەنانی

دانوستانان دەکەین و لەم نێوەدا نازانین ئەوان بە یەکتری پێدەکەنن یان وک هەڕەشە ددانان لەیەک دەسوون.

ئێمە بە مەبەستێکی دیکەش لە مەیدانەکەدا لە کورسییەکانی دواوەی سینەماکە دانیشتووین و زۆر وردبینانە بە چاوان بەدوای سەری ئەو کەلاَفەدا دەڕوانین و لەنێودا جامی ژهری ڕێبەری سەرلێشێواودا لە ئێمە و ئەمریکا و ئورووپا و کۆماری ئیسلامی و تەنانەت کابرای نێوەندگیری مەسقەتی و وەزیری دەرەوەی ئیتالیا و کۆماری ئیسلامییش ونبووە و بە هەمووومان بۆمان نادۆزرێتەوەوە.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئێران و ئورووپا و ئەمریکا ڕێک دەکەون بەرەو ڕێککەوتن



ڕۆژنامەی "فرهیختگان" کە سەر بە زانکۆی ئازادی ئێرانە، لە ڕاپۆرتێکدا بە پشتبەستن بە سەرچاوەیەکی "ئاگادار"ەوە بڵاوی کردۆتەوە سێ وڵاتی ئورووپایی -مەبەستی بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمانە- لە کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینیی ڕابردوو لە ئەستەنبوڵ داوایەکی "ناتەکنیکی و نایاساییان بە ئەدەبێکی نەشیاو" لەبەردەم نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی زەق کردۆتەوە و باسی بابەتی پەلەپیتکە پڵاسیان کردوە. ئەمە لە کاتێکدایە کۆبوونەوەکە، بە گوتەی ئەم ڕۆژنامەیە، زیاتر وەک شەڕەقسەی گرژاوی بووە، نەک گفتوگۆیەکی دیپلۆماسی.

بەڵام کازم غەریبئابادی، جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە کاروباری یاسایی و نێودەوڵەتیدا، لەگەڵ مەجید تەختڕەوانچی جێگری سیاسیی ئەم وەزارەتە، لە کۆبوونەوەکەدا چاویان بە نوێنەرانی سێ وڵاتە ئورووپاییەکە کەوتوە. غەریبئابادی دوای چاوپێکەوتنەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس نووسیی کۆماری ئیسلامی و ئورووپا هێشتا بە "پاراستن و بەکارهێنانی دیپلۆماسی" پابەندن و ئەگەر پێویست بێت، خولێکی نوێی گفتوگۆکان دەست پێدەکەن.

بەڵام ڕۆژنامەی فەرهیختە بیلامانێ گان بە جۆرێکی دیکە باسی ئەم دوو فەرهیختەیەی نوێنەری کۆماری ئیسلامی کردوە و

نووسیوبەتی ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر وەک سیناریۆیەکی پڕ لە هەڕەشە و کەشێکی پڕ لە گرژی بووە. ئورووپاییەکان، بە گوتەی ئەم ڕۆژنامەیە، هەڕەشەی توندیان کردوە و تەنانەت گوتوویانە نەک تەنها میکانیزمی پەلەپیتکە دژی ئێران چالاک دەکەن، بەڵکو سزایەکی بەرفراوانتریش دژی ئەم وڵاتە جێبەجێ دەکەن.

**ئەمە دانووستانی ئێران و ئورووپایە، ئەی تۆ بڵێی دانووستانی ئێران و ئەمریکا چۆن بێت؟**

ئەمەیان زۆر خۆشە و وەک ئەوەی ئورووپا و ئێران نیە، بە میکانیزمی پەلاپیتکەوە بەسترابێتەوە. دانووستانی ئێران و ئەمریکا بە مکانیزمی ترامپەوە بەستراوەتەوە. ترامپ لە سەردانی ئەم دواییەی بۆ وڵاتانی کەنداودا، سەرەتا گوتی ڕەنگە ئەم کەنداوی فارسە بکەمە کەنداوی عەرەب و لەمەوداو کەنداو و مەنداو بۆ هەتا هەتایە فارسیی لەبیر بچێتەوە و لە جیات "گم شو" و شتی وا هەر "ئیمشی"ی بە دەمدا بێت.

پاشان ترامپ لەگەڵ هاتنی بۆ ناوچە دوو جووڵەی چاوەڕواننەکراوی کرد. یەکیان ئەمە بوو پێچەوانەی هەموو سیاسییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لووتی بەسەر ئیسرائیلدا نەهینا و گۆڕینی ناوی کەنداویشی لەبیر خۆی بردەوە. لەم وڵاتانی خوار کەنداو قۆڵی لە پارە هەڵماڵی و باوەش باوەش ئەو ڕیاڵ و دەرهەم و مەرهەمەی کردە باقە و باوەش باوەش کۆی کردەوە.

ترامپ لەم سەفەرەیدا هەر باوەشی بە دینار و دەرهەم و ڕیاڵدا کرد و بە ڕیشی تومەن پێدەکەنی و جارجار خێسەیەکی لە ئاغا دەکرد و باسی پارە وەسەریەک نان و گیرفانی پڕ و ژیانی خۆشی عەرەبانی دەکرد و دەیگوت ئێوەی عەرەبی کەنداو دەستوچاوتان خۆش بێت بۆ ئەو ژیانە خۆشەی بۆ خۆتان ڕێکتان خستوە و ڕەحمەت لە دایک باوکی کاکە ئەحمەد شەڕعیش کە لە سووریەوە تەشریفی هاوردوە و داوای لێدەکەم لەگەڵ جوولەکان وەک برا جووت بن و ئاگایان لە بارودۆخەکە بێت.

ترامپ لەم سەردانەدا مردنی خۆی لەبیر بێت، لەبیری نەبوو باسی ئاشتی و ڕێککەوتن بکات و تەنیا لە خوارەوەڕا بەرەو باکوور لە برادەران مۆڕ بووە و گوتی: کاکی من ئێوەش بۆ ئاوا ناکەن، ئەو پارە جوانە بۆ دەدەن بە تێرۆریستان و بە گژ ئەملاو ئەولایاندا دەکەن، ئەم پارە جوانە و ئەو نەفت و مەفت و داهاتە زۆرە بۆ خۆتان بخۆن و ئەگەر وەک عەرەبان لێتان زیاد بوو، ئەوە وەک ئەوان هێندێکیشی بدەنە بەندە. ترامپ لەم سەفەرەدا لەبەر پارەی عەرەبان و لە خەمی برسیەتیی کۆماری ئیسلامی هەر لەبیری کرد باس لە گۆڕینی ناوی کەنداوی فارس بکات و فارسانیش بە ئیسلامی و چەپ و ڕاست و ئۆپۆزیسیۆن و مۆپۆزسیۆنەوە لە جیات ئەوەی بیر لە تێربوون بکەنەوە، دەستیان بە بەرزکردنەوەی دروشمی "خلیج

همیشه فارس" کرد.


دوای سەردانەکەی ترامپ کاتێک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەرخەیان بوو ترامپ لە حەوت ئاوان پەڕیوەتەوە و گەیشتووەتەوە ئەمریکا، هێندێک ماموستای نێر و مێی کۆکردەوە و ئەوەندەی هێزی دەبەردابوو گوتی ئەم ترامپە درۆ دەکات و ئاشتی و شتی وای ناوێت.

ئێستا دۆخەکە وای لێ هاتوە یەکیەتیی ئورووپا خەریکی پەلاپیتکە و شتە و ترامپیش ئەگەر ئەو پارەیەی بردوویەتەوە بە تەواوی تاقەتی کرد، دەگەڕێتەوە سەر گفتوگۆ دەگەڵ ئێران و لەبەر ئەوەی حەزی لە پارەیە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نابێت سزاکانی سەر کۆماری ئیسلامی هەڵبگرێت و پارەکانیان لە ئەمریکا ئازاد بکات.

بەم لێکدانەوە قووڵەوە ئێستا بە گشتی چاوەڕوانی دیاریکردنی شوێنی خولی داهاتووی دانووستانی ئێران و ئەمریکاین و هیوادارین ئەمجاریش لەسەر درێژە پێدان بە دانووستانە دەستپێنەکراوەکان ڕێک بکەونەوە.

٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# پیتی "ژ" پیتێکی سەرەخۆرە و مەترسیدارە



پارێزگای سنە پارێزگایەکی سەیرە. پێتان وانەبێت هەوراز و نزمیی شار و گوندی ئەم پارێزگایە زۆر سەیروسەمەرەن. گومانی تێدا نیە پارێزگای سنەش وەک پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان و ورمێ خاوەنی شار و گوند و کانیاو و رووبار و خڕ و دۆڵ و بەرزی و نزمییە و خەڵکەکەشی بەشی زۆریان جلی وەک یەک دەبەر دەکەن و ژنان و پیاوانیشی وەک ژنان و پیاوانی ئەو پارێزگایانەی ناومان بردن، هەڵدەپەڕن و هەمووشیان حەزیان لە گۆرانیی گشتی هەڵپەڕکێیە و لە گوتنەوەی دەستەواژەی "هەستە بەشان سەرچۆپی"دا بە ورد و درشتیانەوە هاوبیر و هاوڕان. بەڵام شتێکی زۆر سەیر ئەم پارێزگایەی لەوانی دیکە دابڕیوە و ئەویشیان ئەمەیە لە سجیل و مجیل و تەسکەرە و مەسکەرەی دەسەڵاتدا تەنیا ئەم پارێزگایە ناوی "کوردستانە". حکوومەتی کۆن و نوێی ئێران دەیانەوێت بڵێن گومانیان لەوەدا هەیە، جگە لەم پارێزگایە هیچ شوێنێکی دیکە کوردستان بێت و دیارە ئەوانیش زۆر پیاوانە گومانی خۆیان بە یەقینی هیچکەس و لایەنێک ناگۆڕنەوە. ئەم پارێزگای سنەیە بە درێژایی مێژوو پەند و رووداوی زۆری بەسەر هاتوون، بەڵام ئەوکاتەی بەم ناوی کوردستانەوە لە کۆمارەکەی کوردستانیان دابڕی، ڕۆژ نیە ڕووداوی سەیروسەمەرە بە خۆیەوە نەبینێت. با زۆر دوور نەچین، لەم دواییانەدا فێستیڤاڵی "قەڵەمی هەژار" لەم شارە بەڕێوە چوو و لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا نووسەران و هونەرمەندان یەک لەدوای یەک، لە نێو چەپڵەڕێزانی بەشداربووواندا خەڵات کران و پاشان یەک لەدوای یەک لە وەرگرتنی خەڵاتان پاشگەز بوونەوە



سەرچاوە
Serchawe

و (دەوری مامۆستا هەژارمان پەرژینی بەگوڵ بێت)، گوتیان ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی.

چەند رۆژێک پێش ئەم ڕووداوە نێوەندی ئەم پارێزگایە، خانەخوێی پارێزگارانی هەرێمی کوردستان بوو. دیارە پارێزگاری کەرکووک وەک تەنیا پارێزگاری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەم میوانییە بێبەش بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە لە رۆژهەڵات یانی لە دیوی ئێرانەوە، دوو پارێزگاری کوردستانیی دەرەوەی پارێزگای سنەش (مەبەست هەمان پارێزگای کوردستانی ئەوانی دیکەیە) لە ورمێ و کرماشانەوە بانگهێشت کرابوون.

دیارە پارێزگاری سنە زۆر ڕێزی لە میوانان گرت، بەڵام یەکێک کارەکانی لەم میوانداریيەدا سەرسوڕمانی لێکەوتەوە. ئەوانەی دوای ئەم ڕووداوە تاسان، بێ ئەوەی تراوی حەرامیان خواردبێتەوە، هەروا سەریان سوڕ ماوە و دەڵێن جەنابی پارێزگاری "کوردستان" نەدەبوایە کۆمەڵێک ژن بە سواری ئەسپەوە و بە جلوبەرگی ناشایستەوە بۆ پێشوازی لەم میوانانە ببات! ئەو ژنانەی بە سەر پشتی ئەسپەوە بە زەردەخەنەوە بە پێش ڕیزی پارێزگارانی هەرێمی کوردستان و پارێزگارانی دیوی رۆژهەڵات (وەک دەڵێن "مەرزدارانی غەییور")دا تێپەڕین، دژایەتیی دڵسۆزان و گەورە پیاوانی پارێزگاکە و تەنانەت گەورەپیاوانی تارانیشی لێ کەوتەوە. گەورە پیاوان، پێیان وایە ژنان نامووسی پیاوانن. نەک هەر ژن نامووسی مێرد و کوڕ و مام و خاڵی خۆیەتی، بەڵکوو کۆی ژنان نامووسی کۆی پیاوانن. بەمە دەڵێن بەرابەری و یەکسانی. ئەوەتا چۆن ژنێکی بەلووچ، عەرەب، تورکمان یان ئازەری نامووسی گەورەپیاوانی تارانە، ئەوا ژنی سنە نامووسی گەورەپیاوانی دانیشتووی تارانیشە. ئەگەر وا نەبوایە، وەزیران و نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئەوکاتەی ژنانی کوردیان بە جلکوبەرگی کوردییەوە لەسەر زینی ئەسپان لە پێشوازیکردنی پارێزگاراندا دەدیت، ئەوا تووڕە نەدەبوون.

**ئەو گەورە پیاوانە هەموویان عاقڵن و لە دنیا تێدەگەن، هەر نەبێت ئەو گۆرانییە کوردییەیان بیستووە، دەڵێت:**

**"دەبا لێنێن پێشباران، خێڵ گەیشتە بارزینی**
**یارم پێی لە ڕکێفێ نا، کەوتە سەر خوانی زینی**
**لە خوای دەپاڕێمەوە خێروخۆشیان ببینی"**

هەر ئەم گۆرانییەی باس لەوە دەکات ژنان خۆیان داوێنە سەر خوانی زینی، بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر مەترسیدارە. کاتێک ژن خۆ باوێتە سەر خوانی زینی و دوای ئەمە خێروخۆشیان ببینێت، کوا ژنی ئەوا وەک نامووسی من و جەنابت دەمێنێتەوە. ئەودەم گەورە پیاوانی پارێزگا تەنانەت ئەوانی تاران و مارانیش تووشی قەیرانی قووڵی هەبوون و نەبوونی نامووس

دەبن. لە وەها کاتوساتێکدا هەلومەرجەکەش بۆ ئەمە گونجاو نیە کۆمەڵێک ژن ئەویش لە پارێزگایەکی وەک پارێزگای سنە بە جلی "نامۆناسب"ەوە سواری ئەسپ بکەی و ئیزنیان بدەی بەکەیفی خۆیان خۆ باوێنە سەر خوانی زینی.

گەورەپیاوانی وڵات پێشتر بە مەبەستی توندوتۆڵکردنی بابەتی "نامووس" کچێکی ئەم پارێزگایەیان لە تاران خستە بەر شەپ و مست و پێلەقە و دواتر خەڵکی دەرفەتخواز و هەلپەرست لە هەمان پارێزگا و سەرانسەری ئێران کردیان بە بیانوو و دەستیان بە هاتوهاوار کرد و ئێستاشی لەگەڵ دابێت، کێشەی "ژن، ژیان، ئازادی" لەکۆڵ نابێتەوە.

باشە ئێوە نازانن، ئێمە گەورەپیاوی وەک حەداد عادڵ و حوسێن شەریعەتمەداریمان هەیە و دەبێ بەر لەکاری ئەواندا پرسیان پێ بکرێت؟ ئەوە نیە کاکە حەداد چەند بە پارێزەوە پەیامی بۆ فێستیڤاڵەکەی قەڵەمی هەژار ناردبوو و دەیگوت، زمانی کوردی زمانی چاکە و خزمەتێکی باشی بە ساغکردنەوەی زمانی فارسی کردوە؟

لەمەش بترازێت گەورەپیاوانی وڵات هەر کەیفیان بە وشەی "ژ" نایەت. "ژ" پیتێکە ژنی پێ دەنووسرێت و مەترسی دەخاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی. ژن وشەیەکی قیزەونە زبری قورس لە نامووسی پیاو دەدات. ئەگەر بابەتی ژن، ژیان و نازانم چی و چیش لەبیر بکەین، دەستەواژەی وەک شەنگەژن و شێرەژن و شۆڕەژن زۆر بێ تامن. هیچ بەدووری مەزانن چۆن دەڵێن شۆڕەژن ئەواش بەم ژنانەی سەر پشتی ئەسپان بڵێن شۆڕەسوار. سەرەڕای هەموو ئەمانە، هیچ بە دووری مەزانن پیتی "ژ"ی زمانی کوردی پیتێکی مەترسیدار و سەرەخۆرە بێت.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# حوکمڕانی لە کونەتەیارەوە




بە بیستنی وشەی "کونەتەیارە" ڕەنگە وابزانن مەبەست لە کونی فڕۆکەیە. هیچ گومانی تێدا نیە فڕۆکە کونی هەیە و لە کاتی فڕینیشدا تەنیا ئەو کونەی کراوەیەو لە دواوە ئاگر و دووکەڵ فڕێ دەدات و بە زەبری ئەم ئاگرە دەڕوات. هەروەها دەکرێت بە "ئاشیانە" یان ئەو حەشارگەیانەی فڕۆکەی تێدا ڕادەگرن بگوترێت کونەتەیارە. بەڵامە ئەم کونەتەیارەیەی ئێمە هیچکام لەوانە نیە. بۆ شیکردنەوەی دەستەواژەی کونەتەیارە بۆ لاوانی ئێستا و بەرەی ئەم دواییانە دەبێ بڵێین دەستەواژەی کونەتەیارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق و هێرشی بەردەوامی چەکداران و فڕۆکەی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خەڵکی بێتاوان کەوتە سەرزاران و بەو کون و قۆرت و قووڵکە و بۆدڕە ژێرزەوییانە دەگوترا کە خەڵکەکە لە کاتی بۆمباران خۆیان تێدا حەشار دەدا. دوای ناساندن و شیکردنەوەی دەستەواژەی کونەتەیارە دەگەڕێینەوە سەربابەتی سەرەکی و کونەتەیارە و هێندێک شتی دیکەش دەخەینە بەر دەنووکی دارسمە و بزانین چۆن دەیانسمێت.

هەفتەیەکی تەواو بەسەر دەستپێکی جەنگێکی گەرموگوڕدا تێپەڕی. جەنگێک کە لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆر قورسە و خوێنی لێ دێت. هەفتەیەک بەسەر مووشەک هاویشتن، فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "بۆمبڕێژکراو" و "سەرکەوتوو" و هەروەها ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی یەکلایەنە و شکستی ئەوی دیکەدا تێپەڕی. لە مەیدانی


سەرچاوە
Serchawe

شەڕەکەڵەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی ئیسرائیل، وەک دوو پاڵەوانی سەرەکی، بە پشتیوانیی میدیای زۆروزەوەندی بەلایەن و بێلایەنی بێئەژماری نێوخۆیی و دەرەکی و دۆستان و دوژمناندا هەرکامیان بە ئاوازێک چیرۆکی قارەمانێتیی خۆی دەگێڕێتەوە. سەیرترین دیمەنی ئەم فیلمە ئەکشنە هالیوودیە، لە کاتژمێری یەکەمی دەستپێکی جەنگەکەدا تۆمار کرا. وا دیار بوو ئیسرائیل لە جیاتی مووشەک، پاککەرەوەیەکی ئەفسووناوی یان دەرمانی بۆ قڕکردنی جۆرێک زیندەوەری زیانباری تایبەت بە کار هێنابوو. لە ماوەی شەست خولەکدا، هەموو ئەو فەرماندە "بەوەج" و قەڵەوانەی سوپای پاسداران، ئەوانەی ساڵانێک بوو لەسەر مینبەران هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیلیان لەسەر نەخشە دەکرد، بوونە هەڵم و چوونە ئاسمان. ئەوانەی وێنەکانیان بە ڕیشی چڕ و ورگی زلەوە دەکرایە پۆستە و بە سەر شەقام و بەرزەپردانذا هەڵدەواسران، ئەوانەی بەڵێنیی "نوێژی سەرکەوتن لە قودس"یان دەدا، لەپڕێکدا وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبن، ناویان چووە لیستی "شەهیدانی ڕێگای قودس"ەوە، بێ ئەوەی تەنانەت قودس لە دووریشەوە ببینن. بەم دۆخە ئەو ترسە داماندەگریت عیزرائیلیش دەگەڵ پرۆژەی ئیبراهیمیی ناوچەکە بێت و بۆ ڕوحکێشانی بەرادەران هەرەوەزی ساز کردبێت.

جەنگی ڕاستەقینەش ئەوکاتە دەستی پێ کرد کامێراکان کرانەوە. لێرەدایە ئێران بە هەڵکێشانی گەورەترین چەکی خۆی، واتە "درۆی ڕاگەیاندن"، هاتە مەیدان. بەپێی تەلەڤیزیۆنی فەرمیی تاران سیستەمی بەرگریی مووشکی توانای هەیە مێشوولەیەکیش لە ئاسمانی تاران بگرێت، بەڵام دیار بوو ئەو شەوە مێشوولەکان لە جۆری F-35 بوون و کەمێک لە دەستیان دەرچووبوون. لەولاوە، میدیای ئیسرائیلیش هەرچی باڵۆنی هەوایی هەبوو، هەڵی دا. جەنگەکە وا گەرم بوو بینەر هەستی دەکرد ئەگەر بەردەوام بێت، هەردوو لا لەبەر کەمیی ئاڵای سەرکەوتن، تووشی قەیران دەبن.

لە نێوەڕاستی ئەم هەراوزەنایەی "کێ بەهێزترە"دا، لەپڕێکدا دیپلۆماسییەتێکی کۆمیدی سەری هەڵدا. کۆماری ئیسلامی هەتا دوێنێ لە دانوستانەکاندا بە مانگ لەسەر شێوەی مێزی گفتوگۆ و ڕەنگی قەڵەما دەوەستا تا هەژموونیی خۆی بسەلمێنێت و بەینی خۆمان بێت جارێک پیاوەکانی قەڵەمی زێڕیشیان دزی. بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، وەزیر و سەرۆکەکانی جیهانی کردووەتە ڕاسپاردە و نامەبەر. پەیامەکە ڕوونە: "ئەی دۆستانی بەڕێز! تکایە بە مامە گەورە بڵێن با سەگە هارەکەی بوەستێنێت، با دانیشین و قسە بکەین. ئاخر مامی گەورەمان هەرچەندە لە خولی یەکەمی مامایەتییدا لە فڕۆکەخانەی بەغداوە ڕەشپۆشی کردین، بەڵام مام هەر مامە و ئەو گەورەیە و ئێمە خزمەتکار. هەرچەند پێشتر"گفتوگۆ لەژێر فشار"مان بە گەورەترین سووکایەتی دەزانی، ئێستا ئەم بۆمبابارانە پیسە وای لێکردووین داوای "گفتوگۆی بەپەلە" بکەین. جاری وایە بۆمب و مووشک لە جیاتی وێرانکردن هزر و بیر و مێشک زاخاو دەکەن و خاوێنی دەکەنەوە.

بەشی دووهەم

لە کۆتاییدا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: کوا ڕێبەری مەزن؟ کوا "وەلیی ڕەها و بێهەوساری فەقیهـ"؟ لە کوێیە ئەو کەسەی بە تەنیا ئیشارەتێکی دەتوانێت چارەنووسی هەشتا ملیۆن کەس هیچ، ئەوانەی سووریە و یەمەن و لوبنان و ئەم عێراقەی دەرودراوسێشمان دیاری بکات؟ وا دیارە بەڕێزیان وەک هاوڕێ گیانی بە گیانییەکەی، وەک مامە حەسەن نەسروڵڵا خەریکی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی درێژمەودای داهێنەرانەیە، بەڵام کلیلی وڵاتی ڕادەستی پاسدارە تووڕە و نیگەرانەکان کردوە.


لەم بڕیارە مێژووییەدا، ڕێبەری موسلمینی ئێرە و ئەوێ، تەنانەت حیسابی بۆ سەرۆککۆماری مونتەخەب و کابینە و ئەو جۆرە شتانەش نەکرد. ئەو چەمکەی ساڵانێک بوو وەک ئایەتێکی پیرۆز باسی دەکرد، واتە "ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ"، بە کردەوە پێشێلی کرد. چونکە دەرکەوت "ویلایەتی موتڵەقە" تا ئەوکاتە موتڵەقە فڕۆکەی جەنگی بەسەر تارانەوە نەخولێنەوە. لێرەدا ئەوانەی هاندەری داهێنانی کونەتەیارە بوون، ئێستا لەنێو کونەتەیارەدان و لەوێوە حوکمڕانی دەکەن.

١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## لە سیخوڕاوا وڵات لە دەستێکی ئەمینیدایە




فێعلەن لە جیاتی «خاهەران و برادەران»، بڵێین «خانمان و ئاغایانی محترم» و لێگەڕێن با پیاوان بە کراسی قۆڵکورت و ژنانیش بێ لەچک و سەرپۆش بن. مخابن ئەمساڵ، ساڵەکەی بەڕاستی گەرمەساڵە. دوای ئەم پێشەکییە مانادارە، با بێینە سەر باسی سەرەکیی ئەمڕۆمان.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، گوێتان لە هەندێک ژاوەژاوی میدیای دوژمنە و وەک دەبیستین، باس لە "شەڕ" و "هێرش" دەکەن. پێویستە بۆتان ڕوون بکەینەوە؛ ئەوەی ڕووی دا شەڕ نەبوو، بەڵکوو نمایشێکی منداڵانەی دوژمنی زایۆنی بوو. ویستیان بە تەقاندنی چەند فیشەکێکی هەوایی بێبایەخ، ورەی پۆڵایینی ئێمە بشکێنن، بەڵام وەک هەمیشە، لە بەرانبەر ئیمان و ئیرادەی ئێمەدا شکستیان هێنا و سەریان دای لە بەرد و هەمووڵایەک دیتتان چۆن حەیفا و مەیفامان بەسەریاندا تەپک کرد و ئێستایش دەگەڵدابێت سەرۆک و مەرۆکیان لەبن داروپەردووی خانووی داڕماودا بێسەروشوێنن.

هەندێک دەڵێن گوایە ئێمە تووشی شکستێکی گەورە بووین و فەرماندە ئازیزەکانی وەک حوسێن سەلامی و محەممەد باقریمان لەدەست داوە. نەخێر، ئەمە لەدەستدان نییە، ئەمە "بەرزبوونەوە"یە. ئەوان نەمردوون، بەڵکوو بوون بە "شەهیدی زیندوو" و

ئێستا لە شوێنێکی باڵاترەوە سەیری سەرکەوتنمان دەکەن. ئەمە پلانی خودایی بوو بۆ ئەوەی خوێنی ئەوان ببێتە وزەیەکی نوێ بۆ بەردەوامیی ئێمە. بەڵام ئەوەی زۆرتر جێی پێکەنینە، ئەو تۆمەتە بێبنەمایانەیە گوایە ئێمە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بێڕێزیمان بەرانبەر هونەرمەندان و نووسەران کردوە و خوای نەخواستە بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ڕژێمی زایۆنی و شەیتانی گەورە، گرتوومانن یان عەیب نەبێت لە سێدارە و شتی وامان داون. چۆن شتی وا دەبێت؟ ئێمە گەلێکین خاوەنی حافز و سەعدی، چۆن دژایەتیی شاعیر دەکەین؟ پێتان دەڵێین: هەرگیز ڕووی نەداوە ئێمە وەرزشوان، سیاسەتمەدار، نووسەر یان شاعیرێکمان بە تۆمەتی "سیخوڕی" بۆ بێگانە دەستگیر کردبێت. ئێمە ڕێز لە قەڵەم دەگرین، نەک قەڵەم بشکێنین. هەرگیز ڕووی نەداوە دەرهێنەرێکی سینەمامان بە بیانووی "پەیوەندی لەگەڵ دوژمن" خستبێتە بەندیخانەوە. ئێمە داهێنان هان دەدەین، نەک بیخنکێنین. ئەم قسانە درۆ و پڕوپاگەندەی ئەمپریالیزمی جیهانییە و بۆ ناشیرینکردنی سیمای درەوشاوەی کۆماری ئیسلامی بەرەڵای دەکەن.

ڕاستە، دەبێت دان بەوەدا بنێین لەم دواییانەدا کێشەیەکی بچووکمان هەبوو. دوژمن توانیبووی چەند کەسێکی "دڵنەخۆش" و "ئیمانلاواز" لەنێو خودی نیزامدا بە پارە بکڕێت. بەڵێ، دەرکەوت سیخوڕان لەنێو ژوورە داخراوەکانی خۆماندا بوون، نەک لەنێو کافێ و کۆڕی شیعرخوێندنەوەدا. دیارە ئەمەش ئەوا دەقۆزینەوە و دەڵێین ئەمە شکست نیە، بەڵکوو سەرکەوتنێکی گەورەی ئیتڵاعاتە! ئێمە خۆمان ڕێگەمان دا تا خۆیان ئاشکرا بکەن و وەک مشک لە کونەکانیان بێنە دەرەوە و نزیکەی ۷۰۰ کەسمان لێ دەستگیر کردن. دەستگیرکردنی ئەم ۷۰۰ کەسە، پاکتاوکردنێکی پێویست بوو؛ وەک ئەوەی باخەوانێک گژوگیای زیانبەخش لە باخەکەیدا هەڵبکێشێت تا گوڵەکانی جوانتر بگەشێنەوە. لەگەڵ ئەوەیدا دەترسین ئەم بژار و گژوگیایەش هەڵەسوون بێنێتەوە، بە وره و ئیمانێکی قایمترەوە درێژە بە هەموو شتێک دەدەین.

**دەپرسن:** "کەواتە بۆچی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی "قەڵغانی ئاسنین"ی ئێمە کارا نەبوو؟" وەڵامەکەی سادەیە. ئەویش ئەمەیە: سیستەمەکەمان ئەوەندە زیرەک و پێشکەوتوە، زانیی ئەو مووشەکانەی دێن، نرخیان ئەوەندە نیە ئەم سیستەمە بەرگرییەیان پێوە ماندوو بکەین. بۆیە بڕیاری دا وزەی خۆی بۆ ڕۆژی مەبادا هەڵبگرێت و پشت بە ئوممەتی هەمیشە دەر سەحنە، وەک خەنجەری ڕۆژی تەنگانە لە ڕۆژی خۆیدا هەڵیدەکێشین. جگە لەمەش، ئەو چەند خیانەتکارە، کۆدی سیستەمەکەیان بە شێوەیەکی کاتی لەکار خستبوو. کەواتە کێشەکە لە پیاوانمان بوو، نەک لە ئامێرەکە. ئامێرەکەمان هێشتا بێوێنەیە. خۆ پێشتریش بە چاوی خۆتان دیتبووتان چۆن سەردارانی شەهیدمان بێ سێودوو لێکردن، دوای تەقەکردنی سەرکەوتوومان لە بنکەکانی ئەمریکا، فڕۆکەی ئۆکرانیاییان لە ئاسمانی پارێزراوی تاران ئەنگاوت. ئەوکات، سەردارانی شەهیدمان گومانی ئەوەیان هەبوو ئەوانەی لەنێو فڕۆکەکەدا بەرەو کەنەدا دەفڕن، بە دوور نییە لە داهاتوودا وەک خۆیان ببنە سیخوڕی ئیسرائیل و ئەمریکا.

ئێستا دوژمن شانازی بەوەوە دەکات گوایە بنکەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی لە نزیک تاران دامەزراندوە. ئەمە قسەی خۆشە! ئەوە تەڵەی ئێمە بوو. ئێمە خۆمان ئەو زەوییەمان بۆ دیاری کردبوون تا هەموو هێلکەکانیان لە یەک سەبەتەدا دابنێن و پاشان بە یەکجار هەموویان بشکێنین! ئێوە هێشتا لە ستراتیژیی قووڵی ئێمە تێناگەن. سەبارەت بە ئاگربەستەکەش، با وا بیر نەکەنەوە ئێمە ماندوو بووین. نەخێر، ئێمە لەوپەڕی هێزدا بووین؛ دەمانتوانی تەلئەبیب بکەین بە تۆز، بەڵام ڕێبەری مەزنمان، لەوپەڕی بەزەیی و حیکمەتدا، فەرمووی: "با هەناسەیەک بدەن، لەوانەیە بگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاست و جڵەو بۆ پەرەسەندنەوەی بەرەی مقاومە شل بکەن." ئێمە ئاگربەستمان نەکرد، بەڵکوو "مۆڵەت"مان پێ دان تا بیر لە هەڵەکانیان بکەنەوە.

لە کۆتاییدا پێتان دەڵێین بڕۆنەوە ماڵەکانتان و بە ئاسوودەیی بخەون. شاعیرەکانتان شێعر بنووسن و هونەرمەندانتان تابلۆ بکێشن و فیلم دەربێنن. بەڵێنیتان پێ دەدەین ئەگەر ئێوە و تەنانەت خۆشمان سیخوڕ نەبین، بێ ئەملاوئەولا ولات لە دەستێکی ئەمیندایە.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

## لەم دانوستانەدا کێ دەدات و کێ دەستێنێت؟



ئێران و ئەمریکا، دوو ڕکابەری چەند ساڵە، جارێکی دیکە هەردوولا باسی دانوستان دەکەن. وشەی "دانوستان" خۆی وشەیەکی کوردیی ڕەسەنە و لەڕاستیدا زۆر لە "موزاکرە"ی فارسی، کە لەنێو میدیای ئێمەشدا بووەتە وشەیەکی باو، خۆشتر و واتادارترە. چونکە خودی وشەکە ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی دوو یان چەند لایەنە: لایەنێک یان چەند "دەدەن" و لایەنێ یان چەند لایەنی دیکە "دەستێنن. دیارە جارێ دانووستانی ئێران و ئەمریکا دوولایەنەیە و ئەگەر ئەم ئورووپا ومروپایەش بێنە نێوی ئەوە ئەویش دەبێتە چەند لایەنە و تێکەولێکەکەی چڕتر دەبێتەوە و بە هۆی ئەوەی هەموو لایەنەکانی دانوستان دەکەونە بەرانبەری کۆماری ئیسلامی، ئەوەی زیاتر ڕێگەی تێدەچێت، لە ئێرانی دەستێنن. لەم پێڤاژۆیەی دانوستانی ئێران و ئەمریکادا، هەر یەکەیان هەوڵ دەدات کەمترین بدات و زۆرترین وەربگرێت؛ بێگومان هەموو دانوستانێکیش هەر بەمجۆرەیە.

بابەتی هەرە گەرمی ئێستای نێوەندەکانی هەواڵ و ڕاگەیاندن، دانوستانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. هەرچەندە تا ئێستا بوردی ڕوون نیە نێوەڕۆکی ئەم دانوستانە چیە، بەڵام هەڵوێستی لایەنەکان پێش و پاش ڕووداوەکان گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هاتوە. تا پێش ماوەیەک، بەر لەوەی ئیسرائیل هێرشە بەهێزەکەی



سەرچاوە
Serchawe

بکاتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و ژمارەیەک فەرماندەی باڵای سوپای پاسدارانی تێدا بکوژێت و تەنانەت ڕێبەری کۆماری ئیسلامییش لە ترسی هێرشی زیاتر بۆ ماوەیەک خۆی لە ژێرزەمینەکاندا حەشار بدات، لایەنی ئێرانی بە لەخۆباییبوونێکی زۆرەوە دەیگوت لەم دانوستانەدا ئەوەی "دەدات" ئەمریکایە و ئەوەی "دەستێنێت" ئێرانە.

ئێران بەو تەمایەوە دەچووە سەر مێزی گفتوگۆ ئەمریکا ناچار بکات هەموو گەمارۆ ئابوورییەکان هەڵبگرێت و ئەوکات کۆماری ئیسلامی بتوانێت بە ئارەزووی خۆی نەوت بفرۆشێت و داهاتەکەی بە ئاشکرا و نهێنی بۆ پەرەپێدانی "هیلالی شیعی"، بەهێزکردنی توانای مووشەکی و خەونە گەورەکەی، واتە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی، تەرخان بکات. لە خەیاڵی کاربەدەستانی تاراندا، دوای ئەم "سەندنە" گەورەیە لە ئەمریکا، ئێران هێندە بەهێز دەبوو دەیتوانی لە هێرشێکی کوتوپڕ و چاوەڕواننەکراودا کۆشکی سپی داگیر بکات و بیکات بە حوسێنییە یان تەویلە!

بەمجۆرە پلانی ئێران دووڕییانێکی لە بەردەم خەڵکی ئەمریکادا دادەنا: ئەگەر گەلی ئەمریکا ڕەگەڵیان بکەون، ببنە شیعە و دەست بکەن بە شیوەن و شەپۆڕلێدان بۆ ئیمامان، ئەوا کۆشکی سپی دەکرایە حوسێنییە. ئیدی مەداح و ڕەوزەخوێنان بە زمانی ئینگلیزی نەوحەیان دەخوێندەوە و خەڵکی ئەمریکاییش لە یانە شەوانەکان، ڕێستۆرانتەکان، هەڵپەڕکێگە و ماڵەکانیانەوە بەڕێ دەکەوتن، ئەگەر بۆیان بلوایە جلکی ڕەشیان دەکردە بەر و بە زنجیرەوە بۆ لەخۆدان ڕوویان لەو کۆشکە سپییە دەکرد بە هەوڵ و کۆششی کۆماری ئیسلامی بووەتە حوسێنییە.

بەڵام ئەگەر دانیشتووانی ئەمریکا بەمە ڕازی نەبووبان و ئامادەی قوڕ وەسەرکردن و سینگکوتان نەبووبان، بەمجۆرە لە دیدی کۆماری ئیسلامییەوە گەلێکی بێئەقڵ دەبوون و چارەنووسێکی باشتر لەوەیان شایستە نەدەبوو کۆشکی سپی بکرێتە تەویلە و ئەوانیش وەک ئاژەڵ تێیدا کۆ بکرێنەوە. بەم شێوەیە، لە هەر ئەگەرێکدا، چ وەک شینگێڕ لە حوسێنییەدا یان وەک ئاژەڵ لە تەویلەدا، دانیشتووانی ئەمریکا لە چوون بۆ نێو کۆشکی سپیی داهاتوو بێبەش نەدەکران! کەچی ئێستا، دوای هێرشەکەی ئیسرائیل و گۆڕانی هاوکێشەکان، لایەنی ئەمریکایی، بەتایبەت ئیدارەی سەرۆککۆماری ئێستا، بە سازێکی جیاوازەوە دەژەنێت و دەهۆڵێکی دیکە دەکوتێت. ئەوان دەڵێن لەم دانوستانەی ئێستادا، ئەوە ئەمریکایە "دەستێنێت" و ئێرانیش دەبێت "بدات". ئەمریکا لە لایەک گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی توندتر دەکاتەوە، لەولاشەوە هەڕەشەی هێرشی سەربازی و داوای دانوستان لەگەڵ یەکتردا دەباتە پێش. ئەوان پەیامەکەیان بۆ تاران ڕوونە و دەڵێن "ئەمجارە ئێمە دەستێنین و ئێوە دەدەن".

لەم نێوەندەدا، ئێران لەبەرخۆیەوە بە بێزارییەوە دەڵێت: "ناتکەوێ!" واتا، من نادەم و تەسلیم نابم. ئەمریکاش لە

وەڵامدا، زۆر بە هێمنی سەرینی خاترجەمیی دەخاتە ژێر سەری کۆماری ئیسلامی و بەو زمانە ئاشنایەی لە سیاسەتی ناوچەکەدا باوە، پێی دەڵێت: "بمکەوێ هەر دەمهەوێ و نەمکەوێ هەر دەمهەوێ." ئەمەش واتا، چ بە ڕەزامەندیی خۆت بێت یان بە زۆر، هەر دەبێت ئەوەی دەمانهەوێت بیستێنین.

لە ئێران وێڕای ئەوەی فشاری ئەمریکا بەردەوامە، خەڵکەکەش دەسەڵاتیان تۆقاندوە، ڕۆژانە دانیشتووانی ئێران بەکۆمەڵ ڕەوانەی زیندانان دەکرێن ئەوانیش وەک بەڕێوەبەرانی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ ئیسرائیلیان لێ دەدرێت. لەم دواییانە خەریکە بەڵایەکی دیکەش بەربینگ بە کۆماری ئیسلامی دەگرێت و خەڵک باس لە شتێکی زۆر مەترسیدار دەکەن و کۆمەڵێک ڕووناکبیر و مووناکبیر و سیاسی و میاسی داوای بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی یاسای بنەڕەتی و دامەزرانی ئەنجومەنی دامەزرێنەران واتە مەجلیسی موئسیسان دەکەن و ئەمەش وێڕای هەموو فشارەکانی دیکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە نیوسەدە تەمەنەوە خستووەتە سەر ئەژنۆیان.

لە کۆتاییدا، وا دیارە چارەنووسی ئەم دانوستانەش بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوات کۆماری ئیسلامی، دوای هەموو ئەو هەڕەشە و خۆ بەزلزانییەی پێشووی، بە ناچاری و بە دەنگێکی نزمەوە بگاتە ئەو قۆناغەی بە لایەنی بەرانبەر بڵێت: "ابتکەوێ هەر دەتدەمێ و نەتکەوێ هەر دەتدەمێ"!

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## بڕێک وزەی کارەبا بۆ داگیرساندنی گڵۆپی سەوزی ئاگربەست بمێنێت




وا دیارە دوای تەواوبوونی جەنگی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل، تۆز و خۆڵی شەڕەکە هەرچەندە نیشتووەتەوە، بەڵام بۆنی باڕووتی قسە و هەڕەشان بەردەوام هەوای ناوچە دەتەنێتەوە و بۆگەن بەسەر بۆنی ژیانی ئاساییدا زاڵە.

دۆخەکە وەک ئەو بۆکسێنە وایە دوو یاریزان دوای ڕاوندێکی پڕ لە مشتەکۆڵە، لە گۆشەکانی خۆیاندا پشوو دەدەن، بەڵام لەبری ئاوخواردنەوە، بۆ ڕاوندی داهاتوو خەریکی جنێودان و چاوسوورکردنەوە و پرتە و بۆڵەن.

لە میدیا و ڕۆژنامە ئیسرائیلییەکاندا، شرۆڤەکاران وەک ئەوەی لەنێو فینجانی فاڵگرتنەوەدا داهاتوو بخوێننەوە، ڕۆژانە باسی ئەگەر و شیمانەی دەستپێکردنەوەی جەنگ دەکەن. وا هەست دەکەی سبەی بەیانی لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا، فڕۆکەکان دووبارە دەست بە سووڕانەوە دەکەنەوە. ئەوان دەڵێن دەستپێکردنەوەی جەنگ لەوە نزیکترە بیری لێ بکرێتەوە و ڕەنگە ئەمجارە لە جیاتی بنکەی ئەتۆمی، ئیسرائیل بیر لەوە بکاتەوە هێرش بکاتە سەر کارگەکانی گەزۆ و سۆوهانی قوم و ئیسفەهان و یەزد و بەمجۆرە خەریکە گورزێکی کاریگەرتر لە ئابووریی بەرگریی ئێران بوەشێنێت. ئەوەی زۆر سەیر و سەمەرەیە هەڕەشەی بێتامی ئیسرائیلە. ئیسرائیل بەشێکی بەرچاوی ئەو هاووڵاتییە ئێرانییانەی ترساندوە یەکێک لە

**بەشی دووهەم**

دەستەکانیان دەستکردە. دەوڵەتی جوولەکان دەڵێت ئەگەر ئەمجۆرە کەسانە لەژێر دامێنی دایکیشیاندا خۆیان بشارنەوە، ئەمجارە بێئەوەی گوێچکەیان بکێشین وازیان لێ ناهێنین. جوولەکە  خۆیان لە سوێند و ئایەتاندا ڕەش و شین دەکەن و دەڵێن ئەوانەی تەنیا دەستێکیان هەیە، دەستەکەی دیکەیان لە کاری خێردا نەپەڕیوە.

لە بەرانبەردا، ئێران بێکار دانەنیشتوە و بازاڕی هەڕەشە و گوڕەشەی گەرمە. یەکێک لە فەرماندە گەورەکانی سوپا، کە وا دیارە لە خولێکی تایبەتی "هونەری هەڕەشەکردن"دا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بە جۆرێک باسی تۆڵەسەندنەوە دەکات، مرۆڤ وا دەزانێت سیناریۆی فیلمێکی بۆڵیوودی دەنووسێت. فەرماندەکە گوتوویەتی، "ئەمجارە زلـەیەکی وا لە ئیسرائیل دەدەین، هەر خوا خۆی بزانێت چۆن دەبێت. هەڵلایەکی وا ساز دەکەین باپیران و داپیران نەوەی خۆیان نەناسنەوە"!

ئەم لێدوانە بووەتە جێی سەرنجی "پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی زلەلێدان" لە زانکۆی تاران. سەرۆکی پەیمانگاکە، پرۆفیسۆر "حاجی قسە قەبە"، لە لێدوانێکدا گوتی: "ئەم زلـەیە لە ڕووی تەکنیکییەوە پێی دەگوترێت 'زلـەی شپرزیی نەوەکان'. کاریگەرییەکەی ئەوەندە قووڵە، نەک هەر داپیرە نەوەکەی خۆی ناناسێتەوە، بەڵکوو لەوانەیە داوای ناسنامە و کارتی نیشتمانیشی لێ بکات." بەشی "ناسنامەی بنەماڵەیی" لە وەزارەتی نێوخۆش گوایە خەریکی ئامادەکردنی پرۆگرامێکە بۆ یارمەتیدانی داپیران بۆ ئەوەی دوای ئەو زلـەیە، بتوانن بە ئاسانی نەوەکانیان بناسنەوە.

لەسەر ئاستی دیپلۆماسییشدا، سەعید خەتیبزادە، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، بە ناسناوی "دیپلۆماتی کاتی جەنگ"وە، لە کاتێکدا هەمووان چاوەڕێی ئارامبوونەوەن، خۆی گەیاندووەتە وڵاتی چین. دیارە بۆ ئەوە چووە لەوێوە بە دەنگێکی بەرزتر هەڕەشەکانی بگەیەنێت، یان لەوانەیە ویستوویەتی لەسەر دیواری چین ڕاهێنانی هەڕەشەکردن بکات. خەتیبزادە وەک کەڵی کۆتانێ کە بە مەوتەن شەڕ دەکات، ڕایگەیاندوە دانوستانی ئەمجارەیان لەگەڵ ئەمریکا "لە نێو جەنگی توند و ئاگربارانداا دەکرێت."

مرۆڤ نازانێت ئەمە دانوستانە یان بەشداریکردنە لە یاریی "کۆڵ ئۆف دیوتی"؟ لەوانەیە مێزی گفتوگۆکانیان لەناو سەنگەرێکدا دابنێن و لەکاتی پشووی نێوان دوو مووشەکدا، باسی بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بکەن. خەتیبزادە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "ئەمریکا با سەرینی خاترجەمی بخاتە ژێر سەریەوە، ئێمە هەرگیز دەسەڵاتی ئیسرائیل بە فەرمی ناناسین." ئەم قسەیە وەک ئەوە وایە کەسێک لەنێو ئاودا بێت و بڵێت هەر ئەوەندووکۆکەش هەست بە تەڕی و شێداری ناکەم. ئەوا دەبێت ڕاستگۆیی و ئێران دەستەڵاتێک بە ڕەسمی ناناسیت، بەڵام بە بەردەوامی خەریکە پلانی لێدانی "زلـەی شپرزیی نەوەکان"ی بۆ دادەڕێژێت؟ ڕەنگە هیچ وڵاتێک وەک کۆماری ئیسلامی ڕاستگۆ نەبێت. ئەوە نییە بە چاوی خۆمان

دەبینین چل و چەند ساڵ دوای ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاندووەتەوە و ئاداری بەسەر پاداریییەوە نەهێشتوە، بەردەوام مووشەکبارانی دەکات و لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران ئەندامان و لایەنگرانی تیرۆر دەکات.

دواتریش وەک ئەو مامۆستایەی مێژوو، وانە بە قوتابییە تەمبەڵەکانی دەڵێتەوە، ڕوو لە ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات و دەڵێت: "با بە قووڵی تێبگەن، داهاتوو بە دڵی ئەوان نابێت." لێرەدا وڵاتی چین، وەک بازرگانێکی زیرەک، لەولاوە بە بزەیەکی پڕ لە ماناوە سەیر دەکات و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "ئێوە خەریکی زلە و قسەی قەبە بن، منیش خەریکی گرێبەستە نەوتی و بازرگانییەکانم دەبم. داهاتوو هی هەرکەسێک بێت، گرنگ ئەوەیە 'Made in China' بەردەوام پشت پاکەت و ڕووبەری ئاسنەواڵان بنەخشێنێت".

لە کۆتاییدا، دۆخەکە وەک زنجیرە درامایەکی کۆمیدیی تراژیدی دەچێت، هەمووان چاوەڕێی ئەڵقەی داهاتوون. هاووڵاتیی ئاسایی لەم نێوەندەدا نازانێت پێ بکەنێت یان بگریێت. لەوانەیە داپیرە و باپیرەکانیش خەریکی نوێکردنەوەی وێنەکانیان بن لەسەر ناسنامەکانیان، نەوەک دوای ئەو زلە چاوەڕوانکراوە، لە چوونەژوورەوەی ماڵەکانی خۆشیاندا تووشی کێشە ببن. ئێستا تەنیا یەک پرسیار ماوەتەوە: ئایا لە ڕۆژانی داهاتوودا، خەڵکی ئێران دەستنوێژ بە چ ئاوێک دەشۆن و لە کام بەنداودا مەلە دەکەن مافی ئەوەیان دەبێت چەند گلۆپی ڕووناکی داگیرسێنن. تۆ بڵێی ئەگەر لەم جەنگەدا لایەک تێکنەشکا، ئێران ئەوەندی وزەی کاربا بمێنێت گڵۆپی سەوزی ئاگربەست بۆ دوژمن دابگیرسێنێت؟

۲٤ی گەلاوێژی ۲۷۲٥

## زەنگەزوور یان ژەنگەسوورە؟ مێشێک لەسەر لووتی سیاسەت!




دەڵێن لەم وڵاتە شیرینەی ئێمەدا، ئەگەر دوو کورد لەسەر شتێک ڕێک بکەون، یەکسەر دەبێ گومان لە کوردبوونی یەکێکیان بکرێت. ئەم قسەیە نازانم کێ زیرەک بۆی داهێناوە، بەڵام دیارە باش لە دەردی ئێمەی گەیشتوە. وا خەریکە لەسەر ناوی زیندەوەرێکی بچکۆلە، کە لە زەردەوڵە گەورەترە و ڕەنگی بەرەو سووری ژەنگاوی دەچێت، شەڕێکی نێوخۆیی هەڵگیرسێت. نیوەی خەڵکەکە سوێند دەخۆن ناوی "ژەنگەسوورە"یە و نیوەکەی تریش ملیان لەڕێی ئەوەدا داناوە ناوی "ژەنگەسۆرە"یە. ئەگەر بە خێرایی فریایان نەکەوین، ترسم هەیە سبەی لەسەر ئەم "وو" و "ۆ"یە، کۆنفرانس و سیمپۆزیۆم ببەسترێت و دواتریش چەند لێژنەیەکی باڵای بۆ پێک بهێنرێت و لە کۆتاییشدا، خوا نەخواستە، وەک زۆر کێشە چارەنووسسازی دیکەمان، بەبێ ئەنجام بدرێتە دەست بای فەرامۆشی.

بەڵام وا دیارە ئەم "ژەنگەسوورە"یە تەنیا لە نێو باخ و بێستانەکانی خۆماندا نافڕێت، بەڵکو باڵی گرتووە و چووەتە نێو نەخشە سیاسییەکان و لەسەر مێزی گفتوگۆی زلهێزان نیشتووەتەوە. هەر ئەم مێشە گەورەتر لە خۆیە، لەم ڕۆژانەدا بووەتە باس و خواسی مەجلیسە گەورەکان و ناوی لێنراوە "زەنگەزوور". دەبینن چۆن لە "ژەنگەسوورە"وە بووە بە "زەنگەزوور"؟ ئەمەش چیرۆکەکەی بۆ ئەمە دەبێت لەنێو کۆڕی سیاسەتمەدار و سیاسەتمداراندا تێوە بژەنن یان بە ئەدەبانەتر بیورووژێنن.

برایـانی هاوسێی خۆشەویسـتمان مێژووەكەیـان بەردەوام وەک پیـاوێکی پیـره کلیلـی مـاڵی خـۆی گـوم کردبێـت و بە دوایـدا بگەڕێت، بەڵام سووره لەسـەر ئەوەی کلیلـی مـاڵی هەمـوو دراوسێکانیشی لای ئەوە. ئەمـانە بۆچـوونێکی عەنتیکەیـان لەسـەر ناوی ئەم ناوچەیە هەیە و دەڵێن لە زوودا شازادەیەکی خێر لەخۆنەدیو فەرمانی بە خەڵکەکەی کردوە هەموو گەنج و زێڕ و زیوێکیان ببەن و لەسەر لووتکەی کێوێک بیشـارنەوە. ئەوان دەڵێن ڕەنگە ئەم گەنجە لە ترسی بـۆران و لافـاو و لێمشت و شتی وا برابێتە سەر ئەم کێوە و بە بۆنەیەوە ناوی کێوەکانی ناوچکە نراوە "گەنجسار" ئەمەش وشەیەیەکی تەواو فارسییە، ئەوان نازنن وشەکە فارسیی نیە و کوردییە و لە ڕاستەکەی گەنجلەسەرە، بۆیە ناویان لە شوێنەکە ناوە "گەنج لەسـەر". جـا دواتر بەپێی تیۆریی پەرەسەندنی وشە، ئەم "گەنـج لەسەر"ـە وردە وردە سـواوە و بـووە بە "زەنگەزوور". ئەم فارسـانە کـورد هەر هـیچ، خەریکـن حاشـا لە ئەرمەنیـانیش دەکەن و بەتەمـان مێژوویـان لە نـاوچەکە بسـڕنەوە بـۆیە ئەم دەردەیـان بە زەنگەزوور داوە.

هەر ئەم برادەرانە بۆ ئەوەی زیـاتر ئێمە قایل بکەن، بـاس لە پاشگری "وان" دەکەن و دەڵێن ئەم پاشگرە فارسییە و بە مانای شوێن دێت. ئەوان لە بیریان چووە، یـان خۆیان گێل دەکەن پاشگری "وان" لە زمانی کوردیدا گیانی وشەیە. شـاخەوان، باخەوان، پاسەوان، مەلەوان... هەموو ئەمانە پیشە و ناسنامەن، نەک تەنیـا نـاوی شوێن. بەڵام دیـاره ئەوان پێیـان وایە ئەگەر تۆ خاوەنی فەرهەنگ بیت، ئەوا دەبێت خاوەنی جوگرافیـاش بیت. ئـاخر دەمێکە گوتراوە: "دار هەر لە خۆی نەبێت، کرمی لێ نابێت." ئەگەر خۆمان خاوەنداریتی لە زمان و مێژووی خۆمان نەکەین، خەڵکی دیکە نەک هەر وشەکانمان، بەڵکو شاخ و دەشتەکانیشمان بە ناوی خۆیانەوە تـاپۆ دەکەن.

بـا لەم باسی زمانەوانییە بگەڕێینەوە سەر مێشە گەورەکە، یـان هەمـان "ژەنگەسـووره" سیاسییەکە. وا دیـاره نەشتەرگەرێکی دەستبڕێو لەوبەری زەریاکـانەوە، حەزی لە گۆڕینی نەخشـەی جیهـانە و وەک ئەوەی یـاریی "مۆنۆپـۆلی" بکـات، بڕیـاری داوە نەشتەرگەرییەکی بەپەلە بۆ ئەم نـاوچەیە بکـات. ئەم "ژەنگەسووره"ـیە، کە نـاوی "زەنگەزوور"ـە، ئێسـتا وەک ئێسـقانێک لە گەرووی هەندێک دەسەڵاتی ناوچەکەدا گیـری خواردوە و وەک مێشـێکی گەوره بە بنـاگوێی کۆمـاری ئیسلامییەوە دەزرنگێتەوە. ئەمە زرنگەیەکە خەوی لێ زڕاندوون و هەموو خەونەکانی "هیلالی پڕشنگدار"ی لێ تـاڵ کردوون.

ئەوەی لە هەمووی پێکەنیناویترە، دۆخی ئێمەی کوردە لەم نێوەندەدا. خەڵکی خەریکی داڕشتنی ستراتیژ و بڕینی ڕێڕەو و داگیرکردنی جوگرافیان، ئێمەش هێشتا لەسـەر ئەوەی نـاوی مێشـەکە "ژەنگەسووره"ـیە یـان "ژەنگەسۆره" لە خەبـاتی فیکریـی قووڵدایین. وەک ئەوەی کابرایەکی لێ قەوماو بێت و مـاڵەکەی ئـاگری گرتبێت و ئەویش لە جیـاتی کوژانـدنەوەی ئـاگرەکە،



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

خەریکی مشتومڕە لەگەڵ دراوسێکەیدا لەسەر ئەوەی ئایا دووکەڵەکە ڕەنگی ڕەشە یان قاوەیی! ئاخر گۆم هەتا قووڵ بێت، مەلەی خۆشە، بەڵام ئەم گۆمەی سیاسەتی ئێمە، بۆقیشی تێدا دەخنکێت!

لە کۆتاییدا، نازانم چارەنووسی ئەم "زەنگەزوور"ە چی لێ دێت. ئایا دەبێتە ڕێڕەوێکی ئابووریی گرنگ، یان گۆڕەپانێکی نوێی جەنگ؟ ئایا ئەو گەنجەی گوایە لەسەر کێوەکە شاردراوەتەوە، هەر زێڕ و زیوە، یان خاک و ستراتیژە؟ بەڵام یەک شت دەزانم، تا ئێمە خەریکی وردەکاریی بێبایەخ و شەڕی نێوخۆیی بین لەسەر "وو" و "ۆ"، خەڵکی دیکە دێن و بە پیتی لاتینی و کریلی و عیبری ناوی شوێنەکانمان دەنووسنەوە و ئێمەش هەر دەبێت لە دوورەوە تەماشایان بکەین.

ئەرێ بەڕاست، دوای ئەوەی ئەم ژەنگەسوورەیە بە یەکجاری لەسەر نەخشە جێگیر بوو، ئاخۆ ناوی لەسەر ناسنامەکەی بە چ شێوەزارێک دەنووسرێت؟ سۆرانی یان کورمانجی؟ یان هەر بە فارسی، وەک هەمیشە؟ وڵامی ئەم پرسیارە با لەجێی خۆی بێت، بەڵام تۆ بڵێی دالانی ژەنگەسوورە زۆر تەسک بێت یان بەرین؟ تۆ بڵێی ببێتە ڕێڕەوێکی درێژ و دەریای نێوەڕاست بە هیند و چین و مەغۆلستانەوە بلکێنێت و ئەوانەی خوارەوەی دەریای مازەندەران دەست لە هەرامە درێژتر چیبکەن؟ ئەوەی ئێستا ئاشکرایە ئەمەیە دالانەکە خەریکە لە دالانی زەنگزوورەوە دەبێتە دالانی ترامپ و ئەم ناو گۆڕینەش وادەکات لەم دالانەدا ترامپ سەرچۆپی کێشی شایی بێت و بە گۆرانی لە کۆلانی تەنگەبەرەوە شان لە شانی هاوپەیمانانی بدات.

١ی خەرمانانی ٢٧٢٥

# مەرگ و نەمان بۆ ژیان




ڕەنگە ئەم سێ ڕستەیەی سەرەتای ئەم کورتە یادداشتە، وەک مۆسیقایەکی خۆش نەیەنە بەر گوێتان و تەنانەت لەوانەیە هەندێکتان تووشی ڕاچڵەکین بکات. ببوورن مەبەستم داچڵەکین بوو، بەڵام ڕاستییەکی تفتە و واباشە لێی بیدەنگ نەبین. ڕستە ناخۆشەکانیش هەموویان ڕستەی هەواڵین و پێمان ڕادەگەیەنن: ئاستی ئاوی ڕووبار و بەنداوان بە شێوەیەکی کارەساتبار دابەزیوە. بەهای دۆلاری ئەمریکایی تا ئەوپەڕی ئاسمان هەڵکشاوە و مانگا پیرە بەتەواوی وشکی کردوە و تڵپاتی تەڕی لە مێشکیدا نەماوە. بە دووری نازانم سەبارەت بە ڕستەی سێهەم واتە وشککردنی مێشکی مانگا پیرە تووشی سەرسووڕمان بن و هێندێک لەو خوێنەرانەی دوو لەڕووی تۆی خوێنەر قیچۆکەک گەمژەن، بۆیان هەیە بەنجەی ئەسپێکوژەیان وەبەر لیچیان بدەن و سەریان سووڕ بمێنێت بۆچی مانگا پیرە لە جیاتی گوانی هەڵقرچێت و شیری تێدا نەمێنێت، مێشکی هەڵقرچابێت وتەڕایی تێدا نەمابێت.

خوێنەری ئازیز، تکایە بۆ ساتێک ئەم دیمەنە ترسناکە بهێنە بەرچاوی خۆت: تۆ لەماڵێکدا خەریکی ژیانی و ناچاری بۆ خواردنەوە و خۆشووشتن و تەنانەت بۆ لابردنی گەردی دڵتەنگییەکانیشت کەلک لە ئاو وەربگری و ئەم ئاوەش ڕۆژبەڕۆژ کەم بکات. لەولاوە، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەت، پێویستە هەرچی دەیفرۆشیت و دەیکڕی، بەپێی بەهای دۆلار

هەڵیسەنگێنی و ئەویش وەک ئەژدیهایەکی حەوتسەر بەردەوام بەهای بەرز دەبێتەوە و نرخی ژیانی تۆ دادەبەزێنێت. لە هەمووی کارەساتبارتر، لە جیاتی ئەوەی کەسێک هەبێت ڕێنوێنیت بکات و ڕێگەچارەیەکت بۆ بدۆزێتەوە، یەکێکی وەک مانگای پیر پێشت بکەوێت، کەچی لە ڕاستیدا مێشکی وەک گوانە چرچ و وشک هەڵگەڕاوەکەی تڵپەیەک زانیاریی بەکەڵکی لێ نەیەتە خوارەوە. ئەودەم دەزانی تووشی چ جۆرە ژیانێک بوویە.

باس لە "ژیان" کرا. بێگومان هەموومان دەزانین ژیان چیە و چۆنە. بەڵام کێشەکە لێرەدایە ئەم وشەیە لە کۆڵمان نابێتەوە. لە لایەک ژن و پیاومان هەیە ناویان "ژیان"ە و ژیانیان لێ تاڵ و هێندیک جاریش شیرین کردووین. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر لە یادتان بێت، لە ساڵانی ڕابردوودا "ژیان" ئۆتۆمبێلێکی سێ پستۆنی فەرەنسایی هەرزان و خۆشڕەوت بوو. ئەندازیارانی بە جۆرێک سپرینگ و فەنەرەکانیان بۆ دروست کردبوو و جەندەکی ئۆتۆمبێلەکەیان لەسەر دانا بوو، ئەوەندەی بڵێی نەرم ونیان بە ڕێگەدا دەڕۆیشت. سەرەڕای ئەوەی سووتەمەنییەکی زۆر کەمی دەویست، لەسەر شەقامە پڕ لە چاڵ و کۆسپەکانیشدا وەک لانکەی منداڵ نەرم دەجووڵایەوە. ئەوسا، سوارەکانی لە خوایان دەویست ئۆتۆمبێلەکە بە ئەملا و ئەولادا بلەقێتەوە و وەک جۆلانێ ڕایانهەژێنێت. بەداخەوە، دوای نەمانی ئەو ئۆتۆمبێلە، "ژیان" بەڕاستی ڕوویەکی دیکەی خۆی نیشان داین. بەڵام هەر بەردەوام بوو. ئەی ئەوە نیە ئێمە هێشتا دەژین، یان وەک زماننەزانانی ئەم سەردەمە دەیڵێن "ژیان دەکەین"؟

جا باشتر وایە واز لەم باسەی ژیان و میانە بهێنین، نەوەک تووشمان بە تووشی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ببێتەوە. ئەی نابینن چۆن ئەم وشەی "ژیان"ە لە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە خۆی دەردەخاتەوە؟ تا دوێنێ ناوی مرۆڤی نێر و مێ بوو، ناوی ئۆتۆمبێلێکی لەبیرکراو بوو، ناوی ئەو مەودایە بوو لەدایکبوون لە مردن جیا دەکاتەوە، کەچی ئێستا خۆی بەنێو دروشمی سیاسیی گەورەشدا کردووە و بۆتە هۆی سەرئێشە.


ئەگەر بە قسەی من دەکەن، با واز لە ژیان بهێنین و بچینەوە سەر باسی ئەو مانگا پیرەیەی مێشکی تەنانەت تڵپەیەک زانیاریی خراپیشی تێدا نەماوە، چ جای زانیاریی باش! سەردەمانێک ئەو مێشکە شتی سەیروسەمەرەی تێدا بوو. بۆ نموونە، هەوڵی دەدا پێمان بسەلمێنێت ئامانجی شۆڕشی ئیسلامی تەنیا ئەوەیە هەناردەی وڵاتانی دیکەی بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ژیانی خەڵکی نێوخۆ بە هەموو شێوەیەک پێشتی تێبکرێت و هیچ بایەخێکی نەمێنێت، تا جیهان ئیرەییمان پێ ببات! بەڵام دوای ئەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک سکڵی ژێر خۆڵەمێش گڕی سەند و چەندین مانگ دواتر ئیسرائیل و ئەمریکا بە کردەوە ڕووبەڕووی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بوونەوە، دۆخەکە بەتەواوی شپرزا.

ئێستا دەرەنجامەکەی چییە؟ ئەو دۆلارەی ڕۆژگارێک بە زەحمەت حەوت تمەنمان پێ دەدا، ئەمڕۆ بە زیاتر لە سەد هەزار تمەنیش لووتمان بەسەردا ناهێنێت. ئەو ڕووبارەی جاران بە بەلەم و لۆتکە لێی دەپەڕینەوە، ئێستا ئەوەندە ئاوی تێدا نەماوە بەشی دەستنوێژی سۆفییەکی شایی بە قیامەتیش بکات. مێشکی کابراش، وەک گوانی مانگا پیرە، بەتەواوی وشکی کردوە و هیچ بیرۆکەیەکی تازەی لێ هەڵناهێنجرێت.

کەواتە، ئەو شتەی ئەم هەموو دەردەسەرییەی بەسەر هێناوین بێگومان "ژیان"ـە! مادام وایە، بۆچی هاوار نەکەین و نەیڕووخێنین؟ بۆچی بە دەنگی بەرز نەڵێین: بڕووخێ ژیان؟ ئەگەر ئەم ژیانە بڕووخێت هەموومان بە گەردوونیشەوە ڕزگار دەبین و چی دیکە پێویستیمان پێ نابێت. ئەگەر ژیان نەبێت، هەرچی روحی دەبەردایە دەحەسێتەوە. ئامانجی مانگا پیرەی ئێمەش بنبڕ کردنی ژیانە، بۆیە لە مێشکی خۆیەوە دەستی پێ کردوە.

۲۱ی خەرمانانی ۲۷۲۵

## بەرەو دانانی ویلایەتی فەقیهی دیجیتاڵی




سەردەمێکدا تەکنۆلۆژیا هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیانی داگیر کردوە، لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانەوە بگرە هەتا گەیشتن بە ئەستێرەکانی ئاسمان، پرسیارێکی گەورە دێتە ئاراوە: ئایا ناکرێت ئەم نیعمەتە زانستییە بۆ چارەسەرکردنی یەکێک لە هەستیارترین و چارەنووسسازترین پرسەکانی "امت همیشه در صحنه"، واتە پرسی جێنشینی و بەردەوامیی "وەلیی فەقیه"، بەکار بهێندرێت؟ کێشەی بنەڕەتیی دانانی ڕێبەرێکی ڕەها، وەک هەر بوونەوەرێکی زیندووی دیکە، لە فانیبوون و سنووورداربوونی جەستەییدا خۆی دەبینێتەوە. ئەمەش ڕاستییەکی تاڵە و چەندین کێشەی گەورە بۆ "امت همیشه در صحنه" دروست دەکات کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

### یەکەم: کێشەی بەساڵاچوون و نەخۆشییە زەمینییەکان

ڕێبەریش، وەک هەموو مرۆڤێکی ئاسایی، بە تێپەڕبوونی کات پیر دەبێت. تەنانە ئەگەر بە کەڵکوەرگرتن لە دەواودەرمانی سروشتی و تەنانەت ترياکی بێگەردیش تەمەنی پیرۆزی درێژ بکرێتەوە، ناتوانرێت ڕێگە لە یاساکانی بایۆلۆجی بگرێت. بۆ نموونە، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی "پرۆستات" لە تەمەنی بەساڵاچووندا زۆرە و ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر

ئەرکە گرنگەکانی ڕێبەرایەتی دەبێت. ئایا "امت همیشە درصحنە" دەتوانێت بەرگەی ئەوە بگرێت ڕێبەرەکەی لەبری بیرکردنەوە لە چارەنووسی گەلان، بە دەردی چرکەمیزەوە بنالێنێت؟

## دووەم: مەترسییە ئەمنی و فیزیکییەکان

جەستەی ڕێبەر لە دەمار و ئێسقان و گۆشت پێکهاتووە و لە بەرانبەر هەڕەشە دەرەکییەکان زۆر ناسکە. لە کاتی هەر هێرشێکی ئاسمانی و مووشەکیی دوژمناندا، هیچ گەرەنتییەک نیە بۆ ئەوەی جەستەی پیرۆزکراوی ڕێبەر پارێزراو بێت. لە وەها دۆخێکدا، ئەگەر بەشێک لە جەستەی زەرەرمەند بێت یان هەموو جەستەی بە تەواوی ببێتە خۆڵەمێش، زیانێکی ئەوەندە گەورە بەر "نظام مقدس" دەکەوێت و "امت همیشە در صحنە"ش بۆ قەرەبووکردنەوەی دەستی لە هەرامەی هیچ کەس بەند نابێت.

## سێیەم: قەیرانی دیاریکردنی جێنشین

## ڕێبەری دیجیتاڵی لەسەر بنەمای هۆشی دەستکرد چارەسەرێکی باشە

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە بنەڕەتییانەی باسمان کردن، زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەم چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانەمان پێشکەش دەکات: "ڕێبەری دیجیتاڵی" یان "وەلیی فەقیهی دەستکرد". ئێمە دەتوانین زۆر زیرەکانە کەڵک لە داهێنانەکانی ڕۆژئاوا وەربگرین؛ با ئەوان باسی دیموکراسی و مافی ژنان و شتی لەو بابەتە بکەن و ئێمە تەکنۆلۆژیاکەیان بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی ویلایەتی فەقیه بەکار دەهێنین. بۆ نموونە، بۆمبی فسفۆری و هێشوویی و تەنانەت ئەتۆمیش لە کاتێکدا دروستکراوی ئەوانن، ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی وەلیی فەقیهدا بن، دەبنە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ ئوممەت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەمەیە: ئایا هۆشی دەستکردیش وەک تەکنۆلۆژیای پێشوو دەتوانێت خزمەت بە ئامانجی پیرۆزی دروستکردنی وەلیی فەقیهی باش بکات؟ وەڵامەکەی بە دڵنیاییەوە "بەڵێ"یە. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە، لەم دواییانەدا، وڵاتی ئەڵبانیا وەزیرێکی دیجیتاڵیی بۆ کابینەکەی دروست کردووە، بۆئەوەی بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە. ئەگەر ئەم ئەڵبانیا بچووکە بتوانێت هەنگاوێکی وا گەورە بهاوێت، بۆچی ئێمە نەتوانین هەنگاوێکی لەوە گەورەتر بنێین و ڕێبەرێکی دیجیتاڵی بۆ خۆمان دابنێین؟

## تایبەتمەندییە بێوێنەکانی وەلیی فەقیهی دیجیتاڵی:

١- نەمریی و بەردەوامی: ڕێبەری دیجیتاڵی تەمەنی لەگەڵ تەمەنی مرۆڤایەتیدایە و هەرگیز نامرێت. ئەمەش کۆتایی بە قەیرانی جێنشینی دێنێت و سەقامگیرییەکی هەمیشەیی مسۆگەر دەکات.

٢- سیما و ڕوخساری گەنجانە: دەکرێت بیچم و قەڵافەتێکی گەنجانە و پڕ وزەی بۆ دیزاین بکرێت و ببێتە هۆی هیوا و ورەبەخشین بە گەنجان.

٣- یادگەیەکی بێهاوتا: ڕێبەری دیجیتاڵی هەموو ڕێکەوتی ڕووداوەکان، فەتواکان و وتارەکانی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دێنەوە یاد و هیچ کاتێک دووچاری لەبیرچوونەوە و لێکچوونی بابەتان نابێت.

٤- بێ پێویستی بە خواردن و پشوودان: ئەم جۆرە ڕێبەرە پێویستی بە خواردن، خەوتن و تەنانەت تریاک و جگەرە و پشوودانیش نییە و ٢٤ کاتژمێری حەوت ڕۆژی هەفتە لە خزمەتی ئوممەت دایە. ئەمەش خەرجییەکی زەبەلاحی دەوڵەت کەم دەکاتەوە کە بۆ تەندروستی و خۆشگوزەرانیی ڕێبەری بایۆلۆجی خەرج دەکرێت.

٥- بەردەوام لە نوێبوونەوەدا: ڕۆبۆت و نەرمامێری ئەم کەسایەتییە دەکرێت بەردەوام نوێ بکرێتەوە و بە نوێترین زانیاری و لێکدانەوەی ڕۆژ بارگاوی بکرێت.

٦- چارەسەری پرسی جێندەری: بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، دەتوانرێت ڕێبەرێک بئافرێندرێت نە نێر بێت و نە مێ. ئەمەش دەبێتە هۆی بنەبڕکردنی هەر جۆرە مشتومڕێک لەسەر یەکسانیی جێندەری و دادپەروەرییەکی ڕەها دابین دەکات.

٧- ئەم جۆرە ڕێبەرە پێویستیی بەوە نابێت زەوی هەڵکۆڵێت و لە کونەتەیارەدا خۆی حەشار بدات.

لە کۆتاییدا، وێڕای پێزانین و سوپاسمان بۆ زانایانی هۆلەندی و ئەمریکایی کە بنەماکانی هۆشی دەستکردیان داڕشتووە، بە پەلە و بێ ڕاوەستان داوا لە کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا و هۆشی دەستکرد دەکەین، ڕێبەرێکی "فوول کوالیتی" و بێخەوشمان بۆ بئافرێنن، تاوەکو ئوممەت لەم دڵەڕاوکێ و کێشە زەمینییانە ڕزگاری بێت و بۆ هەمیشە لە سایەی ویلایەتی فەقیهی نەمر و هۆشمەنددا بژییت.

٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## لە بارەگای ئایەتوڵڵاوە بۆ دەرباری شا




پێشینیان گوتوویانە پاش مردووان ڕەحمەت باشە. جا ئێمەش لەسەر هەمان ڕێچکە، هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاکی هەردوو دەسەڵاتی پیرۆزی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی! ئەوەندەی خۆڵ بەسەر گۆڕی ئەم دوو بنەماڵە بەڕێزەدا دەکرێت، با سەد ئەوەندە تەمەنی میراتگرەکانیان درێژ بێت. دەڵێن دونیا بۆ کەس نامێنێتەوە، بەڵام ئەم قسەیە لە ڕاستییەوە دوورە؛ دونیا هەر دەمێنێت و وەک تۆپێکی گەورە تەقڵە لێ دەدات، جاروبار هەندێک کەس هەڵدەداتە پشتی چیای قاف و هەندێکیش دێنێتەوە سەر تەختی حوکمڕانی. ئەوەی بۆ ئێمە وەک خەڵکی ڕەشۆک دەمێنێتەوە، تەنیا چاکەیە، ئەویش چاکە لەگەڵ "یەکتر."

لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم وشەی "یەکتر" بۆ خوێنەرانی هێژا شی بکەمەوە. ڕەنگە ئەم شیکردنەوەیە بۆ هەندێک کەس زیادی بێت و خۆیان لە ئێمەی نەزانکار شارەزاتر بن، بەڵام ئامانجی ئێمە کۆمەڵانی خەڵکە. مەبەست لە "یەکتر" لێرەدا، گەلی هەژار و چەوساوەی ئێران نیە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر تایبەت و سنووردار، تەنیا لایەنگرانی شاهەنشا و شوێنکەوتووانی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە. ئۆباڵ بە ئەستۆی من، ئەم دوو لایەنە هەرچییان لەدەست هاتووە و دێت، بۆ یارمەتیدانی یەکتریان کردوە. دیسان ئۆباڵ بە سکوردی باریکم هەر ئەوا دەبێت یەکتر دەرک کردن.

بۆ نموونە، دەسەڵاتی پاشایەتی نزیکەی سی چل ساڵ بەر لەوەی کورسییەکەی بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ بکات، خەریکی خۆشکردنی زەمینە بوو. پردێکی ئەوەندە پتەوی بۆ گواستنەوەی دەسەلات لە کۆشکی نیاوەرانەوە بۆ حوسێنییەی جەماران دروست کرد. کۆماری ئیسلامییش دوای پەڕینەوە، بۆ ئەوەی شوێنپێی خۆی ون بکات، پردەکەی رووخاند. داروپەردووی ئەو پردە لە کەسایەتیی بەرێزانی وەک "ئایەتوڵلا موتەهەری"، "بەهەشتی"، "سادق قوتبزادە"، "ئیبراهیم یەزدی"، "مەهدی بازرگان" و "کاک داریووش فروهەر"ی خۆمان و دەیان کەسی دیکە پێکهاتبوو کە هەموویان بوونە قوربانیی ئەو گواستنەوەی دەستەڵاتە.

ئەگەر لەبیرتان بێت، تەمەنی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی تەنیا پەنجا و چەند ساڵێکی خایاند (بمبوورن، نە من و نە کەسانی وەک من، باوەڕمان بە ئەفسانەی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی نیە). دوای ئەو ماوەیە، کاتێک ڕیفراندۆمێک بە کڵاو و لەچکەوە سەری "ئوممەتی هەمیشە لە گۆڕەپان"ی داپۆشی، دەسەڵات لەنێوان پاشا و ئایەتوڵڵادا دەستاودەستیی پێ کرا. ئەمجارە نۆرەی کۆماری ئیسلامی هات و بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدەی دیکە بووە سوارەی سەر قەڵاندۆشی هەمان "ئوممەت."

ئێستا و دوای ئەم نیو سەدەیە، وا دیارە کۆماری ئیسلامی بەتەواوی هەستی بە ماندووبوونی "ئوممەت" کردوە و بەرپرسانی خەدوومیش لە خواردن و کردن بێتاقەت بوونە، بۆیە خەریکە خۆی ئامادە دەکات بۆ گەڕی دووەمی هەمان گەمەی دەستاودەستکردن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە "شازادە ڕەزا پەهلەوی" لەگەڵ دایکی بەرێزیان، قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و دەیانەوێ ئەو قەرزە کۆنەی باوکیان لە ئاخوندان وەربگرنەوە. ئاخووندەکانیش چاکەی بنەماڵەی پەهلەوییان لەبیر نەچووە؛ چۆن ئەوکات بە ڕیز دەچوون بۆ ماچکردنی دەستی شابانوو، ئێستاش ئامادەن بەوپەڕی ئارامییەوە دەسەڵات تەسلیمی "یەکتر"یەکەی دیکە بکەنەوە. ئەم چاکەدانەوەیەش هەر لە سەروبەندی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە بە دروشمی "ڕەزا شا، ڕۆحت شاد" دەستی پێ کرد و زۆر ژیرانە درێژەی پێ دەدەن.

کاکە ڕەزای خۆشمان دوای چل و چەند ساڵ خواردن و خەوتن و ژیانێکی شاهانە لە پاریس و واشنتن، ئێستا هەردوو گووپی پڕ کردوە لە "با" و لە جیاتی ئەوەی دووزەلەیەک یان زوڕنایەکی پێ لێ بدات، بایەکە بۆ خۆفشکردنەوە بەتاڵ دەکاتەوە و دەڵێت: "ئامادەم دوای ڕۆیشتنی برادەران، بە شێوەیەکی دێموکراتی و ئارام، دەسەڵاتی ئێران بگرمەوە دەست".

ئەوەی لەم گەمە نوێیەدا زۆر گرنگە، دووبارە هەڵبەستنەوەی پردی پەڕینەوەیە. ئەمجارە پردەکە بە دیزاینێکی نوێ و بە کەرەستەی تازە دروست دەکرێت. کۆمەڵێکی دیکە دەبنە داروپەردووی پردەکە و ئەگەر پێویست بکات، دوای تەواوبوونی ئەرکەکەیان، پرد و پردساز پێکەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە. ئەوەی ئێستا بیری لێ دەکرێتەوە، دابینکردنی ئەو کەرەستە

خاوانەیە.

ئێستا زۆر کەس و لایەن هەن گیانیان خستووەتە سەر لەپی دەستیان و خەریکن خۆیان بۆ فیداکاری ئامادە دەکەن تا ببنە کەرەستەی پردێکی قایم و بێمەترسی بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە عەمامەوە بۆ تاجی پاشایەتی.

ئەوەی لێرەدا جێگەی دڵخۆشی و پێزانینە، ئەمەیە دوای ڕووخانی کۆمارە مەترسیدارەکەی کوردستان لە مەهاباد، دوای دەرکردنی پێشمەرگەی حیزبە مەترسیدارەکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانە مەترسیدارەکەی "ژن، ژیان، ئازادی" و دوای تێپەڕاندنی چەندین مەترسیی دیکە، هێشتا لە نێو جەرگەی ئۆپۆزیسیۆندا کەسانێک دەبینرێن بە سەربەرزییەوە ئامادەن وەک داریووش فروهەری ڕەحمەتی، ببنە پردی گەڕانەوەی شکۆی بنەماڵە بەڕێزەکەی پەهلەوی. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، دونیا لەمانەوەی خۆی بەردەوامە، تەقڵە لێ دەدات و ئەم و ئەو بەسەر شانیدا تووڕ هەڵدەدات.

٢٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## ئێران و ئورووپا و ئەمریکا ڕێک دەکەون بەرەو ڕێککەوتن



ڕۆژنامەی "فرهیختگان" کە سەر بە زانکۆی ئازادی ئێرانە، لە ڕاپۆرتێکدا بە پشتبەستن بە سەرچاوەیەکی "ئاگادار"ەوە بڵاوی کردۆتەوە سێ وڵاتی ئورووپایی -مەبەستی بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمانە- لە کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینیی ڕابردوو لە ئەستەنبوڵ داوایەکی "ناتەکنیکی و نایاساییان بە ئەدەبێکی نەشیاو" لەبەردەم نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی زەق کردۆتەوە و باسی بابەتی پەلەپیتکە پڵاسیان کردوە. ئەمە لە کاتێکدایە کۆبوونەوەکە، بە گوتەی ئەم ڕۆژنامەیە، زیاتر وەک شەڕەقسەی گرژاوی بووە، نەک گفتوگۆیەکی دیپلۆماسی.

بەڵام کازم غەریبئابادی، جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە کاروباری یاسایی و نێودەوڵەتیدا، لەگەڵ مەجید تەختڕەوانچی جێگری سیاسیی ئەم وەزارەتە، لە کۆبوونەوەکەدا چاویان بە نوێنەرانی سێ وڵاتە ئورووپاییەکە کەوتوە. غەریبئابادی دوای چاوپێکەوتنەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس نووسیی کۆماری ئیسلامی و ئورووپا هێشتا بە "پاراستن و بەکارهێنانی دیپلۆماسی" پابەندن و ئەگەر پێویست بێت، خولێکی نوێی گفتوگۆکان دەست پێدەکەن.

بەڵام ڕۆژنامەی فەرهیختە بیلامانێ گان بە جۆرێکی دیکە باسی ئەم دوو فەرهیختەیەی نوێنەری کۆماری ئیسلامی کردوە و

نووسیوبەتی ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر وەک سیناریۆیەکی پڕ لە هەڕەشە و کەشێکی پڕ لە گرژی بووە. ئورووپاییەکان، بە گوتەی ئەم ڕۆژنامەیە، هەڕەشەی توندیان کردوە و تەنانەت گوتوویانە نەک تەنها میکانیزمی پەلەپیتکە دژی ئێران چالاک دەکەن، بەڵکو سزایەکی بەرفراوانتریش دژی ئەم وڵاتە جێبەجێ دەکەن.

**ئەمە دانووستانی ئێران و ئورووپایە، ئەی تۆ بڵێی دانووستانی ئێران و ئەمریکا چۆن بێت؟**

ئەمەیان زۆر خۆشە و وەک ئەوەی ئورووپا و ئێران نیە، بە میکانیزمی پەلاپیتکەوە بەسترابێتەوە. دانووستانی ئێران و ئەمریکا بە مکانیزمی ترامپەوە بەستراوەتەوە. ترامپ لە سەردانی ئەم دواییەی بۆ وڵاتانی کەنداودا، سەرەتا گوتی ڕەنگە ئەم کەنداوی فارسە بکەمە کەنداوی عەرەب و لەمەوداو کەنداو و مەنداو بۆ هەتا هەتایە فارسیی لەبیر بچێتەوە و لە جیات "گم شو" و شتی وا هەر "ئیمشی"ی بە دەمدا بێت.

پاشان ترامپ لەگەڵ هاتنی بۆ ناوچە دوو جووڵەی چاوەڕواننەکراوی کرد. یەکیان ئەمە بوو پێچەوانەی هەموو سیاسییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لووتی بەسەر ئیسرائیلدا نەهینا و گۆڕینی ناوی کەنداویشی لەبیر خۆی بردەوە. لەم وڵاتانی خوار کەنداو قۆڵی لە پارە هەڵماڵی و باوەش باوەش ئەو ڕیاڵ و دەرهەم و مەرهەمەی کردە باقە و باوەش باوەش کۆی کردەوە.

ترامپ لەم سەفەرەیدا هەر باوەشی بە دینار و دەرهەم و ڕیاڵدا کرد و بە ڕیشی تومەن پێدەکەنی و جارجار خێسەیەکی لە ئاغا دەکرد و باسی پارە وەسەریەک نان و گیرفانی پڕ و ژیانی خۆشی عەرەبانی دەکرد و دەیگوت ئێوەی عەرەبی کەنداو دەستوچاوتان خۆش بێت بۆ ئەو ژیانە خۆشەی بۆ خۆتان ڕێکتان خستوە و ڕەحمەت لە دایک باوکی کاکە ئەحمەد شەڕعیش کە لە سووریەوە تەشریفی هاوردوە و داوای لێدەکەم لەگەڵ جوولەکان وەک برا جووت بن و ئاگایان لە بارودۆخەکە بێت.

ترامپ لەم سەردانەدا مردنی خۆی لەبیر بێت، لەبیری نەبوو باسی ئاشتی و ڕێککەوتن بکات و تەنیا لە خوارەوەڕا بەرەو باکوور لە برادەران مۆڕ بووە و گوتی: کاکی من ئێوەش بۆ ئاوا ناکەن، ئەو پارە جوانە بۆ دەدەن بە تێرۆریستان و بە گژ ئەملاو ئەولایاندا دەکەن، ئەم پارە جوانە و ئەو نەفت و مەفت و داهاتە زۆرە بۆ خۆتان بخۆن و ئەگەر وەک عەرەبان لێتان زیاد بوو، ئەوە وەک ئەوان هێندێکیشی بدەنە بەندە. ترامپ لەم سەفەرەدا لەبەر پارەی عەرەبان و لە خەمی برسیەتیی کۆماری ئیسلامی هەر لەبیری کرد باس لە گۆڕینی ناوی کەنداوی فارس بکات و فارسانیش بە ئیسلامی و چەپ و ڕاست و ئۆپۆزیسیۆن و مۆپۆزسیۆنەوە لە جیات ئەوەی بیر لە تێربوون بکەنەوە، دەستیان بە بەرزکردنەوەی دروشمی "خلیج

هميشه فارس" كرد.

دوای سەردانەكەی ترامپ كاتێک ڕێبەری كۆماری ئیسلامی ئەرخەیان بوو ترامپ لە حەوت ئاوان پەڕیوەتەوە و گەیشتووەتەوە ئەمریكا، هێندێک ماموستای نێر و مێی كۆكردەوە و ئەوەندەی هێزی دەبەردابوو گوتی ئەم ترامپە درۆ دەكات و ئاشتی و شتی وای ناوێت.

ئێستا دۆخەكە وای لێ هاتوە یەكیەتیی ئورووپا خەریكی پەلاپیتكە و شتە و ترامپیش ئەگەر ئەو پارەیەی بردوویەتەوە بە تەواوی تاقەتی كرد، دەگەڕێتەوە سەر گفتوگۆ دەگەڵ ئێران و لەبەر ئەوەی حەزی لە پارەیە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نابێت سزاكانی سەر كۆماری ئیسلامی هەڵبگرێت و پارەكانیان لە ئەمریكا ئازاد بكات.


بەم لێكدانەوە قووڵەوە ئێستا بە گشتی چاوەڕوانی دیاریكردنی شوێنی خولی داهاتووی دانووستانی ئێران و ئەمریكاین و هیوادارین ئەمجاریش لەسەر درێژە پێدان بە دانووستانە دەستپێنەكراوەكان ڕێک بكەونەوە.

٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پیتی "ژ" پیتێکی سەرەخۆرە و مەترسیدارە



پارێزگای سنە پارێزگایەکی سەیرە. پێتان وانەبێت هەوراز و نزمیی شار و گوندی ئەم پارێزگایە زۆر سەیروسەمەرەن. گومانی تێدا نیە پارێزگای سنەش وەک پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان و ورمێ خاوەنی شار و گوند و کانیاو و ڕووبار و خڕ و دۆڵ و بەرزی و نزمییە و خەڵکەکەشی بەشی زۆریان جلی وەک یەک دەبەر دەکەن و ژنان و پیاوانیشی وەک ژنان و پیاوانی ئەو پارێزگایانەی ناومان بردن، هەڵدەپەڕن و هەمووشیان حەزیان لە گۆرانیی گشتی هەڵپەڕکێیە و لە گوتنەوەی دەستەواژەی "هەستە بەشان سەرچۆپی"دا بە ورد و درشتیانەوە هاوبیر و هاوڕان. بەڵام شتێکی زۆر سەیر ئەم پارێزگایەی لەوانی دیکە دابڕیوە و ئەویشیان ئەمەیە لە سجیل و مجیل و تەسکەرە و مەسکەرەی دەسەڵاتدا تەنیا ئەم پارێزگایە ناوی "کوردستانە". حکوومەتی کۆن و نوێی ئێران دەیانەوێت بڵێن گومانیان لەوەدا هەیە، جگە لەم پارێزگایە هیچ شوێنێکی دیکە کوردستان بێت و دیارە ئەوانیش زۆر پیاوانە گومانی خۆیان بە یەقینی هیچکەس و لایەنێک ناگۆڕنەوە. ئەم پارێزگای سنەیە بە درێژایی مێژوو پەند و ڕووداوی زۆری بەسەر هاتوون، بەڵام ئەوکاتەی بەم ناوی کوردستانەوە لە کۆمارەکەی کوردستانیان دابڕی، ڕۆژ نیە ڕووداوی سەیروسەمەرە بە خۆیەوە نەبینێت. با زۆر دوور نەچین، لەم دواییانەدا فێستیڤاڵی "قەڵەمی هەژار" لەم شارە بەڕێوە چوو و لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا نووسەران و هونەرمەندان یەک لەدوای یەک، لە نێو چەپڵەڕێزانی بەشداربووواندا خەڵات کران و پاشان یەک لەدوای یەک لە وەرگرتنی خەڵاتان پاشگەز بوونەوە

و (دەوری مامۆستا هەژارمان پەرژینی بەگوڵ بێت)، گوتیان ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی.

چەند ڕۆژێک پێش ئەم ڕووداوە نێوەندی ئەم پارێزگایە، خانەخوێی پارێزگارانی هەرێمی کوردستان بوو. دیارە پارێزگاری کەرکووک وەک تەنیا پارێزگاری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەم میوانییە بێبەش بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ڕۆژهەلات یانی لە دیوی ئێرانەوە، دوو پارێزگاری کوردستانیی دەرەوەی پارێزگای سنەش (مەبەست هەمان پارێزگای کوردستانی ئەوانی دیکەیە) لە ورمێ و کرماشانەوە بانگهێشت کرابوون.

دیارە پارێزگاری سنە زۆر ڕێزی لە میوانان گرت، بەڵام یەکێک کارەکانی لەم میوانداریيەدا سەرسوڕمانی لێکەوتەوە. ئەوانەی دوای ئەم ڕووداوە تاسان، بێ ئەوەی تراوی حەرامیان خواردبێتەوە، هەروا سەریان سوڕ ماوە و دەڵێن جەنابی پارێزگاری "کوردستان" نەدەبوایە کۆمەڵێک ژن بە سواری ئەسپەوە و بە جلوبەرگی ناشایستەوە بۆ پێشوازی لەم میوانانە بنێرێت! ئەو ژنانەی بە سەر پشتی ئەسپەوە بە زەردەخەنەوە بە پێش ڕیزی پارێزگارانی هەرێمی کوردستان و پارێزگارانی دیوی ڕۆژهەلات (وەک دەڵێن "مەرزدارانی غەییور")دا تێپەڕین، دژایەتیی دڵسۆزان و گەورە پیاوانی پارێزگاکە و تەنانەت گەورەپیاوانی تارانیشی لێ کەوتەوە. گەورە پیاوان، پێیان وایە ژنان ناموسی پیاوانن. نەک هەر ژن ناموسی مێرد و کوڕ و مام و خاڵی خۆیەتی، بەڵکوو کۆی ژنان ناموسی کۆی پیاوانن. بەمە دەڵێن بەرابەری و یەکسانی. ئەوەتا چۆن ژنێکی بەلووچ، عەرەب، تورکمان یان ئازەری ناموسی گەورەپیاوانی تارانە، ئەوا ژنی سنە ناموسی گەورەپیاوانی دانیشتووی تارانیشە. ئەگەر وا نەبوایە، وەزیران و نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئەوکاتەی ژنانی کوردیان بە جلکوبەرگی کوردییەوە لەسەر زینی ئەسپان لە پێشوازیکردنی پارێزگاراندا دەدیت، ئەوا تووڕە نەدەبوون.

ئەو گەورە پیاوانە هەموویان عاقڵن و لە دنیا تێدەگەن، هەر نەبێت ئەو گۆرانییە کوردییەیان بیستووە، دەڵێت:

"دەبا لێنێن پێشباران، خێڵ گەیشتە بارزینی
یارم پێی لە ڕکێفێ نا، کەوتە سەر خوانی زینی
لە خوای دەپاڕێمەوە خێروخۆشیان ببینی"

هەر ئەم گۆرانییەی باس لەوە دەکات ژنان خۆیان داوێنە سەر خوانی زینی، بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر مەترسیدارە. کاتێک ژن خۆ باوێتە سەر خوانی زینی و دوای ئەمە خێروخۆشیان ببینێت، کوا ژنی ئەوا وەک ناموسی من و جەنابت دەمێنێتەوە. ئەودەم گەورە پیاوانی پارێزگا تەنانەت ئەوانی تاران و مارانیش تووشی قەیرانی قووڵی هەبوون و نەبوونی ناموس

دەبن. لە وەها کاتوساتێکدا هەلومەرجەکەش بۆ ئەمە گونجاو نیە کۆمەڵێک ژن ئەویش لە پارێزگایەکی وەک پارێزگای سنە بە جلی "نامۆناسب"ەوە سواری ئەسپ بکەی و ئیزنیان بدەی بەکەیفی خۆیان خۆ باوێنە سەر خوانی زینی.

گەورەپیاوانی وڵات پێشتر بە مەبەستی توندوتۆڵکردنی بابەتی "نامووس" کچێکی ئەم پارێزگایەیان لە تاران خستە بەر شەپ و مست و پێلەقە و دواتر خەڵکی دەرفەتخواز و هەلپەرست لە هەمان پارێزگا و سەرانسەری ئێران کردیان بە بیانوو و دەستیان بە هاتوهاوار کرد و ئێستاشی لەگەڵ دابێت، کێشەی "ژن، ژیان، ئازادی" لەکۆڵ نابێتەوە.

باشە ئێوە نازانن، ئێمە گەورەپیاوی وەک حەداد عادڵ و حوسێن شەریعەتمەداریمان هەیە و دەبێ بەر لەکاری ئەواندا پرسیان پێ بکرێت؟ ئەوە نیە کاکە حەداد چەند بە پارێزەوە پەیامی بۆ فێستیڤاڵەکەی قەڵەمی هەژار ناردبوو و دەیگوت، زمانی کوردی زمانی چاکە و خزمەتێکی باشی بە ساغکردنەوەی زمانی فارسی کردوە؟

لەمەش بترازێت گەورەپیاوانی وڵات هەر کەیفیان بە وشەی "ژ" نایەت. "ژ" پیتێکە ژنی پێ دەنووسرێت و مەترسی دەخاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی. ژن وشەیەکی قیزەونە زبری قورس لە نامووسی پیاو دەدات. ئەگەر بابەتی ژن، ژیان و نازانم چی و چیش لەبیر بکەین، دەستەواژەی وەک شەنگەژن و شێرەژن و شوڕەژن زۆر بێ تامن. هیچ بەدووری مەزانن چۆن دەڵێن شۆڕەژن ئەواش بەم ژنانەی سەر پشتی ئەسپان بڵێن شۆڕەسوار. سەرەڕای هەموو ئەمانە، هیچ بە دووری مەزانن پیتی "ژ"ی زمانی کوردی پیتێکی مەترسیدار و سەرەخۆرە بێت.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو بووکەی لای خەزوورانی بنێشتی نەدەجاوی




ئەم خەڵکە خەڵکێکی سەیروسەمەرەیە. مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە هەتا سەردەمی پیری و ماڵئاواییخواستنی یەکجارەکی لەم خەڵکەی دەوروبەری، هەر دەڵێت: "ئاخیر زەمان و دونیا خەرا بوونە". کاتێک سەیری مێژووی دوورودرێژی بوون دەکەین و کاتی دروستبوونی "بوون" و ئەم گەردوون و مەردوون و ئەم زەوییە خڕومڕە بۆ ملیۆنان ساڵ بەر لە ئێستە دەگەڕێتەوە. مەبەست ئەم ئێستە یان ئێستایەیە ئێمە تێیدا دەژین. دیارە مەبەست لە ئێمە، من و تۆ و ئەوانی دیکەیە. بەڵام تۆ بەردەنگی منی و منیش ئاخێوەر بۆ جەنابت. لە نێوان ئەم دووەشدا کاتێک من ئەم فەرمایشتانەم لەم چەند دێڕەدا بەیان دەفەرمووم و خوای نەخواستە لەسەر کاغەز یان لە سایت و مایتان بڵاو دەکرێتەوە، هیچ بە دووری مەزانە وەک پیر و پێشینان دەڵێن: "بێلامانێ یەکێکمان پاشمان دابێتە کەنداڵ و ئاخرین تەقەی خۆمان کردبێت". یان لە منی ئاخێوەر و لە تۆی بەردەنگ، یەکێکمان بۆ هەمیشە فت بووبین، گەیشتبینە ئاخیر زەمان و دونیامان لێ خەرا بووبێ.

ئەمەی سەرەوە ئەوەیان نەبوو دەمویست باسی بکەم. "ئاخیر زەمانە" یان "بەرەبەرەی دونیا خەرا بوونە" ئیدیۆمێکە ئەوکاتەی باس لە شتێک دەکرێت، ئەگەر بە دڵمان نەبێت، تووشی سەرسوڕمانمان بکات یان لەگەڵ عەقڵۆکەماندا یەک نەگرێتەوە، دەیڵێینەوە.

زۆر بە قـووڵی داوای لێبـووردن لەو بەردەنگـانەم دەکەم عەقڵی خۆیـان بە گەورە و قەبە و خـاوەن قەبـارەی بـاش دەزانـن. دیسـان بە قـووڵی و بە قـووڵتریش داوای لێبووردنیـان لـێ دەکەم و مەبەسـتم لە "عەقڵـۆکە" تەنیـا عەقـڵ و تێگەیشـتنە بچووکەکەی خۆمە. لەو دونیا زل و زەبەلاحەدا کاتێک عەقڵەکان بە نقورچ و مشتەکۆڵە لە یەکتر دەکوتن و هەموویـان بە "نەرمەغار" بۆ لای سەروو غار دەدەن، "عقل ناقص بندە" نە ئەوەندە بڕ دەکات و نە بۆ ئەمە دەبێت بچێتە لای سەروو.

ڕەنگە بپرسن بـۆچی لەم کـاتەدا ئیـدیۆمی "بەرەبەری دونیـا خەرا بـوون"م بەدەم داهـات؟ ڕاستییەکەی منیش وەک خەڵـک و مێـژوو وام. لەملاوە بەردەوام ئەم دەسـتەواژانە لای ئەم و ئەو دەڵـێمەوە و لەولاوەش ئەم دونیـا خـڕ و خـۆڵە لە جـێگەی خۆیەتی. دونیایەک هەم "خڕ"ە و هەم "خۆڵ"ە و هیچ خەراش نابێت و تەنیا بە گەرمداهاتن و ساردبوونەوە و تێرئـاوبوون و وشکەسـاڵییەکانییەوە دەمانترسـێنێت. زۆر جـاریش کارمـان بە گـۆڕانی فیزیکیـی دونیـا نییـە و بە ڕووداوە کـۆمەڵایەتی و مۆمەڵایەتی و کولتووری و مولتووری و سیاسی و میاسییەکانەوە هاواری دونیاخەرابوونمان لێوە بەرز دەبێتەوە.

ڕووداو یان پێواژۆیەکی سیاسی و زیاتر کۆمەڵایەتی بەردەوام بەتایبەت لە چل پەنجا ساڵی ڕابردوودا هەست پـێ دەکرێت و بووەتە هـۆی ئەوەی بەردەوام بڵێین بەرەبەری دونیـا خەرا بـوونە. ئەویش ئەمەیە لە نێـو خێـزان و خانەوادانـدا گەورەیـی و بچووکی نەماوە. دەگێڕنەوە هەتـا ئەم ساڵانەی دوایی، بووک لای خەسـوو و خەزوور هیچ، تەنـانەت لای شووەکەشی بنێشتی نەدەجاوی. بۆ هەموومان ڕوون و ئاشکرایە ئەمەیان لە ترسی ئەوە نەبوو خەسوو، خەزوور یان شـوو، حەزیـان بچێتە بنێشت و منێشت و لە حەژمەت ئـارەزووی گەسـتنی ئەم پـارووە نەرمونۆڵە و گەوزانـدنی لە نێوان ددانـی سەروو و ژێرووانـدا ئـاوی ئارەزوو عەیب نەبێت بە دەمیاندا بێتە خوار، بەڵکوو بووک بە نەجاوینی بنێشت لەو کاتـانەدا ڕێزیـانی دەگـرت. یـان لاوان لە خزمەت گەورەتر لە خۆیاندا دەست لەسەر سینە دەوەستان و ئەگەر داشنیشتبایەن، لەسەر ئەژنۆ دادەنیشـتن. بەڵام ئێسـتا ئەم داب و نەریتانە زۆر نەریتی دیکەش بێهێز بوونە و دۆخەکە بە تەواوی لە گرێژەنە چووە.

ئەوانەی نەوەی کۆنن و لەبیریانە، باش دەزانن چل و چەنـد سـاڵ لەمەوبەر هەڵەیەکی نەخوازراومـان کرد و هەڵلایەکمـان ساز کرد و ناومان لێ نـا ئیـنقلاب. دوای ئەم ئیـنقلابە پیاوانێـک دەسەڵاتیان گرتە دەست ئەوکـات سەر و ڕیشیان چەرموو ببوو، ئێستاش ئەم ڕیش و پەشمەیان وەک بەفری سەرانە و هەروا دەسەڵاتیان بە دەستە. پیاوی ئەوەندە حەکیم و چـازان و شـارەزایان تێـدایە ئێسـتا لە جیـات ئەوەی قسە بکـات هەر بڵمەبڵم و بۆوڵەبـۆڵیەتی و ڕۆژانە دووسێ جار پاشەڵـی پـاک دەکەنەوە و پەڕۆپـاڵی لێ دەگۆڕن. ئەم "پیاو"ە هەروا نزیکەی بیست پۆست و پلە و پـایەی هەیە. دوای ئەوەی ئەو پیـاوانە دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەشێکیان منداڵانیان لێیان بوون بە ئامۆژگار و بە دەم و بە کردەوە ئامۆژگارییـان کـردن. هەر ئەو کابرایەی ئێستا بەتەمەنترین و بە ئەزموونترین پیاوی دەسەڵاتە، حوسێنی کوڕی دەستیکرد بە ئامۆژگاریکردنی و ئەویش

بەشی دووهەم

ناچار بوو، زۆر شۆڕشگێڕانە کوڕەی ئیعدام کرد. ئەرێ چاکی نەکرد ئەو سەرەخۆرەیەی لە کۆڵ کردەوە؟

هەر ئەو "ڕوحوڵڵا زەمم"ەی ئەم ساڵانەی دوایی وەک کۆترەباریکە لە بەغدا دانیان بۆ ڕۆ کرد و لەو سەری دونیای بێوەفاوە هێنایانەوە ئەم تارانە و دوای ئەوەی لەبەرانبەر کامێرای تەلەفزیۆندا دەمیان پێ داپچڕی و دژی خۆی قسەی کرد، پاشان کوشتیان. ئەویش لە باوکی هەڵگەڕابووەوە.

هەر ئەم ورمێیەی خۆمان کابرایەکی لێ بوو ناوی "غولامڕەزا" بوو. ئەم "نۆکەری ڕەزا"یە، سێ چوار کوڕ و بووکی لێ هەڵگەڕابوونەوە. بووکێکی زۆر لە بنێشت جاوین ئەولاتری بەرانبەر بە خەزووری کردبوو. لە جیاتی ئەوەی بنێشت بە دەمی بجاوێت، ئەم دەمەی دەخستە نێو باس و خواسی سیاسی و پشتگیریی چەپ و مەپی دەکرد و فاکت و نموونەی لە لێنین و مێنین دەهێنایەوە. کاک غولامڕەزاش ئەوکات حاکمی بێ ئەملا و ئەولای ورمێ بوو و لە بازرگان و سەڵماسەوە هەتا سەردەشت، بانە و بۆکان و ساینقەڵا هەموو شتێکی بەدەست بوو. زۆر جار دەمی دە کاروباری سنە و کرماشان و ئیلامیش وەردەدا. کوڕانی ئەم غولامڕەزایەش لێی هەڵتۆزیبوونەوە و باوکی خۆیان بە گەمژە و بێعەقڵ ناو دەبرد، بۆیە باوکیان "ڕەشید"یانی گوللەباران کرد و "وەحید" و "ڕەحیم"یش دوای ماوەیەک لە ترسی ئیعدام لە زیندان گەڕانەوە و لەماڵەوە قوونیان دایە سەر دەپێی خۆیان. ئێستاش "غولامڕەزا" چووەتەوە ژێرخاک و لە ژێرەوە دەستەملانی مار و مێروانە و هەر ئاگاداری ئەمەش نییە بووکەکەی لەکوێ بنێشت دەجاوێت.

١٢ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## شۆڕبوونەوەیەکی نەوسنانە بە نێو لیستی نرخی خواردەمەنیاندا




دونیای دیجیتاڵ، دونیایەکی شیرینە، بەڵام بە داخەوە پاژی دووەمی وشەی "دیجیتاڵ" تاڵێکی سەیرە. لە کاتێکدا داواتان لێ دەکەم لە مانای وشەی تاڵدا بە لاڕێدا مەڕۆن و وامەزانن مەبەست تامی تاڵە، ئەو تامەی ڕێک دەکەوێتە هەمبەر تامی شیرین. زانایانی زیندەوەرناس کاتێک لە زانستی خۆیاندا باس لە چێژتنی تامان دەکەن، دەڵێن زمان بۆ چێژوەرگرتن لە تامی خواردەمەنیان بەسەر چەند بەشاندا دابەش کراوە. هەستکردن بە تامی تاڵ ئەرکی بەشی کۆتایی زمانە و ئەم بەشەش دەکەوێتە بەشی ئاخری نێودەم و لە قوڕگەوە نزیکە. هەر لەبەر ئەمەشە فڕێدانەوەی تامەکە دوای هەستپێکردن، ئەوەندە سانا نییە و دەتخانە کۆکە و ئاو لە چاوان هێنان و عەیب نەبێت ئێوەش وەک باب و برامن و دەکرێت بڵێم ڕەنگە تفکردنەوەی تامی تاڵ و کۆکەی هاوڕێی، هەموو کون و کەلەبەری لەشمان بەدەنگ بهێنن.

ئەگەر دەتانەوێ ڕاستی لەم دەمەی منەوە ببیستن، لە سەرەتادا هیچ مەبەستم ئەمە نەبوو باسی تامی تاڵ بکەم و ئەم دیجیتاڵ و میجیتاڵە تووشی ئەم بەلاڕێداچوونەی کردم. هەر بۆیە دەڵێم یارەبی هیچکامتان لەسەر دونیای دیجیتاڵدا بە سەر ڕۆژی تاڵدا نەکەون. بەڵام من بەسەر ئەم ڕۆژە تاڵەدا کەوتم.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک دەستحەقی مانگانەی خۆمم بەم دۆلارە پیسەوە بەراورد دەکرد، دوای ئەوەی زانیم ئەمریکا دۆلارەکەی زۆر گران کردووە و من بەم مووچەی مانگانەیەم بە هەزار زەحمەت دەتوانم دوو سەد دۆلار بکڕم، تێر تێر بە ڕیشی ئەمریکا پێکەنیم و زۆر لام سەیر بوو، باشە ئەگەر ئەم دۆلارە هەر ئاوا گران بێت، بڵێی هەموو بە ملی ئەمریکادا نەمێنێتەوە؟ ئاخری هاتمە سەر ئەوەی لەم دونیا دیجیتاڵەدا چاوێک بە لیستی نرخی پێداویستییاندا بخشێنم. دونیای دیجیتاڵ وای کردووە ناچار نەبین سەر بە دووکاناندا بکەین و بێ‌ئەوەی هیچ بکڕین، لە کابرای دووکاندار بکەوینە پرسیاران و لێکدا لێکدا نرخی شتومەکی نێو دووکانەکە بپرسین و هیچیش نەکڕین. هەر لەبەر ئەمەشە وەرن با بەیەکەوە سەیرێکی لیستەی نرخی شتومەک و پێداویستی سەر دونیای دیجیتاڵ بکەین و ئەویان بۆ ئێمە هیچی تێناچێت و کابرای دووکانداریش خۆمان لێ مۆڕ ناکاتەوە.

کاتێک سەیری ئەم لیستە دەکەی، لەوانەیە سەرەتا وا بزانی لە سەیری خشتەی کڕین و فرۆشتنی پشکەکانی بۆرسەی، نەک نرخی پیواز و تەماتە! هەر شتێک بە کیلۆ و بە دانە و یەکەیەکی تایبەتەوە نرخی خۆی بۆ دانراوە و بەردەوامیش بە خێرایی فڕینی باڵندە هەواڵی بەرزبوونەوەی دەفڕێت. چاوخشاندنێک بەم لیستەدا دەکرێت بەیانیان بکرێتە وەرزشی مێشک. وەرزشێکی لەم جۆرە ئەوەندە مێشک دەجووڵێنێت، ڕەنگە باشترین ڕێگەچارەی پێشگرتن لە نەخۆشیی فەرامۆشی بێت. با بزانین دەتوانین هەتا کۆتایی لەم لیستە دوور و درێژەی کەرەستەی خواردەمەنی بڕوانین؟

مریشک: ئەو باڵندە ئەفسانەییەی ئیتر تەنها لە چیرۆکەکاندا ناوی دەبیسین. لەم لیستەدا مریشک وەک گەنجینەیەکی نیشتمانی چاوی لێ دەکرێت. نرخی یەک مریشک وەک نرخی تابلۆیەکی دەگمەنی لێ هاتووە و تەنیا دەوڵەمەندان توانای کڕینیان هەیە. ئەگەر تەرمی پیرۆزی مریشک بەمجۆرە لە ماڵان دوور کەوێتەوە، دەکرێت وەک دایناسۆڕ بە نەوەی داهاتووی بناسێنن.

کاتێک سەیری نرخی هێلکە دەکەی، لەوانەیە وا بزانی هێلکە پارچەیەک زێڕی هەژدە عەیاری لەنێو سکیدا شاردۆتەوە. نرخی برنجیش وادەکات لەماڵەوە داوای چێشتی برنج نەکەین. هیچ بەدووری مەزانن کابان بڵێت مارەیی من پارەی نیو کیلۆ برنجە و هەر ئێستاش مارەییەکەمم دەوێت. ئەوجارە وەرن شین بۆ ئەو پیاوانە بگێڕن مارەیی هاوسەریان ئەو لیرە زەردانەن وێنەی شا و مەلایان لەسەرە.

خۆزگە هەرگیز لەنێو لیستی دونیای دیجیتاڵی خواردەمەنیاندا سەیری نرخی ڕۆنمان نەکردبایە. هەر بە دیتنی ئەم وشە سێ پیتییە، بەپەلە بە نێو ژیانی ڕابردوودا دەگەڕێیەوە. قرچەقرچی ڕۆن لە سەر ئاگر، بۆنی ڕۆن و پیاز، چۆڕانەوەی ڕۆن

بەشی دووهەم

لەو پاروە برنجانەی بەرەو دەممان سەر دەکەوتن. دڵۆپینەوەی ڕۆن لە پشکە گۆشتی نێو مەنجەڵی پڕ پڕ لە قاورمە و.... خۆزگە لەم ئاخرەدا ناوی گۆشتیش بە دەممانذا نەهاتبایە.

کاتێک چاوان شۆڕ دەکەینەوە، نرخی هەموو جۆرە گۆشتێکیش لە خوارەوەی لیستە دیجیتاڵییەکەی بەردەستماندایە. ویستمان خۆمانی لێ ببوێرین و بەلایدا نەڕۆین، بەڵام چاوە و هیچی لەگەڵدا ناکرێت؟ چاو بازە و ناگیرێت. بازە، باز. مەبەست لە بازیش بازی فارسی بە مانای کراوە نییە. باز باڵندەیەکی ئەفسانییە و دەڵێن لەسەر هەر چییەک بنیشێت، خەنیی دەکات. جا چاوی وەک بازیش بەردەوام لە فڕین دایە و ناتوانێت بەسەر گۆشتدا نەفڕێت و خوێ لێ ببوێرێت. باز دەعبایەکی گۆشتخۆریشە، بۆیە دەندوکی خوارە. کوا ئەو چاوە پێشی دەگیرێت و کێ دەتوانێت لە دیتنی گۆشت پاشگەزی کاتەوە؟ چۆن دەکرێت پێش بەم بازە بگری و نەهێڵی لەسەر ڕان و سینگ و زەند و مازەپشت و شان و پەراسوو بنیشێتەوە؟ ئەم بەشانەی گۆشتیش هەر بە دەم ئاسانە ناویان بهێنی و نرخی ئەوانیش بووەتە باز و بەردەوام بەرەو بەرزایی دەفڕێت.

٢٤ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران' لەسەر سنوور و برنجبارانی نیشتمان




لە نوێترین دەستپێشخەریی کۆماری ئیسلامیدا بڕیارە بەم زووانە "پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران" لە داوێنی کێوێکی بەرزی کوردستان بە فەرمی بکرێتەوە. ئەم پڕۆژەیە برینێکی قووڵتر لە جاران لەسەر جەستەی "دشمنان قسم‌خوردە" و بەکرێگیراوانی سەهیۆنیسم و مەهیۆنیسم و ئەمریکا و مەمریکا دروست دەکات. پارکێک لە بناگوێی "مرزداران غیور" ئەمبەر و ئەوبەری ئەم سنوورە هێنە دروست بکرێت و ناوی کۆڵبەرانیشی لەسەر بێت، ئەوە شتێکی زۆر ناوازە و نوێیە و دەکرێت وەک یەکێک لە دیارییە نوێیەکانی کۆماری ئیسلامی لێک بدرێتەوە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی دەستەڵاتەوە دزەیان کردووە، بڕیارە ئەم "پارکە نیشتمانییە" وەک "هەنگاوێکی بێوێنە بۆ پێشخستنی گوزەرانی کۆڵبەران و پاراستنی مافەکانیان" نمایش بکرێت.

### شوێن و دیمەنی پارەکەکە

"پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران" لە خاڵی سفری سنووری، لە ناوچەیەکی شاخاوی و دڵڕفێن دروست دەکرێت و بە دیمەنی مینی



سەرچاوە Serchawe

چێندراو و سەربازخانان دەڕازێندرێتەوە. وا دەردەکەوێت هەڵبژاردنی ئەم شوێنە "ستراتیژییە" بۆ ئەوە بێت کۆڵبەران لە نزیکەوە چێژ لە خزمەتگوزارییەکانی پارکەکە وەربگرن و لە هەمان کاتدا هەمیشە چاویان بەو "ئاسایشە" و "پێشکەوتنە" بکەوێت، "نظام مقدس" بۆیانی دابین کردووە. دڵنیام سەیری چیا سەختەکان و دیمەنی مینە چێندراوەکان لە کاتی پشووداندا ڕۆحێکی نوێ بە جەستەی ماندووی کۆڵبەراندا دەکات.

## ڕێڕەوە تایبەتەکانی کۆڵبەری و پاراستنی ڕەسەنایەتی پیشەکە

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم پارکە، بوونی "ڕێڕەوە تایبەتەکانی کۆڵبەری"یە. ئەم ڕێڕەوانە بە شێوەیەک دیزاین کراون بە مەبەستی پاراستنی "ڕەسەنایەتی" و "سەختی" پیشەی کۆڵبەری زۆر لێژ و پڕ لە بەرد و چاڵ دیزان کراون. وەک بەرپرسێکی حکوومەتی گوتی: "پێویستە کۆڵبەران هەست بەوە بکەن ئەم کارە قورس و پڕ مەترسییە و بەمجۆرە نرخ و بەهای کارەکەیان لە بیر نەچێت." بێگومان، هەموو ڕێڕەوەکان بە دیوارێکی بەرز و تەلبەند لە دیمەنی جوان و سرنج ڕاکێشی وەک گوندە چۆڵکراوەکان و پرۆژە ناتەواوەکانی حکومەت جیا کراونەتەوە و بەمجۆرە کۆڵبەران تەنیا سەیری ڕێڕەوکە دەکەن.

## بورجی چاودێری بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیی کۆڵبەران

لە بەشێکی دیکەی پارکەکەدا، "بورجی چاودێری" دروست دەکرێت و بە کامێرای پێشکەوتوو و تەکنەلۆژیای نایاب تەیار دەکرێت. ئەم بورجانە بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆڵبەران نییە، بەڵکوو وەک بەرپرسان دەڵێن، بۆ "چاودێریکردنی ورد و بێوچانیانە" تا "خێرایی و بەردەوامی و توانای بەرگەگرتنی" کۆڵبەران بپێورێت. بەم زووانەش خشتەیەکی نوێی پێوانەکردنی خێرایی کۆڵبەری لە وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە. هەروها بە هۆی ئەو بورجە تەندروستیانەوە، دەرکەوێت کام کۆڵبەر کەمترین پشوو دەدات و زۆرترین بار هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا وەک "سیمبولی خۆڕاگری" لە میدیا فەرمییەکاندا ناوی بڵاوبکرێتەوە. وەک هەمیشە، ئاسایشی کۆڵبەر ژیانیەتی، نەک بارەکانی!

## وێستگەی فریاگوزاری سەرەتایی و خزمەتگوزارییەکی نموونەیی

یەکێک لە خاڵە هەرە درەوشاوەکانی ئەم پارکە، دامەزراندنی "وێستگەیەکی فریاگوزاریی سەرەتایی"یە و وەک زانیارییەکان ئاماژەی پێ دەکەن ئەم وێستگەیە تەنها باندێکی پانسمان و یەک قوتووکە حەبی ئازارشکێنی ماوە بەسەرچووی تێدایە.

قوتووە حەبەکە نووسراوی سەری کاڵ بووەتەوە و شارەزیان لەسەرئەمە کۆک نین ئاخۆ ئاسپرینە، ئیستامینۆفە، ئادۆڵد کۆڵدە یان دیفلۆکناکە، بەڵام ئیشاڵڵا دیازپام یان شتێکی دیکەیە. پزیشکێکی لێهاتوی سەر بە "خانوادەی معظم شهدا"ش دەڵێت: "ئەمە نیشانەیەکی ڕوونی بایەخدانی حکومەتە بە تەندروستیی کۆڵبەران. ئەوە دەفەرموێت هەر برینێک بە باندێک چاک بێتەوە و هەر ئازارێکیش بە حەبێکی ماوە بەسەرچوو نەمێنێت، نیشانەی بەهێزبوونی بەرگریی لەشی نەخۆشەکەیە. ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی ڕێزگرتنە لە کۆڵبەر و  پیشان دەدات ئەو کۆڵبەرەی لە بەرزاییەوە هەڵدەدێرێت و لە نێو بەفر و شەختە و بەستەڵەکدا ئاو بە سمێڵیەوە دەبێتە سەهۆڵ، هەر نەخۆشییەکی هەبێت، سەربەرزانە بە حەبی ئازارشکێنی ماوە بەسەرچووش چاک دەبێتەوە.

## پەیکەری کۆڵبەری ونبوو، نیشانەی شانازیی نیشتمانی

لەم پارکەدا پەیکەرێکی گەورە بۆ "کۆڵبەری ونبوو" دروست دەکرێت. وەک بەرپرسێکی فەرهەنگی ڕایگەیاند، ئەم پەیکەرە "هێمایەکە بۆ قوربانیدانی بێ ناونیشانی ئەو قارەمانانەی کە بۆ ئابووریی وڵات گیانیان بەخت کردووە و دانانی ئەم پەیکەرە بۆ ئەمەیە کۆڵبەرانی نێو پارکەکە هەست بەو ئارامییە بکەن لە سایەی ئەم پارەکەوە بۆیان پێکهێنراوە.

## دەرفەتێکی ناوازە:

کردنەوەی "پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران" لەسەر سنوور، نەک هەر چارەسەری کێشە قووڵەکانی خەڵکی کوردستان دەکات و هەوڵێکی ناوازەیە بۆ ئەوەی کاری کۆڵبەران بە تەواوی ڕێکبخرێن، بەڵکوو هەوڵێکیشە بۆ شکاندنی گەمارۆی ئابووری و تێرکردنی سکی ئەو خەڵکەی بە تەما پاش تێربوونی ئەوانی سەرووتر لە خۆیان تێربن.

## مزگێنیی برنجبارانی خاکی پاکی نیشتمان

پێنج ڕۆژ بەر لە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەی بەردەستتان، ئاژانسی هەواڵی حکوومەتیی ئێران (ایرنا) لە زمان بەرپرسانی پاریزگای ورمێوە هەواڵی کەلـلەتەزێنی بڵاوکردەوە و دەڵێت ٩٠٠ تۆن برنجی دەرەکی لە ڕێگەی سنوورەوە و بە کۆڵی کۆڵبەران هاوردەی ئێران دەکرێت. بەرپرسێک دەڵێت ئەم بارە برنجە یەکدانە و هەمووی وێکرا دەکوڵێت و یەکی دیکەش پێیوایە ئەم پرۆژەیە بە چەند سەر سوودی لێدەکەوێتەوە.

هیچ بەدووریشی مەزانن لەگەڵ کرانەوەی پارکی کۆڵبەران، کاروانی درێژی ئەم بـاربەرە دووپێیـانە دوور لە چـاوی گەمـارۆی ئابووری، خاکی پیرۆزی ئێران لە بەندەری چابەهارەوە هەتا "سەرخەس و سنووری بازرگان و ئەم حـاجی ئـۆمەرانەی خۆمـان برنجباران بکەن. یارەبی وابێت. ئیلاهی ئامین.

## لێکدانەوەی چەند وشەیەک:

**مرزداران غیور:** بەو کوردە چەکدارانە دەگوترێت لە سەر سنووری دەستکردی نێوان کوردان بە کۆڵبەران دەحەپن.

**برنجباران:** ڕێگەچارەی قەرەبووکردنەوەی بێبارانییە و برنج بۆئەوەی پێویستی بە بـاران بێت و پێشـاژۆی ڕووچوون بە ژێـر زەوی و بە چەڵتووکبوون تێپەڕێنێت، ڕاستەوخۆ دەبـارێت بەسەر ئۆمەتی "گرفتار در صحنە"دا دەبارێت.

**دشمنان قسم خوردە:** لە کاتێکدا ئێمە وەک موسوڵمان تەنیا سوێندخواردن بە خوا و قورئانمـان پـێ سوێندە، ئەگەر وابێت ئەو دوژمنانەی قەسەم دەخۆن وەک ئێمە موسوڵمانن.

**خانوادەی محترم شهدا:** ئەو بنەماڵە بەڕێزانە دەگرێتەوە، دواى ئەوەی لانیکەم کەسێکیان لە شەڕی پاراستنی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەدەست داوە و ئێستا دەستەڵات هەرزنیش بە کڵاویان ناپێوێت.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## دووبژاردەی پیرۆزی چەقبەستوو بۆ ڕیفڕاندۆم

ئێمە بونەوەرێکی شازین، تێکەڵەیەکی خەستی "میللەت" و "ئوممەت"ین. یانی لە دەروونی خۆماندا نەوەی کوروشی کەبیر و ئێرانی باستانین و ئوممەتێکی "هەمیشە لە سەحنە"ین و بۆ هەر فەرمانێکی ئاسمانی ئامادەین. بە شێوەیەک شانمان داوەتە بەر ئەم دوو بەرداشە قورسە خودی گۆی زەوی سەری سووڕماوە لەوەی چۆن بڕبڕەی پشتمان نەشکاوە. ئاخر ئێمە بۆ ڕۆژانی شانازیی نەتەوەیی، خاوەنی "پاشا"ین و بۆ ڕۆژانی گریانی ئایینیش خاوەنی "وەلیی ئەمر"ین. دێموکراسی لەلای ئێمە وەک "نوقڵ و نەبات"ە و زۆر دادپەروەرانە بەسەر خۆماندا دابەشمان کردووە؛ جارێک دەدەین بەم لای ڕاست، جارێک دەدەین بەم لای چەپ، گرنگ ئەوەیە هەمیشە ملکەچ بین بۆ یەکێکیان!

بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئێمە چەندە دێموکراسیخوازین، با ئاوڕێک لە مێژووی پڕشنگدارمان بدەینەوە. ئەی لە یادتان چووە لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨، واتە ڕێک چل و شەش ساڵ لەمەوبەر، شاکارێکی مێژووییمان خوڵقاند؟ سندووقی دەنگدانمان دانا و بەوپەڕی ئازادییەوە لەنێوان "مەلیک" و "مەلا"دا، مەلایانمان هەڵبژارد! نزیکەی ٩٩٪ی خەڵکی ئێران، بە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ هاوارمان کرد "بەڵێ بۆ کۆماری ئیسلامی". بێگومان، وەک هەمیشە ئەم "کوردە تەجزیەتەڵەبانە" نەبێت کە هەمیشە سازەکە بە پێچەوانە دەژەنن و لەو ٩٩ لەسەدەدا نەبوون، ئەگینا ئێمە دەمێک بوو

بەهەشتی بەرینمان لەسەر زەوی دروست کردبوو.

دوای ئەو هەڵبژاردنە مێژووییە، لەژێر سێبەری فەرماندەیی هۆشمەندانەی "وەلی"دا، بڕیارمان دا گەشتێکی سیاحتی-زیارەتی ڕێک بخەین بۆ "قودس"، بەڵام لە ڕێگای "کەربەلا"وە! ئەم گەشتە کەمێک تێچووی هەبوو؛ تێچووەکەش ئەوە بوو کە دەبوایە بە جەستەی خۆمان ڕێگاکە قیرتاو بکەین. ئێمە بە خۆشحاڵییەوە خۆمان هەڵدەدا بۆ سەر مینەکان، بە جۆرێک کە چاڵەکان پڕ دەبوونەوە لە پارچەی جەستەمان تا تانکەکان بە ئاسانی تێپەڕن. ئەوەی قاچی دەپەڕی، بە دەست دەخشکا، ئەوەی دەستی دەپەڕی بە سنگ دەڕۆیشت. گرنگ ئەوە بوو ڕێگای کەربەلا پاک بێتەوە. دواجار زۆربەمان بە کەمئەندامی و نیوەچڵی گەڕاینەوە شار و گوندەکانمان، بەڵام دڵمان خۆش بوو "ئەرک"ی خۆمان جێبەجێ کردووە و ئامادەین بۆ شانۆگەرییەکی دیکە.

ئینجا با بێینە سەر باسی کولتوور و فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەمان. ئێمە لەمەشدا موعجیزەین! لە کاتێکدا فرمێسک بۆ مێژووی ئایینی دەڕێژین و سنگی خۆمان دەکوتین، لە هەمان کاتدا دڵی ناسکمان بە دەنگی "گووگووش" و "لەیلا فروهەر" و "سووسەن" دەکرێتەوە. ئەمە دووڕوویی نییە، نەخێر، ئەمە "فرە-بەهرەیی"یە! بیهێننە بەرچاوی خۆتان؛ هاوینە، گەرما تەپڵی سەرمان دەکوڵێنێت، ئێمە بەپێی پەتی بەرەو مەزارگە پیرۆزەکان دەڕۆین و فرمێسک دەڕێژین، کەچی لە هەمان کاتدا لە ژێرەوەی مێشکماندا گۆرانی "هەم سەفەر"ی گووگووش لێ دەدات!

ئێمە ڕێگە نادەین نە "نەوحە" بمرێت و نە "گۆرانی"، هەربۆیە دەتوانین لە چرکەساتێکدا لە دۆخی "گریان"ەوە بچینە دۆخی "هەڵپەڕکێ". تەنیا کێشەیەک کە لێرەدا تووشی دەبین و کەمێک تەکنیکییە، مەسەلەی گۆڕینی جلوبەرگە، بەتایبەت بۆ خوشکان و خانمانی بەڕێز. ئاخر زەحمەتە تۆ لە یەک کاتدا هەم "مانتۆ و ڕووسەری" بالاپۆشت لەبەر بێت بۆ شینگێڕی، هەم "تیشێرت و شەڵوارۆکە"ی تەسک بۆ ئاهەنگگێڕان. وێنای بکەن، خانمێک لە ناو جەرگەی شینگێڕیدایە و لەپڕ دەبێت بچێت بۆ ئاهەنگێک؛ چۆن دەتوانێت بەو خێراییەی کە فرمێسکەکانی وشک دەکاتەوە، جلەکانیشی بگۆڕێت؟ ئەمە تاکە ئاستەنگی بەردەم ئەم "شیزۆفرینیا کولتوورییە"ی ئێمەیە، ئەگینا لە ڕووی دەروونییەوە زۆر بە باشی ڕاهاتووین.

ئێستا، دوای چل و شەش ساڵ لە تاقی کردنەوەی "عەمامە"، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە دیموکراسییەکەی ئێمە پێویستیی بە "ڕیسێت" (Reset) هەیە. ئێمە لەبەر ئەوەی زۆر زیرەکین، نامانەوێت شتێکی نوێ تاقی بکەینەوە، بەڵکوو دەمانەوێت هەمان ڕیفراندۆم دووبارە بکەینەوە، بەڵام ئەمجارە ئەنجامەکەی پێچەوانە بکەینەوە! وەک ئەوەی یاری "شێر و خەت" بکەین؛ جاری پێشوو "خەت" دەرچوو، ئەمجارە دەمانەوێت "شێر" دەرچێت.

**بەشی دووهەم**

ئێستا بە کۆمەڵ ڕژاوینەتە سەر شەقامان. درووشمەکانمان گۆڕیوە و سەربەرزانە گەڕاینەوە بۆ دواوە! دیسان دەمانەوێت سندووق دابنێین و بپرسین: "پاشایەتی یان ویلایەتی فەقیهـ؟". ئەمجارەیان، بە مەرجێک ئەو "کوردە تەجزیە تەڵەبانە" وەک جاری گۆڕین تێکی نەدەن و باسی مافی نەتەوەیی و فیدراڵی و شتی وا نەکەن، نزیکەی ٩٩٪مان دەنگ دەدەین بە گەڕانەوەی "پاشا."

بەڵێ، ئێمە بڕیارمان داوە! دەمانەوێت پاشایەکی جوان، ڕێکپۆش، کراوات لەمل و سمێڵ چەور بهێنینەوە و لەژێر سایەی پیرۆزی ئەودا، دابنیشین و بیر لە یادگارییەکانی سەردەمی "وەلی فەقیهـ" بکەینەوە. گرنگ نییە کێ حوکم دەکات، گرنگ ئەوەیە ئێمە هەمیشە پێویستمان بە "شوانێک" هەیە؛ جارێک مێزەر بەسەر بێت و جارێک تاج بەسەر. گرنگ ئەوەیە ئێمە هەمیشە ئوممەتی ئامادە و میللەتی گوێڕایەڵ بین و هیچ کاتێک خۆمان بە بیرکردنەوە لە شتێک بە ناوی "کۆماری" یان "دیموکراسیی ڕاستەقینە"و شتی وا هیلاک نەکەین.

**بۆ پێشەوە بەرەو ڕیفڕاندۆمێکی دیکە و وەرچەرخان لە ئۆممەتەوە بۆ میللەت. دوور لە چاوی جوداییخوازان ئەم ڕیفڕاندۆمەش لە خۆمان پیرۆز بێت.**

**٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو دیكتاتۆرانەی وەك لاستیكی ئۆتۆمبێل لووس دەبن

بابەتی "دیكتاتۆرگۆڕی" پێشاژۆیەكە پێشتریش هەبووە، بەڵام بەندەی موخلیستان وەك شارەزای "كاروبار" یان "باروكار"ی سیاسی دۆزیومەتەوە و پێموایە حەوت مێشم لە خەلەفێكیدا هەڵناون. ئەم پێشاژۆیە هەرچەندە زۆر زۆر كۆنە و "دیكتاتۆرگۆڕی" بە درێژایی مێژوو باو بووە، بەڵام ئەمەی ئێستا نوێترە.

ئەمەش بڵێین پێشترێ دیكتاتۆران خۆیان یەكتریان بە زەبری شەڕ جێگۆڕكێیان دەكرد و لەو لاوەش خەڵك بۆخۆیان پاڵیان دابۆوە و هیچ دەستیان لەم گۆڕینەدا نەبوو. بەڵام ئێستا وا نییە و بەشێك لە خەڵك بەشەكەی دیكە دەكەنە پردی پەڕینەوەی دیكتاتۆری خۆیان بۆ گەیشتن بە دەستەڵات.

"دیكتاتۆرگۆڕی" لەگەڵ "شۆڕش" یان "انقلاب" زۆر جیاوازە و تەنانەت لەگەڵ یەكتردا ناتەباشن. شۆڕش یان انقلاب بە مانا قووڵەكەی بە تایبەت بۆ ئێرانی ئەمڕۆ زۆر مەترسیدارە. لە شۆڕشدا بە گوێرەی پێناسە كلاسیكەكەی، بنەمای دەستەڵات و پێوەندییە سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەكان بە قووڵی دەگۆڕێن. ئەمەش هەموو كاتێك و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ئێراندا جووڵەیەكی زۆر زۆر بڤە و مەترسیدارە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر شۆڕش پێوەندییە سیاسییەکان بگۆڕێت، بۆ نموونە ئەم ئێرانەی خۆمان تووشی فرەیی یان خوای نەخواستە "پلۆڕالیزم" دەبێت و ئەوکات هیچ بە دووری مەزانن ئەم فرەییە زیان بە "اتحاد مقدس ایران" بگەیەنێت. ئەدی ئەگەر دۆخی ئابووری ئاوەژوو بێتەوە چی دەقەومێت؟ ئەویان هەر باسی مەکە و هیچ بە دووری مەزانە خەڵکی برسی و هەژار تێر نان و برنج و گۆشت و میوە بخۆن و لە تێربیان چاویان لە "دولتمردان" و " اولیای امت" زەق بێتەوە. خۆ ئەگەر گۆڕان بە سەر دۆخی فەرهەنگیدا بێت، بە دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبان بە زمانی بەلووچی، ئازەری، کوردی و عەرەبی، "شکر فارسی" دەتویتەوە.

بەڵام دیکتاتۆرگۆڕی شتێکی جیاوازە. دیکتاتۆرگۆڕی بریتییە لە پرۆسەیەکی تەسفیە و ئارایشتی سیاسیی و تەنانەت فەلسەفی، کە تێیدا دیکتاتۆرێکی کۆن بە دیکتاتۆرێکی نوێ دەگۆڕدرێت. ئەم پێشاژۆیە لە کاتێکدا کۆنە لە مێژوودا هەزاران جار ڕووی داوە بۆ ئێستا پێشاژۆیەکی مۆدێرنی داهێنەرانە پێشکەوتووە.

لە قۆناغی دیکتاتۆرگۆڕیدا، وڵات ئەوا بە قووڵی ناهەژێت و دەکرێت خەڵکی برسی هان بدرێن و دواتر ئەم خەڵکە برسییە هان دراوە پاش ئەوەی دەستەڵات لە نێوان دوو دیکتاتۆری پیرۆزدا ئەمدەست و ئەودەستی پێکرا، برسییەکان وەک خۆیان بە برسییەتی بمێننەوە و ئەم برسییەتییە بەردەوامەش وا دەکات ئەم خەڵکە وەک هەمیشە بۆ بەرنگاربوونەوەی دیکتاتۆری خوێنتاڵ ئامادە بن. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە دیکتاتۆریش هەندێک جار خوێنی خۆی تاڵ دەکات، بەڵام "امت همیشه در صحنه" هەرگیز پیرۆزیی ئەم جۆرە دیکتاتۆرانە فەرامۆش ناکات. ئەم "امت همیشه در صحنه"یە هێندێک جار بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنێت، ناوی دەگۆڕێت و بۆ وێنە دەبێتە" ملت شریف". "امت همیشه در صحنه" و "ملت شریف"یش دوو جیاوازیی بچووکیان هەیە، ئەوەی یەکەم پێی وایە دیکتاتۆر نوێنەری خوایە و ئەوەی دووەمیش دەڵێت دیکتاتۆر "سێبەری خوایە"، دەی ئەگەر وابێت دوژمنی هەرجۆرە دیکتاتۆرێک "مفسد فی الأرض"ە.

**لێکدانەوەی وشەی سەیر و سەمەرە:**

**دیکتاتۆڕ:** ناوێکی ناوازەیە و ئەوانەی دەیڵێنەوە، دواکەوتوو و دژە شۆڕش و "جوداییخواز" یان باشتر بڵێین "تجزیه طلب"ن. لە ڕاستیدا خۆی پڕ بە پێستی پاشا و "رهبر معظم"ە.

**پلۆرالیزم:** زاوزێیەکی تۆقێنەرە و پاشا و "رهبر معظم" بێزار دەکات.

**تجزیه طلب:** بە کۆمەڵە کەسێک دەگوترێت لە گەمەکردن لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورەتردا بێزار بوونە و دەیانهەوێت بە جیا

خۆیان چوارچێوەیەک بۆ گەمەی خۆیان دیاری بکەن.

**دولتمردان:** ئەو نێرینانەن پێیان وایە لە تەمەنی خەرفان و نەخۆشی و سەرەمەرگیشدا مافی خۆیانە شانی شل و شەوێقیان بدەنە بەر دەستەڵات.

**"اولیای امت":** ئەولیای ئۆمەت کسانێکن بۆ درشت و ورد و ژن و پیاو وەک باوکن بۆیان هەیە شەپشەپێن بە ئۆمەتی خۆیان بکەن.

**دیکتاتۆرگۆڕی:** شتێکە وەک گۆڕینی لاستیکی ئۆتۆمبێل. کاتێک دیکتاتۆر چ شا بیت، چ ئاخوند، ئەگەر زۆر لووس بوو و لە سەر زەوی توشی خوشین هات یان ترسی ئەوەی لێکرا کۆن بێت و بای بدەڵێنێت، دەگۆڕدرێت.

**"امت همیشه درصحنه":** ئوممەتێکی چاولەدەستە و دوای چەند ساڵان تێدەگات ئەو کاتەی گوتوویە "رهبر محبوب خلق از سفر آید"، چ نامافووڵییەکی گەورەی کردووە.

**"ملت شریف":** ئەم میللەتەش میلەتێکە دوای ئەوەی لە پشتگیری کردنی "رهبر محبوب خلق" پەشیمان بۆوە و زانی چ قوڕێکی کردووە بە سەریا، قوڕێکی دیکە بۆخۆی دەگرێتەوە و هەتا قوڕگی دەبات هاوار دەکات: "رضا شاه روحت شاد."

مفسد فی الأرض: وەک بەندەی موخلیستان لایەنگری شۆڕش و دژی "دیکتاتۆرگۆڕی"یە و بۆنێکی لێوە دێت لووتی "دیکتاتۆرگۆڕان" ئازار دەدات.

۱۷ی ڕێبەندانی ۲۷۲۵

## پڕۆژە یاسایەک بۆ سەرەوبنکردنەوەی بەشێکی بەرچاوی لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی و تۆزێک بە وردی لەو تیۆرییە "داروینیئ" و "مارویني"یانە ڕابمێنین کە باس لە ڕەچەڵەکی ئێمە دەکەن، دەگەینە دەرەنجامێکی سەرنجڕاکێش. زانست پێمان دەڵێت باپیرە گەورەکانمان، جا چ ئەوانەی لە ئەشکەوتی شانەدەر ئێسک و پروسکیان دۆزراوەتەوە و چ ئەوانەی لە شوێنانی دیکە بوون، بەو ڕێک و پێکییەی ئێستا نەبوون. وادیارە مرۆڤ میلیۆنان ساڵی ویستووە تا فێر بێت لەسەر "چوارپێ" نەڕوات و وردە وردە، بە ئازار و مەینەتییەکی زۆرەوە، پشتی ڕاست کردووەتەوە و لەسەر "دوو پێ" وەستاوە. ئەم ڕاستبوونەوەیە تەنیا بۆ ئەوە نەبووە بالای بەرزتر دەربکەوێت، بەڵکوو حیکمەتێکی فسیۆلۆژی و ئەخلاقیی تێدا بووە: جیاکردنەوەی "سەر" لە "ژێر"؛ واتە بەرزکردنەوەی ئاستی دەم و چاو بۆ ئاسۆیەکی بەرزتر و دوورخستنەوەی لەو بەشەی خوارەوە کە ئەرکەکەی دیارە.

با ئەم پێشەکییە زانستییە لێرەدا ڕاگرین و باز بدەین بۆ سەر تێڕامانێک لە ئامێرەکان؛ بۆ نموونە سەماوەر، ترمۆس، یان تەنانەت تەنکیی ئاو. خوێنەری زیرەک ڕەنگە بپرسێت: "ئەرێ کاکە، پەیوەندیی نێوان داروین و سەماوەر چییە؟" وەک دراوسێ فارسەکانمان دەڵێن: داروین و "کوجا مەرحەبا؟". بەڵام پەلە مەکەن، پەیوەندییەکە زۆر لەوە بەهێزترە بیری لێ دەکەنەوە. هەموو ئەم ئامێرانە، هاوشێوەی مرۆڤ، خاوەنی ورودی و خرووجین؛ یانی سەرێک بۆ تێکردن و ژێرێک بۆ



سەرچاوە
Serchawe

دەرچوون. لە ئەندازیاریی دروستکردنی سەماوەر و مرۆڤیشدا، ئەم یاسایە پارێزراوە: ئەوەی پاکە و دەچێتە ژوورەوە لە سەرەوەیە، ئەوەشی پاشەڕۆیە و دەبێت فڕێ بدرێت، دەکەوێتە خوارەوە.

لای مرۆڤ، "دەم" تەنیا دەرچەیەک نییە بۆ خواردن، بەڵکوو سیمبولی جوانی و پێگەیشتنە. مرۆڤەکان، بەتایبەت خانمان، پارەیەکی خەیاڵی دەدەن بە "فیلەر" و بۆیە (ڕەنگ) و جوانکاری بۆ ئەوەی ئەم ئەندامەی سەرەوەیان (دەم) جوانترین دیمەنی هەبێت. دەم شوێنی دەرچوونی وشەی جوان، گۆرانی، شیعری ناسک، ماچ و دەربڕینی خۆشەویستییە. لە بەرانبەردا، ئەو شوێنەی دیکە کە دەکەوێتە خوارەوەی پشتێن، هەمیشە داپۆشراوە و مرۆڤ بە شەرمەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و تەنیا بۆ "فڕێدان" بەکاری دەهێنێت. تا ئێرە هەموو شتێک سروشتییە و ئەو ملیۆنان ساڵەی پێگەیشتن واتە تکامول بەفیڕۆ نەچووە.

بەڵام، کارەساتەکە کاتێک ڕوو دەدات کە کۆمەڵێک مرۆڤ بڕیار دەدەن پێچەوانەی ڕەوتی مێژوو و ئەندازیاریی جەستە بجوڵێنەوە. لەم دواییانەدا، جۆرە گۆڕانکارییەکی مەترسیدار لە جەستە و دەروونی بەشێک لە "لایەنگرانی دەسەڵاتی پاشایەتی و دیکتاتۆری" ئێرانییەکان بەدی دەکرێت. وادیارە لای ئەم بەڕێزانە، سیستەمی لوولەکێشیی جەستە تووشی هەڵە بووە و "دەم" و "کونی خوارەوە" ئەرکەکانیان ئاڵوگۆڕ کردووە!

ئەم تــوێژە، کاتێک دەم دەکەنەوە بۆ بەرگریکردن لە "شازادە" و "پاشا"کانیان، ئەوەی لێی دێتە دەرەوە وشە و ڕستە و قسەی مەنتیقی نییە، بەڵکوو ڕێک ئەو ماددانەیە کە دەبێت لە ئاودەستدا فڕێ بدرێن. جوێن، سووکایەتی، بێڕێزی و قسەی وا مرۆڤ شەرم دەکات گوێی لێ بێت، وەک لافاو لە دەمی ئەم بەڕێزانەوە دەڕژێتە دەرەوە. مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێت: ئەری بەڕاست ئەمە دەمە یان زێراب؟ چۆن دەکرێت ئەو ئەندامەی بۆ ماچ و شێعر دروست کراوە، بکرێتە پێشانگای نمایشکردنی پیسی؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەتە بە لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت لەم ئێرانە. ئەگەر سەیرێکی لایەنگرانی پاشایەتی لە وڵاتانی وەک بەریتانیا، نۆرویژ، سوید، ئیسپانیا یان ژاپۆن بکەیت، دەبینیت ئەوان هێشتا بە یاساکانی بایۆلۆژییەوە پابەندن. لای ئەوان "دەم" هەر دەمە و "خوارەوە"ش هەر خوارەوەیە. کاتێک باس لە پاشاکەیان دەکەن، بە زمانی گوڵ قسە دەکەن، نەک بە زمانی زێراب. کەچی لای برادەرانی ئێمە، خۆشەویستی بۆ دەسەڵات واتە کردنەوەی دەم بە ڕووی خەڵکدا و پژاندنی پاشەڕۆ. جا بۆ ئەوەی ئەم پەتایە تەشەنە نەسێنێت و ڕەنجی ملیۆنان ساڵەی باپیرە "نیاندرتاڵ"ەکانمان بە هەدەر نەچێت، پێشنیارێکی زانستی و پراکتیکیمان هەیە. مادام ئەم بەڕێزانە وک لایەنگرانی کوێری

دەسەڵات بڕیاریان داوە ئەرکی دەمیان بگۆڕن بۆ ئەرکی خوارەوە، باشترە لە ڕووی جەستەییشەوە لەگەڵ ئەو واقعەدا بگونجێن.

پێشنیار دەکەین ئەم گروپە لەمەودوا "سەرەوبن" ببنەوە؛ واتە لەسەر دەست بڕۆن و قاچەکانیان بەرز کەنەوە بۆ ئاسمان. بەم شێوەیە، دەمیان کە ئێستا بووەتە سەرچاوەی دەرکردنی پاشەڕۆ و پیسی، دەکەوێتە نزیک زەوی و وەک ئاوەڕۆیەک کاری خۆی دەکات، و بەشەکەی دیکەشیان کە ڕەنگە لە دەمیان پاکتر بێت، بەرز دەبێتەوە بۆ سەرەوە. بەمەش هاوسەنگیی ژینگەیی دەگەڕێتەوە جێگەی خۆی و لەمەودوا کەس بەهەڵەدا ناچێت ئاخۆ ئەوەی دەردەچێت قسەیە یان شتێکی دیکە!

ئەوەی مرۆڤانە بیر دەکاتەوە پێی باشە دەم بۆ نانخواردن و ماچکردن و گۆرانی و هونەر و خۆشەویستی بێت و ئەوەی دەیەوێت پیسی بکات، با بفەرمووێت بەرەو سەروبن بوون.

١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## شۆڕبوونەوە بە قاناواندا بۆ پاراستنی ئێکوسیستەم بژاردەیەکی باشە

ئێمەی کورد میللەتێکی سەیرین؛ لە کاتێکدا جیهان خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە کوون و کەلەبەرەکانی گەردوون، ئێمە لێرە خەریکی شەڕەدەنووکین لەسەر وشە و مشە و زاراوە و ماراوە. هێندەی وزەمان بۆ "ئیتیۆمۆلۆژی" و بنەچەی وشەکان تەرخان کردووە، هێندە بیرمان لە چارەسەری کێشەکانمان نەکردووەتەوە. زۆرجار کۆمەڵێک ڕووناکبیر و "مووناکبیر" و زمانزان و "ممانزان"، لەسەر مانا یان بنەمای چێبوونی دەستەواژەیەک، ئەوەندە لووت لە یەکتر هەڵدەقورچێنن و بۆ مەودای کورت و درێژ لە یەک دەتۆرێن، کە دەڵێی خەریکی دۆزینەوەی چارەسەری نەخۆشیی شێرپەنجەن. هەر بۆیە، بۆ ئەوەی ئەم نووسینە نەبێتە هۆی "مشتومڕ و مێشومڕ"، با ڕاستەوخۆ بچینە سەر باسی وشە هەستیارەکەی ئەمڕۆمان: "قاناو."

لە ڕووی زاراوەناسییەوە، دوو بۆچوونی سەرەکی هەن. تاقمێکیان بە گەشبینییەوە دەڵێن "قاناو" لە "قان" (واتە قەنات و کارێز) و "ئاو" پێکهاتووە؛ واتە شوێنێکی پاک و خاوێن و ئەندازیارییە. بەڵام بۆچوونی دووەم، کە زۆر لە واقیعەوە نزیکترە، پێی وایە ئەم وشەیە کورتکراوەی "قووناو"ە. قووناویش دوو جۆری هەیە: یەکێکیان ئەو ئاوە زیادەیەیە زەوی نایخواتەوە و لە کۆتایی زەویدا دەبێتە زۆنگاو، جۆرەکەی دیکەشیان کە لە شارەکاندا باوە، ئەو ئاوە پیس و پاشەڕۆ و چڵکاوەیە کە لە حەمام و ئاودەست و چێشتخانەکانەوە بەرەو زێرابەکان ڕادەکات. ئێستا کە بارانی ڕەحمەت دەبارێت و

جووتیار پێویستی بە ئاودان نەماوە، کەواتە جۆری یەکەم هەر نەبێت بۆ ئەم ساڵە پڕبەرکەتە ماوەی بەسەرچووە و ئەوەی دەمێنێتەوە هەر ئەو "قاناوە" پیسەیە لە بن زەوی یان بە لای شەقامەکاندا دەڕوات و بۆنەکەی مێشکی مرۆڤ دەتەقێنێت. ئەم پێشەکییە بۆ ئەوە بوو بگەینە ئەسڵی باسەکە. قاناو کە تا دوێنێ شوێنی تف و هەڵمە و قێزەونی بوو، ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتێکی پانوبەرینی وەک ئێراندا، خەریکە دەبێتە "ستراتیژترین پەناگە". لەم ئانوساتە مێژووییەدا کە دەستەڵاتداران و هێزە سەرکوتکەرەکان (لە پۆلیس و بەسیج و چەکدارانی تر) گەیشتوونەتە بنبەست، قاناو بووەتە فریادڕەسێکی بێدەنگ.

کاتێک دوژمنانی نێوخۆیی و دەرەکی بە مووشەک و ساچمە و ناڕەزایەتی، باڵەخانە شووشەبەندەکانی بەرپرسان و بنکەکانی سەرکوت و مەرکوت دەخەنە لەرزە، ئیدی ئەو بەرپرسە باڵایانەی تا دوێنێ لە پەنجەرەی قاتی چەندەمەوە بە سووکایەتییەوە سەیری خەڵکیان دەکرد، ئێستا ناچارن بە وردبینییەوە سەیری کونە قاناوەکان بکەن. قاناو بۆ ئەمان تەنیا جۆگەیەک نییە، بەڵکوو "دەروازەی مانەوەیە". کاتێک هەست بە مەترسی دەکەن، چ بژاردەیەک لەوە باشترە خۆیان بخەنە نێو قوڕ و لیتەی قاناوێک؟ لەوێدا نە ساچمە دەیانپێکێت و نە دەنگی ناڕەزایەتی دەگاتە گوێیان.

تایبەتمەندییە ناوازەکەی قاناو ئەوەیە داهاتووشت بۆ مسۆگەر دەکات. ئەگەر بەرپرسێکی پلە باڵا یان هێزێکی سەرکوتکەر خۆی بداتە دەست شەپۆلی پاشەڕۆی نێو قاناو و بەرەو زێرابە گشتییەکان بڕوات، لەوێ ژیانێکی نوێ دەست پێدەکاتەوە. لە نێو زێرابەکاندا، دوور لە چاوی کامێرا و خەڵکی تووڕە، دەتوانن وەک بوونەوەرێکی نوێ بۆ نموونە وەک مشک و سیسرکە خۆیان لەگەڵ ژینگە نوێیەکە ڕێک بخەن. لەو جیهانە تاریک و شێدارەدا، چیتر پێویست ناکات فەرمانی تەقە بدەن یان درۆی شاخدار بۆ مێدیاکان بکەن؛ لەوێ تەنیا پاشەڕۆ هەیە و ئەوانیش بەشێکن لەو پاشەڕۆیە.

ئەمە جۆرێکە لە "پاڵاوتنی سروشتی". ئەو دەستەڵاتدارانەی تەمەنی بەسەرچوونیان هاتووە، بۆ ئەوەی لەو هەموو کێشە و تووڕەییە ڕزگاریان بێت، باشترین و گونجاوترین ڕێگا ئەوەیە ڕێڕەوی قاناوان بگرنە بەر. قاناو نەک هەر پەناگەیە، بەڵکوو شوێنێکی وایە مرۆڤ تێیدا تێکەڵی ڕاستی و بنەچەی خۆی دەبێتەوە. بۆیە، ئەگەر دیتتان بەرپرسێک یان هێزێکی سەرکوتکەر کتوپڕ ون بوو، مەیەنە سەر شەقام و مەپرسن "بۆ کوێ چوو؟"؛ تەنیا سەیری نێو نزیکترین قاناو یان کونی زێراب بکەن، چونکە لەم سەردەمەدا بۆ ئەوان، "قاناو" تەنیا بژاردە نییە، بەڵکوو چارەنووسە.

بە کورتی و کوردی، بۆ تاقمێک ژیانی خەڵکیان کردبێتە دۆزەخ، قوڕ و لیتەی قاناو دەبێتە بەهەشتی ڕزگاری. بڕۆن یا خوا ئاوی قاناو بتانبات و لە زێرابەکاندا بتانپاڵێوێت، بەڵکوو جارێکی دیکە وەک بوونەوەرێکی بێزیان بگەڕێنەوە سەر

زەوی. زانایانی ژینگەش دەڵێن مشک و قالۆنچە و سیسرکە و هەموو ئەو بوونەوەرانەی ئێمە پێمان پیس و خراپن بۆ ژینگە پێویستن و بەشێکن لە "ئێکۆسیستەم."

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## بابەتی ساڵی.............................. ٢٧٣٦

### ئینتەرنێت، ئەو مۆتەکەیەی هەم نامووس و هەم دەسەڵاتی لێ تێکداوین!

سەد هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پاکی باب و باپیرانمان! ئای کە چەندە ئاسوودە و بێکێشە و بێزیان دەژیان. ئەوانەی پێش ئێمە، لەو سەردەمە زێڕینەدا، زیان و زەرەریان بۆ هەموو شتێک زۆر کەم بوو، چونکە هێشتا پەتایەک بە ناوی "پێشکەوتن" یەخەی نەگرتبوون. بەڵام مرۆڤی تێکدەر و ئاژاوەگێڕ، بە درێژایی مێژوو کاری زۆر خراپ و کارەساتاوی کرد و دواتریش بۆ ئەوەی خۆی هەڵبخەڵەتێنێت، ناوی لێ نا "پێشکەوتن و تەکنەلۆژی". هەزاران خۆزگە دەخوازم بەو سەردەمەی باب و باپیرانمان، کە لەم دەرفەت و کەرەستە سەیروسەمەرانەی ئەمڕۆیان لەبەردەست نەبوو؛ ئەوان زۆر هێدی، هێمن و بە کەمترین زیان و زەرەرەوە دەژیان و دەمردن.

مرۆڤی نەفام، هەر ئەوەندەی چەکی گەرمی دروست کرد، ئیتر کەوتە وێزەی گیانی یەکتر و کوشت و کوشتار. ژیان بوو بە تەقەکردن لەملا و لەولا. هەرچەندە ئەم چەکوتەقەمەنییە پێشکەوتووتر بووایە، کوشتاریش ئاسانتر و زیاتر دەبوو. یەکێکی دیکە لەو داهێنانە نەگبەتییانەی ناویان ناوە پێشکەوتن، دروستکردنی ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر و فڕۆکە بوو!

بەتایبەتی فڕۆکە، کە بووەتە ئامرازێکی خێرا بۆ گواستنەوەی خەڵک بۆ ناو گۆڕ. دوای ئەم بەناو پێشکەوتنانە، ئیتر مەرگ پەرەی سەند؛ بەهۆی پێدادان و وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل، دەرچوونی شەمەندەفەر لە هێڵی ئاسنین و کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە، ڕۆژانە و ساڵانە دەیان و بگرە هەزاران کەس لە سەرانسەری گۆی زەویدا گیان دەسپێرن.

بەڵام با ویژدانمان هەبێت، نابێت چاوپۆشی لە هەندێک لایەنی "ئەرێنی"ی ئەم دەستکەوتانە بکەین! بۆ نموونە، چەکوچۆڵی پێشکەوتووی وەک فڕۆکەی جەنگی، بۆمبی ئەتۆم و مووشەکی دوورهاوێژ، لەم پێشکەوتنانەن "زۆر بۆ مرۆڤ بەکەڵکن". لە ڕابردوودا، زۆرجار شەڕی گەرم لە نێوان هۆز، قەوم و عەشیرەتدا دروست دەبوو و دوژمنایەتیی سەدان ساڵەی لێ دەکەوتەوە، چونکە بەو شمشێر و خەنجەرە ژەنگگرتووانە زۆر بە زەحمەت دەیانتوانی بەسەر یەکدا زاڵ بن. نەبوونی چەکی پێشکەوتوو، یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی زۆر وەدرەنگ دەخست و خەڵکێکی زۆر ماندوو دەبوون. بەڵام ئێستا، سوپاس بۆ تەکنەلۆژیا! لە سایەی ئەم مووشەک و بۆمبە زیرەکانەوە، دەتوانیت دراوسێکانت و تەنانەت نەیارانی ئەو پەڕی دنیاش بە یەک دوگمە بپێکیت و لە چاوتروکانێکدا لەنێویانی ببەیت. بێگومان دەکرێت تەنیا بەم جۆرە داهێنانە بڵێین: پێشکەوتنی باش و بەسوود!

بەڵام کارەساتەکە لێرەوە دەست پێدەکات؛ بەداخەوە هەندێک داهێنانی مرۆڤ هەن تەواو پێچەوانەن و بە هەڵە ناوی پێشکەوتنیان لێ نراوە. یەکێک لەو کارەساتانە ئەوەیە مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، قاچی لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکێشاوە. ئەگەر مرۆڤ عاقڵ بوایە، هەر لە سەرەتاوە پێشی بە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ دەگرت، تاوەکو ئەمڕۆ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا تووشی ئەم دەردەسەرییە گەورەیە نەدەبوو.

لەم دواییانەدا، مەترسیدارترین و کوشندەترین بەناو داهێنان، "ئینتەرنێت"ـە. ئەم ئینتەرنێتە پیسە لە بواری کۆمەڵایەتیدا خەریکەماڵمان وێران دەکات. لە ڕابردوودا، لەبەر ئەوەی شتێک نەبوو بە ناوی ئینتەرنێت، پێوەندییەکان سنووردار بوون و بەو هۆیەوە حەیا و نامووس زۆر پارێزراوتر بوون. بەتایبەت ژنان و کچان کە وەک نیوەی کۆمەڵگە سەیر دەکرێن و شەرەف و نامووسی پیاوانن، لە ماڵەوە دانیشتبوون و گوێڕایەڵ بوون. بەڵام ئینتەرنێت وای کردووە کچان و ژنان لەژێر دەسەڵاتی پیاوان دەربچن، بە کەیفی خۆیان پێوەندی بە کوڕان و پیاوانەوە بگرن و بیروڕا بگۆڕنەوە و شتی تریش، لە ئاکامدا ئاستی "بۆرسەی نامووسی پیاوان" لە بازاڕدا دابەزێت! بێگومان مەترسیی ئینتەرنێت تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە شیرازەی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەوەشێنێت، بەڵکو گەورەترین تاوانی ئەوەیە ڕیسی دەسەڵاتدارانی وڵاتان دەکاتەوە بە خوری! ئەم تۆڕە نەفرەتییە ناهێڵێت بەرپرسان بە دڵی خۆیان نەخشە و بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن و لە پشت پەردەوە کارەکانیان ڕاپەڕێنن. بۆ نموونە، ئەگەر ئەم ڕاگەیاندن و ئینتەرنێتە نەبووایە، هەموو دەسەڵاتدارانی

وڵات لە تاران وەک ئەوەی ئێستا بە بەرچاوی دنیاوە کوژران، بکوژرابان، خەڵکی ڕەشۆک هەر پێی نەدەزانی! گۆمی مەنگی نەفامیمان نەدەشڵەقا و هەموومان مێگەل‌ئاسا خەریکی خورد و خەو و ژیانی ڕۆژانەی خۆمان دەبووین بێ ئەوەی پرسیار بکەین کێ هات و کێ چوو.

بۆیە لە ئێستادا، لە هەموو شتێک باشتر وایە بە یاسا پێش بەم ئینتەرنێتە پیسە بگیرێت و قەدەغە بکرێت. بەم جۆرە کارێکی پڕخێر دەکرێت؛ هەم نامووس بۆ پیاوان دەگەڕێتەوە، هەم خەڵکیش ئاگاداری لەنێوچوونی گەورەپیاوانی دەسەڵات نابن و لەبەرانبەر حاکماندا ڕووهەڵماڵراو و چاوکراوە نابن و زۆری بڵێی ناکەن.

ئەوەتا لە بەرچاوی خۆمان دەبینین، لە وڵاتانی وەک چین و کۆریای باکوور، بەهۆی خەساندن و قەدەغەکردنی ئەم ئینتەرنێتە پیسەوە، خەڵکەکەیان وەک مەڕی باش سەریان بەرداوەتەوە و کەموزۆر تەنیا خەریکی خواردن و خەوی خۆیانن و سەریان نایەشێت. بەرپرسانی لێزان و شارەزای ئێرانیش، زۆر ژیرانە پێش ئەوەی بەکۆمەڵ بکوژرێن و ئابڕوویان بچێت، دەستیان بە داخستنی ئینتەرنێت کرد و بە کردەوە سەلماندیان کەڵکوەرگرتن لەم تۆڕە، تاوانێکی گەورەیە.

ئێستا کە لە سەرانسەری ئێران و ناوچەکەدا جارجارە تۆڕی ئینتەرنێت دەپچڕێت، کارێکی زۆر پیرۆزە، چونکە ناهێڵێت عەیب‌وعاری خەڵک و حاکمان ببێتە بنێشتەخۆشەی دەمی ئەملا و ئەولا. با ئەم ئینتەرنێتە هەر داخراو بێت! هەرکاتێک ئەمریکا، ئیسرائیل و هەموو جۆرە نەیار و دژبەرێکی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە لەنێو چوون و دوژمنان هیچ تروسکاییەکیان بۆ نەماوە، ئینجا با ئینتەرنێت بەسەر هەموو لایەکدا بکرێتەوە. بەڵام تا ئەو ساتە مێژووییە، دەبێت بزانین کەڵکوەرگرتن لە ئینتەرنێت تاوانێکی گەورەیە، و بگرە ئەگەر بە ویژدانەوە سەیری بکەین، تاوانی جەنگە و دەبێت سزای توندی لەسەر بێت!

١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## هەستی پاکی ساواکی‌یانە

"سازمان اطلاعات و امنیت کشور" بە کوردییەکەی خۆمان دەکاتە: "ڕێکخراوی زانیاری و ئاسایشی وڵات". ئەم دەستەواژە زل و قەبە و تۆقێنەرە، دەیان ساڵە لەم وڵاتەی ئێراندا دەبیسترێت و مێشکی خەڵکی پێ کون کراوە. کورتکراوەکەی لە سەردەمی پادشایەتیدا دەبووە "ساواک"، بەمجۆرە هەر کەسێک کارمەند یان پیاوی ئەو دەزگایە بووایە، پێیان دەگوت "ساواکی". با ڕاستگۆ بین، جا لەوە خۆشتر و پڕهەیبەتتر نییە مرۆڤ لایەنگر، کارەکەر، یان پیاوی ڕێکخراوی زانیاری و ئاسایشی وڵات بێت؟ هەم پارە، هەم دەسەڵات، هەم ترساندنی خەڵک!

بێگومان من حەقم بەسەر کەسەوە نییە و نامەوێت خۆم تووشی دەردیسەر بکەم، لێرەدا تەنیا قسە و بەسەرهاتی باوکی کاکە بۆرزۆی دراوسێمان دەگێڕمەوە کە بووەتە وێردی سەر زوبانی گەڕەک. خەڵکی کۆڵان دەڵێن؛ باوکی بۆرزۆ، هەر لە زووەوە و لە سەردەمی گەنجێتییەوە، ئەو سەربەرزییە گەورەیەی پێ بەخشراوە ببێتە "ساواکی". پیاوێکی سمێڵ بابۆڕی کەتە بوو، لە سەردەمی زێڕینی دەسەڵاتی ساواکدا، وەک کۆڵەکەی ئاسایشی گەڕەک دەهات و دەچوو. بەڵام کێشەکە لێرەدایە، باوکی بۆرزۆ تەنیا بە پاراستنی ئاسایشی وڵاتەوە نەوەستابوو، بەڵکوو لە پاڵ ئەوەشدا کەیفی بە زۆر شتی دیکەش دەهات و ئاسایشی "کۆمەڵایەتی" و "دڵداری"یشی دەپاراست!

بەشی دووهەم

وەک دەگێڕنەوە، باوکی بۆرزۆ هاوکات لەگەڵ کارکردن و ڕاپۆرتنووسین بۆ ڕێکخراوی زانیاری، خزمەتێکی زۆری لەو بوارە "هین"ـترانەشدا کردووە بیلامانێ بە زەحمەت بۆ باسلێکردن دەبن. دەڵێن پیاوێکی وا کارامە بووە، هەرچی ژن و پیاوی "بەجۆرێک"ی ناوچەکە هەبووە، چەپڵەیان بۆ لێ داوە و بوونەتە موشتەریی دایمیی. ئەو ژنانەی "بەجۆرێک" بوون، هەمیشە زەردەخەنەی ڕەزامەندییان پێ بەخشیوە، ئەو پیاوانەش کە حەزیان لەو جۆرە کاتبەسەربردنە بووە، بارتەقای مووچە و مەعاشی ئیدارەی ساواک، پارە و دەرفەتی کار و داهاتیان بۆ گیرفانی باوکی بۆرزۆ ڕەخساندووە. واتە کابرا هەم سیخوڕ بووە هەم بیلامانێ، هەم پارەی لە حکوومەت وەرگرتووە هەم لە حەزەکانی خەڵک! بەڵام وەک دەڵێن چەرخی زەمانە بە دڵی کەس ناسووڕێت. چەند ساڵێکی کەم دوای ڕووخانی حکوومەتە بەشکۆکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە و هەڵاتنی باوک و کوڕێک بە ناوی ڕەزا و حەمەڕەزا، ساواک هەڵوەشایەوە. باوکی بۆرزۆ، لە تاو نەمانی دەسەڵاتەکەی، پیربوون و کەمتوانابوونی موشتەرییەکانی و شکبوونی سەرچاوەی داهاتەکانی، تووشی خەمۆکییەکی قووڵ بوو. لە کۆتاییدا پشووی لێ بڕا و وەک ڕێکخەری پێشووی کاروباری "ژنان و پیاوانی بەجۆرێک"، چاوی لێ زەق بووە و سەری ناوەتەوە. بەڵام پێش مردنی، تەمەنێک ئەزموون و خووخدە و میراتێکی پڕبەهای بۆ "بۆرزۆ"ی کوڕی بەجێ هێشت.

ئێستا بۆرزۆ، وەک میراتگری ڕەوای باوکی، ئاڵاکەی گرتووەتە دەست. لە سەردەمی پێگەیشتن و گەنجێتیی برزۆدا، ساواک ناوی گۆڕا بۆ "ئیتلاعات" یان زانیاری. بۆرزۆی حازریش، دیارە لەگەڵ شێوازی کار و ژیانی باوکیدا گەورە بووە، زۆر زوو تێگەیشت تەنیا ناوەکان گۆڕاون و نێوەڕۆک هەمان شتە. بۆیە گەیشتە ئەو ئاکامەی دەبێت بە شێوازێکی مۆدێرنتر و لە هەلومەرجی تازەدا، درێژە بە ڕێبازەکەی باوکی بدات. هەر لەبەر ئەمەشە دەستەواژەی "ڕێکخراوی زانیاری و ئاسایشی وڵات"ی کرد بە "ئیتلاعات" و خۆی خزاندە نێو دەزگا نوێیەکەوە.

بۆرزۆ ئێستا هەم کارمەندی زانیارییە و ڕاپۆرت لەسەر دراوسێکانی دەنووسێت، هەم لە دۆزینەوە و پێکگەیاندنی "ژنان و پیاوانی بەجۆرێک"دا پلەیەکی بەرزی بەدەست هێناوە و چەند قات لە باوکی زیاتر پارە پەیدا دەکات. لە سەرووی هەمووشیانەوە، بیزنسێکی نوێی خستووەتە سەر کارەکانی و مادەی "دووکەڵدار" و بێهۆشکەریش بە گەنجانی کۆڵان دەفرۆشێت. لەخوا بەزیاد بێت، ئێستا بارودۆخی برزۆ زۆر لە سەردەمی زێڕینی باوکیشی باشترە!

ئەم بۆرزۆیە ئێستا تەمەنی چووەتە سەرێ و نزیکەی چل ساڵە خەریکی ئەم بەزمەیە. بەڵام وادیارە دیسانەوە چەرخی زەمانە خەریکە خولێکی تر دەخوات. شەپۆلی نارەزایەتییەکان بەرز بووەتەوە و زۆر دوور نییە ئەم دەزگای هەواڵگرییەی ئێستاش، بە دەردی ساواک بچێت و بۆرزۆش وەک باوکی تووشی دەربەدەری و بێنەوایی ببێت. هەموو خەڵکی کۆڵان و گەڕەک وەک ڕۆژی ڕوون دەزانن بۆرزۆ چ کارەیە. دەزانن کە جگە لە کاری گەوادی و سیخوڕی، ئەم ڕۆژانە چەکێکی ڕەشی وەک

قەترانیشی وەرگرتووە و مووچەیەکیش لە ئیدارەی "بەسیج" وەردەگرێت و خۆی کردووە بە پیاوی ئایین و دەوڵەت! خەڵکی گەڕەک پەنجەی سەرسوڕمانیان گەستووە کە چۆن کوڕێک دەتوانێت هێندە بە لێهاتووییەوە جێگەی باوکە فێڵبازەکەی بگرێتەوە.

ئێستا دراوسێکان، لە نێو دڵی خۆیاندا خەریکە شایی دەگێڕن و لە خۆشیدا بەرەو هەوا دەفڕن. هەموو لایەک دەڵێن: "بەو مەترسییەی لەسەر کۆماری ئیسلامی هەیە و پایەکانی لەق بووە، بۆرزۆ تووشی کێشەیەکی قووڵ دەبێت و هەر سێ کار و کاسبییەکەی (سیخوڕی، بیلامانێ، و مادەی هۆشبەر) لە دەست دەدات و ڕیسوا دەبێت".

بەڵام کاتێک بە تەنزەوە پێی دەڵێن کە خەریکە نانت دەبڕێت، برزۆ زۆر ڕووهەڵماڵاوانە و بە پێکەنینێکی قێزەونەوە وەڵام دەداتەوە: "کوڕم، من هیچ خەمی کاسبیی خۆمم نییە! ئینشائەڵڵا کوڕی شاش دەگەڕێتەوە و دەبێتەوە پادشا... ئەوکات بەبێ پەردە پێتان دەڵێم: گیا هەر لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە، ئاخر منیش وەک باوکە ڕەحمەتییەکەم، ڕیشەکەم دەتاشم و قردێلەیەک دەبەستم و دووبارە دەبمەوە بە ساواکی"!

٣٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

## کوردستان ئەمجارەش بە سازی خۆی هەڵپەڕی

برِوا بکەن نووسەری ئەم چەند دێڕە نە بەکرێگیراوی فارسانە و نە بە زمانی فارسییش فرچکی گرتووە. کێشەکە تەنیا ئەمەیە، پێی وایە لەم سەردەم و زەمانەیەدا، هیچ دەستەواژە و مەستەواژەیەکی کوردی و تەنانەت زمانەکانی دیکەش ناتوانن هێندەی زاراوەکانی خودی نیزام، قووڵایی و گاڵتەجاڕیی ئەم دۆخەمان بۆ وێنا بکەن. بۆ نموونە؛ چۆن دەتوانیت وەسفی ئەو "ئۆممەتە" بکەیت لە مەیدانەکە ڕایکردووە و پشتی کردووەتە ئەوانەی لە کاتی تێشکانیشدا سینگ ڕەپێش دەخەن و دەڵێن: "ئێمە سەرکەوتووین"؟ لێرەدایە دەبێت بە قەرزیش بێت پەنا ببەینە بەر دەستەواژەی "امت فراری از صحنە."

ڕەببی زمانی ئەو کەسە لاڵ بێت، باسی تێکشکانی ڕێبەرانی "امت فراری از صحنە" دەکات. کوا ئەمە تێشکانە؟! "ئۆممەت"ێک بە دەستی ئەمەریکا و ئیسرائیل، ڕێبەرێکی چەمووش و دەیان فەرماندەی بەناو "قارەمان"ی لە کۆڵ بووەتەوە؛ هەمان ئەو فەرماندانەی خەریک بوون تەواوی ماڵ و سامان و قووتی خەڵکی نێوخۆی ئێرانیان دەدایە "بەرەی خۆڕاگری" (جبهە مقاومت) و لە هەندەران و وڵاتانی عەرەبی شەڕی بەوەکالەتیان پێ دەکردن. ئایا ئەم ئۆممەتە حەقی نییە لە شایی ئەم "سەرکەوتنە" مەزنە هەر لە خۆیەوە جووتە بهاوێژێت و جیفڕکان لە خۆی بدات؟ کەواتە من هەڵەیەکی گەورەم کرد، بەم سەرکەوتنەم گوت تێشکان!

ئۆممەتی مێگەڵئاسا و خێڵی دواکەوتووانی ڕێبەر هەر لێیان مەپرسە. ئەو بەرپرس و "دەوڵەتمەردانە"ی کاری ڕۆژانەیان تەنیا ڕۆیشتن بەسەر ئاڵای ئەمەریکا و ئیسرائیلدا بوو، ئێستا بەردەوام هاواری سەرکەوتنیانە و باس لە داستانی قارەمانێتیی خۆیان دەکەن. سەرکەوتن لەوە گەورەتر لەبری ئەوەی وڵات بە وڵات و کووچە بە کووچە لە هەندەران و لە وێرانییەکانی دیمەشق و بەیرووت و بەغدا و ئوورشەلیم بە دوای دوژمندا بگەڕێیت، دوژمنی ژمارە یەک ڕابکێشیتە نێو خاکی خۆت و لێرە بە گژیاندا بچیتەوە؟

ئەوەتا لە ماوەی ئەو جەنگە ٣٩ ڕۆژەیە لەگەڵ زایۆنی و ئەمەریکادا، ڕێبەرانی ئەم ئۆممەتە لەنێو ماڵی خۆیاندا بەرەنگاری دوژمن بوونەوە. لە کاتێکدا دەیان هەزار بۆمب و مووشەک بەسەر ئاسمان و زەویی ئێراندا دەبارین و لە یەکەم ڕۆژی جەنگەکەدا ڕێبەرانی نیزام بەکۆمەڵ بە دەستی دوژمن دەکوژران، لە وەها هەلومەرجێکدا دەیان فڕۆکەی پێشکەوتووی دوژمن هێنرانە نێو خاکی ئێرانەوە! لە "سەرکەوتنێکی گەورەتر"دا، گوایە یەکێک لە فڕۆکەکان بە دەستی "ڕەزمەندە-گان" لەکار خراوە. لەمەیان سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە دوژمن ناچار کراوە بە چەند فڕۆکەیەکی دیکە و کۆمەڵێک سەربازی لێهاتووەوە بێتە نێو خاکی ئێران. کۆمێدیای دۆخەکە لێرەدایە؛ لە کاتێکدا عەشایری غەییوور لە چوارچێوەی هێزی بەسیجدا لەبری چەکدارانی "بەرەی موقاوەمە"ی دەرەوەی وڵات، لە چیاکانی زاگرۆس بە برنۆی درێژ و سەرتۆپ و تاپڕی ساچمەزەنەوە بە دوای فڕۆکەوانە لێقەوماوەکانی دوژمندا دەگەڕان، ئەمەریکا ناچار کرا کەلەشی چەند فڕۆکەیەکی تێکشکاوی دیکەی خۆی لەسەر خاکی پیرۆزی "ئێرانچییانی غەیوور" جێ بهێڵێت!

بەڵام با جاریّ واز لە ئەمەریکا و سەهیۆنییەکان بهێنین و بگەڕێینەوە سەر کرۆکی بابەتێکی زۆر هەستیارتر و جێگەی مەترسیی گەورەتر، ئەویش بابەتی "دژە شۆڕش" (ضد انقلاب)ە. کوردەکانی نێو جوگرافیای ئێران ئەمجارە بە تەواوی سەلماندیان بەڕاستی "زیددی ئینقلاب"ن. چل ساڵی ڕەبەق بوو لەلایەن دامودەزگاکانی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیەوە بەم حیزب و لایەن و گرووپە کوردانە دەگوترا "دژە شۆڕش و بەکرێگیراو"، ڕێک مەبەست بۆ ڕۆژێکی وا بوو! "ئۆمەتی ڕاکردوو لە گۆڕەپان" چاوەڕوان بوون زیددی ئینقلاب و جوداییخوازەکان لەوەها سەردەمێکدا بە سازی ئەمریکا و مەمریکا و ئیسرائیل و میسرائیل هەڵپەڕن، بەڵام ئەوان هیچ بەشدارییەکیان لە هێرشی ئەمەریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نەکرد و هەوڵیان نەدا ئینقلابێک لە هزری خەڵکی دەرەوەی "ئوممەتی ڕاکردوو لە گۆڕەپان" بکەن بۆ ئەوەی ئەم باوەڕە لای خەڵک دروست بێت کورد بەکرێگیراوی بێگانەن. کاتێک ئەم ئینقلابە لە هزری خەڵکی بێلایەن و تێگەیشتوو ڕووی نەدا، کوردان سەلمانیان زیددی ئینقلابن.

بابەتێکی دیکەی گرینگ بۆ ئەمە دەبێت باسی بکرێت، ئەویش ئەمەیە هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم گرووپە کوردە

بەشی دووهەم

جوداخوازانەوە دیار بوو ئەوان تەنیا داوەت و هەڵپەڕکێی خۆیان دەزانن؛ نە لە سەمای عەرەبی تێدەگەن و نە سەما و قونبادانی فارسی و تورکی دەزانن. تەنانەت فێری دانسە ڕۆژاواییەکانیش نەبوون و بەردەوام سەرقاڵی هەڵپەڕکێ، سێپێیی، گەڕیان و چەپڵەی خۆیانن. ئەم خۆبەزلزانانە هێندە بە کولتوور و هەڵپەڕکێی خۆیانەوە نووساون، لەم دواییانەشدا ئامادە نەبوون لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیلدا تەنانەت دوو لەقە دانسیش بکەن!

ئەم چەمووشییە و سەربەخۆییەی کورد وای کرد، پیاوانی پاشماوەی "شێرە ڕێبەر و فەرماندە پارچەپارچەکراوەکان" لێیان وەخۆ بکەون. ئەوان ئاگربەسیان لەگەڵ دوژمنی سەهیۆنیدا قبووڵ کرد، تەنیا بۆ ئەوەی بە درۆن و مووشەک بکەونە گیانی ئەم کوردە "جوداخوازانە."

دیمەنی کۆتایی ئەم شانۆگەرییە زۆر تراژیدییە؛ ئێستا لە کاتێکدا "ئوممەتی هەڵاتوو لە مەیدان" بە تەواوی پشتی کردووەتە پاشماوەی سەرانی پارچەپارچەکراوی، ئەوان لەژێر ڕێنوێنییەکانی "ڕێبەرێکی نوێ"ی نێو گۆڕەپانی ژیریی دەستکرددا (AI) لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە. بە کەوچک و مەمکەشووشە پەیام و فەرمایشت و فەتوا بە دەمی ئەو ڕێبەرەدا دەکەن و شانازی بە بەردەوامیی هێرشی درۆنی و مووشەکی بۆ سەر "دژە شۆڕشە کوردەکان" دەکەن. ئەمەیە لوتکەی سەرکەوتن لە فەرهەنگی خوازیارانی یەکپارچەیی ئێرانێک، شێرە پشیلەئاساکەی بە نیوەندی ئاڵاوە دەشەکێتەوە و خەریکە نەهێڵێت خۆر دەرکەوێت.

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## کارەساتی داخستنی تەنگەیەکی تەنگاوکەر

لەسەر گۆی ئەم زەوییەی ئێمە لێی دەژین، ئەو تەنگانەی بەردەوام بە داخراوی ماونەتەوە زۆر دەگمەنن، بەڵام تا بڵێیت ئەو تەنگانەی کراوەن و بوونەتە دەماری ژیان، یەکجار زۆرن. گەر ئاوڕێک لە نەخشەی جیهان بدەینەوە، دەبینین جەبەلوتاریق، تایوان، تسوشیما و هۆرمووز شادەماری ڕێڕەوە بازرگانییەکانی جیهانن. بێگومان لە نزیک تەنگەی هۆرمووزیش، تەنگەیەکی خورپلکەی دیکە هەیە و ناوی «بابولمەندەب»ـە؛ ئەمەی دواییان کەمێک بەدبەختە، چونکە کەوتووەتە ژێر ڕەحمەتی حووسییە خەنجەرکورتەکانی یەمەنەوە! بەڵام بابەتی ئەمڕۆی ئێمە، شازادەی تەنگەکانی جیهانە؛ تەنگەی هۆرمووز! ئەو تەنگە گرنگەی کە بەژنی سەرەوەی دەبێتە سنگی «ئێران خانم» و نیوبەژنی خوارەوەشی دەکەوێتە باوەشی وڵاتانی عەرەبییەوە.

بەر لەوەی بچینە نێو کرۆکی باسەکەوە، با کەمێک لەسەر زاراوەسازیی تەنگە بوەستین. هەندێک لە نووسەران و سیاسەتمەداران، بە هەڵە یان لە نەزانینەوە، بەم تەنگەیە دەڵێن «گەروو»، هەندێکی دیکەش زۆر بە لایاندا دەدەن و پێی دەڵێن «تەنگاو»! لێرەدا دەبێت بڵێین ئەوانەی وای پێ دەڵێن لە هەڵەیەکی کوشندەدان. ئاخر ئەگەر نووسەرێک حەزیشی لە قافیەبازی و یاریی وشەیی وەک «تەنگە و مەنگە» یان «گەروو و مەروو» نەبێت، دیسانیش ناکرێت بڵێت تەنگاو. وشەی «تەنگاو» لە زمانی کوردیدا واتە کەسێک کە فشاری میزڵدان یان هینکەی دیکەی بۆ هاتبێت و خەریک بێت بەسەر خۆیدا بیکات! خۆ ئەگەر «تەنکاو»یشی پێ بڵێن، واتە ئاوی تەنک و کەمقووڵ. بەم حیسابە، پێویستە هەموو



سەرچاوە
Serchawe

کوردزمانان لەسەر بەکارهێنانی وشەی «تەنگە» هاوڕا بن، پێش بە تێکەڵبوونی کێشەی جوگرافی و میزڵدان بگرن.

ئێستا ئەگەر لەسەر وشەی تەنگە ساغ بووینەوە، باشترە قسە لەسەر قەیرانی داخستن و دانەخستنەکەی بکەین. دیارە ئێمە حەقمان بەسەر جەبەلوتاریق و تایوانەوە نییە و کێشەی ئەوان چارەسەر ناکەین، بەڵکوو لێرەدا لەسەر تەنگەی هۆرمووزی داوێنی ئێران دەوەستین و لەوێوە بە بەژن و باڵای ئابووریی خۆماندا هەڵدەدەین.

ئەم تەنگەیە هێندە هەستیار و ستراتیژییە، دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران ماوەی چل ساڵێک دەبێت شەو و ڕۆژ باسی داخستنی دەکەن. بە جۆرێک لووتیان بەرز کردبۆوە، دەیانگوت هەر کاتێک ئارەزوو بکەین، تەنگەکە وەک قردێلە گرێ دەدەین و ترپەی لێدانی دڵی ئابووریی جیهان هەر لەوێدا دەخنکێنین. دنیاش لەم هەڕەشانە دەترسا و دەیگوت نەوەک ئەم کابرا سەرەڕۆیانە بەڕاستی قورگمان بگرن.

بەڵام با بێینە سەر واقیعەکە؛ لەم دواییانەدا و دوای ئەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە جدی و بە کردەوە کەوتنە بەرکەوتن، دەسەڵاتدارانی تاران دوای نزیکەی پەنجا ساڵ هەڵبەز و دابەز لەسەر سنگی پان و بەرینی «ئێران خانم»، هاتنە سەر ئەو بڕوایە ئیدی کاتی ئەوەیە تەنگەکە بەڕاستی بگرن و بیپەتێنن، تا نەهێڵن هیچ شتێک هاتوچۆی پێدا بکات. بەڵام کارەساتە کۆمیدییەکە لێرەدا ڕووی دا! دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی تەنگەکەی گوشی، دیتی دڵی ئابووریی جیهان نەک هەر لە لێدان نەکەوت، بگرە زۆر ئاسایی کاری خۆی دەکات! ئەی کەواتە کێ خنکا؟ لێرەدا تووشی شۆکێکی وا گەورە بوون پێشتر هەرگیز بیریان لێ نەکردبۆوە؛ ئەویش ئەوە بوو بۆیان دەرکەوت ئەوان تەنگەکەیان بەسەر «خۆیاندا» داخستووە!

کۆماری ئیسلامی، بەم هەنگاوە ئێرانی وەک ئەو نەخۆشە لێ کرد تووشی پەتای «میزگیران» بووبێت و بە داخستنی ڕێڕەوەکان، هەرچی ئاو و پاشەڕۆی ئابووری و دارایی هەیە، لە میزڵدان و گورچیلە و بن پەراسووانی ئێراندا قەتیس ماوە و دەرناچێت. پزیشکانی بواری ئابووری، دوای پشکنینی ئەم تەنگژەیە، هاتنە سەر ئەو بڕوایە ئەگەر نەخۆش ڕێڕەوی دەرچوونی ئەم پاشەڕۆیانەی لێ بگیرێت و بەردەوام «تەنگاو» بێت، هەموو ژەهر و تراوەدڵێنەکانی نێو جەستەی بڵاو دەبنەوە، ئەندامەکانی لە کار دەکەون و دەردەکەی دەبێتە دەردێکی کوشندە. خۆ ئەگەر وا بڕوات، بە هەموو ڕێسا و یاسایەکی پزیشکی و سیاسی، دەسەڵاتی ئێستا وەک بکوژ و هەڵوەشێنەری جەستەی ئێران خانم دەناسرێت.

ئێستا کار لە کار ترازاوە. کۆماری ئیسلامی کاتێک زانیویەتی خەریکە لە «تەنگاویدا» دەپڕووکێت، بۆ چارەسەرکردنی



سەرچاوە
Serchawe

کێشەی داخرانی تەنگەکەی خۆی، خەریکە بە ژێر بەرەوە پەلەقاژێ دەکات. دەنگۆ هەیە ١٤ خاڵی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا ئامادە کردووە و تکا و پاڕانەوەیەتی ئەمریکا بێت و «هینەکەی بۆ بکاتەوە»، تاوەکوو ئابووریی ئێران پشوویەکی بێتەوە بەر و لەو ژەهرە کەڵەکەبووە ڕزگاری بێت.

لە کۆتاییدا، بە تێگەیشتن لەم کۆمیدیا ڕەشە، دەگەینە ئاکامێکی تاڵ و ڕوون: لە ڕاستیدا ئەوە ئێران نەبوو تەنگەی بەڕووی جیهاندا داخست، بەڵکوو ئەوە ئەمریکا بوو تەنگەکەی بەسەر خودی ئێراندا داخست. مەرجەکەش زۆر سادەیە؛ هەتا ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە و ئەم دەسەڵاتە بەسەر سنگی ئێرانەوە بێت، مامە سام ئامادە نییە هیچ کلیلێک بەکار بهێنێت و تەنگەکەی بۆ ناکاتەوە. ئێران دەبێت هەروا بە «تەنگاوی» بمێنێتەوە، تا ئەو ڕۆژەی ڕێگەیەکی عەقڵانی بۆ چوونە ناو دەستی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەدۆزێتەوە!

٢٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە Serchawe

# شەڕ کەوتە قۆرتێ، لێدە لە بنەوپاڵەوە

**دارسمە**

لە وڵاتی ئێمەدا، پێشکەشکار و نووسەر و هەواڵساز و هەموو ئەو بێچارانەی کارکردن بە وشە و وێنە کاریانە، هەموویان کەوتوونەتە ژێر چەتری سێبەری قایم و پڕ مەترسیی "سازمانی ئیرشاد" و "پرۆدیسۆر" و "ئیدیتۆر" و چەندین "تۆڕ"ی دیکە. ئەم چەمکانە وەک پیاوی سێبەر وایە، لە هەموو لایەکەوە دەبینرێن و کاریگەرییان هەیە، بەڵام کەم کەس دەزانێت سەرچاوەیان لە کوێوەیە. ئەگەر ڕاستگۆ بین دەکرێت بڵێین ئەم چەمکانە هەموویان لق و پۆپی درەختێکی گەورەترن و ئەویش ناوی "بەرژەوەندی"یە. بەرژەوەندی، ئەم برا گەورە چاودێرەیە، چاوی بەسەر هەموو تشتێکدا دەخشێنێت و مێشکی بە کۆمەڵێک "بەرژەوەندی و مەرژەوەندی" و "ترس و مرس" لە سەرنووسەر و "مەرنووسەر" و سازمانی "ئیرشاد و میرشاد" و "پرۆدیسۆر و مرۆدیسۆر" و "ئیدیتۆر و میدیتۆر" و چەندین "تۆڕ"ی دیکەوە خەریکە.

ئەمانە هەموویان پێکەوە تەنها یەک شت دەخولقێنن: "خۆسانسۆڕی" یان بە واتایەکی ڕوونتر، "خۆسانسۆڕکردن". واتە خۆت زمان و قەڵەم و چاوت سانسۆر بکەیت، پێش ئەوەی ئەوان بیکەن و خۆت کاری ئەوانیش ئاسان بکەی. هیچ نووسەرێک،

هیچ پێشکەشکارێک، هیچ دەرهێنەرێک نییە لەم پەتایە بێبەش بێت. هەمووان بە شێوەیەک لە شێوان خۆیان سانسۆر دەکەن، یان لە ترسی لێپێچینەوە یان لە ترسی لەدەستدانی کارەکەیان یان لە ترسی "بەرژەوەندی"ی گشتی و ئەویش دیار نییە کێ دیاری دەکات.

من وەکوو نووسەری ئەم دەقە، پێم خۆشە لێرەوە ڕایبگەیەنم هەر کەسێک ئەم چەند دێڕە بخوێنێتەوە، بێبەر و ئازادە لە هەر "ڕەخنە" و "مەخنەیەک". وەک دادگای بێلایەن دەفەرموێت: "هەموو کەسێک بێتاوانە، مەگەر پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت". کەواتە، کەس ئەم قسەیەی من وەخۆی نەگرێت، چونکە ئەمە تەنها پاکانەیەکە بۆ پێشکەشکارێکی تەلەفزیۆنی ئێران، واتە هەمان "صداوسیما"ی خۆمان.

بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەمەوە، با بگەڕێینەوە سەر ئەو دیمەنەی لە تەلەفزیۆنەکەی ئێران، واتە "صداوسیما"ی خۆمان، بینیمان. شەڕ کاتێک دەکەوێتە قۆرتێ کە شارەزایەکی چەکوچۆڵ، ئەویش وادیارە خاوەنی پلەیەکی باڵاشە لە سوپای پاسداران، لە ژووری هەواڵ یان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، واتە هەمان "صداوسیما"ی خۆمانەوە، خەریکە بە هاوکاریی پێشکەشکارەکە، هەموو خەڵکی "جانفیدا"ی ڕێبەر فێری تەقەکردن بە کەلاشینکۆف دەکات. ئەم دیمەنە وەک خەونێک وایە تێیدا هەموو هاووڵاتییەک دەبنە سەربازێکی ئامادە بۆ بەرگریکردن لە وڵات. گومانی تێدانییە خەڵکی "جانفیدا"ی ڕێبەر لە سەرانسەری ئێران خەریکن بەرەنگاری ئەو "دوژمنە پیسانە" دەبنەوە پێشتر دەیانگوت: "نە غەزە، نە لوبنان، گیانم فیدای ئێران." ئێستا ژمارەی "جانفیدا"یانی ڕێبەر گەیشتووەتە سەداسەدی دانیشتووانی ئێران و تەنانەت دژبەرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش دەگرێتەوە. ئەمە وای لێ دێت هەست بکەیت هەموو وڵات بووەتە یەک یەکە سەربازی گەورە و هەمووان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان.

هەر بەم هۆیەشەوە بەرپرسانی ڕاستگۆی کۆماری ئیسلامی دەڵێن: ئێران زیاتر لە ٩٠ ملیۆن کەس بە کۆرپەی سەر بێشکەشەوە "جانفیدا"ی ڕێبەرن". جا ئەگەر هەتا کۆرپەکانیش فیداکاری بن، دەبێ تەواوی وڵات ئامادەی شەڕ بن! ئەمە واتای ئەوەیە چیتر پێویست بە دامەزراندنی سوپای گەورە و بودجەی زۆر ناکات، چونکە هەموو هاووڵاتییەک خۆی لە بنەڕەتدا سەربازێکی ئامادەیە. ئەمە تەنها بژاردەیەکە بۆ دەوڵەتێک دەیەوێت بە کەمترین تێچوو زۆرترین سوپا دروست بکات. دیارە لە نێوخۆ یەک کەسیش دەست ناکەویت دژی دەستەڵات بێت، تەنیا کەلاشیکۆف بۆ ئەمەیە ئەگەر دوژمنانی دەرکی هاتن دەیانکووژین.

دیسان دەگەڕێمەوە سەرەتای باسەکە، واتە بابەتی ئەو سانسۆرەی لە پاراگرافی یەکەمدا باسم کرد. ئێستا دەیبمەوە لای پێشکەشکارەکەی تەلەفزیۆنی خۆمان، واتە هەمان "صداوسیما".

ئەگەر بەرنامەکەی فێرکاریی بەکارهێنانی چەکتان لە تەلەفزیۆنەوە دیتبێت، دیارە پێشکەشکارەکە لە "پرۆدیسۆر" یان هەمان دەرهێنەری بەرنامەکە دەترسێت. لەبەر ئەمە، بەر لە تەقەکردن بە ڕوونی دەڵێت: "ئەگەر بە تەقەی من زیان بە دیوار و دیکۆری ستۆدیۆ بگات، من ئەوەندەم نییە قەرەبووی بکەمەوە" ئەمە نیشانەی ترسێکی قووڵە لە ناخی پێشکەشکارەکەدا هەیە، ترسێک نایەڵێت بە ئازادی هەڵسوکەوت بکات.

دوای ئەوەی ڕێنمایی لە شارەزای تەقەکردن وەردەگرێت، ئامانجەکەی خۆی دەدۆزێتەوە و سێرە لە ئاڵای ئیمارات دەگرێت و فیشەکێکی پێوە دەنێت. ئاڵای ئیمارات، بێ ئەوەی بشەکێتەوە، بە نێوچاوانی دیواری ستۆدیۆکەوە دیارە و کاتێک پێشکەشکاری بەرنامە سێرەی لێ دەگرێت، پاسدارە فێرکارەکە بۆ هەڵبژاردنی ئامانجەکە دەستخۆشیی لێ دەکات. وادیارە ئاڵای ئیمارات بووەتە کیسەیەکی لێدان بۆ نمایشە سەربازییەکان!

لێرەدا پێشکەشکار و میوانی بەرنامەی تەقەکردن، سەرکەوتنێکی گەورەیان مسۆگەر کردووە. نەوەد ملیۆن کەس لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، بێ ئەوەی پێویست بکات لە سەربازگەکان کۆبکرێنەوە و فێری تەقەکردنیان بکەن، لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە فێرکاریی کارکردن بە چەکی کەلاشینکۆف دەبەنە ژووری ماڵ و شوێنی کاری هەموو کەسێک. بەم جۆرەش تێچوویەکی زۆر بۆ باوکی میللەت، واتە دەوڵەت، دەگەڕێننەوە. لەلایەکی دیکەوە، لە جیاتی ئەوەی لە ژێر هەڕەشەی ئەمریکا و لە نێو دەریادا هێزێکی زۆر بۆ هێرشکردنە سەر ئیمارات تەرخان بکەن، ئەم وڵاتە بە ئاڵاوە ڕادەکێشنە سەر دیواری ژووری پێشکەشکاری بەرنامە و لەوێش بە قوربانی تەنها یەک فیشەک دەیکەن. ئەوەتا، شۆڕش لەسەر دیواری ستۆدیۆ! ئەمە دەری دەخات کە چۆن سیاسەتی دەرەوە دەکرێتە یارییەکی تەلەفزیۆنی و دوژمنەکان دەکرێنە ئامانجێکی ساکار بۆ سەرکەوتنێکی خێرا و هەرزان.

**هیوادارم نووسەری ئەم دێڕانە و پێشکەشکاری بەرنامەی تەقەکردن، بێ ترس و لەرز ئامانجی خۆیان پێکابێت.**

١٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

## بەهار کەپرێ دەکەینۆ و هاوین تێکی دەدەینۆ و پاییز ڕێکی دەخەینۆ. بەینۆ بەینۆ بەینۆ...




ئای لەم گۆرانییە! ئای لەم فۆلکلۆرە دەوڵەمەندە! کاتێک لەسەر کورسییەکەمان دادەنیشین و چایەکی گەرم یان شەربەتێکی ساردمان خواردۆتەوە و دەنگە بەرز و لەرزۆکەکەی هونەرمەندێکی بە زیک و زەردی کەمانچەکەیەوە دەڵێت: "بەینۆ بەینۆ بەینۆ، بەهار کەپرێ دەکەینۆ، پاییز ڕێکی دەخەینۆ"، ئا لێرەدا دەبێت لەسەر کورسییەکەت ڕێک دانیشیت و لە قووڵایی ئەم شاهکارە گۆرانییە تێبگەیت. ئەمە تەنیا میلۆدییەکی سادە نییە بۆ سەمای هەڵپەڕکێی گوندنشینان لێدرابێت، نا! ئەمە فەلسەفەی ژیانە، ئەمە ستراتیژی سیاسییە، ئەمە پڕۆگرامی ئابووریی نەتەوەییە و تەنانەت ستراتیژیی گەرمی - ساردییشی تێدا شاراوەتەوە. وا دەزانن ئێمە گەلێکی دواکەوتووین و لەنێو چیا و دۆڵاندا لە دونیا بێخەبەرین؟ نەخێر، ئێمە خاوەنی "بەینۆ بەینۆ"ین! ئەم گۆرانییە ئەوەندە قووڵە، ئەوەندە پڕ واتا و ڕەمزە، سێبەرەکەی نەک هەر بەسەر تەواوی کوردستاندا، بەڵکوو بەسەر هەموو گۆی زەوییاندا درێژ بووەتەوە. ئێمە لەگەڵ خۆماندا هەموو دونیاشمان بۆ ڕووخاندن و سازکردنەوەی پەیتاپەیتای کەپران قایل کردووە.

هەر کەسێک کەمێک مێشکی لەسەر گۆرانیی کوردی و فۆلکلۆر بێت، یان کەمێک لە ئەدەبیاتی دانوستانی دژبەیەک تێگەیشتبێت، دەزانێت "بەینۆ بەینۆ" کتێبێکی کراوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێمەیە. نەکەن وا بیر بکەنەوە ئەمە تەنیا بۆ گاڵتە و گۆرانی و کات بەسەربردنە. نا، ئەمە پڕۆگرامی کارە بۆ هەموو گەلان. ئەگەر بە قووڵی لە وشەکان، لە

ئاوازە گەرم و ساردەکان، لە دەربڕینەکان و لەو هەناسە درێژەی هونەرمەندەکەمان تێبگەیت، تیژ و ئەنتی تیژ و سەنتێزی فەیلەسوفە گەورەکان وەک هێگڵیشی تێدایە، بەڵام بە شێوازێکی کوردییانە، پڕ لە ڕەنگ و بۆن و ژیان، و سەرنجڕاکێشتر! وەکوو نموونە، هەر لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، بەشی ڕۆژهەڵاتمان، یان وەک ئێستا پێی دەڵێن، "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، هەر کە پاشایەتییەکەی ئێران تێک چوو، هەڵمەتی "بەینۆ بەینۆ"یان دەست پێکرد. نوێنەرانی گەل لە بەهارێکی پڕ هیوادا، کەپرێکی گفتوگۆیان لەگەڵ کۆماری تازەپێگەیشتوودا لێدا. ئەوەتا ئێمە نەک هەر گەیشتووینەتە مانگ و زەردەواڵەشمان لەسەر نیشتووە، بەڵکوو لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی کۆمارێکدا، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە چادرمان هەڵداوە. پاشان، بەبێ ئەوەی زۆر کات بڕوات، کەپرەکە بە زرمێک ڕووخێنرا، و وەک بەشێک لە فەلسەفەی "بەینۆ بەینۆ"، ماوەیەکیش لە زستانی بێئومێدیدا مانەوە. ئیتر ئێستا دوای چەند ساڵێک، جاروبار بە دڕۆن و مووشەک یادی "تێکدانی کەپرەکە" دەکرێتەوە و هێرش دەکرێتە سەرمان، و لە لایەکی ترەوە، ماڵپەرێکی تاران بە ناوی "رویداد ٢٤" بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەسەر لاپەڕەکانی دەنووسێت و باس لە "هەوڵەکانی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی" دەکات و چاوەڕێیە لە بەهاری داهاتوودا – ئەگەر بەهارێک بێت و تووشی زریانی سیاسی نەبێت – دیسان کەپرێکی نوێی گفتوگۆ لە نێوان دەسەڵاتی ئێستا یان داهاتوودا دروست بکرێتەوە. ئەمە "بەینۆ بەینۆ"ی نێوان کورد و ئێرانە، وەرز بە وەرز و دەیان ساڵ بە دەیان ساڵ بەردەوامە. پڕۆژەیەکی دڵخۆشکەر!

ئەمە تەنیا پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە! کەپری "بەینۆ بەینۆ" لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا، وەک هەڵپەڕکێیەکی خۆشە و ئەوانیش زۆر جار بە گۆرانیی بەینۆ بەینۆوە، کوردانی باکوور و ئەردۆغان کە هەر جارە و بە قسە خۆشێک دێنە پێشەوە و دواتر خەنجەرێکی تازە دەردەهێنن، تەنانەت لە ڕۆژاوایش لە نێوان کورد و ئەحمەد شەرعیدا بەردەوام هەڵ دەبەسترێت، تێک دەدرێت و دواتر "چاک دەکرێتەوە" (کە زۆربەی کات تەنیا نوێکردنەوەی ناوی کەپرەکەیە و شوێنی چادرەکە دەگۆڕدرێت!). پڕۆژە نیشتمانییەکە ئەوەندە سەرکەوتوو بووە، ئەوەندە کاریگەر بووە، لە نێوخۆدا لە نێوان حیزبە سیاسی و چەکدارەکانی خۆشماندا دووبارە دەبێتەوە.

لە ڕووسیە و ئۆکراین باس لە کەپری "بەینۆ بەینۆ" دەکرێت، بەڵام وادیارە هێشتا تەواو لە فەلسەفەکەی تێنەگەیشتوون و بە باشی کاریان بۆ نەکردووە، بۆیە جەنگەکەیان کۆتایی نایەت و ناتوانن کەپرەکەیان بە جوانی لێ بدەن. تەنانەت ئیسرائیل و حیزبوڵڵاش لەگەڵ ئەوەی دوژمنی سەرسەختی یەکترن و چاویان بەیەکتر هەڵنایەت، لەنێو گفتوگۆ نهێنییەکانیاندا گۆرانیی "بەینۆ بەینۆ" دەڵێنەوە، هەرچەندە جاروبار دەنگی مووشەک و تۆپبارانیشیان تێکەڵ دەبێت، بەڵام بێگومان ئەوان پەیامی "بەینۆ بەینۆ"یان وەرگرتووە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

پێویستە لێرەدا سپاسێکی زۆر لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا بکەین. چونکە ئەگەر ئەوان لە دانوستانە زەبەلاح و پڕ لە دراماکانیاندا خۆیان بەم شێوەیە نەکردبوواپە قوربانیی پۆست مۆدێرنیزمی "بەینۆ بەینۆ"، ئاوا بە ئاسانی ئەم گۆرانییە نەدەبوو بە پرۆژەیەکی جیهانی. ئەوان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە جیهانیکردنی ئەم گۆرانییە فەلسەفییە کوردییە قووڵە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەم "بەینۆ بەینۆ"یە خۆمان دامانناوە و هەر لە خۆمان جوانە. ئێمەی کورد هەموومان لەسەر ئەم گۆرانییە کۆکین، بە هەوایەکی تایبەتەوە هەڵدەپەڕین و بە یەک دەنگ دەڵێین:"

بەینۆ بەینۆ بەینۆ،
بەهار کەپرێ دەکەینۆ،
هاوین تێکی دەدەینۆ،
پاییز پاییز ڕێکی دەخەینۆ"!

ئێستاش خەڵکی هەموو پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان لەسەر ئەم گۆرانییە جیهانییە دڵخۆش و شادمان دەژین و لە جیاتی دروستکردنی باڵەخانەیەکی قورس و قایم قۆناغ بە قۆناغ خەریکی کەپرەکەن.

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان میدیا

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٣٦ی کوردی = جوونی ٢٠٣٦ی زایینی

---



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ نووسەری وتارو نووسراوەکان ئەم نامیلکەیە.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

